چەپکێک

لە گوڵزاری نالی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

چەپکێک

لە گوڵزاری نالی

مەسعود محەمەد

ناوی کتێب: چەپکێك لە گوڵزاری نالی
نووسینی: مەسعود محەمەد
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٥٩٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە : ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید رەزا ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
چاپی دووەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

پێشەکی

پەندە مەشوورەکەی کوردی کە دەڵێ: «چەم بێ چەقەڵ نابێ»، لە جیهانی جانەوەر و ڕووەکەوە وێنەیێکی خواستووەتەوە و بەسەر جیهانی مرۆڤی دابڕیوە. گوتەی «بێ چەقەڵ نابێ»، بۆ خۆی ئیشارەی بەهێزی تێدایە بۆ بوونی جانەوەر لە چەقەڵ بەپشتەوە تا دەگاتە شێر و پڵنگ و بەور. چەم، بەعادەت، گیا و درەخت و جانەوەرێکی کە تێیدایە، بابەتی لەیەکتر نزیك و هەماهەنگ و یەك ڕێکارن، ناوناوە لێرە و لەوێ درەختێکی سەرکەش وەیا گوڵێکی یەکجار گەش وەیا جانەوەرێکی زێدە بەهێز خۆی لە ڕیزی ئاوەڵەکانی دەردەبا و ژووروویی ڕێکاریان دەکەوێتەوە و دەبێتە پەنجەنیشان، ناو و ناوبانگی هەڵکەوتوویی دەردەکات. میللەتانیش، وەك چەم، بەپێی دەستوورێکی بەرچاو و بنجیی سروشت و کۆمەڵایەتی، زۆربەی تاکەکانی خزمی یەکترن؛ هەرچەند خزمایەتیی تەواو نە پەیدا دەبێت و نە پەیدابوونیشی سوودبەخشە بۆ مرۆڤ؛ چونکە هاوتایی و هاوسەنگیی تەواو لە نێوان تاکەکاندا کاتێك مومکین دەبێت کە مرۆڤیش وەك ئاڵەت لە کارخانە دەرچێت و قاڵبگرتوو بێت کە ئەمە لە نێوان مریشکی مەکینە هەڵێناویشدا، بەدی ناکرێت.

جوداوازیی قابیلییەت لە تاکێکەوە بۆ تاکێك کە دیاردەیێکی گشتی و جیهانی و هەمیشەیییە، وا دەبێ لە سنووری جوداوازیی عادەتی دەردەچێت و مەودایێکی بەرچاو لە یەکتریان دوور دەکاتە؛ هەروەك پێچەوانەی پێشکەوتن کە پاشکەوتنە، ئەویش، ناوناوە، لە عادەت بەدەر دەبێ و دەگاتە پلەی دەبەنگی و گێلی تا سەر بە شێتییەوە دەنێت.

جوداوازیی بەرەو پێشەوەی تاك لەچاو تاکەکانی تر لە مەیدانی بێ ئەژماردا خۆی دەنوێنێ نەك یەك مەیدان و دوو مەیدان، هەریەك لەو بەرەوپێش چوونانەش نرخ و سەنگ و بایەخی خۆی هەیە لە ناو گەلدا: دەنگخۆشی، جوانی، دەستڕەنگینی، هێز،

نوکتەبازی، هونەرکاری، خەتخۆشی، پسپۆڕی لە کەسب و کار، شارەزایی، سوارچاکی، سەرناسی، شوێن هەڵگری، زیرەکی، چالاکی، خۆشبەزی، ماندوونەبوون، مەلەوانی، کابان پوختی، زانایی، وەستایی... تەنانەت فێڵبازییش هەموویان هۆی هەڵاواردنی خاوەنەکانیانن لە زۆربەی خەڵق، گەلێکیش لەو خاسیەتانە دەگاتە پلەیێکی هێندە هەڵکشاو کە بەدەگمەن نەبێ تاکیشی ناگاتێ؛ واتە هەموو ئەو خاسیەتە تایبەتییانەش پلەی خوار و ژووریان هەیە تا ئەو ڕادەیەی کە بەیەکەوە کۆ نابنەوە و ناچنە ژێر عینوانێکەوە. هەرچەند دەزانین «قابلیەت» بەتەجرەبە و فێرکردن و ڕاهێنان تیژترو بە بڕشتتر دەبێ و لە کارنەهێنانیشی کولی دەکات و بەرەو کوژانەوەی دەبات، دیسان دەبێ بزانین «قابلیەت» هەیە زگماکە و بەفێرکردن و ڕاهێنان خەلق ناکرێت، تەنانەت ئەگەر خەلقیش بکرێ لە پلەیێکی نزمدا دەمێنێ کە ڕەنگە ئەرك و مەسرەفەکەی لێ خەسار بێ. تۆ دەتوانی بەهۆی ئامۆژگای مۆسیقاوە دەنگ ناخۆشێك فێری گۆرانی بکەیت؛ بەڵام ئەم دەنگ ناخۆشە هەرگیز ناچێتە ڕیزی پێشەوەی گۆرانی بێژانەوە. هەروەها هەمان ئامۆژگای مۆسیقا دەنگ خۆشی زگماك بەرەوپێش دەبا تا سنووری بلیمەتی، لە هەردوو حاڵیشدا مەودای جوداوازیی نێوان دەنگ ناخۆش و دەنگخۆشەکە هەر دەمێنێتەوە.

ئەدەب بەتێکڕایی یەکێکە لەو مەیدانە فکرییانەی کە بەشێکی هەڵکەوتووی میللەت تێیدا دەتوانن بژین و پەروەردە بن؛ چونکە ئەدەب قابلیەتێکە بەندە بە خاسیەتی زگماکەوە، کە خەڵق کردنی زۆر ئەستەمە. وەك دەزانین، ئەدەب سەرەڕای بوونی قابلیەتی زگماك، پێویستی بە خوێندن و فێربوون و مشتومالدان و تەجروەبە و لەکار هێنان و چەندین ئەرك و زەحمەتی تریش هەیە کە ئەگەر لێیان داببڕێ، هەر دەمێنێتەوە خۆی و بڕشتی قابلیەتە زگماکەکەی.

یەکێك لە مەیدانەکانی ئەدەب، مەیدانی هەڵبەستە کە ئەویش هەمان دەستووراتی بەرەوپێش چوون و وەستان و دواکەوتنی بەسەردا دێت کە بەسەر قابلیەتەکانی تردا دێت. بەڵام کە بێین هەڵبەست بە پەخشان بگرین، هەندێ جوداوازی لە نێوانیان دێنە بەر چاو، لە ڕووی پێویستی بەرەوپێش بردنەوەیانەوە. پەخشان کە خۆی زادەی سروشتە و لە بنەڕەتدا بەرهەمی هەڵکەوتنە نەك پەیداکردن، هەر لە هەمان ڕێگای ئەو تایبەتیانەی کە لە هەڵبەستی جودا دەکەنەوە، پتر هەڵبەست دەشێ بە هۆی تەجرەبە و مەشق و ڕاهاتنەوە بەرەوپێش بڕوات. قابلیەتی بوێژی کە کێش و قافیە و مۆسیقا

دەخاتە ناو پەخشانەوە و دەیکا بە هەڵبەست، پتر بەندە بە هەلکەوتنی سروشتی و زگماکەوە لەچاو پەخشاندا؛ کەمتریش لە پەخشان قەرزداری ڕاهاتن دەبێ، هەروەك دەنگخۆشی و مەهارەتی هونەری پتر لە سوارچاکی زەنەی دەروونن، کەمتریش لەو زادەی مەشقن.

مەیدانی هەڵبەستی کوردی لە صەدەی نۆزدەهەمدا ئەم جوداوازییەی پلەی پێشکەوتن و سەرەژوور چوونە لە بوێژێکەوە بۆ یەکێکی تری بە ئاشکرایی تێدا دەدیتریت. بوێژی کورد هەیە لەو صەدەیەدا گروگالێکی مندالانەی لاسایی و خۆ تێهەڵسوونی کردووە، کە بەهیچ مەزهەبێك و لێبووردنێك و خاترگرتنێك ناوی شیعری پێ ڕەوا نادیترێت، هەرچەند، ناوناوەش، ئەو جۆرە بوێژە، لەلایەن هەندێ کەسانی نەشارەزای شیعر بە بوێژ لە قەڵەم دراون. ڕەنگە پلەشیان بەرەژوور بردرابێت، کە ئەمە کارێکە نەبایەخی هەیە و نەدەشتوانێ ڕاستی بگۆڕێ وەیا بڕیاری کێشانە و پێوانەی «بوێژی» بە هەڵە ببات. ئەو کەسەی بوێژ نییە، بەپێدا هەڵگوتن و بخور لە دەرەوە سووتاندن، ناکرێ بە بوێژ هەروەك مێزەر و جبە مەلا دروست ناکات. وادەزانم دوای بەسەرچوونی کژی عاتیفە و هەڵپەی سۆز، هەرکەسە جێگەی ڕاستەقینەی خۆی پێ دەدرێت.

لەتەك ئەو تەرزە زرە بوێژانەدا هی واشمان هەیە تای بوێژی هەرە پێشکەوتوو و پێگەیشتوو ودەسەڵاتدار و هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی موسڵمانە. هەر چەندا کو ئەم جۆرە شاعیرەی کورد لە نێوان گەلانی موسڵماندا شۆرەتی یەکێکی وەك خۆی وەیا لە خۆی بەرەژێرتری تورك و فارس و عەرەبی وەریش نەگرتبێ، هۆی شۆرەت نەبەستنی ناگەڕێتەوە بۆ نزمی پلەی شاعیریەتی، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ بێ دەسەڵاتی میللەتی کورد. کە ئەمەش ئەنجامێکی کوتوپڕو یەکسەری دەستووراتی مرۆڤایەتییە بە تێکڕایی، کەوا نەك هەر لە مەیدانی شیعردا خۆی سەپاندووە بگرە لە هەموو مەیدانێك فەرمانڕەوایە. قارەمانی میللەتێکی بێ دەسەڵات، بەقەدەر پاڵەوان پفێکی میللەتی خاوەن کیان و سامان و هێز و دەسەڵات ناوی نایەت؛ هەروەها هەموو بلیمەت و زاناو هونەرکارەکانی کە زۆریان لەبەر بێ خاوەنی وەك پشکۆی ئاگر، وردە وردە دەبن بەخۆڵەمێش و ناویان لە ڕووپەڕەی ژیان دەسڕێتەوە. زۆر بەداخەوە!

یەکێك لەو بوێژانەی کورد کە بەڕاستی و بێ موجامەلە لەگەڵ خۆدا کردن، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی بوێژانی موسڵمانەوە دێت، زۆرجارانیش، لە تاك تاکە بەیت و دوو بەیتدا بەرایی لە زۆربەیان دەگرێت ئەگەر نەڵێم لە هەموویان - مەلا خدری «نالی» یە.

بەچکە کوردێکی شارەزووریی نەداری هەژاری بێ نازونیاز، ئالوودەی ئارەقە و ئەرك و زەحمەتی پڕ تەپوتۆزی «خاك و خۆڵ»، گیرۆدەی چەندین تەنگوچەڵەمە و چەکمەساری حاڵ و باری ناگزوور و بێ شەوق و زەوق، دەسپاچەی کۆمەڵایەتی – ئابووری – ڕامیاری ژێر قەمچی و زەبروزەنگی ڕژێمی نیوە شارستانانە، تەکان خواردووی بێنەوبەرەی گوریس کێشکێی نێوان ئێران و عوسمانلی، ڕۆڵەی میللەتێکی هەرگیز خۆشی نەدیتووی بەئەبەد ڕێز لێ نەگیراو و تێ نەخوێندرایەوە، ئاکامی موعادەلەی چەندین عاملی زانراو و نەزانراوی هەرچی هۆی سەرەژێربوون و بەخۆدا شکانەوەو دالەنگان و کەمایەتی و نزم بوونەوە و چوونەوەیە. غەزەب لێ گیراوی قەدەر، مۆر لێ دراوی چارەڕەشی. خدری ئەحمەد شاوەیس، «نالی» شارەزووری؛ سەردەفتەری هەڵبەستی کوردی لە هەموو سەدەی نۆزدەمدا. گەوهەر سرنجی کانگەی واتا و جوانی و عیشق؛ شیرازەهۆنی خولیا و خەیاڵ و ئەفسوون؛ جێگەی شانازی و سەربڵندی، هەڵبەستی کوردی، لە ئاست ئەدەبی جیهانی موسڵمان؛ تێهێنەرەوەی ئابڕووی مەعنەوی لەتەك دالەنگانی تەرازووی دەسەڵات وسامان و کیانی کورد؛ ڕووتەڵەی بەخۆنازیو، هەژاری گەردەن کێل، ئاوارەی بێ نیاز؛ ئەمانە و چەندین وێنەی تری دەست بەتاڵی و دڵتێری، فەخر کردن و تەوازوع، بڵند نۆڕین و خاك نشینی، خۆبەکەم گرتن و فیزوناز کە وا لەم نموونانە گۆناگۆنی هەڵبەستەکانی دەردەکەوێت:

یا گەدایێکی غەنی یا پادشاهێکی فەقیر
لەم دوە خاڵی نیە «نالی» لە ڕووی حەددی وەسەط
ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بوومن
موشیکل بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکوو من
نالی کە غولامی مەدەدی زولف و بڕۆتە
شاهێکە لەبن سێبەری باڵی دو هومادا
زاهیر و باطین لەسەر لەوحی حەقیقەت یامەجاز
ئاشنای سێڕڕی قەڵەم بێ غەیری نالی کەس نەما
شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیققەتدا پەتك داوا لەگەڵ هەودا دەکا
قەلاّبی جیهان نەقدی عیاری نیە قوربان
نالی محەکی هیممەتی کردوویە موجەڕڕەب

بۆ مەشقی عیشقی زولفی نیگاری نیگارشی
نالی لە خامەدا بووەتە شاهی طوڕڕەنووس
نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووك
فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە
نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە دیوانی هەیە

ئەوجار:

نالی و مەسەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا
وەك ناڵە لە نەی دا وەکوو نالە لە قەڵەمدا
نالی خەبەری بێ ئەسەری غائیبە ئەمما
نالێکی حەزین دێ لە موناجاتی سەحەردا
چ خۆشە من وەکوو تازی بنۆڕم
ئەتۆش هەروەك غەزالەی بەر هەڕاکەی
خاکی دەرەکەت مەسکەنی صەد ساڵمە شایەد
جارێ لەدەمی تۆ ببیەم صەگ بەوەفایە
دوور لە تۆ نالی سەگێکە بێ وەفاوو هەرزەگۆ
بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە کە نانی نانییە
بەکوێری دوور لەتۆ وا مایەوە نالی لە مەی یاڕەب
فیوضی تۆزی ڕێگەت کوحلی چاوی ئینتیظاری بێ

نالی هەروەك خۆی بەدەست شیعری خۆیەوە سەرگەردان حاڵە و دەم نادەم لە بارێکەوە دەچێتە بارێکی تر، ئەدیب و شیعر دۆستی کوردیش پێیەوە خەریك و داماون، تا لەبەحری غەزەلێکی دەپەڕنەوە بەداوی بەیتێکی ترەوەیە دەگیرسێن؛ هێشتان لەمیان ڕەها نەبوون دەکەونە قۆرتی تەپکەیێکی تری، حاڵیش پێ ناچێ حەسانەوەی ئەدیبان لە قۆرت و داو و گێژەنی ئەو شیعرانە بەڵێنی دواڕۆژێکی نێزیك بێت. چەندین جار ئەدیب و شاعیر سەر بەم بەیتەدا دەگرن:

من لە طەوری عالەم و دەوری فەلەك
ضەربی لازب، زەخمی بێ مەرهەم دەخۆم

ڕەملانی لێ داوێن و دەیخەنە بەر سرنجی ورد و لێکدانەوەی دوور و قووڵ تاکو لە گۆشەیێکی زەینە پڕەنگ و صەداکەی مەشغووڵ بە نالییەوە، تروسکەی ئەم «لف و نشری مشوش» ەیان بۆ دەبریسکێتەوە:

طـــەوری عــــالـــم: دەوری فـــەلـــەك

ضـەربی لازم: زەخمی بێ مەرهەم

چونکە بە درەنگەوە دەزانرێ «طەور» بەواتای «طەبەر» یش دێت کە لێی دەوەشێتەوە «زەخمی بێ مەرهەم» بخاتە لەشەوە. ئیتر کە زەخم بوو بە هی «طەبەر»، دیارە، «ضەربی لازب» یش دەمێنێتەوە لە هەر دەورەیێکی فەلەکەوە بەسەروگوێی نالی بکەوێت.

بەڕاستی دەمێکە «نالی» خەلقی بەخۆیەوە خەریك کردووە. لەوەتەی شیعری گوتووە ئەم پایە دیار کراوەی مەتانەت و فرەواتایی و گەوهەرداریی بۆ خۆی هەڵناوە. یەکێکی وەکو حاجی قادر کە هاوچەرخی بەشی زۆری ژیانی نالییە، هەرچەند باوەڕ ناکەم دیبێتی، لە خۆوە بەرەو پیری تەقدیس و پایەلێنانیەوە دەچێت و دەڵێت:

بـە «تـضمین» بـەیـتـەکی نـالـی دەهـێـنـم تـا ڕەفیقانم

بزانن من بە ئەو ناگەم خەزەف قەت وەك گەوهەر نابێ

«کەمەندی زولفی دوو لانە لە بۆ گەبرو مسلمانە»

«دەکێشێ بێ محابانە چ لەم لا بێ چ لەو لا بێ»

لەم سەردەمەدا کە سەردەمی پشت لە کەلەپوور کردنە، بەتایبەتی لە نێوان میللەتی کەساسی وەك میللەتی کورد، گەنجان وەك پەروانە لە تاریکایی ڕابردوو هەڵدێن بەرەو گەشایی ئەدەب و هونەری نەوباروی ئەوروپا، نالی قەد و قامەتی بەرزی ئەدەبەکەی لە جەرگەی صەدەی نۆزدەمەوە وەك فەنار بەسەر دەریای صەدەی بیستەمدا گەردەن کێل دەکات و کەشتیی دەریانەوەردانی شیعر و ئەدەب، بۆ تیشکە گەشەکەی ڕادەکێشێت. ڕەنگە شتێکی ڕاست و دروستمان گوتبێ بەوەدا کە بڵێین: نالی لە هەموو ئەدیبانی کوردی لێرە بە پێشەوە، پتر زەین و فکر و خامەی نووسەر و شیعردۆستی کوردی ئەمڕۆکەی بەخۆیەوە خەریك کردووە و زۆرتر ناو و یادی لە گۆڤار و ڕۆژنامائدا بەرچاو دەکەوێت. هەر دەڵێی خاسیەتە نەمرەکانی بەپێی بڕیاری یاسای سروشت، کە خۆش ئامەدیی لە هەموو هێزێکی خۆنوێکەرەوە دەکات، ئەوانیش لەگەڵ کاروانی ژین و ژیاردا

ڕووەو دواڕۆژی بێ بڕانەوەی نەتەوەی کورد، چیناوچین و پشتاوپشت، ورشە و هونەر و ڕەنگ و دەنگ و بێن دەپڕژێنن، میهرەگان و بەهارستانی بەردەوام بەرپا دەکەن.

وەك من بۆ شتان دەچم و چاکەو خراپەی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و گۆڕان و بەرەوپێش چوون دەدەمە بەر حوکمی واقیع و تاقی کردنەوەوە، دەبینم بەردەوام بوونی حورمەت و ڕێزگرتن لە نرخە میراتیەکانمان، یەکێکە لەو دیمەنە سازگارانەی کە هەنگاوی سەرەوژووڕمان تێیدا خێراتر دەبێ؛ چونکە دیارە هەڵبەزینەوە لە بەرزایی ڕابردووەوە پتر تێ هەڵدەکشێت نەك لەسەر تەختایی حازرێکی تازە دەست پێ کراوەوە. سەرەڕای ئەم سوودمەندبوونەی بەسەر بەرزایی ڕاوەستانەوە، جارێکی تریش لە حورمەت گرتنی ڕابردووی بەنرخمان سوودمەند دەبین. بەوەدا کە زەحمەتی بێ هوودە بەخەرج نادەین لە ڕماندنی شتی بەنرخمان. دەمەوێ لێرەدا میسالێکی مادی بەرچاو بێنمەوە: ئێمە کە بمانەوێ جلوبەرگ و پۆشاکمان بەرەو چاکتر بگۆڕین، نابێ پۆشاکی لێرە بەپێشەوەمان بسووتێنین؛ بەڕووت و قووتی پێوانەی پۆشاکێکی نوێ بدەینە بەر قەلافەتمان. چونکە شوبهە نییە لەوەدا کەوا بەشێکی زۆری عەیب و عاری پۆشاکی کۆنمان دووبارە دەبێتەوە لەم کارەی وەها بێ بنچ و بنگەدا. خەریك بوونی بێ سابیقە و پێشینە وەك وشکە مەلەو دروێنەی پووش و گوشینی خۆڵ، بێ بەرە؛ یاخود کەم بەرە. «برناردشۆ» چەند جوانی فەرموو کەلێیان پرسی «تۆ گەورەتری یاخود شکسپیر؟» ئەویش لەوەرامدا بەو پەڕی باوەڕ بەخۆکردنەوە گوتی: «ئەو لە من کەڵەگەتترە؛ بەڵام من لەسەر شانی ئەو ڕاوەستاوم». ئەدیب و شاعیرێکی کوردیش چەند بەرز دەبێتەوە کە لەسەر شانی نالی و ئاوەڵەکانیەوە گەشتی بەرەوژووور دەست پێ بکات. تا ئیمکان دەبێ سەکۆیەك بەبڵندایی قامەتی (نالی) لە نۆژەنەوە بۆ ڕوانگەی ئەدیبێکی کورد دروست بکرێ، ئەوەندە کات تێ دەپەڕێ کە سەکۆکە لە نۆژەنی، بکەوێ و دەوری بەسەر بچێ. وەك کە هەندێك «نوێخواز» دەڵێن دەوری نالی بەسەر چووە. ئەدیبێکی کورد کە ڕازی نەبێ بەسەر شانی نالی و کوردی و جەلی و شێخ ڕەزاوە ڕاوەستێ، دیارە چاوی بڕیوەتە ئەستۆی ئەدیبی نەوباوی غەیری کوردەوە کە کاولە هێلانەی بەسەرەوە بکات و لەوێوە باڵ بگرێت. من ئەوەندە خۆتەفرەدەر نیم، بڵێم، ئەمە کارێکی نامومکینە؛ چونکە چاوم بایی دیتنی واقیع کراوەتەوە و دوو جاران مومکین بوونی ئەم کارەی دیتووە: جارێکیان لەوەدا کە وا بەڕاستی ئەدیبی کورد و غەیری کورد هەیە و بووە پێوەندیی مەعنەویی خۆی بەئەدەبی نژادەکەیەوە بڕیوە و وردە ڕەگی لەسەر پنجی

ئەدەبی میللەتێکی تر داکوتاوە، تەنها شێوەیێکی بەرچاو لە میراتی ڕابردووەکەیەوە پەڕیبێتەوە بۆ ئەدەبەکەی، زمانی مادەرزادی بووە و بەس. ئەمە جارێکیان.

جارێکی تریشیان، لەوەدا کە ئەگەر یەکێك میراتی مردوانی خۆی بەلاوە نا، چاری ناچارە دەبێ میراتێکی بێگانە بخوازێتەوە؛ دەنا لە برسان دەمرێ. لەوە گەڕێ کە ڕۆیشتن و فڕینی پێ ناکرێ.

ئەدیبی کورد و غەیری کوردیش دەبێ بزانن کە ئەگەر لە زمانی فریشتانەوە دەنگوباسی بەهەشتمان بۆ بکەن بەهەڵبەست و پەخشان، نە تێیان دەگەین و نە کەیفیشمان پێیان دێت؛ چونکە کورد و غەیری کورد لە زمانی ئادەمیزاد دەگەن؛ تەنانەت ئادەمیزادی ئاشناش، نەك بێگانە. چاوت لێیە کە پارچە هەڵبەستێکی بێگانە دەکرێتە کوردی چەند ناقۆڵا و نالەبار دێتە بەر هەست و گوێمانەوە؟ هەر میللەتە هەست و هۆش و گۆش و زەوق و نەریت و خۆشی و ناخۆشی تایبەتی خۆی هەیە کە تێیان دەگات و زەوقیان لێ وەردەگرێت و دڵی پێیانەوە دەبزوێت؛ چاوەنۆڕیشە بەو ئاهەنگە مەفهوومە، ئاخاوتنی هونەر و ئەدەبی لەگەڵدا بکرێت. هەرچەند بگوترێ ئەم ڕۆژگارە ئاخاوتنی خۆی هەیە، جودا لە ئاخاوتنی دوێنێ و پێرێ، ڕاستی هەر ئەوە دەبێ کە کورد جارێ لە زمانی دوێنێ و پێرێی خۆی پتر حاڵی دەبێ، تا زمانی ئەدەبێکی نوێی ئەورووپایی. هەروەك جۆری ژیانی دەشتودەری کوردستانی ١٩٧٦ پتر لە ژیانی کوردستانی ١٨٧٦ دەچێ، گیروگرفتەکانیش، خزمی گیروگرفتی ئەو سەردەمەن. هەروەها زەوق و حەزلێ کردن و کەیف پێهاتن و ئەدەب دۆستی و هونەرویستیشی-کە زادەی واقیعێکی نێزیك لەو واقیعەن-پتر خزمی مەعنەویاتی ئەوساکەن تا مەعنەویاتی شانزەلیزێ و ترافالگاری ئەمڕۆکە. دەشێ ئەدیبێکی کورد، بۆی بلوێ و ببێتە بەچکەیێکی پاریس وەیا ڕۆما وەیا پراگ و بە زمان و زەوقی ئەو شوێنانە بدوێ، گڕوگاڵەکەشی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێباندا چاپ بکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بزانێت و بزانین کارێکی دەیکات پێوەندیی بە کوردەوە نییە؛ چونکە کورد بەتێکڕایی لەو گڕوگاڵە ناگات. لە فەرزی تەرجومانیش بۆی وەرگێڕێتە سەر کوردی، هەر تێی ناگات؛ چونکە بابەتەکە و تصورەکە و وێنەکە و هەموو ناوەڕۆکەکە، نائاشنای کوردن. بەڕاستی و بێ لەگەمە تائێستاش صەدی نەوەدو پێنجی کوردەواری دەزانێ لەگەڵ گۆراندا بڵێ:

گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ زەرد چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەند نایەم بۆ هەڵپەڕکێ

بەڵام صەدی پێنجی کورد زەوق وەرناگرێ لەوەدا کە بگوترێ:

لە لۆجی بەرانبەر شانۆکەوە...!!

بە دووربینی شەوانە...!!

کەوا قایشەکانی بەسەر سوارێ قەشەنگەکەتدا دەخولایەوە...!

پێکەوە سرکەوکورکەمان لەگەڵ سەر پەنجەکانی بالێرینا دەکرد!!!؟؟!

من لەم گوتەیەمدا هەرگیز نامەوێ دژی سوارێ و بالێ بوەستم وەیا ئەو ئاخاوتنە مەنع کەم کە زمانی سوارێ و بالێیە. دە جارانیش لە خاوەنی گوتەی وەها پتر حەز دەکەم کوردەواری بگا بەو پلەیە کە گەنجەکانی قەڵادزە و عەبابەیلێی لە ئاهەنگی شەوانەی بالێوە، قۆڵ لە قۆڵی دڵدارەکانیان وەیا دەزگیرانەکانیان وەیا ئاوەڵەکانیان، بەرەو تالاری کامەرانی صەدەی بیستەم، دەمەوبەیان، بەئۆتۆمۆبیلی شیك و شەنگ بگەڕێنەوە. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە گەیشتنی گەنجی کورد بەو پلەیە لە ژیانی پێشکەووتوودا نابێتە گەیشتنێکی ڕەسەنی کوردانە و ڕەگ داکوتاو، ئەگەر کوردانە بۆی سەر نەکەون. دەبێ واقیعی کوردستان بە هەموو باری مادی و مەعنەوییەوە، بەرەوپێش ببەن بۆ ڕیزی ژیانی مادی و مەعنەوی کۆتایی صەدەی بیستەم، کە ئەمەش مومکین نابێ ئەگەر پەتی پێوەندیی ئەمڕۆکەی کورد بە دوێنێیەوە پچڕا- مرۆڤ مار نییە هەموو بەهارێك کیفی کۆنی فڕێ بدات؛ ئەوانەی واش دەزانن کە پێشکەوتنی ڕاست و دروست لە بەرگ گۆڕی وەیا خۆگۆڕی دایە، نەدەزانن پێشکەوتن چییە، نە ئەگەر دواکەوتنیش ڕووی دا، پەرۆشیان دەبێت: چونکە دیارە کەسێك ڕاستیی شتێك نەزانێ، پێچەوانەکەشی نازانێ.

لەم قسانەمدا مەبەستم ڕەخنەگرتن لەجۆر و شێوەی دەربڕینی دەروون نییە، هەرچەندە باشتر ئەوەیە شێوەش لەوانە بێ بەئاسانی بێتە ناو تصورەوە، مەبەستی من «تصور»ی ناو شێواز و ڕوخسارەکەیە کە دەبێ کوردانە بێ... لە هەناوی کورد ڕسکابێ، نەك لە زمانێکی بێگانەوە هەڵگیرابێتەوە. دەشێ خوێندەوارێك بتوانێ خۆی شارەزا بکا لە دەمودووی ئەدیبی نزیك و دوور، هی ئەم ڕۆژگارە و هی هەزار ساڵ پێش ئێستا؛ وەك ئەوانیش بدوێ؛ وەیا ئەگەر شاعیر بوو، شیعر هەڵبەستێ، بەولاتریشەوە دوورکەوێتەوە بەرەو کاوێژکردنەوەی خۆراکی ئەوان، بەڵام ناتوانێ بە خۆی بڵێ ئەدیبی کورد؛ ئەدەبەکەشی بەئەدەبی کوردی لە قەڵەم بدات.

لەبەر ئەم لێکدانەوەیەیە کە من زۆر حەز دەکەم ببینم نەوباوی کورد بە خۆی و ڕابردووی میللەتەکەی و ئێستاکەی میللەتەکەیەوە خەریکە. لەم خەریك بوونەشیدا ڕابردوو و ئێستاکە بداتە بەر یەك نیگای سەر لەبەر و بێ کە لەبەر، کە لێك پچڕانەوە و لێك ترازانی تێدا نەبێت؛ چونکە بەم جۆرە نەبێ کەسایەتی (کورد) لە بەرهەمی ئەدیبەکانیدا دەرناکەێ، بەڵکوو دەتوانم بڵێم گەورەترین هۆی تێچوونی دروشم و کەسایەتی میللەتەکەمان لەوەدا دەبێ کە ئەو ئەدیبانەی لێیان چاوەڕوان دەکرێ ناو و بوونی بپارێزن، ئەوان وێنەی لاوەکی و خوازرایەوە لە جێگەی وێنەی ڕاست و دروستی دوێنێ و ئەمڕۆمان دانێن. دەبێ بزانین فەرقێکی گەورە هەیە لە نێوان ناسینی میللەتان و لە نێوان خواستنەوەی شێوەیان؛ کە بمانەوێ لە ئەدەبی ئەڵمان بگەین، دەبێ لە ڕێگەی ڕاست و دروستی تێگەیشتنەوە بۆ ئەم ئامانجە بڕۆین نەك ئەوان لە خۆماندا بدۆزینەوە.

هەرچەند ناسینی میللەتان و شارەزابوون لە ئەدەبیان پێویستیێکی رۆشنبیرییە، بەڵکوو شەقڵێکی بەیەکەوە ژیانی ئادەمیزادی ئەم رۆژگارەیە، دیسانەوە خۆناسین و شارەزابوون لە ئەدەبی نەژاد بەر لە هەموو جۆرە ناسین و شارەزابوونێکەوە دێت. ڕەنکە بتوانم بە شەکسپیرەوە خەریك بم، هەندێك لە نووسینەکانیشی وەرگێڕمە سەر کوردی؛ نەك ئەوەندەو بەس، بەڵکو وەرگێڕانی شاکارەکانی شەکسپیر و ئەدیبە زلەکانی میللەتان کارێکی پێویستیشە لە نێوان کاری پێویستدا، بەڵام خەریك بوونی من و تۆ بەخۆمانەوە لە پلەی یەکەمدا دێت. عەرەب دەڵێ «ثبت العرش ثم انقش»؛ ئێمەش دەبێ ڕەگ لە هەناوی خۆمان داکوتین تاکو بژین. بەدوا ژیندا دەست درێژکەین بۆ میوەی باغی جیرانان. خۆدانەپاڵ بیروباوەڕی ئەوتۆ، کورد و غەیری کوردمان وەك یەك بێنێتە بەرچاو، وەیا کورد بخاتە پلەی دووەمەوە، کارێکە وەها بێ نرخمان دەکات بەکەڵکی ئەو بیروباوەڕەش نەیەین. بەڕادەی ڕێز لە خۆنانت دۆستەکەشت ڕێزت لێ دەنێ. عەمری ئەو دۆستە نەمێنێ ئەوەندە دەبەنگ بێ، پتر لە خۆمان ڕێزمان لێ دەگرێت، کە دەزانم دۆستی وەها نە هەیە و نە دەبێ. ماڵیان ئاوابێ هەموو میللەتانی جیهان پڕ بەدەم هاواریانە و لەگوێی میللەتی بێ هێز دەزیرێنن و دەڵێن تا ئەو رۆژەی حورمەتی خۆتان بەسەرماندا دەسەپێنن، ئێمە هەر بەزەییمان پێتاندا دێتەوە. ئەدیبێکی کوردیش هەر ئەو ڕێگەیەی بەرز کردنەوەی ئەدەبی میللەتەکەی لەبەر دەم دایە کە بتوانێ حورمەتی میللەتەکەی تێدا بچەسپێنێ. ژیاندنەوەی کەلەپوور یەکێکە لەو شەقامە ڕاست و بێ

قۆرتانەی یەکسەر دەمان گەیەنێتە قۆناغی ڕێز و حورمەت. ئەوانەی بە نالی و ئەمسالی نالییەوە خەریکن، بێ گومان، لەو ڕێگایە ڕاست و ڕەوانەدا بەرەو حورمەتی نەژادەکەیانەوە دەڕۆن؛ منیش شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرمەوە لەم نووسینەمدا، هەرچەند دەشزانم کەموکەسر و بەکەلەبەرە.

نالیش وەکو مرۆڤە ناسراوەکانی سەردەمی خۆی کە لەکۆشی هەژاری و بێ سەروشوێنی و بەرچاو نەبوونی ژیانی ڕەشۆکییەوە بە پلەی مەهارات و بلیمەتیی خۆیاندا سەرەوژوور تێ هەڵکشان بۆ بەر نیگای بینەران و سەرنجی مێژوو، کەم تاکورتێکی بەسەرهاتی ڕاستەقینە و بێ دەمەتەقەی بە ئێمە گەیشتووە، لە ئاهەنگی پەلەفرە و جرپ و جۆپانی گوزەرانی پڕ کوێرەوەری و دەردی سەر و ناگزوورییەوە، خۆڕە خوڕی دەنگ و ئاوازێکی وەك گاڵ و بوغی نامەفهووم بەجووتە جۆگەلەی گوتەی دەماودەم و هەڵبەستەکانیدا دێتە بەر گوێی حاڵی نەبوونمانەوە کە هەر بایی ئەوەندە دەکات تەرجەمەیێکی پچڕپچڕ و پڕدەمەتەقەی سەلماندن و نەسەلماندنی بخەینە سەر خوانی لێکۆڵینەوەوە.

وا گوتراوە و نووسراوە کە نالی لە ساڵی ١٧٩٧ی زایینی، لە گوندنی «خاك و خۆڵ»ی شارەزووردا پێی ناوەتە ئەم جیهانە. نیسبەتی لەگەڵ «خاك و خۆڵ» جێی گومان لێ کردن نییە؛ چونکە لە چەند شوێنێکی دیوانەکەیدا ئەم نیسبەتە مۆری بەڕاست گێڕانی، لەلایەن نالییەوە، لێ دراوە:

داخل نەبی بە عەنبەرسارایی «خاك و خۆڵ»
هەرتا نەکەی بە خاکی سولەیمانییا عبوور

***

تری عینە الابدان من «خاك و خۆڵ»
تری مندل الاوراق من تۆز و گەردە

بەڵام داخەکەم ئەم تاکە خەبەرە گومان لێ نەکراوە هەر دەڵێی ئەو «ئیقرار»ەیە کە دەلالەتی بۆ غەیری خۆی لێ وەرناگیرێ؛ چونکە ئەوەندەی تێی دەفکریت هیچ شتێکی پێ ساغ ناکرێتەوە ببێتە ترووسکەی ڕووناکایی کە تاریکی لە دەوروبەری خۆی دەڕەوێنێتەوە.

من ئەمە دەڵێم هەرچەند لە بەشی یەکەمی «حاجی قادری کۆیی» بایی ڕوون

کردنەوەی هەندێ چەندوچۆنی سەرەتاکانی ژیانی حاجی، دەلالەتێکم لە نیسبەتی نالی بۆ «خاك و خۆڵ» وەرگرتووە کە هاتووم ئەو پێوەندییەم بەپێوەندی ″حاجی″ لەگەڵ «گۆڕقەرەج» گرتووە و بەپێی لێکدانەوەیێکی کە لەو کتێبەدا کراوە گەیشتووم بەو باوەڕە کە نالی قۆناغی منداڵیی خۆی لە دەشتودەر بەسەر بردووە؛ بەپێچەوانەی حاجی کە دەبێ لەساوایییەوە فێری ژیانی شار بووبێت. وەك دەبینیت دەلالەت وەرگرتنەکە پتر لایەنێکی ژیانی ″حاجی قادر″ ڕوون دەکاتەوە تا ″نالی″؛ چونکە بەدوا ئیسپات کردنی فرچك گرتنی نالی لە ژیانی ″خاك و خۆڵ″ و دەشتودەردا ناگەین بە ئیسپاتی هیچ شتێکی تر غەیری ئەو فرچك گرتنە. ئێمە کە ئیسپاتمان کرد نالی، سەرەتای ژیانی ساوایی و منداڵی لە گوند رابواردووە و بەمەدا زانیمان تاساڵی ١٨٠٧ وەیا ١٨٠٨ وەیا شتێك دواتر پێوەندیی ژیانی بەشارستانەوە نەبووە، نە هیچ خەبەرێکی سەر بە نالییەوە بەم زانینەمان دەچەسپێ نە هیچ خەبەرێك لەو بابەتە هەڵ دەوەشێتەوە. بەسترانەوەی سەرەتای ژیانی نالی بە ″خاك و خۆڵ″ و شوێنی وەك ئەوەوە، لەو ڕووداوانەن کە پەنجە بۆ هیچ شتێکی دەرەوەی خۆیان درێژ ناکەن. ئێمە هیچ خەبەرێك و ڕووداوێکمان بەدەستەوە نییە پەکی لەسەر ساغ کردنەوەی چۆنیەتی بەسەر چوونی پلەی ساوایی نالی کەوتبێ؛ تا ئەگەر لە خاك و خۆڵی ڕابواردبێ خەبەرەکە قاڵبێك وەرگرێ غەیری ئەو قاڵبە بێ کە لە ژیانی ناو شارستانی وەردەگرێ. بەکوردی و بەکورتی ئەم نیسبەتەی نالی وەلای ″خاك و خۆڵ″ ڕاستییێکی نەزۆکە وەچەی لێ ناکەوێتەوە. هەرچەند بەنەزۆکیش قبووڵمانە، چونکە هەرنەبێ لەدەردی سەری دۆزینەوەی هەوەڵ مەفتەن و نشیمەنیمان ڕزگار دەکات. لە شکڵ و شێوەی دەوروبەری لێ فراژوو بوونیشمان ئاشنا دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چاوەڕوانمان دەکرد وێڕای زانینی ئەم ڕاستییە سەرەتاییە سادە و قوتیلەیە، دوو خەبەری سادە و قوتیلەشمان پێ گەییشتبا لە چەندوچۆنی بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانە و بینەوبەرەیێکی کە لەو ژیانەدا دووچاری نالی هاتبێ؛ وەیا لە چ تەمەنێکەوە ″خاك و خۆڵ″ ی بەجێ هێشت؟ هەوڵ جار بۆ کوێ چوو؟ سەردانی ″خاك و خۆڵ″ی دەکردەوە؟ من هیچم لەم بارەیەوە نەبیستووە، کە نەم بیستووە نەشم خوێندۆتەوە. بەهەمە حاڵ، وا پێ دەچێ ئێمەمانانی لە دوورەوە گوێ بیستی دەنگ و سەدای نالی دەبین ڕێمان نەبووە وردە هەوڵی ئەم چەندوچۆنییە بکەوێتە بەر گوێمانەوە. دەمێنێتەوە خەلقی شارەزوور و ئەو شوێنانەی لەوێ نزیکن سرکەو کورکەیێکی لێ نە زانین. ئەگەر کەس لەوان هەیە شتێك بزانێ، زۆر

یا کەم؟ مافی کوردەواری لێی داوا دەکات ئەو شتە بە نالی دۆستان ڕابگەیەنێ. ئەمە دەڵێم و باوەڕی پێ دەکەم؛ بەڵام بەتەمای هیچ ئەنجامێکیش نیم.

وەك دڵنیاین لە نیسبەتی نالی بۆ ″خاك و خۆڵ″ هەرچی هۆی دڵنیایی هەیە بە دەستمانەوە نییە، لەو ساڵە ناو دەرکردووەی ١٧٩٧ کە ساڵی بەوەلەد بوونی نالی بێت. هەروەك دەستە وەستانین بەرانبەر ئەم ساڵە، دەستەوەستانیش دەبووین بەرانبەر ساڵێکی تری وەك ١٧٩٠ وەیا ١٨٠٥ وەیا هەر ساڵێکی تری خزم بەمان. ئەوەی دەڵێ نالی لە ١٧٩٧ هاتۆتە دونیا، هەر ئەوەندە بەڵگەیەی بەدەستەوە هەیە کە بەدەست یەکێکی ترەوە هەیە بڵێ لە ١٨٠٤ وەیا ١٧٩٥ وەیا ١٧٩٣ وەیا یەکێکی تری وەك ئەمان بەوەلەد بووە. هیچ یەکێك لەو ساڵانە بایی فلسێك لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەکراوە، هیچ یەکێکیشیان نە بەڵگەی ئیسپاتی هەیە نە بەڵگەی بەدرۆ خستنەوە. تا ئێستا هیچ لایەنێکی ژیان و بەسەرهاتی ساغ نەکراوەتەوە کە لەتەرازووی مەنتیقدا لەگەڵ یەکێك لەو ساڵانە خۆش هەڵسێتەوە و بەیەکێکی تر ناسەرسەنگ بێت. ئەگەر گوترا لە ١٧٩٧ هاتۆتە دونیا کام بەسەرهاتی نالی وەیاهی غەیری نالی کە پێوەندیی بەوەوە هەیە پتر جێی خۆی دەکاتەوە لە لیستەی زەمەنی ئەو ڕووداوە و مێژووانەی لێیان دڵنیاین؟ ئەگەر ١٧٩٧ ەکەمان کرد بە ١٧٩٠ کام ڕیسی لێکدانەوەمان لێ دەبێتە خوری؟ چەند حیسابمان لێ هەڵدەوەشێتەوە؟ هیچ هەر بەجارێ هیچ. ئەوەندەی بێتە بەر حیسابانەوە هەر ئەوەیە کە نالی دەبێ لە کاتی پاشایەتی «سلێمان پاشا»دا ئەو عومرەی هەبووبێت کە توانیبێتی بڵێ:

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین

خۆی کە دامەن گیری شاهی ئاصەفی ثانی دەکا

چونکە، وەك دواتریش باس دەکرێتەوە «شاهی ئاصەفی ثانی» شەخسی «سلێمان پاشای بابان» دەستنیشان دەکات. ئەگەر سەروسۆراغەکی بەڕێ و جێی «مەستوورە» مان بەدەستەوە با، ئەویش لەلای خۆیەوە بێ هێزی وەیا بەهێزیی ئیحیتمالی ساڵەکەی ١٧٩٧ی لێ ڕادەگەیاند لەو ڕووەوە کە دەبێ نالی لەساڵی بەوەلەد بوونیەوە تا کاتی هەڵبەستنی قەصیدەکەی (مەستوورە) ئەوعومرەی هەبووبێ شتی وابەهێز و پڕ جورئەت بڵێ. زانینی مێژووی ژیانی مەستوورە دەخلێکی تەرجیح وەیا گوماناوی کردنی ساڵەکەی ١٧٩٧ ی دەفامرێتەوە، بەتایبەتی کە دەزانین هەندێك لە بەیتەکانی ئەو

قەسیدە بێ پەردەیە، وا ڕادەگەیەنن لە کاتی هەڵبەستنیاندا هێشتا مەستوورە شووی نەکردبێ؛ وەك کە دەڵێ:

ئەم نوکتە چیە میسلی سوها بێ نەسوابێ

دوڕڕەی وەکوو دوڕڕێکی سەما بێ نەسمابێ[۱]

وەیا کە دەڵێ:

دەعوای ئومەرا چەندی لەسەر تەختی کرابێ

چەند **خوێنی** ڕژابێت و چ **خوێنی** نەڕژا بێ[۱]

خوێنی یەکەم هی، عوزری مانگانەی ئافرەتانە، خوێنی دووەم هی کچێنییە. ئەگەر ئەم بۆچوونەم ڕاست نەبێ، بەماندووبوونێکی زۆر نەبێ واتای بەیتەکان ناچنە ناو قاڵبی مەفهوومەوە. بەهەمە حاڵ ئەمە بۆ خۆی مەبەستی قسەکانم نییە.

دیوانەکانی نالی و نووسەرانی کورد کە دێن باسی نالی دەکەن، تێکڕایان ئەم ساڵەی بەوەلەد بوونی نالی لە غەیبەوە دێنن وەك کە ڕاستییەکی بێ دەمەتەقەیان لە دەفتەرخانەی مێژووی ساغ کرایەوە دەرهێنابێ تەنانەت کە یەکێك ساڵێکی غەیری ئەم ساڵەی ١٧٩٧ ە گلێر بکاتەوە سەر خوانی نووسینەوە، پێمان ناڵێ ساڵەکەی لە کوێوە هێنا؟ بۆچی ئەمیانی پەسەند کرد؛ ئەوی تریان لە کوێوە درۆی دەرکەوت؛ بۆچی یەکێکی تر دەست نادات! واز لە نووسەر بێنین کە حەز دەکات بە ٥ دەقیقە لە هەموو باسوخواسی ناو نووسینەکەی بێتەوە و هەناسەی حەسانەوە بەدیار بەرهەمە خنجیلانەکەیەوە هەڵێنێ. ئەدی خوێنەر؟ بۆ دەنگێك ناکات؟ ڕەخنەیێك ناگرێت؟ ناپرسێتەوە؟ بەدرۆ ناخاتەوە؟ بەڕاستی دیمەنێکی سەیرە ئەم دیمەنەی نووسینی بێ بەڵگە لە نووسەرەوە و «بەخوای ڕاستت فەرموو» لە خوێنەرەوە. ئەگەر بەر لە ٥٠ ساڵ شتی وەها سەیر نەبووبێ، بێ گومان ئەمڕۆ لە سەیر سەیرترە. من پتر لەوە دەڕەنجێم کە نووسەر لە دوولێوەیەوە دەرنایێ بڵێ ساڵەکەم لە کوێ بەدەست کەوتووە، نەك کە بێ دەنگە لە ساغکردنەوەی ساڵە پەسندکراوەکەی وەیا بەدرۆ خستنەوەی ساڵی پەسندکراوی نووسەرێکی تر.

بەسەر ساڵی هاتنە دونیایدا باز دەدەین بۆ ساڵەکانی تری وەك چوونە حەجی و نیشتەجێ بوونی لە شام و چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ و کۆچی دواجاری. دەبینین ئەمانەش

(١) ئەم دوو بەیتە بەچەند شکلێکی تریش نووسراون.

سەر لەبەریان وەك قەپووچكەی ئاو بێ بنج و بناوانن؛ كەم و زۆر بەڵگەیێكیان نییە بەقەدەر ڕیشاڵە كورتیلەی قەوزەی سەراویش بەبنگەیێكیانەوە بلكێنێ. هەندێكیشیان لەوانە نین بە قەپووچكەشیان تەشبیه بكەین وەیا بەقەوزەیان بگرین؛ چونكە قسەی سەرەو بنن، ئەگەر چ ڕەگیان هەبا بەبۆشاییییەوەی دەبەستنەوە وەك ئەوەی كە لە پێشەكی هەندێ دیوانەكانی نالی نووسراوە كەوا لە ساڵی ١٢٥٥ی كۆچی دەچێتە ئەستەمبۆڵ و لەگەڵ ئەحمەد پاشادا ڕادەبوێرێ لە حاڵێكدا ئەحمەد پاشا تا ساڵی ١٢٦١ هەر حاكمی بابان بووە.

ئەگەرچی دوان و ڕخنەگرتن لەبارەی ساڵی هاتنە دونیایەوە هەر لەسەر بنگەی بێ بەڵگەیی ئەو ساڵەوە هەڵدەستێت و چمان بەدەستەوە نییە بیكەین بە بەڵگەی تەرجیحی ساڵێكی تر، بەڵام لە بارەی ساڵی مەرگییەوە ئەو دەست بەتاڵە و بێ كەرەستەی ڕەخنە گرتن نین، بەپێچەوانەوە بەڵگەی زۆر مەحكەم و دروستمان بەدەستەوەیە كە ساڵەكە بەتەواوی هەڵدەوەشێنێتەوە.

لێرەدا كە من بەدەم نووسینی پێشەكی، ڕیزەگوتارەوە خەریكی دەمەتەقەیێك بم لەسەر هەندێ باری ژیان و بەسەرهات و مەرگی نالی، لە كورتەیێكی لێكدانەوەی دوورودرێژ و سەرتاییكی تۆژینەوەی بەهێز و پێز بەولاوە دەرفەتی نووسین و خەریك بوونم لەبەر دەسدا نییە. سەرەڕای نەبوونی دەرفەت، كارەكە خۆی بەبەریەوە نییە كتێبێكی لێكۆڵینەوە بكەم بە پێشەكی چەند گوتارێك. لەمانەش بترازێین هۆی تایبەتی هەیە لێم داوا دەكات خێرایی بكەم لە كۆتایی هێنان بەم نووسینە، هۆیەكەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندوچوونی باری چاپخانەی كۆڕ كە مەكینەیێك عومری بەسەر دەچێت و دەبێ لە ئەرك كۆنەكانی ببێتەوە بەر لە بڕانی دوا هەناسەی. ئەم نووسینەش بەردەوام بوونی ئەركێكی كۆنیەتی و دەبێ خێرا ئەنجام بدرێت.

بەپێی لێكۆڵینەوە و وردبوونەوەی خۆم ئەوەی بۆم ڕوون بۆتەوە لە بارەی ساڵی مەرگی نالی، شتێكە تا بڵێی جودایە لەوەی بەسەر زارانەوەیە: وەك من دەزانم و بەڵگەی بەهێزیشم بەدەستەوەیە، نالی ١٥ساڵ زیاتر ژیاوە، پاش ئەو ساڵەی ١٨٥٥كە شۆرەتی بەستووە بەساڵی مەرگی. لە میانەی تەحقیقی ئەو ساڵەدا، گەلێك لێكدانەوەی كورت و مام ناوەنجی لە بارەی چەند ناواخن و ناوەڕۆكی ژیانی نالی هەیە، پاش دەرچوونی لە سلێمانی، دەبێ بەو پەڕی كورت بێژییەوە لێی ببینەوە هەمووشیان بەبەریانەوە هەیە بكرێن بەماكی دیراسەی درێژەدار. پێ بە پێی ئەم گەشتە كورتیلەیەی ناو پێشەكی،

بەو ناوەڕۆك و ناواخنانەدا تێ دەپەڕین:

نالی لە ساڵی ١٨٥٥دا نەمردووە؛ تەمەنیشی لە کاتی مەرگی دا ٥٨ساڵ پتر بووە. ئەمەش ئەنجامێکە لەوەوە وەردەگیرێت کە لە پاش ١٨٥٥ مردووە نەك کە لە پێش ١٧٩٧دا هاتبێتە دونیا.

تا ئێستا قسەیێك لەم بابەتەوە بەلێکۆڵینەوە بژمێررێت و بڵاوکرابێتەوە هەر ئەوەیە لە نووسینەکانی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، بەتایبەتی پاشەکی کتێبەکەی «وورد بوونەوەیێك لە دوو چامەکەی نالی، و سالم،»دا دەدیترێت. من نەم کردووە بەعادەت لەم نووسینەدا هەرجارە گوتەیێکی خۆم بە گوتەی نووسەرێکی تر بگرم، بەڵام ئەم جارە نەختێك لادەدەم لەو خووەی کە لێم بووە بە شوون. خوێنەریش کە ئارەزووی موقارەنەی کرد، دەتوانێ ئەم بیروباوەڕە و لێکدانەوەی ئێرە بە نووسینی تر بگرێت و ڕایەکی لێ هەڵێنجێ.

بەڵام بۆ مەبەسی کورت کردنەوەی ڕێگای دوور لەبەر هەنگاوی خوێنەردا لێرە ئەو مێژووانە دەنووسمەوە کە لە کتێبەکەی مامۆستا عەلائەدیندا باس کراون و پێوەندییان بەبابەتی لێکۆڵینەوەی ئێرە هەیە:

مێژوو	ڕووداو
١٧٩٧	ساڵی هاتنە دنیای نالی (ل:٤)؛
١٨١٢	ساڵی گەشانەوەی بوێژیی نالی(ل:١٢٧)؛
١٨٣٠	ساڵی چوونی نالی بۆ حەج (ل:١٣١)؛
١٨٣٤	ساڵی نامە ناردنی لە شامەوە؟ (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) (ل:١٣١)؛
١٨٣٥	ساڵی چوونی بۆ ئەستەمبۆڵ (ل:١٣٢)؛
١٨٥٠	ساڵی بڕانەوەی حوکمداری بابان و کۆتاییی حوکمی ئەحمەد پاشا (ل:١٣٥).

هەروەك گوتم ساڵی ١٧٩٧ی زایینی لە هیچ لایێکەوە بەڵگەو ئیسپاتی نەبیستراوە: قسەیێکە گوتراوە؛ بێ ئەوە بزانین لە چ سەرچاوەیێکیشەوە هەڵقوڵیوە. ڕەنگە ڕاست بێ و ڕەنگە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نەبێ. بەڵام کەی چووە بۆ حەج، وەیا خود کەی

ئەڵوەدای یەکجاریی لە سلێمانی و کوردستانی عیراق کرد، ئەمەیان پرسیارێکە لێکدانەوەی بەرێوجێ هەڵدەگرێ.

دیوانەکەی نالی دوو موناسەبەی ئاشکرا و یەکێکی مەیلەو شرایەوەی تێدایە کە هەرجارە بەشێوەیێك باسی پاشاکانی بابانی تێدا کردووە، ئەوەی شرایەوە لەم بەیتەدا دەردەکەوێت (لێرە بەپێشەوە لە شوێنی ترو نووسینی تردا بەپێی پێویست باسم کردووە):

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین

خۆی کە دامەن گیری شاهی ئاصەفی ثانی دەکا

ئەم "شاهی ئاصەفی ثانی" زۆر بە ئاشکرایی دیارەکە «سلێمان پاشای بابان»ە؛ چونکە لە رادەی بەدیهیەدایە کە «شاهی ئاصەفی یەکەم» سلێمان پێغەمبەرە کە لە هەمان کاتدا شاهیش بووە؛ چ قسەی ناوێ، مومکین نییە کەسێکی تر غەیری (سلێمان پاشای بابان) ئەو شاهی ئاصەفی دووەمە بێ و نالی دامەنگیری بێت.

موناسەبەیێکی ئاشکرا قەصیدەکەی «ئەم تاقمە مومتازە»یە کە وا بێ گومان وەصفی حەرەسی تایبەتی یەکێك لە دوو پاشای بابانی پێ دەکات: یا سلێمان پاشا. یا ئەحمەد پاشا. چونکە پێوەندی دۆستایەتی نالی بە پاشاکانی بابانەوە کە لە هەڵبەستی خۆیدا دیار دەکەوێت تەنها بەم دوو کەسەوە بووە. هەر تازە دیتمان دامەنگیری سلێمان پاشا بوو. ئێستاش جارێکی تر دەیبینینەوە مەرسیە بۆ ئەو و پیرۆزبایی بۆ ئەحمەد پاشای کوڕی دادەنێت لە قەصیدە مەشوورەکەی:

تا فەلەك دەورەی نەدا صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو

کەوکەبی میهری موبارەك طالعی پەیدا نەبوو

پێی ناوێ من بڵێم، لە خۆیەوە دیارە ئەم قەصیدەیە دوای بەیتەکەی «شاهی ئاصەفی ثانی» هۆنراوەتەوە؛ کەواتە دیارە ئەمەیان شایەدی مانەوەی نالی لە سلێمانی پتر پێیە. خۆش بەختانە قەسیدەکەی لە کۆتاییدا بە گوتەی «تأریخ جم» مێژووی خۆی ڕوون کردۆتەوە کە ١٢٥٤ دەگرێتەوە. ئەم ساڵەی ١٢٥٤ دەکەوێتە بەرانبەر ١٨٣٨ - ١٨٣٩ی زایینی (المورد - المجلد الثالث - العدد الرابع ١٩٧٤ - الصفحە ١٣٢)، کە ئەمە ٨ - ٩ ساڵ دەکەوێتە دوای ساڵی ١٨٣٠ی لێرە بەپێشەوە باس کراو. نابێ چ گومان لەوەدا هەبێ کە نالی ئەم هەڵبەستە و ئەوانی تریشی هەر لە سلێمانی داناون نەك لە

هەندەرانەوە بۆ سلێمانی ڕەوانە کردبن؛ چونکە مەنتیق و داخوازی ڕووداو وا دەکات نالی بەرەو حزوور پێداهەڵگوتن و پرسەی کردبێ مەگەر بەڵگەیێکی قەطعی پەیدا بێت و پێچەوانەی ئەمەمان بۆ ئیسپات کات. تۆ سەیری دەم و دووی ئەم بەیتە بکە:

قصە بێ پەردە و کینایەت خۆشە شاهی من کەوا

عادلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دونیادا نەبوو

چەند جوان دیارە شاعیر وتووێژی بەرەوڕووی مردوو و زیندووە. سەرەڕای ئەوە کە تاکە وشەیێك لە هیچ بەیتێکی قەصیدەکەدا نییە بە وەهم و خەیاڵیش دووربوونی نالی لە سلێمانی ڕابگەیەنێت. بەڵێ موستەحیل نییە خەلق لە دوورەوە پرسە بنێرن و لە پرسەشدا باسی دوور بوونی خۆیان نەکەن؛ بەڵام موستەحیل نەبوون بەشی ئەوە ناکات، بێ هیچ بەڵگە، ڕاگەیاندنی حاڵ بە درۆ بخاتەوە. وەك گوتم ئەم مێژووەی ١٢٥٤ - ١٨٣٨، ساڵی چوونە حەجی نالی لە ١٨٣٠ەوە تەواوێك ڕادەگوێزێ؛ هەر نەبێ ٨-٩ ساڵێك. لە حاڵێکدا سوور بین لەسەر ئەم ساڵەی ١٨٣٠یە - کە هیچ بەڵگەیێکیشمان بەدەستەوە نییە بۆ سووربوون لەسەری - دەبێ خۆمان ئیقناع کەین بەوەی نالی لە حەج گەڕایەوە و حازری مەرگی سلێمان پاشا بوو. کە ئەمەیشیان ڕایێکە لە هەواوە دەی قۆزینەوە. چوونیشی بۆ ئەستەنبۆڵ لە ساڵی ١٨٣٥ ئەویش لە خۆوە دەسرێتەوە؛ چونکە دەکەوێتە پێش ساڵی مەرگی سلێمان پاشا و «تأريخ جم». بەڵگەیێکی تری بێ دەمەتەقەی ئەو سڕانەوەیە لەوەشدایە کە «ئا. خۆدزکو» لە گوتارێکی خۆیدا کە لە ساڵی ١٨٥٧ لە (گۆڤاری ئاسیا)دا بڵاوکراوەتەوە دەڵێ ئەحمەد خان لە پاریس ساڵی ١٨٥٣پێی ڕاگەیاندووە کە نالی لە شام دەژیت[٢].

کەواتە نالی نە لە ساڵی ١٨٣٤ لە شامەوە نامەی ناردووە بۆ سلێمانی، نە لە ١٨٣٥یش چووە بۆ ئەستەمبۆڵ. کە ئەمانە وا بن؛ گومانیش نییە لە وەها بوونیان، ساڵی ١٨٣٠ کەلکی ئەوەی پێوە نامێنێ ساڵی چوونە حەجی نالی بێت؛ چونکە لە تاکە حاڵێکدا دەشیا لەو ساڵەدا چووبێتە حەج، ئەویش ئەگەر ڕاست با لە ١٨٣٤ نامەی لە شامەوە بۆ سلێمانی ناردبێ، چونکە نالی لە چەند ساڵێکان پتر پێی ناکرێ بەدیار ئومێدێکی گەڕانەوە بە شامەوە بگیرسێتەوە؛ کەچی دەزانین، بەشایەدیی «ئا. خۆدزکو»، ٢٣ساڵان دوای ١٨٣٠ ئەو لە شام بووە. بەڕاستی ئەم گوتارەی خۆدزکو،

(٢) دێینە سەر باسی ئەم گوتارە.

گەلێك یارمەتیی ڕەواندنەوەی نادیاریی ئەو ساڵانەی ژیانی (نالی) مان دەدات و زۆر هەڵەمان بۆ چاك دەكاتەوە.

با بزانین لەبەر ڕۆشنایی ڕاستی بێ فیڵ و مێژووی بێ دەمەتەقەدا كام ئیحتیمال لەگەڵ لێكدانەوەی بەبنچ و بناواندا ڕێكتر دێت:

ئەمانەی خوارەوە ڕووداو و مێژووی ژووروی گومانن:

لە ١٢٥٤ ١٨٣٨-١٨٣٩ سلێمان پاشا دەمرێ وئەحمەد پاشا دێتە جێگەی.

لە ١٢٦١ ١٨٤٥-١٨٤٦ ئەحمەد پاشا لە حوكمداری دەكەوێ. عبدالباقی العمری لەم مصرەعەدا شكانی ئەحمەد پاشا بەدەست نەجیب پاشای بەغداوە بەحیسابی جومەل[3] دەردێنێت «بسدید رایك فتحت بابانها»

لە ١٢٦٩ – ١٢٧٠ (١٨٥٣ بە شایەدی ئا. خۆدزكو) نالی لە شام بووە؛ هەر لەمەوە دەردەكەوێ ئەو لەو ساڵەدا نامەی نووسیوە بۆ سالم و سالمیش وەرامی بە عینوانی شام بۆ ڕەوان كردووەتەوە.

هەر لێكدانەوەیێك لەگەڵ ئەم ڕاستییانەدا نەگونجێت، ناشێ ببێتە سەرچاوەی لێ هەڵێنجان؛ چونكە دیارە تەفرەمان دەدات. خەریك بین بنكەیێكی لێكۆڵینەوە بدۆزینەوە، بێ گومانتر لەو سێ مێژووە و دەلالەتەكانی، ناگەین بە هیچ ئەنجامێك. تۆ بڵێ چیمان دەوێ پتر جێی قەناعەت بێ لەوەی كە سالم لە هەڵبەستی خۆیدا بڵێ نامەم بۆ مڵكی شامە و سووی نالییە، ئا. خۆدزكوش پێمان ڕادەگەیەنێ نالی لە ١٨٥٣ لە شام بووە. ئەم مێژووەش بكەوێتە دوای تێكچوونی حاكمیەتی بابانەكان؟ چەند شایەدمان پێ دەوێ بۆ ئیسپات كردنی شتێك، لە دوو شایەد پتر، كە بەنووسین نەك بە قسە، یەك شت ئیسپات بكەن؟ شتەكەش وەها ئیسپات بكەن كە بەعەقڵەوە بنووسێت؟

نالی لە (١٢٥٤) پرسەو پیرۆزبایی پێشكەش بە ئەحمەد پاشا كردووە.

دواتر چووە بۆ حەج، یا بەنیازی شوێنێكی تر سلێمانی تەرك كردووە. ئەمە دەڵێم چونكە شیعری نالی بە فارسی گەیشتووەتە دەستمان وا ڕادەگەیەنێ نیازی چوونی بۆ «مصر» هەبووە، بەڵام نازانرێ لە سلێمانییەوە ئەم نیازەی بووە یاخود دوای لێ دەرچوونی بەدڵیدا هاتووە بڕوا بۆ «مصر»:

---

(٣) لە فەرهەنگی «المنجد»دا وشەكە «جُمَّل» نووسراوە.

سوی مــصرست مــرا راه ازایــن لجهء غــم

تــاکــه در نـیـل کشم جـامـه زبـیداد و ستم

مـیرود نـالـی از اینـجا چـو بـخـیل از دنـیـا

بــالب خشك و کـف خـالــی و چشم پــرنم

من دڵم بۆ ئەوە دەڕوا کە نالی بەر لە کۆتایی هاتنی حاکمیەتی بابان دەرچووبێ؛ واش دەزانم بۆ حەج چووبێ؛ هێشتا لە حەج نەگەڕابێتەوە شکستەکەی ئەحمەد پاشا بەدەست نەجیب پاشاوە لە ساڵی ۱۲٦۱رووی دابێ. ئەم بۆچوونەم لەوەوە دێت کە ئەگەر دوای شکستی ئەحمەد پاشا عیراقی تەرك کردبێت، تەرك کردنەکەی دەبێتە خۆ ڕزگار کردن. دەشزانین نالی لە بارێکدا نەبووە مەجبووری هەڵاتن بێت؛ چونکە چ دەسەڵاتێکی دنیایی بەدەستەوە نەبووە ناچاری دوور کەوتنەوەی بکات لەترسی سزاو تۆڵەسەندنەوە. خۆ ئەگەر بە شعورێکی گوماناوییەوە بۆی دەرچووبێت؛ نایەت دوای چەند ساڵی دەربەدەری پرسی مەصلەحەتی گەڕانەوە بۆ سلێمانی بە ″سالم″ بکات کە سالم خۆی خۆشەویست نەبووە لای تورکی عوسمانلی. ئەوەی لە هەموو ئیحتیمالان پتر جێی قەناعەتە ئەوەیە نالی پێش کۆتایی حوکمی بابان چووەتە دەرەوەی عیراق (بەپێی باوەڕی من: بۆ حەج). هەر لەو سەفەرەدا بووە شکستەکەی ئەحمەد پاشا ڕووی داوە کە ئەمە بووەتە هۆی دوودڵی کردنی نالی لە گەڕانەوە. دوودڵییەکەشی دوو بنجی بەرهەستی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە گۆڕانی باری سیاسی سلێمانی لەوانەیە ببێتە هۆی خۆوەخراندنی کەسێك کە چ بەرژەوەندی مادی ئەوتۆی نەبێ خێرا ڕای کێشێتەوە بۆ جێگەی خۆی. دووەمیان ئەوەیە نالی پایەیێکی حورمەتی هەبوو لای سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشا؛ دیارە کە ناحەزی ئەوان بووە بەجێگیری دەسەڵاتیان ڕاستەوخۆ باری حورمەت و بێ حورمەتیش دەگۆڕێ. بۆیە نالی چەند ساڵان بەدیار ئەم گۆڕانەوە خۆی گل دایەوە لە گەڕانەوە تاکو:

سووتا ڕەواقی خانەیی صەبری دڵ و دەروون

و چی تر خۆی پێ نەگیرا و کەوتە گەڕانەوە. گڕ و سۆزی ناو نامەکەی بۆ سالم، لەوانە نییە گومانی دەسکردی و ساختەیی و خۆنیشاندانی لێ بکرێ. نالی بەڕاستی ئاگری غەریبی لە هەناویدا گڕی بەستووە. ئەوجار نامەکەی ناردووە کە دەڵێی دەستەچیلەیە، بۆکز لە جەرگی هەڵدەستێنێ. دیارە بێ کەسی و بێماڵی (دواتر باسی ژن نەهێنانی دەکەین) و بێ سامانی و بێ ئیشی، ئەمانە هەموویان یاریدەدەری سەرکردنی سۆز و

بێ ئۆقرەیی نالی بوون، بە دەست غەریبییەوە. ئەگەر تیجارەتێکی سوودبەخش وەیا مزگەوت و مەدرەسەیێکی قەڵەباڵغ وەیا ماڵ و حاڵێکی بە هات و باتی هەبوایە، دڵی پێی تەسکین دەبوو و نەدەتلایەوە بۆ «بەردی سەرشەقام».

کەواتە، بەپێی لێکدانەوەی من، کە داخوازی حاڵیش وا ڕادەگەیەنێ - نالی لە نێوان ساڵی ١٢٥٤ کە مەرگی سلێمان پاشای تێدا بووە و ساڵی ١٢٦١ کە حوکمی بابان بەسەرچووە، ڕۆیشتووە بۆ حەج. ئیتر بەر لەوە توانیبێتی بگەڕێتەوە کارەساتی نەمانی حوکمی بابان ڕووی داوە. هەر بەم لێکدانەوەیەم وا دەزانم چوونەکەی نالی بۆ حەج دەبێ بایی خایاندنی یەك جار حەج کردن پێش ڕوداوەکەی ١٢٦١ بووبێت؛ چونکە ئەگەر نالی چەند ساڵێك پێش ڕووداوەکە چووبایە حەج، دوای بەسەرچوونی حەجەکە گورج دەگەڕایەوە بۆ سلێمانی. وا دیارە هەر لە سەروبەری خەریك بوون بە حەجەکەوە قەدەر لە کارسازیی میرایەتی بابان بووەتەوە و ڕێی گەڕانەوەی نالی بۆ سلێمانی بەستووە.

هەرچەند، لە لێکدانەوەی ڕووت بەولاوە چ بەڵگەیێکی مادی بێ دەمەتەقەمان لا نییە ئەم بۆچوونەی من بسەلمێنێ، بەڵام بۆچوونەکە زۆر ڕێك دێت لەگەڵ مەنتیقی ڕووداوەکان و ئەو مێژووانەی گومانیان تێدا نییە. بەنموونە دەڵێم ئەگەر نالی سەفەرەکەی ماوەیێکی ئەوتو کەوتبا پێش ڕووداوەکەی ١٢٦١ کە بایی چوون و هاتنەوەی کردبا - لەم حاڵەدا وەخرانی لە هاتنەوە، ئەو دەلالەتەی لێ وەردەگیرا کە وەزعی ئەو نیسبەت بەحاکمانی بابان ئەوەندە بەرەو دۆستایەتی و ئاشنایی نەبووە کە داخوازی خێرا گەڕانەوەی بکات لە سەفەری حەج، کە نیسبەتی وەها نێزیکیش لە بەیندا نەبێ لزووم نامێنێ نالی دوودڵی بکا لە گەڕانەوە. پێویست بەوەش ناکا دواتر کاغەزی پرس و ڕا بۆ سالم بنێرێ؛ حاجیێکە و بۆ حەج چووە و دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی وەك چەندین خەلقی تر کە حەج دەکەن و لە کەسیش ناپرسن ئەرێ بێینەوە یا نەیەینەوە؟

تا ئێرە من چ گرفتێك لە کارەکەدا نابینم؛ چونکە زۆر جێی خۆیەتی شتەکان بەو جۆرە ڕوویان دابێت کە باسم کرد. بەڵام گرفت لە قۆناغی دوای ١٨٥٣ پەیدا دەبێ کە دەزانین نالی لەو ساڵەدا لەشام بووە و نامەی بۆ سالم نووسیوە و پرسی گەڕانەوەی پێ دەکا. بەڵێ، سالم نەومیدی کرد لە گەڕانەوە، نالیش حورمەتی پرس کردنەکەی خۆی و وەرامەکەی سالمی گرت و نەگەڕایەوە بۆ سلێمانی. باشە: چی کرد؟ ئایا هەر لە شام

مایەوە؟ یاخود ڕای گوێست بۆ شوێنێکی تر؟ ئەم جێگەیە کۆییە؟ ئایا یەکسەر چوو بۆ ئەستەمبۆڵ؟ فکری چوونی ″مصر″ ی کەوتە کەللەوە و پێی نەکرا بچێت؟ گەڕایەوە بۆ حەجێکی تر؟

لێرەدا زیهن تەنها یەك ڕێگەی لەپێشدا نییە کە هەر لەوێوە هەنگاوەکانی تۆژینەوەی بباتە سەر ئەنجامێکی گونجاو لەگەڵ زنجیرەی ڕووداو و مێژووی بێگومان. لەم هەڵوەستەدا خۆمان بەسەر دووڕێیانەوە دەبینینەوە کە ناتوانین بڵێین «ئەمەیان ڕێی هاتە، ئەوی تریان ڕێی هات و نەهاتە».

با جارێکی تریش چاوێك بە مێژوواندا بگێڕینەوە:

لە ١٢٦١ ئەحمەد پاشا لێی تێك چوو و پاشایەتی دۆڕاند، لە ١٢٦٩-١٢٧٠(بەشایەدیی ئا. خۆدزکو) نالی لە شام بووە؛ ٩ ساڵی تەواو دەکەوێتە نێوان ئەم دوو مێژووەوە، کە بایی ئەوە دەکات، ئەحمەد پاشا تێیدا هاتبێتە ئەستەمبۆڵ و نالیش لەدوای حەجەکەیەوە چووبێ بۆ ئەوێ و چەند ساڵانیش لای ئەحمەد پاشای بەسەر بردبێ، ئەوجار هاتبێتەوە شام. هەر ئەمەش پتر جێی باوەڕ کردنە؛ چونکە زۆر سەیرە نالی نۆ ساڵان لە مەککە وەیا شوێنێکی تر مابێتەوە، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە بچێتە لای ئەحمەد پاشا تاکو لەپر دوای بێ ئومێد بوونی لە گەڕانەوە بۆ سلێمانی، خۆ هەڵکوتێ بۆ لای. ئەو ″نالی″ یەی لەبەر سەروکاری ئەحمەد پاشا دوودڵ بێ لە گەڕانەوە؛ چۆن نۆ ساڵان لە غەریبیدا لێی کنارەگیر دەبێ؟

باشە، وا سەلماندن، نالی، دوای بەسەربردنێکی چەند ساڵە لە ئەستەمبۆڵ گەڕایەوە بۆ شام، ئایا بە چ نیازێك لەوێ گیرسایەوە؟ هەر بۆیە بوو پرسی هاتنەوە بۆ سلێمانی بە سالم بکات تا وەرامێکی لێ وەردەگرێتەوە؟ بۆ چی لە ئەستەمبۆڵەوە پرسەکەی نەکرد؟ تۆ بڵێی مەبەسی ئەوە بووبێ بچێتە شام و کاغەز بۆ سالم بنووسێ تا ئەگەر وەرامی بێ ئومێدی وەرگرت ڕوو بکاتەوە مەککە؟ یاخود ″مصر″؟ لێرەشدا هەڵوەستێکی کورت پێویستە بەرانبەر مێژوو.

«ئا. خۆدزکو» دەنووسێ و دەڵێ لەم ساڵەدا ١٨٥٣ ئەحمەد خانی لە پاریس دیتووە و لەوی بیستووە «نالی ئەفەندی» لە شامە. بەلامەوە ئاشکرایە ئەم ئەحمەد خانە، ئەحمەد پاشایە. کەواتە لەو ساڵەدا ئەحمەد پاشا لە ئەستەمبۆڵ نەبووە. ئەمە لەلاییێکەوە، لەلاییێکی تریشەوە لە قسەکەی ئەحمەد پاشا وا دەردەکەوێ مانەوەی نالی لە شام مانەوەییێکی پشوو درێژ بووە؛ چونکە بە «ئا. خۆدزکو» دەڵێ تۆزایتەوە

زمانەوانی لەبارەی زمانی کوردییەوە لە «نالی ئەفەندی» بکات کەوا دانیشتووی شامە. لەمەوە دەردەکەوێ ئەحمەد پاشا (وەیا ئەحمەد خان - هەرکەسێك هەیە بابێ) چاوەڕوان دەکا نالی ئەو ماوەیە لە شام بەردەوام بێ تا یەکێکی وەك «ئا. خۆدزکو» بۆی ڕێك دەکەوێ سەفەر بەرەو ڕۆژهەلات دەکات و لە شام نالی دەبینێ. ئایا ئەم ڕاستییە چمان تێ دەگەیەنێ لەبارەی بەسەربردنی نالی لە ئەستەمبۆلدا؟ ئایا نالی دوای مانەوەی لە ئەستەمبۆل ڕایگوێست بۆ شام؟ یاخود جارێ نەچووە بۆ ئەستەمبۆل؟ ئەگەر وا دانێین ئەم نیشتەجێبوونەی نالی لە شام قۆناغێکی ناوەندییە لەمیانی حەجەکەی و چوونەکەی ئەستەمبۆل؛ واتە ئەگەر بلێین تا سالی ١٨٥٣ جارێ ڕەفاقەتی ئەحمەد پاشای نەکردووە لە ئەستەمبۆل، بەمەدا گوتەیێکی یەکجار پەرەسەندوو لە بارەی بەسەرهاتی نالییەوە بەدرۆ دەخەینەوە: وا ڕۆیشتووە کە نالی بەینێکی زۆر لە ئەستەمبۆل لای ئەحمەد پاشای بەسەربردووە، جا ئەگەر نالی لە ١٨٥٣ لە شام بووبێ و ئەحمەد پاشاش لە پاریس بووبێ و جارێ ڕەفاقەتەکەی ئەستەمبۆلیان بەیەکەوە بەسەرنەبردبێ، ئەدی ئەو ڕەفاقەتەی چەند سالییان کەی بەسەربرد؟ کە ڕاست بێ نالی لە ١٨٥٥ مردبێ، کوا ماوەی پێویست بۆ ڕەفاقەتی دوور و درێژ؟ مەودای نێوانی ١٨٥٣ و ١٨٥٥ هەموو دوو سالە؛ چەند ماوە و کات لەم دوو سالە بەسەر چوو، بەر لەوەی ئەحمەد پاشا لە پاریسەوە و نالی لە شامەوە، بەرەو ئەستەمبۆل بىن؟ چ دەمێنێتەوە لەم دوو سالەدا دوای داشکاندنی بەشێکی کە بایی ئەوە بکا ئەحمەد پاشا بێتەوە بۆ ئەستەمبۆل و نالیش لە شام هەلقەنێ و بڕوا بۆ لای ئەو؟ بەڕاستی ئەوانەی لێرە بەپێشەوە دەیانگوت نالی، پێش مردنی لە ١٨٥٥، چەند سالان لەگەل ئەحمەد پاشا ڕەفاقەتیان بووە لە ئەستەمبۆل، نەیان دەزانی «ئا. خۆدزکو» یەك پەیدا دەبێت و شایەدی دەدات کەوا نالی لە سالی ١٨٥٣ لە شام بووە، ئەگەر ئەمەیان زانیبایە، هەرگیز حیکایەتی وەهایان بۆ نەدەگێڕاینەوە.

ئێستا موناقەشەیەکی سالی ١٨٥٥ دەکەم کە نامزەدە بە سالی مەرگی نالی لە ئەستەمبۆل. جارێ با لەپێشەوە ئەوە بلێم کە هیچ کەسێك لەوانەی بە نووسین وەیا بە گوتە، باسی ئەم سالە دەکەن، بەلگەیێکی تەماویش بەدەستەوە نادەن ئەم سالە بسەپێنی بۆ ئەم مەبەستە، زۆر سەیرە کەسێك لەوان باسی نەبوونی بەلگە وەیا سەرچاوە وەیا هێمایەك ناکا و چ موناقەشەی لە خۆیان بەپێشەوەش ناکەن ئەم سالە لە کوێوە هات.

من دەتوانم بە ئاسانی لە بەدرۆ خستنەوەی ئەم ساڵە ببمەوە، بەوەدا کە بڵێم، دوای دەرکەوتنی هەڵە بوونی هەموو پێشەکییەکانی کە تەسلیم بەم ساڵەمان دەکەن دیارە ئەمیشیان بێگومان وەك پێشەکییەکان هەڵەیە. بەڵام ئەمە ڕەوشتێکی زەلیل گیرانەیە و لەو کەسە دەوەشێتەوە بەدوا دەرفەتدا بگەڕێ بۆ خۆ هەڵدانەوە و خەلق شکاندنەوە، کە زۆر ناجایەز و ناپەسندیشە. من دەمەوێ ڕاستی ڕوون بێتەوە، زۆریشم حەز دەکرد لێرە بەپێشەوە ڕاستی لە بارەی بەسەرهاتی نالییەوە وەها ڕوون بووبایەوە، کەسی تری بەخۆیەوە ماندوو نەکردبایە؛ بەڵام چی بکەین کوردی دەڵێ «خۆزگە دارێکە بەر ناگرێ».

چەند دەلیلێك و بنگەیێکی لێکدانەوە هەیە بە هیچ جۆرێك ڕازی نابێ ئەم ساڵەی (١٨٥٥)ە ساڵی مەرگی نالی بێت؛ یەك لەوان ئەوە بوو کە ئەگەر ئێمە تێکڕای ئەو قسانە وەرگرین کە ساڵەکەی ١٨٥٥ دەکەونە ئاڵقەی زنجیرەیێك خەبەر و بەسەرهاتی نالی، مەودایێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە لە نێوان ١٨٥٣ و ١٨٥٥ بەشی ڕەفاقەتەکەی ئەحمەد پاشا و نالی بکا لە ئەستەمبۆڵ.

بنگەی دووەمی لێکدانەوەکە لە دیوانی نالی دێتە دەستەوە؛ بەشێکی هەڵبەستەکانی – کە لە پیریدا داینـاون – گەلێك لەو تەمەنەی ٥٨ ساڵی پتر بەدەستەوە دەدەن کە دوو مێژووە شۆرەت بەستووەکەی ١٧٩٧ و ١٨٥٥ پێمانی ڕادەگەیەنن. پیری و (فانی) بوونی ناو ئەو هەڵبەستانە هی مرۆڤێکی ساڵخوردەی داهێزاوی بەسەرچووە نەك شاعیرێکی بەڕواڵەت خۆبەپیر لە قەڵەم داو. کەسێك سەرنج ڕاگرێ لە دیوانەکەی نالی، دەتوانێ خەتێکی ئاشکرای تێهەڵکشان بەناو ساڵاندا لە شیعرەکانی بدۆزێتەوە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی عیشقی حەبیبەوە تا دەگاتە پلەی لێکەوتەیی. هەڵبەت ئەم شیعرانە کە لە ئاوازیاندا ناڵەی پیری وەیا نرکەی جوانی و جەحێڵییان لێ دەفامرێتەوە، جارێکی تریش بەهۆی ڕووداوێکی کە لە ناوەڕۆکیاندا دەردەکەوێ، تەمەنی نالی لە کاتی دانانیان ئاشکراتر دەبی، وەك کە سەرەخۆشی لە حەبیبە دەکا دیارە ئەم هەڵبەستەی پرسەی لەکاتی جحێڵیدا هۆنیوەتەوە، سەرەڕای ئەوە کە زرینگەی هەڵبەستەکە بەهاری عومری دێنێتە بەر زەینی گوێگرەوە. لەگەڵ مندا سرنج لە دەمودووی ئەم دوو نموونە بگرە:

١– بەو گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگریەم
گەوهەر بڕژێنـم بە بڵنـدیی قـەد و باڵات

٢- ڕەوغەنـــی دیدەم ڕژایـــە سەر کـیتابی خـطی خـۆم

چاو لە ئێشی ئەو سپی نووریش بەسەر ئەودا سەقەط

هەردوو بەیت دەگریەن؛ بەڵام دیارە گریانی بەیتی یەکەم لە بورکانی گەرموگوڕی گەنجایەتییەوە جۆش دەدا، هی دووەمیش تەپونمی پایزی عومرە.

لـێرەدا کـارمـان بـەوە نـییـە پـەیـژەیـێکی سەرەوژوور چوونـی تـەمـەنـی نـالـی لـە هەڵبەستەکانی دروست کەین، ئەوەی مەبەستمانە، دۆزینەوەی پیری، ڕاستەقینەیە کە لە تەمەنی ٥٨ساڵیدا پێك نایەت. بەڵام بۆ ئەوەی لێکدانەوەکەم پتر بەدڵانەوە بنووسێ، بـەیـتـێکی تـەمـەن مـەعـلـووم بـەشایـەد دەهـێـنـمـەوە تـاکو دەلالـەتـی شەکوای پیری لە بەیتەکانی تری نالی ڕوونتر بێتەوە بۆ خوێنەر:

نالی کە نامەکەی لە شامەوە بۆ سالم ناردووە، وەك لێرە لەپێشەوە ساغ کرایەوە، بەپێی ئەوەی کە زانیمان لە ساڵی ١٨٥٣ لەوێ بووە تەمەنی ٥٦ساڵ بووە (١٧٩٧ – ١٨٥٣). ئەم تەمەنە دوو ساڵی کەمترە لە ٥٨، کەچی هەر ٤٣ بەیتی نامەکە بەوردی بخوێنەوە، ئەسەری شەکوا لەدەست پیری تێدا نادۆزیتەوە، هەرچەند ئەو هەموو ئاه و نـزایـە لـەدەست غـەریـبـی و یـادکـردنـەوە، جـێی خـۆی بـوو نـەخـتـێك پـاڵ بـەڕاوێژی شیـعـرەکـانـەوە بـنـێ بـەرەو گـلـەیی کردن لـە تـەمـەن. تـاکـە یـەك بـەیـتـی هـەڵـبـەستـەکـە شکایەتێکی لەو بابەتەوە تێدا بێت، ئەمەیانە:

زارم وەکو خەلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ

ئایا دەکەومە زار و بەدڵدا دەکەم خطور

سەیری چەند ڕاستگۆیانە، ستەم و ئەسەری غەریبی بەلای لەڕ کردندا دەشکێنێتەوە نەك بەلای پیربووندا. حاجی قادر کە نامەی بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵا نووسی، هاواری تێ بەربووە لە چەنگ پیری:

لەبەر پیریی ئەوەندە بێ حەواسم

دەڵێی ئەرکانی ئیسلامی ئیناسم

سەر و ڕیشم سەراپا بۆتە لۆکە

بەشەو هەمرازمە پشمین و کۆکە

ناشێ لە ئاست دەلالەتی ئەو شایەدانە، ئینکاری دەلالەتی شایەدێکی تر بکەین کە هاتو پیری ڕاستەقینەی تێ خوێندەوە. ئەوەی دەیەوێ ئینکار بکات لە سەریەتی بەڵگەی یاریدەدەری ئینکارەکەی پێشکەش بکات.

لە دیوانەکەی نالی چەند قەسیدەیێك هەیە، زۆر بە صەراحەت باسی پیریی ڕاستەقینە دەکەن؛ یەك لەوان، قەصیدە «طائیيە»کەیە کە لەسەرەتاوە هاواری پیری دەردەبڕێت:

مووی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط

شۆرە شەط یەعنی کە تێیدا خود بەخود قەل بوو بە بەط

سەر لەبەری شیعرەکان، خەریکی وەصفی کرداری پیرین لە موو و ڕوو کە ئەمە تاکێکی زۆر جوان و پڕ دەلالەتە لە نێویاندا:

وەجهەکەم ئیسمی «بیاض» ئەمما وەرەق زەرد و سیاه

با «مخطط» بێ بە **کافووری** کەشیدەی خۆش نەمەط

موو لێرەدا بووە بە کافوور.

صەراحەتی دووەم لە «مستزاد»ە کەدایە:

ئەی تازە جەوان پیربی **ئیفتادە و کەوتووم** تا ماوە حەیاتم

دەستێ بدەرە دەستی شکستم کە بەسەرچووم[٤] قوربانی وەفاتم

«قوربانی وەفاتم» واتای «نزیکی مردنم»یش دەبەخشێ.

تۆ یووسفی نەوحوسنی لەسەر میصری جەنانی **من پیرم و فانی**

لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم هەر وا بەتەماتم

جاری تریش دەلالەت لەم «مستزادە» وەردەگرین.

لە دیوانەکەیدا شیعری تریش هەن بێنی پیری لێ بێت بەڵام ئەوەی لێرەدا بە نموونە خرانە بەر چاو، بایی مەبەست دەبێ بەتایبەتی کە ڕابگیرێن لە تەك قەسیدەکەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم»ی عومری ٥٦ساڵی.

وادەزانم ئەو بەڵگانە بەس بن، بۆ هەڵوەشاندنەوەی عومری ٥٨ساڵە و ساڵەکەی ١٨٥٥کە لە هیچ لایێکەوە چ کەسێك بەڵگەیێکی بۆ نەهێناونەوە، مەگەر ئەوە بەبەڵگە حیساب کەین کە هەرچی لە بارەیانەوە گوتراوە لە خۆوە هەڵدەوەرێن.

بەڵام هەر ئەوانە بەڵگەنین؛ هی تریش ماوە. یەك لەوانە شایەدی مرۆڤ، یەکێکی تریشیان ڕاگەیاندنی هەندێك لە هەڵبەستەکانی؛ وەك لێرە بەدواوە ڕوونی دەکەمەوە. ئەم جارەیان شایەدی مرۆڤەکەو ڕاگەیاندنی هەڵبەستەکانی یەکتر بەڕاست دەگێڕن، هەر

(٤) لە هەندێ نوسخە لە جیاتی «بەسەر چووم» نووسراوە «لەدەست چووم»

وەك هەردووكیشیان بەجووتە ڕێك دێن و دەگونجێن لەگەڵ هەموو ئەو شتە بێ گومانانەی کە تازە لێیان بوومەوە.

شایەدەکە باپیرم حاجی مەلا عەبدوڵلایە، کە بەپێی بیستنم لە باوك و مامم گێڕابوویەوە لە ساڵی ١٢٨٨ نالی لە مەککە دیتووە. لەم ساڵەدا، باپیرم لەگەڵ حاجی مەلا ئەسعەدی باوکی، چووەتە حەج. لە سەرەتاکانی ١٢٨٩ دوای مەرگی باوکی لە مەککە دەگەڕێتەوە بۆ کۆیێ و باسی نالی دەکات کە لە مەککەی بەجێ هێشتووە، بە زیندوویی گوتبووی، نالی زۆر پیر بووە، ڕەنگە نزیکی هەشتا ساڵ بووبێ. ئەم شایەدییە - کە خۆی لە خۆیدا بەسە بۆ قەناعەت پەیدا کردن - ڕێك دێ لەگەڵ هەرچی لێرە بەپێشەوە باسمان کرد؛ تەنانەت لەگەڵ ئەوەش دەگونجێ کە نالی لە دەوروبەری ١٧٩٧ بەوەلەد بووبێ چونکە لەو ساڵەوە تا ١٢٨٩ی کۆچی نزیکەی هەشتا ساڵ دەگرێتەوە کە ئەمە عومرێکە هەموو جۆرە شکایەتێکی پیریی تێدا ڕەوایە؛ بەڵام دەبێ شتێك بخەمە سەر ئەو قسانە کە نەختێك عەلاقەدارە لەگەڵ باری ژیانی ئەو دەمەی نالی بەپێی گێڕانەوەی باپیرم، نالی لە مەککە نیشتەجێ بووە نەك وەك حاجییەکی وەقتی لە مەککەی ڕابواردووە؛ تەنانەت گوتبووی، نالی چەند بزنێکی هەبوو دەیدۆشین و هەندێکی گوزەرانی بەوانەوە بوو. بەڕاستی هەر ئەمەش لەگەڵ وەزعی نالی ڕێك دێت؛ چونکە زۆر ئەستەمە بۆ پیاوێك بێ ماڵ و حاڵ و باری وەك نالی، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا گەشتی دوور و درێژی بێ لزوم بکات. گۆیا ئەگەر لە مەککە سەفەری کردبا، بۆ کوێ دەچوو؟ ئەستەمبوڵ؟ شام؟ میصر؟ بابان؟ هیچ کامێکیان، ئەوەنین نالی خۆی بۆ هەڵکوتێ لەو ئاخەلێوەی ژیانیدا. وا چاوەڕوان دەکرێ لە مرۆڤێکی دینداری وەك نالی تەنیشت و ڕۆخی کەعبە بەرنەدا تامردن. پیاوی وەك ئەو لە جێیانەوە دەچن بۆ مەککە تا گۆڕی مەرگیان لە نزیك کەعبە وەیا قەبری پێغەمبەر (ص) بێ؛ چۆن دەشێ ئەو بەپیری، لە سەرەمەرگدا، ئەو جێگە پیرۆزە جێ بهێڵێ. بێگومان کە نالی لەو عومرەدا لە مەککە بووبێ، لەوێش ماوەتەوە تامردن.

ئەمە شایەدییەکەی باپیرم. مایەوە، ئەو هەڵبەستانە کە تیشکێکی ڕوونکەرەوەی هەندێ ئەو لایەنانەی باسمان کردن، دەدەنەوە. هەڵبەستەکان لە خۆیانەوە بەدەنگ نایەن، دەبێ لە ڕێی بەراورد کردنەوە بەدەنگیان بێنین.

لە دیوانەکەی نالی، چەند قەصیدەی سکاڵا و نەعت هەن پێوەندییان بەحەج و مەککە و مەدینەوە هەیە؛ وردبوونەوە لەو هەڵبەستانە، دیاردەیێکی بەدەلالەت دێنێتە بەرچاو.

بەڵام وردبوونەوەکە دەبێ بەدڵ و هۆشی کرایەوە بێ، بەنیازی گەیشتنە حەقیقەتیش بێ، نەك بۆ مەبەستی دەمەتەقە هەڵستاندن و ڕەخنەگرتن.

ئەو هەڵبەستانە لە ڕووی دەلالەتیانەوە بۆ کێشانی نەخشەیێکی خەتی بزووتنەوەی نالی دەکرێن بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم؛ ئەم پارچە هەڵبەستانەن:

١- ئەی ساکینی ڕیاضی مەدینە؛

٢- ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا؛

٣- شتربانا؛

٤- لە جوملەی موعجیز ئەندەر موعجیز؛

بەشی دووەم، ئەم دوو پارچەیەیە:

١- وەی کە ڕووزەردی مەدینە و ڕوو سیاهی مەککە خۆم

٢- ئەی تازە جەوان (مستزاد)؛

بەشی یەکەمیان، چەند دروشمێکیان هەیە کە دەست دەدەن دەلالەتیان لێ وەربگیرێ بۆ تەرجیحی یەکێك لەو ڕایانەی دەربارەی چەند و چۆنی ژیانی نالی بەیەکتر دەکەونەوە.

دروشمەکانیش ئەمانەن:

١- پێیانەوە دیارە کە هەڵبەستی یەکەم ڕووبەڕوو بوونی مەککە و مەدینەن:

″ئـــەی ساکـــیـــنـــی ڕیـــاضی مـــەدیـــنـــەی مـــونـــەووەرە″

″ڕەحـــمـــێ بـــکـــە بـــفـــەرمـــوو مـــەدیـــنـــەی مـــنـــە و وەرە″

″ئـــەلا ئـــەی نـــەفسی بـــووم ئـــاسا هـــەتـــا کـــەی حـــیـــرصی وێرانـــە″

″لـــــەگـــەڵ ئـــەم عـــیـــــــشق بـــــازانـــە بـــڕۆ **ئـــازانـــە بـــازانـــە (بازانە ئازانە)**″

″مسڵمان لێرە **مانی (مان و)** **خا** نمانت هەر نەمان دێنێ″

"پـەشیـمـان بـە کـە دەرمـانـی نـەمـانت" **مایەی ئیمانە (مایەیی مانە)"**

"فـیـداکـاری تـەن و جـان بـە لـە ئـاسانـی هـەراسان بـە"
"کـە داغ و دەردی ڕێگـەی مـەککـە بـاغـی وەردی مـەردانـە"
"شتـریـانـا ئـەمـە پـەرژیـنـی بـاغـی ڕەوضەیـە یـاخـۆ"
"عـەرار و عـەرعـەر و بـانـی خـیـابـانـی بـیـابـانـە"
"ئـەگـەرچـی کـوردی دەوری **شەهرەزووری** قـەسوەتم ئـەمما"
"وەسیـلـەم طـیـبـەیـی حـیـلـمـی شەفـیـعی فـەضلـی مـەننـانـە"

ئەم بەیتەی دوایی وا دیار دەدا کە تازە بەتازە نالی شارەزووری جێ هێشتبێ، بۆیە وەها هەستی زۆر بەهێزی شارەزووری بوونی خۆی دەخاتە ناو هەڵبەستەوە. ڕەنگە ئەگەر دەمێك با، شارەزووری جێ هێشتبا بەچەشنێکی تر ئاخاوتنی کردبا هەروەك نەختێك پاشتر لێی دەدوێین.

٢- ئاخ و کەسەری پیر بوونیان تێدا نییە؛

٣- باسی غەریبی و دوور کەوتنەوە لە وڵات ناکەن؛

٤- وەصفی درێژ و پڕ مەعنای بیابانی ڕێگەی حەج و کەعبە و مەرقەدی پێغەمیەریان تێدایە کە ئەمەش هەر دەلالەتی یەکەم ڕووبەڕووبوونیان بەدەستەوە دەدات.

بەشی دووەم لە قەصیدەکانی «وەی کە ڕووزەردی مەدینە، ئەی تازە جەوان» بەتەواوی نوقتەی بەرانبەری بەشی یەکەمە؛ چەندی بڵێی شەکوای پیری و دەردی دەربەدەری و شتی وەهایان تێدایە:

ئەی تازە جەوان پیر بی **ئیفتادە و کەوتووم** تا ماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستم کە بەسەرچووم قوربانی وەفاتم
تۆ یوسفی نەوحوسنی لەسەر میصری جەنابی من **پیرم و فانی**
مووددێکە کە **هەم گەردوشی دەورانی سوپیهرم** موغبەڕ بووە میهرم

پیری و ئیفتادەیی لەم هەڵبەستەدا، چ خزمایەتی هاوتەمەنی پێ ناهێڵێ، هەم لەگەڵ قەصیدەکانی تر و هەم لەگەڵ نامەی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم»دا، هەروەهاش کە دەڵێ بەینێکە لەگەڵ سووڕانەوەی فەلەکدا دەسووڕێمەوە، بە ئاشکرایی ئەوە ڕادەگەیەنێ کە

دەمێکە لە وڵاتی خۆی دوور کەوتووەتەوە و لەم شار بۆ ئەو شار دەگەڕێ.

وەی کە ڕووزەردی مەدینە و ڕووسیاهی مەککە خۆم

دەرکراو و دەربەدەر یارەب دەخیلی عەفوی تۆم

ئەم «دەرکراو و دەربەدەر»ش تاموبێنی ئاوارەیی و غەریبی لێ دێت. جگە لەم لایەنەی پیری و دەربەدەری - کە لە دوو قەصیدەکەدا دیارە - شێوەی داڕشتن و خورپەی وشەکان و نەفەسی ئاخافتن و هەموو ئەو خاسیەتانەی کە لە هەڵبەستدا دەبن بەتوورڕە و شەقڵی ناسینەوە، زۆر بەئاشکرایی دیارە هی تەمەنی پیرین؛ پیرانەن، دەنگی پایزی عومرن- بەتایبەتی (قەسیدەی ئەی تازە جەوان).

لەمەوە ئاکامێکی گرنگ وەردەگیرێت: نالی لەیەك جاری حەج کردندا، هەر دوو بەشی قەصیدەکانی نەهۆنیوەتەوە؛ بەشی یەکەمیان هی، یەکەم حەج و سەرەتای دەرچوونیەتی لە سلێمانی، بەشی دووەمیشیان، هی حەجی دووەمە کە درەنگتر لە پیریدا کردووتی؛ هەر بۆیەیشە لە بەشی دووەم وەصفی ڕێگەی حەج و کەعبە و ڕەوزەی پێغەمبەر نییە، چونکە جاری یەکەم لەمانە بووەتەوە. ئەمجارەیان وەصفی شتێکی نوێتر دەکا کە لە بەشی یەکەمدا نادیترێت، ئەویش پیری و ئاوارەییە.

خوێنەری ئەم نووسینە کە دێت و قسەکانم دەداتە بەر سرنج و لێکدانەوەی قبووڵ کردینان وەیا پێ ڕازی نەبوونیانەوە، دەبێ ئەمانەی لەبیر بێت:

١- ئیسپات کردنی پرسیارێك لەوانەی تەنها بەڵگەی فکر و لێکدانەوە پاڵپشتییان دەکات، هەر ئەوەندەی لێ چاوەڕوان دەکرێت کەوا بگونجێ لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی بە مەعلوومی ڕاستن و پێوەندییێکیان بەیەکەوە و بە پرسیارەکەشەوە هەیە؛ وەك ڕووداو، مێژوو، واتای شیعر و گوتە و ڕاگەیاندنەکانیان، باری مادی، داخوازی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری...هتاد. بەڵگەی فکری، هەرگیز، نابێتە ئەو دیوارەی کە لە چەمەنتۆ و خشت و بەرد دروست دەکرێت و دەست و چاو هەستی پێ دەکەن؛ هەروەهاش دۆزینەوەی تەمەنی شاعیر لە هەڵبەستدا کارێکە دەگەڕێتەوە بۆ زەوق و هەست و وردبینی گوێگر، مەگەر هەڵبەستەکە خۆی تەمەنەکە ڕابگەیەنێ؛ وەك:

«تەمەنی عومرم بە حەفتا گەیی»

وەیا شاعیری عەرەب کە دەڵێ:

«ان الثمانين و بلّغتها»

وەك تـەمـەن، دۆزینـەوەی ئـاوارەبـوونیش هـەر ئـەوەنـدە دەكرێ كە لـەو بـەیـتـانـەدا دۆزیمانەوە. نابێ بەتەمای ئەوە بین لەو دەمانەدا كە یەكێكی وەك نالی لە سۆزی خۆیەوە، شكایەتی لەدەست غەریبی دەكرد، بیگوتبایە ئەی ئەوانەی لەدوا منەوە دێنە دونیا، بزانن من كە ئەمە دەڵێم بەینێكە لە شارەزوور دوور كەوتوومەوە و پیر بووم؛ وەك ئەو كاتە نەماوم كە فلاَنە شیعر و فیسار قەصیدەم داناون! تۆ و من و یەكێكی تریش ناچارین دەبێ باوەڕ بكەین بەوە كە كاتێك شاعیر شكایەت لە پیری و غەریبی دەكات، بەڕاستی پیر و غەریب بووە؛ مەگەر لەلاییێكی ترەوە، بەڵگەیێكی بێ دەمەتەقە، پەیدا بێت و پێچەوانەی ڕاگەیاندنی ئەو شكایەتە ئیسپات بكات. كە هاتین گومان بكەین لە ڕاگەیاندنی بەیتەكانی لەلایەن واتای پیری و غەریبییەوە، ئیتر بۆ باوەڕیان پێ بكەین، لەوەدا كە لە مەككە و مەدینە گوترابن؟ خۆ ئەم ڕاگەیاندنەش دیواری چەمەنتۆ و ئاسن نییە نەتوانین بە ناویدا تێپەڕین و ئینكاری وجودی بكەین. بەسە بۆ دەلالەتی گوتە – شیعر بێ یا پەخشان – بە لووسولێكی لەگەڵ ڕووداو و مێژووی بێگومان بگونجێت، بایی ئەو گونجانەی كە لە ژیانی ئاساییدا لە نێوانی گوتە و ڕووداودا پێویستە. بەنموونەی ڕوونكردنەوەی مەبەس دەڵێم، تۆ كە لە یەكێكت بیست، گوتی، دوو كیلۆم ترێ كڕی، نایەی گومان لە قسەكەی بكەیت و بڵێی ئەم داوایەت لەگەڵ دیاردەی جوغرافی و نەزەریەی فیثاغۆرس و چوونە ناو مانگدا ڕێك نایەت. هەر بیریش لەوە ناكەیتەوە، چەندین هەزار شتی مادی و مەعنەوی هەن لە كاتی باسكردنی ئەم دوو كیلۆ ترێیـەدا. ئـەوەنـدە بـەسە بـۆ بـاوەڕكـردن كـە كـڕی تـرێ گـەیشتن هـاتـبێ و كـڕی بەسەرچوونیشی تێ نەپەڕیبێت. قسەی شاعیریش هەر وەهایە، بەڵگەی پتری لێ داوا ناكرێ لەو بەڵگەیەی كە لە (ترێ) داوا دەكرێ گونجانی دەلالەتی هەڵبەستی بێ مێژووی ئـاشكرا لـەگـەڵ داخـوازی ڕووداو و مـێژووی مـەعلـووم و بـاری كۆمـەڵایـەتـی...و هـتـد بەڵگەیێكی یەكجار بەهێزە بۆ سەلماندنی ئەو ئەنجامانەی كە لێی وەردەگیرێن و چ بەڵگەش ڕەدیان ناكاتەوە.

٢- لە حاڵێكدا ویستت ڕازی نەبیت بەو لێكدانەوانەی كە هێندە ڕێك دێن لەگەڵ هەرچی دەیزانین، ئاگات لەوەبێ ئاخۆ جێگری ئەو لێكدانەوانە چییە؟ چی چاكتریان دەخەینە جێگا؟ ڕێت نییە بڵێی ڕەنگە وابێ و ڕەنگە وەكوو فلاَنە شت بێ ودەشێ...! پێویستە تصورێكی نوێ بخەینە جێگەی ئەو لێكدانەوانە كە پیر بگونجێت لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی ئەوان لەگەڵیاندا دەگونجێن. لە خۆت مەسەلمێنە، هەڵبەستەكان

و ڕاگەیاندنەکانیان، بخەیتە بەتالآیی نەگونجان لەگەڵ هیچ شتێکدا. من ئەوەشت لێ دەسەلمێنم کە بەبەڵگەی مەعقووڵ لێکدانەوەکەم هەڵوەشێنیتەوە با پێشت نەکرێ جێگرێك پەیدا کەیت بۆ لێکدانەوە هەڵوەشاوەکە؛ چونکە هەڵوەشاندنەوەی بە بنج و بناوان، وەك گومان کردنی بێ بنج و بناوان نییە، بەپێچەوانە ئەم تەرزە کارەی بەبنج و بناران دەبێتە سەرەتای چالآکییەکی دروستکەر.

٣- لێکدانەوەی ناو ئەم نووسینە بەراورد بکە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕانەی کە بە بەڵگەی بێ دەمەتەقە ڕەد کرانەوە تاکو تۆش لە حاڵی ڕەدکردنەوەی لێکدانەوەکەم لە هەمان ڕێگەی بێ پێچ و پەنای بەڵگانەوە هەنگاو هەڵێنێت، وەك کە دیتت شایەدییەکەی «ئا. خۆدزکو» بەجارێك ئەو ئیحتیمالەی سڕییەوە کە نالی لە ١٨٥٥ لە ئەستەمبۆڵ مردبێ. سەرەڕای ئەمانە هەموو، لەبیرت بێ، پیاوێکی وەك حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە هەواوە قسە ناهێنێ، تەنانەت لە قسەکەی ئەوەوە دەردەکەوێ کە لە ڕۆژگاری ئەودا هەر نەبیسترابوو کە نالی مردووە، دەنا ئیشارەی بۆ ئەو گوتەیە دەکرد و لە هەڵوێستی بەدرۆخستنەوەی خەبەرەکەدا، دەیگوت، دیتوومە و زیندووە و... هتد، چونکە دەزانین لە نێوان ساڵی ١٨٥٥(١٢٧٢،١٢٧١) کە ساڵە درۆزنەکەی مەرگی نالییە، تا ١٢٨٩ کە حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە حەج گەڕاوەتەوە بۆ کۆیێ، دەوری ١٧ساڵ هەیە. ئەمەش دە جاران بایی ئەوە دەکات خەبەرەکە بگاتە هەموو شوێنێکی کوردستان. نەبوونی بەدرۆخستنەوەی ئەم خەبەرە لەلایەن حاجی مەلا عەبدوڵڵاوە، بەڵگەی نەبوونی خەبەرەکەیە. دیارە دواتر دەنگوباسی وەها لە سەرچاوەیێکی نەشارەزاوە کەوتووەتە سەر زار و زمانان. لێرەدا شتێکم بەخەیاڵدا، دێت لەبارەی کەوتنەوەی خەبەری هەڵەوە: دیوانەکەی نالی چاپکراوی عەلی موقبیل و گیوی موکریانی کە دەڵێ لە ١٢٥٥ نالی لە شامەوە بەرەو ئەستەمبۆڵ ڕۆیی؛ ئەگەر بیگوتبا لە ١٨٥٥ ڕۆیشتووە، جێی باوەڕکردن دەبوو و هیچ بەرهەڵستێکی نەدەهاتە بەر. تۆبڵێی لە کاتی خۆیدا ئەم خەبەرە نەیگوتبێ ساڵی ١٨٥٥؟ دواتریش بەهەڵە کرابێتە ١٢٥٥، من بەدووری نازانم، سەهووی وەهاش زۆر جاران ڕووی داوە، تەنانەت وابووە ناوێك بەیەکێکی وەك خۆی گۆڕاوە دەماودەمیش بەهەڵە ڕۆیشتووە و چووەتە ناو کتێبانیشەوە.

من لە تصورمدا یەك گرفت هەیە کە ناتوانم بیرەوێنمەوە ئەویش هەنگاوی نالی دوای جێهێشتنی شامە، ئایا گەڕایەوە بۆ ئەستەمبۆڵ یاخود هەر لەوێ مایەوە تا بۆ دواجار

بەرەو حیجاز بووەوە و هەتا مەرگ تێیدا بەسەری برد؟ ئەم ١٩ ساڵەی نێوان (١٨٥٣) و ئەو دەمەی باپیرم نالی لە مەککە دیوە (١٨٧٢) بایی ئەوە دەکات لە شامەوە چووبێتەوە ئەستەمبوڵ و بەینێکی لەوێ ڕابواردبێ و دواتر، بابڵێین دوای ١٠ساڵ، سەودای دووەم حەج بەرەو حیجازی بردبێتەوە؛ بەڵام چ بنگەی مادی وەیا لێکدانەوە وەیا ڕاگەیاندنی حاڵ وەیا هێمای شیعرەکانی ئەم ئیحتیمالە بەسەر یەکێکی تردا زاڵ ناکات کە ئەویش لەگەڵ ڕووداو و مێژووی بێگوماندا بگونجێت. ئێمە پێویستمان بە خەبەرێکی تازە هەیە ئەم قۆناغەی ژیانی نالی لە شام بهاوێتە ناو نەخشەی سەرلەبەری ژیانی و جێگەی لەباری بۆ بدۆزێتەوە.

لەم باسەی هاتوچۆی نالی و پیربوون و ئاوارەبوونی، ناوناوە بەپەلە گوتوومە نالی ژنی نەهێناوە. لەمەشدا دژی گەلێك سەرچاوەی بەسەرهاتی نالی ڕادەوەستم کە دەڵێن حەبیبەی «ماڵی ئاوا» ی مارە کردووە و تا مردنی هەر عاشقی بووە.

لەبارەی دێی «ماڵی ئاوا»وە، ئەوەمان بەدرۆ خستەوە کە لە قەرەداغ دێی بەو ناوە هەبێ. بیستوومە دێیەك هەیە لەو ناوچەیەدا بەناوی «ئالیاوا»، ئەویش، دێیەکی نوێیە بەبیری خەڵقەکە دێت کەی ئاوەدان کراوەتەوە. هەندێك ئەدیب و نالی دۆست هەن دەڵێن نە«حەبیبە» هەبووە و نە« ماڵی ئاوا»ش لەو وڵاتەی دەوروبەری شارەزوور ناوی هەیە. بەڵام ئەم گوتەیە لە دوو سەرەوە ڕووبەڕووی هەرا و دەمەتەقەی بێ وەرام دەبی، یەکێکیان ئەو تەواتورەیە کە هەمیشە باسی حەزلێکردەیی نالی و حەبیبەی گێڕاوەتەوە؛ دووەمیان، ئەو هەموو ناوی "حەبیبە" و ":ماڵی ئاوا" یەیە لە دیوانەکەی نالیدا کە مومکین نییە بەو جۆرە قسەی بێ بنچ و بناوان بسڕێتەوە. کە ڕێگە هەبێ بەقسەی سادەی بێ بەڵگە، جووتە خەبەری یەکتر تصدیق کردووی تەواتور و دیوانی نالی ڕەش بکرێتەوە، چ مانیعێك نامێنێ لەوەدا «خاك و خۆڵ»یش بکرێتەوە ناوێکی خەیاڵی (وا بزانم ئێستا ئاوەدان نییە). هەموو دەنگوباسی چوونە حەج و دوورکەوتنەوە و واتاکانی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم» و هەرچی تریش هەیە بدرێتە بەر ئەو ئینکار کردنەی بەهەوەس، بێگومان نالی ئاگری عیشقی حەبیبەی تێ بەربووە؛ تەنها ئیحتیمالێك هەیە لەوەدا کە دەشێ ناوی کچەکە حەبیبە نەبووبێ و نالی ئەم ناوەی کردبێتە پەرژین بەدەوری ئابڕووی کچەکەوە کە لە هەمان کاتیشدا واتاکەی دەست دەدات بۆ دەربڕینی هەموو هەست و سۆزێکی عاشقانە بەدیاریەوە. دیوانەکەی نالی لە گەلێ جێگەدا ناوی حەبیبە دەبات و وتووێژی ئاگرینی عیشقی لەگەڵدا دەکات. تێکڕاشیان، یەك ئاهەنگ و

یەکدەنگ، هەبوونی مەعشوقەیێکی ڕاستەقینە ڕادەگەیەنن؛ بەڵام لەلایەنی دەلالەتی صەریحەوە، غەزەلەکەی «ماتەم وەکو زولفەینی سیەهـ» بەتەنها خۆی بەسە بۆ سەلماندنی ئەو هەبوونی مەعشووقەی باوك مردوو، یەکێك بیەوێ بەوردی ئەو غەزەلانەی ڕووی قسەیان لە حەبیبەیە بەیەکتر بگرێ، بەئاشکرایی تارمایی یەك تاکە کچیان تێدا دەبینێت کە هەر خۆیەتی هەموو جارێك لە هەڵبەستدا جلوە دەبەستێ. ئەوەی ڕاستی بێ، لێکۆڵینەوە لەم غەزەلانە و چەندوچوونی دەنگدانەوەی ناوەکییان، دەشێ بکرێ بە دیراسەیێکی سەربەخۆ کە دیارە لێرەدا جێی نابێتەوە. لەوەش بکۆڵرێتەوە ئاخۆ ئەو هەموو شکاتەی نالی لەدەست بێ مەیلیی مەعشووقەی، چەندی ڕاستە و چەندی شۆخییە و چەندی تەقلیدێکی دڵدارانەیە لە حاڵیکدا خۆی تێمان دەگەیەنێ کە یارەکەی مردنی باوکی خۆی بە ئاوات خواستووە، تاکو بە نالی ببڕێ. ئەمە سێ چوار نموونەی ئازارکێشانە بەدەست بێ مەیلیی مەعشووقەوە:

ئاخ لەگەڵ ئێمە حەبیبە سەری پەیوەندی نیە

نەی شەکەر قەددە بەلابەندی هەیە قەندی نیە

(بەلاقەندی هەیە بەندێ نیە)

لەبۆ خەڵکی خەلات پەخشانی ماچە

خەلاتی من هەموو خۆ جوێنە قوربان

لەحزەیێك و لەمحەیێ چاوم بە چاوی ناکەوێ

کێ دەڵێ وەحشی غەزالە مەیلی ئینسانی هەیە

لە صوبحی ڕوویی تۆوە شامی خەلقی طەلعەتی صوبحە

لە شامی زولفی تۆوە، صوبحی ئێمە ظولمەتی شامە

ئایا ئەمانە، هی تریش، هەڵبەستی سەرەتای عیشقی نالین کە جارێ «حەبیبە» ئاسوودەیە لە گڕ و تاوی عیشق و گرفتاری داوی ئەفسوونی نالی نەبووە؟ یا تەئویلێکی تری هەیە؟ یاخود هیچ دەلالەتیان نییە؟ تۆ بڵێی داد و فیغانی غەزەلە ئاگرینەکەی:

«نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ»

پێوەندیی بەکام پلەی ئەو عیشقەوە هەبێ؟ ئاخۆ دواتر چ ترووسکەیێکی ئومێد لە دڵی نالیدا گەشاوەتەوە؛ یاخود دووری دووسالانەی ناو غەزەلەکە لەم بەیتەدا بەدی دەکرێت:

هەموو ڕۆژم لە تاو هیجرانی ئەمساڵ

تـەمـەنـنـای مـردنـی پـێراره بـێ تۆ

بوو بەدەست لێکبەردانێکی یەکجاری؟ ئەم بێ ئومێدییە، چ دەخلێکی هەبووە بەسەر جێ هێشتنی وڵات بەرەو حەج؟ ساغکردنەوەی ئەم پرسیارانە بە ئەرك و كات و لێکدانەوەیێکی کەم ناکرێت، هەتا زەمانەش لە نالی دوورتر دەکەوێتەوە، کارەکە زەحمەتتر دەبێ. بەڵام دەبێ بزانین ئەم بەیتانەو غەزەلانە و بەیت و غەزەلی تر کە لەمانە ناکەن هەروەها کەڕوالّ و بێ دەلالەت نین، وەك خوێندنەوەی بەپەلە و سەرپێیی تێیان دەگا؛ چاکتر ئەوەیە بڵێم تێیان ناگا. خستنەوە سەریەکی دەنگ و سەدای ناو دیوانەکەی نالی تا ئەو ڕادەیەی وتووێژێکی مەفهووم و مەعقوولی لێ وەردەگیرێ کە لەگەڵ ڕووداو و مێژووی زانراودا دەگونجێ، ئەو کارە ئاسانە نییە کە زەینی بەپەلە بۆی دەچێت، هەروەك حاڵیبوون لە شیعرەکانی فەرمانێکی هێندە سادە و ساکار نییە کە بەزانینی واتای وشەکانی پێك بێت. ئێمە ئەگەر لیستەش ڕێك خەین بۆ ئەو هەڵبەستانەی ناوی حەبیبەیان تێدایە و ئەوانەی شکاتی بێ مەیلی مەعشووقە دەکەن و ئەوانەی پێوەندیی دوولانەی عاشق و مەعشووق دەگێڕنەوە و ئەوانەی بێ ئـومـێدیـیـان لـێ دەفـامـرێتـەوە، نـاتـوانین بـەتێوەڕامـان لـەو لیستـەیـە تێبگـەین و تێگەیشتنەکە بکەین بە تەصەورێکی سەرانسەر و جێگەی قەناعەت و بێ کەلێن؛ هەروەك ڕێکخستنی فەرهەنگۆکە لەو وشانەی واتایان زەحمەتە چ مەودایێکمان نزیك ناکاتەوە لە واتای شیعرەکان مەگەر مەودایێکی یەکجار کورت؛ چونکە لەوانەیە بەیتێکی لە هەمووان وشە ئاسانتری نالی لە هەمووان واتا سەختتر بێت، وەك ئەم بەیتەیان:

تیژاوی سروشکم وەکو ئیکسیری سوهەیلە

روخسارەیی زەردم وەکو ئەوراقی خەزانە

لە فەرزی زانیشت، ئیکسیری سوهەیل غەیری واتا ئاشکراکەی دوو وشەی «ئیکسیر و سوهەیل» – کە هەموو شیعر دۆست دەیزانن – واتای تریشی هەیە؛ لەوانەی مەیلە و داپۆشراو، وەك ئەوەی پایزان کاتێك ئەستێرەی سوهەیل هەڵات و شەوقی بەر پەلکە قەمیش کەوت، پەلکەکە سوور هەڵدەگەڕێ؛ وەیاخود شاعیری فارس دەڵێ، ئەم شەوقەی سوهەیل کە بە پێستی سەختیان دەکەوێ:

«جای انبان می کند جای ادیم»

دیارە ڕووی نالیش پێستە و ئیکسیری سوهەیلی پێ کەوتووە کە دەشێ فرمێسکی بێ وەیا شەوقی سوهەیل بێ، چاویش بۆ خۆی بە ئەستێرە تەشبیه دەکرێ. ئەمانە هەموو بزانیت جارێ بەیتەکەت نەزانیوە. بەیتی تریشی هەیە هەتا لە واتای وشەکانی پتر دەگەیت لە واتای بەیتەکە پتر سەرگەردان دەبیت. خولاسە ئەم حیکایەتەی عیشق و ئومێد و نەومیدی و واتای بەیتەکانی نالی، تەنکاوێك نییە نەختێك دامەنی جلەکانمانی بۆ هەڵکەین و لێی بپەڕینەوە.

ئەمە لە لایەن بوونی مەعشووقە و ناوی حەبیبەوە. لە لایەن «ماڵیاوا» شەوە وا دەزانم دەبێ هەر ئەو دێیە بچکۆڵەیە بێت لە نزیکی بەرزنجە کە ناوی «ماییاوا»یە و شاخەکەشی هەر بەناوی ئەوەوە ناوی دێت. زیوەر لە زیمنی مەدحی بەرزنجەدا کە سەرەتاکەی ئەم مصرەعەیە:

«خاکی بەرزنجە چەند دلگیرە»

ئەم بەیتە دەڵێ:

کــوڕە کــاژاو و شاخــی مــایــیــاوە

سەیری دەشتی هەمووی جەلای چاوە

وا بزانم دوور نییە لەو سەردەمەدا کە نالی نزیکی ئەو دەوروبەرە بووە ناوی دێیەکە «ماڵیاوا» بووبێت و بەتێپەڕینی کات گۆڕابێت؛ وە یاخود نالی وای بەڕاست زانیبێ کە نــاوی دێــیــەکــە لــە بــنــەڕەتدا مــاڵــیــاوا بــووبــێت، وەك کە بــۆ خــۆم لــە نــووسیــنــی مــەلا عەبدوڕڕەحمانی کاکی جەلیم دیتووە نووسیوەتی «قریە ماوراء النهر» مەبەسیشی دێی «ماوەران» بووە. دیارە وای زانیوە کە ئەسلەکەی ئەوە بووە خۆی نووسیوەتی. ئەمەش نەبێ دەشێ نالی بەنیازی واتا سازی، ناوەکەی لە «ماییاوە» کردبێتە «ماڵیاوا» بۆ دروست کردنی جیناس لە نێوان «ماڵیاوا و ماڵی ئاوا»دا.

ناوی ئەو کچەی خۆشی ویستووە هەرچی دەبێ با ببێ، دێیەکەشی هەر ناوێك بەخۆیەوە دەنێ با بنێ، ئەو پرسیارە دەمێنێتەوە ئاخۆ نالی بەو کچە شادبووە؟

من نازانم سەروکاری حەبیبە بەچی گەیشتووە، بەڵام دوو شت بەلامەوە ڕوونە:

یەکەم- باوکی حەبیبە ڕازی نەبووە کچەکە بدا بە نالی (وەك لەمەوپێش ڕوونمان کردەوە) ناشزانین دوای ئەو بابە خوێنەستێنی کچەکە چییان بڕیار داوە.

دووەم- نالی لە بنەڕەتدا ژنی نەهێناوە تاکو سەرەنجامی عیشقی حەبیبەمان لێ ببێتەگرفت. ئەوانەی دەڵێن نالی ژنی هێناوە و لەگەڵی بووە تا کۆتایی ژیانی قسەیێکی ڕەشۆکی بێ بنچ دەکەن کە لەگەڵ مەنتیقدا ڕێك ناکەوێت. جارێ با لەوە بگەڕێین کە لێیان بپرسین کوا ئەو ئیسپاتەی ئیقناعمان دەکا بەوەی خوێنەستێنی حەبیبە دوای مەرگی باوکی رازی بون پێی بدەن، ئەوەشیان لێ ناکەینە زەحمەتێکی سەربار کە بڵێین نالی بەو هەموو غەزەلە صەیحە و ناوهێنانی حەبیبە بەجارێ ڕێی گەییشتنی بە حەبیبەی لە ڕووی خۆی کوێر کردۆتەوە، ئەمانە واز لێ دێنین و بەرەنگاری ئەم تاکە پرسیارەیان دەکەین: ئایا ئێوە لەوە فکریون کە ئەگەر نالی حەبیبەی لەگەڵ خۆی بردبێ بۆ سەفەری حەج، دەبێ لەوێشەوە بردبێتی بۆ شام و بۆ ئەستەمبۆڵ و سەر لەنوێ هێنابێتیەوە بۆ مەککە لەو هەموو هاتوچۆیەشدا مرۆڤێکی بێ پارەی بێ حاڵ و بار و بێ یارمەتیدەر بووە، بەشێکی سەفەرە درێژەکەشی دەکەوێتە تەمەنی پیری؟ لەمەش پتر پرسیار هەڵدەستێ: نالی کەچووە بۆ حەج نەی دەزانی لەو سەفەرە ناگەڕێتەوە تاکو مەجبور بێ ژنی لەگەڵ خۆیدا ببات، لە حاڵێکدا دەزانین لە هەزاری یەکێکی پیاوی دەوڵەمەندیش ژنیان بۆ حەج نابەن.

سەیری وەزعی نالی بکەن بەچاوێکی واقیعبین دەزانن و تێ دەگەن ئەگەر نالی قەفەسی توتێیکی لێ بووبایە بارگرانی پێی نەدەکرا ئەو هەموو هاتوچۆیە بکا، بگرە لە یەکەم جارەوە نەی دەتوانی لە سلێمانی بەدەرکەوێ. هەموو ئەو کوردانەی کە لە کوردستانی عیراقەوە بەرەو دەرەوەی وڵات ڕۆییشتوون، بێ ژن و ماڵ بوون مەگەر ئەوانەی حاڵ و وەزعی تێریان هەبووبێت. لێرەدا دەتوانین، بەتایبەتی، بەراوردی حاڵی نالی بکەین لەگەڵ هی حاجی قادر کە ئەویش بەڕەبەنی بۆی دەرچوو: تایبەتیەکەش لەوەدایە هەردووکیان شیعرەکانیان بە ئەولاد داناوە. حاجی دەڵێ «لە سایەی شیعرەکان بابی کوڕانم». نالیش لە چەند جێگەیەکدا ئەم دڵدانەوەی خۆی کردووە:

شیعرەکانم کە جگەرگۆشی منن، دەربەدەرن

دڵی نالی چ ڕەقە قەت غەمی فرزەندی نیە

لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ...

سەرانسەری دیوانەکەی بەوردی تەماشا بکە چ هێمایەکیش نادۆزیتەوە ببێتە دەلیلی هەبوونی ماڵ و حاڵێکی نالی؛ تەنانەت حاجی مەلا عەبدوڵلاش کە باسی نالیی کردووە، شتی وای لێ گێڕاوەتەوە کە لەگەڵ مرۆڤی بێ ژن و منداڵدا بگونجێت.

نووسینەکەی "ئا. خۆدزکۆ" گەلێك جار ناوی هات و سوودی لێ وەرگیرا. مایەوە سوودێکی تریشی بخەینە بەر ڕۆشنایی لێدوانەوە. لەو قسانەی کە لە ئەحمەد خانی دەگێڕێتەوە باسی ئەوەی تێدایە کە نالی کتێبی لەسەر زمانی کوردی دانابێ. ئەم خەبەرە، خۆی لە خۆیدا، جێی باوەڕ پێکردنە، ئەگەر هیچ بەڵگەش لەلاوە پەیدا نەبێت بۆ سەلماندنی. خۆشبەختانە، خەبەرێك هەیە هەم نوێ و هەم دەشێ ببێتە پاڵپشتی قسەکەی ئەحمەد خان.

خوالێخۆشبووی مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیم (دلاوەر) دەیگێڕایەوە کەوا لە نێوان فەقێیان سیپارەیێکی قەواعید بەهەڵبەستی کوردی لە نالییەوە نەقڵ دەکرا، هەموو مەبحەسی «حروف»ی کتێبی «شەرحە موغنی» تێدا بوو. دلاوەر بۆ خۆی تاکە یەك بەیتی ئەو سیپارەیەی لە بیر مابووە میسالی «البرّ الکرّ بستین درهماً»ی هێناوەتە سەر هەڵبەستی کوردی، ئەمەش بەیتەکەیە:

گۆشتی قەڵەو حُقە بە چواردە پارە

وەقتێ گوتت حُقە ضەمیر دیارە

لە میسالەکەی عەرەبیدا ضەمیرێك قرتاوە کە دەبوو بگوترێ «... الکرّ **منه**» دیارە لە بەیتەکەی نالیش بەپێی ڕوونکردنەوە مصرەعی دووەم، دەبوو بگوترێ «... حقە**ی** بە چواردە پارە» کە لە وێشدا ضەمیرێك قرتاوە.

وا پێدەچێ ئەم سیپارەیە لە ناودا نەمابێت؛ وە یاخود ئەگەر مابێت لە پەنا و پەسێوی قوژبنە تاریکەکانی مزگەوت و مەدرەساندا لە ژێر تۆزدا خنکا بێت. بەڕاستی حەیفە ئەسەری وەها نایاب لەبەر کەمتەرخەمی وەیا بێ هەستی تێ بچێت. بەڵکوو لە لایێکەوە دەنگوباسێکی وەیا شوێن و ڕێگایەکی بەسەر بکرێتەوە.

بەهەمە حاڵ، ئەم سەر گوزەشتە پەرۆشیی نالی بەزمانی کوردییەوە نیشان دەدات، وێڕای پایەی لە زمان و ئەدەبدا، تا ڕادەیەکیش وەرامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە نالی بەکەمتەرخەم دادەنێن لە ئاست کوردایەتی؛ چونکە بەم خەبەرە دەردەکەوێت نالی یەکێك بووە لە ناو چەند کەسێك کەوا ڕەنگە بەپەنجەی یەك دەست بژمێردرێن، لەوانەی خۆیان بەزمانی کوردییەوە خەریك کردبێ لە دەرەوەی جغزی شیعری عاتیفی. بزر بوونی سیپارەکە، ئەوەش لە قەناعەت نێزیکتر دەخاتەوە کە وا بەشێکی هەڵبەستەکانی عاتیفی فۆتابن. بەدووریشی نازانم نالی، زۆروکەم لەو سیپارەیەدا چاوێکی بڕیبێتە

شێخ مەعرووفی نۆدەهی لەوەدا کە پێشتر فەرهەنگۆکی "ئەحمەدییە"ی بەکوردی دانا بوو.

مەرحووم (دلاوەر) ئەوەشی لە باسی نالی دەگێڕایەوە کە کاتێك هاتووەتە کۆیێ بۆ خوێندن، ویستوویەتی لە مزگەوتی «بایزاغا» دامەزرێ؛ بەڵام مەلای ئەو ساکەی مزگەوتەکە لەبەر شۆرەتی شاعیریەتی نالی لەوە ترساوە مەلایەتییەکەشی وەها بەهێز بێت و لە کاتی دەرس گوتنەوەدا زۆری ماندوو بکات، ئیتر بە بەهانەی نەبوونی جێگا دای نەکردووە. لەوە بەولاوە نازانم ئایا چووەتە مزگەوتێکی تر وەیا هەر بەجارێ لە کۆیێ دەرچووە؟

بەرلەوە خوێنەر لە پێشەکییەکەوە بۆ ناوەرۆکی کتێبەکە بڕوات، بە شکڵی پێشدەستی، یەك دوو تێبینی دەهێنمە پێش نیگای؛ لە بارەی خێرایی کردنی نالی لە حەج ڕایەکم دەربڕیوە، ئەوەی ڕاستی بێ، لەسەر بنچینەی ساڵی ١٨٣٠ هەڵستاوە کە بەپێی قسەی نووسەری لە من بەپێشەوەتر، حەجەکە لەو ساڵەدا بووە هەرچەند لە کاتی دەربڕینی ئەو ڕایەدا باسی ساڵەکەی ١٨٣٠ نەشکراوە. لەم پێشەکییەدا بەتۆژینەوە و ساغکردنەوە، گەیشتم بەو ئەنجامە کە سەفەرەکەی حەجی پاش ساڵی ١٢٥٤ (١٨٣٨ – ١٨٣٩) ڕووی داوە، پتریش بۆ ئەوە چووم کە نابێ لە ساڵێك زیاتر پێش بەسەرچوونی حاکمایەتی بابان لە ١٢٦١ سەفەرەکەی حەجی کردبێ. ئەم لێکدانەوەیەم بەلای کەمەوە، حەجەکە ١٢ ساڵان بەم لاوەی (١٨٣٠) دێنێ. بەو پێیە خێرایی کردنی نالی لە حەج، دەبێ بدرێتە بەر دەلالەتی تەمەنی ٤٥ ساڵی نەك ٣٣ ساڵی.

لە شوێنێکی تردا گوتوومە، مەشرەبی نالی لە تەصەوفدا قادری بووە نەك نەقشبەندی. لە ئاست ئەم بیروڕایەدا دەبێ فەرامۆش نەکەین نالی، لە تەکیەی مەولانا خالید خوێندوویەتی کە دەزانین مەولانا سەرۆکی تەریقەتی نەقشبەندی بووە لە سەردەمی خۆیدا. لەمەوە دەشێ بیر بۆ ئەوە بڕوا کە وا نالی نەقشبەندی بووبێ نەك قادری. بەڵام بەر لەوەی ڕایەکەی من هەڵوەشێتەوە، دەبێ ئەوە بزانین کە خوێندنی نالی لە تەکیەی مەولانا دوای دەرچوونی مەولانا بووە لە سلێمانی. کەواتە لێکدانەوەکە و بڕیاری قادری بوون و نەقشبەندی بوونی نالی، بەهۆی زانینی مەشرەبی ئەو مامۆستایانەوە ساغ دەکرێتەوە کە نالی دەرسی خوێندووە لەلایان.

خوێنەری بەڕێز دەبینێ سەرلەبەری نووسینەکە پەلەی لێ کراوە. بەعادەت تۆژینەوە

له ئەدەب و ژیانی شاعیرێکی وەك نالی کاری چەند ساڵ خەریك بوون و کەرستە کۆکردنەوە و پرسین و لێکدانەوە و بەیەکتر گرتن و بەراوردکردن و ئەو تەرزە چالاکییانەیە؛ لە حاڵێکدا ئەم نووسینە لە سەرەتاوە زەنەی عەفوی «نالی دۆستی» بووە لە ویژدانی خاوەنەکەیەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زەنەی ویژدان لە پاشخانێکی[1]

بەرین و قووڵەوە، تەرەشقۆی کردووە بەسەر دیوانی شیعر و مێژووی بەردەستدا خۆی بڵاو کردووەتەوە. لەم ڕووەوە عەیبی پەلە کردنەکە ئەو عەیبە ڕووتوقووتە نییە کە لە کاری سەرپێییدا بەدەردەکەوێت. پەلە کردن شتێکە و سەرپێیی "ارتجال" یش شتێکی ترە. هەموو جارانیش مرۆڤ ئەو کات و دەرفەتەی چەند ساڵە شك نابات کاری ئەمڕۆکەی بۆ بخاتە ساڵێکی تر. لەو حاڵ و بارەی منیشی تێدام، کە وا پەیتا پەیتا بەپێی بەرپرسیارییێکی ڕووی تێ کردووم، بەرەنگاری واجبی یەك لەسەر یەك دەبم هەر بەجارێ ماوەم نابێ خۆ تەرخان کردووی تاکە یەك ئەرك بکەم بۆ چەند ساڵێك؛ بگرە یەك دوو مانگیش. لەگەڵ ئەم تێبینییانەشدا ئەو ڕاستییە هەر باقییە کە بەرهەم، بەری عەفویەت بێ یا کورك بوونی چەند ساڵان بێ، نرخی زاتی خۆی دەدرێتێ نەك ئەو کاتەی خاوەنەکەی پێوەی خەریك بووە، چی هەیشە وا لە پێش چاوی خوێنەر و ڕۆشنبیرانی کورددایە نەزەرڕەیێکی لێ شاردوونەوە و نەرپێی دەرخستنی هیچ ڕاستی و نهێنییێکی لەبەر هەنگاوی کەسدا کوێر کردۆتەوە. تەنانەت ئاشکراییەکەی لە ڕادەیێك دایە هەر دەڵێی شتێکە لەو شتانەی بەر مەفهوومی ئەم دێڕە شیعرەی نالی دەکەون:

ئەعمالمان لەگەڵ هەموو ئەوزاعی حاڵمان

مەخشووش و جەمع و حازرە گەر خێر ئەگەر شەڕە

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا، پەیڕەویی شاکارێکی نالی دەکەم لە ئاکامی مەهارەتی بێ سنووردا سەروبنی بەیتەکە گەیشتووەتەوە یەکتر؛ بەجۆرێك ئەو کۆتاییهێنانەی کە لە ڕواڵەتدا داخوازی بەیتەکەیە، دەبێتەوە دەست پێکردنەوە و تێهەڵچوونەوەیێکی سەرلەنوێ و بێ بڕانەوە؛ وەك کارەکەی من لەم نووسینەدا، کە ئەگەر غەدری لێ نەکەم، دەبێ بیکەم بەیەکەم پێپلکەی پەیژەیێکی لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و شیعر و بەسەرهاتی نالی. ئەگەر لەویان سەرکەوتم، هەنگاوم بگاتە هی دواتر و دواتر... لەگەڵ منیشدا خۆێنەرانی ئەدەبی کوردی و نالی دۆستان:

---

(١) پاشخان: (خلفیە)

نیشانەی پوختەگی بێ دەنگییە نالی ئەگەر پوختەی

به [حوججەت / ″حجە″] طەی بکە نامە بە حیددەت پەی بکە خامە

″بە «حجە» نامە طەی کردن″ هەروەك لە زاهیردا بەتوندی پێچانەوەی نامە ڕادەگەیەنێ، لە ڕاستیدا ئەوەی مەبەستە کە وا نامەکەی وەها بگەیەنە سەر کە ببێتە «حَجە» و بەڵگە بە هۆی تەواوی و بێ عەیبییەوە.

«بەحیددەت پەی کردنی خامە»، ئەویش لە زاهیردا بەهەژمەت شکاندنی قەڵەمەکەی ڕادەگەیەنێ، بەڵام واتاکەی ڕاست و دروستی هەڵبەست پێچەوانەی ئەمەیە؛ چونکە لە ڕێی تەوریەوە دەیەوێ بڵێ قەڵەمەکەی بۆ تیژکردنەوە دادە تاکو باشتر بنووسێت: «بەحیددەت پەی بکە خامە - بەتیژی ببڕە قەڵەمەکەت». نامە طەی کردنەکە و خامە پەی کردنەکەش هەردووکیان خامۆشن، دەنگیان لە بەرەوە نایێ، بەڵام بەبڕشتن کە ئەمە ئەوپەڕی پوختە بوون و پێگەیشتنە.

چ دەرسێکی بەنرخە ئەم پەندەی «بەخشینی بێ دەنگ»!

***

تێبینی:

خوێنەر بمبەخشێ لەوەدا، وابووە یەك بەیت بەدوو شکل نووسراوە کە هەریەکیان لە دەسنووسێکەوە هاتووە و هیچیشیان تا ئێستا ساغ نەکراوەتەوە.

ئومێد دەکەم، ئەم پێویستەی ساغکردنەوەی شیعرەکانی نالی لە دوا ڕۆژێکی مەیلەو نێزیکدا لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە ئەنجام بدرێت.

بەشی یەکەم

چەپکێك لە گوڵزاری «نالی»

ئەرکێکی پڕ تام و شامی سەر شانی لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کورددا، لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی دیوانی «نالی»یە. پڕۆگرامی لێژنە لەم مەیدانەدا – وەك لێی چاوەڕوان دەکرێت – ئەوەیە دوابەدوای بژار کردن و ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادر، کات و چالاکی خۆی تەرخان بکا بۆ ڕاستکردنەوە و شیکردنەوەی شیعرەکانی «نالی» لە گوێرەی دەسەڵات و تێبڕکردنی هۆش. دیارە بەدەم ئەم کارەوە، لیژنە چی دەستی کەویّ لە شیعری بڵاو نەکراوی «نالی»، ئەویش دەخاتەوە سەر خەرمانی دیوانەکەی.

لە نێوان ئەندامانی کارای کۆڕدا ئەم فەرمانە ڕووی لە مامۆستا هەژار و لە من کرد کە هەردوومان ئەندامیشین لە لیژنەی ئەدەب. بەم بۆنەوە هەڵکەوت و ڕێکەوت لە جاران پتر خۆ بەدەستمانەوە دەدا بۆ تەرکردنەوەی دەماغ و زاخاودانی مێشك و ڕەواندنەوەی کەسەر لە ڕێی خەریکبوون و یەکتر خەریك کردن بەدۆزینەوە و هەڵهێنانی گەوهەرە شراوەکان و مەتەڵاوییەکان و ئەفسووناوییەکانی تاك تاکە بەیت و دووبەیتی ئەم غەزەلە و ئەو قەسیدەیەی کەوا دەماودەم لەنێوان شیعر دۆستاندا ناوبانگی شراوەیی و نەزانراوییان گەیشتۆتە ڕادەی «یقین» و سەلماندن. وا دەبێ کە بەختی لە بار یارمەتیمان دەدا و بەسەر یەکێك لەو گەوهەرانەدا دەکەوین و ڕواڵەتێکی واتا نهێنییەکەی لە زیهنماندا دەتریسکێتەوە؛ سمێڵە خنکەی شادمانی دەمانگەشێنێتەوە، هەر دەڵێی شیری مووسامان دۆزیوەتەوە. خۆشمان لەوەدا لەسەر هەق دەزانین؛ چونکە باوەڕمان هەیە بەوە کە «نالی» شاهکاری ئەوتۆی بە میرات بۆ گەنجینەی ئەدەبی کوردی بەجیّ هێشتوە، هاوتای نرخدارترین گەهەری ئەدەبی ڕۆژهەڵاتە کە پسپۆڕ و دورناسان بژاردەی بکەن، ئەگەر نەڵێم ژووروویی هەمووانە.

بەم جۆرە، پێشدەستی دەکەین لەو کاتە چاوەڕوان کراوەی خەریکبوونی «ڕسمی»مان بەدیوانی نالییەوە و هەر لە ئێستاوە گەلاڵەی کەشکۆڵێکی دەروێشانە دەست تێوەر دەدەین، بەڵکوو ناوناوە، ئازووقە و تووشەیێکی دواڕۆژی تێ بکەوێت.

لێرەدا نموونەیێکی بەرهەمی پێشدەستی کردن دەخەمە ڕوو.

لەم چەند ڕۆژانەی پێشدەست پێ کردنم بەم نووسینە، لەدوای ساڵەهای حیرەتەوە، بۆرە مانایێکم بۆ لێکدرایەوە، لەم بەیتەی سەرەتای قەسیدەیێکی:

دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە جەوابی نادەم

مودەتێکە لە قەفەسدایە عەزابی نادەم

بەیتەکە لە خۆوە هاوار دەکا تەڵەی ناوەتەوە بۆ تێکڕای ئەدیب و شیعر دۆستان. بەڕاستی ئەم بەیتە یەکێکە لەوانەی نالی، خۆی، لە چەند جێگایەکدا سرنجی خەلقی ڕاکێشاوە بۆ وردی و قووڵییان تاکوو جارێکیان پاتەوپات پێمان دەڵێ:

نالی بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر

بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

هەتا بشلێی ڕاستی فەرمووە: دڵ کە بەینێك بێ لە قەفەسدا بێ و ئارەزووی سەیری چەمەن بکا، چۆن دێتە باوەڕەوە کە عەزاب نەدانی بەجەواب نەدانەوەی دەبێ؟ وا چاوەنۆڕ دەکرێ بیگوتبا، چیتر درێژە بەعەزابی نادەم و بەقسەی دەکەم و لە قەفەس دەری دێنم بۆ سەیری چەمەن.

ڕواڵەتی شیعرەکە یەکجار «صریح»ە، لەوەدا کە «تناقض»ێکی بێ فێڵی تێدایە. نیوەی یەکەمی بە زاهیر چ خزمایەتییێکی نییە لەگەڵ هی دووەمیدا، مەگەر دژایەتی و نەگونجان و لەیەکتر تۆران بێ. ناڕاحەتی مرۆڤ بەدەست ئەم هەمووو ڕێکنەکەوتنەی «صدر و عجز»ی بەیتەکە، وای لێ دەکا لە لاوە واتای بۆ بخوازێتەوە و خۆی نەختێك پێ دابین کا. لەم ڕووەوە بەدڵی خۆمدا هاتووە و لە خەڵکی تریشم بیستووە ئاخۆ دەبێ مەبەستی نالی ئەوە نەبێ کەوا دڵەکەی بەژیانی ناو قەفەس ڕاهاتووە و فێری وەزعی بەندیخانە بووە، ئیتر بردنی بۆ سەیری چەمەن دەبێتە هۆی عەزاب بۆی؛ چونکی هەر دەبێ لە چەمەنەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو قەفەسەکە، ئەوساش هەستی بە عەزاب پتر دەبێ. ئەمەم بەدڵدا دەهات؛ بەلام خۆم بەخۆمم دەگوت، نالی ئەو شاعیرە نییە سواڵ و سەدەقەی واتا بکا لەمن و غەیری من، لە لاوە بۆی بخوازینەوە: ئەو لەو پەڕی بەخۆ

نازین و دەسەڵاتی شاعیرییەوە، «تناقض»ێکی وای داناوە لەناوبەیتەکەدا کە لەچاوی نووستووش بچەقێ، دەبێ لەناو وشەو تیکهەڵکێشانی بەیتەکە خۆیدا، هۆی ڕەواندنەوەی هەبێ. هەر لەمەشدا زێدە دەسەڵات پەیدا دەبێ، ئەو دەسەڵاتە کە ماڵی حەڵاڵی بێ دەمەتەقەی «نالی»یە.

لەنکاو تارمایی واتایێکم بۆ کەوتە ناو لێلایی پشت پەردەیێکی تەنکەوە: لە کوردیدا ڕستەی «جەوابی نادەم» دوو مەبەست ڕادەگەیەنێ، یەکەمیان وەرام نەدانەوەیە، دووەمیان لەوەوە دێت کە «جەوابی دا» بە واتای «قسەی ڕەت کردەوە، لێی نەسەلماند» دەگوترێت، لەم بەیتەشدا «جەوابی نادەم»، زیاتر بۆ واتای دووەم، «قسەی ڕەت ناکەمەوە»، دەڕوات؛ چونکە کە مەبەستی «صریح» وەرام نەدانەوە بێ، دەگوترێ «جەوابی نادەمەوە - نەك نادەم». کەواتە ڕستەی «جەوابی نادەم» لێرەدا دەبێتە «ڕەتی ناکەمەوە». بەم جۆرە نیوە بەیتەکەی یەکەم لەڕووی واتاوە وای لێ بەسەر دێت: دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە، ڕەتی ناکەمەوە و لێی دەسەلمێنم.

بەمەدا، هەندێك ڕێگەی سەخت دەبڕین لەو هەڵدێر و بەردەڵانە زیهنییە کە وا نالی لە خەیاڵاتی شیعر ناسیماندا هەڵی ناوە.

واتای نیوە دێڕی دووەمی بەیتەکە، ئەگەر وەك ڕواڵەتی خۆیشی بمێنێتەوە و هیچ شێوەی ونی لێ بەدیار نەخەین و چ سەرپۆشی تازەی لەسەر هەڵ نەدەینەوە، دەشێ ببێتە تەواوکەری نیوەی یەکەم: مودەتێکە لە قەفەسدایە عەزابی نادەم بەڕەت کردنەوەی داخوازییەکەی و نەبردنی بۆ سەیری چەمەن.

بەڵام نیوە بەیتەکە لەو جغزە تەسکەدا ناوەستێ، واتای نهێنی ئەوتۆی تێدایە، مەودای بەرفرەوانتری پێ بوێ. نالی خۆی بەوەندە ڕێککەوتنە سادەیە لە میانی نیوەی یەکەم و دووەمی بەیتەکە ڕازی نابێ. نالی کە هات و ئەم «تناقض»ە زلەی خستە ڕواڵەتی واتای نیوەی یەکەمی بەیتەکەوە، هەر نەبێ بۆ خاتری پێکهێنانی «توازن» و ڕاگرتنی لەنگەر، دەبێ تەڵەیێکی زلیشی لە نیوەی دووەمی بەیتەکە نابێتەوە.

من تەڵەیێکم دۆزییەوە، ئەگەر دوو سێ تەڵەی تێدا نەبێ. کە دەشڵێم «تەڵە» ئەوەی ڕاستی بێ، بەدۆزینەوەی تەڵەکە بەرەو ڕەهایی دەڕۆین لە سەرسووڕمان، بەرامبەر وردەکاری و سیحر و داڕشتنی بەیتەکە.

بابزانین چۆن؟

نیوە بەیتی دووەم لەوانەیە بەم جۆرە بنووسرێت وەك لێرە بەپێشەوە نووسیم:

مودەتێکە لە قەفەسدایە عەزابی نادەم

لەوانەیشە بەم جۆرە بنووسرێت و بخوێنرێتەوە:

مودەتێکە لە قەفەس دایە عەزابی نادەم

وشەی «دایە»، لێرەدا بەواتای «ملی نایە...» وەك ئەوەی کە بڵێی «دایە بێ عاری – ملی نایە بێ عاری». کە ئەمە وای لێ بەسەر هات، ڕستەی «عەزابی نادەم»، ئەویش خوێندنەوە و واتایێکی تازە پەیدا دەکات و دەبێتە «عەزابی ناکات...» عەزابی بێ کات و سەعات- واتە عەزابی هەمیشەیی». بەم جۆرە واتای نیوە بەیتەکە بەتەواوی دەگۆڕێت: دڵەکەم مودەتێکە لە قەفەس داویەتە عەزابێکی نادەم – بێ کات و سەعات و دائیمی. کەواتە جێی خۆیەتی لە نیوە بەیتی یەکەمدا، نالی گوتبێتی، «دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە، ڕەتی ناکەمەوە و قسەی ناشکێنم»

ئەم واتایە هەر خۆی دەبێتە پێشەکی، بۆ بەیتی دووەمی قەسیدەکە:

مەجلیسێکی چەمەن و بولبول و بەزمی گول و مول

بە دوو صەد مەدرەسەو و دەرسی کیتابی نادەم

باوەڕم هەیە بەم واتا لێدانەوە و دەرخستنی شێوەیێکی نهێنی مەبەستی نالی لە بەیتەکەدا چ سامانێکم بۆ دەسەڵاتی نالی پێك نەهێناوە و لەوانەیە نەختێکم لە سامانی حەقیقی نالی کەم کردبێتەوە، چونکە دەشێ ئەم واتا لێکدانەوەیەی من پەردەی خستبێتە سەر واتای تری لە خۆی جوانتر و لەبارتر و لە چاوی سرنجدەری شاردبێتەوە، لەو ڕووەوە کەوا زۆر جاران وا دەبێ، خەریك کردنی زیهن بە شتێکەوە ڕێی شتی تری لێ دادەخات.

بە خەیاڵ گوێم لێیە، هەندێ خوێنەرانی ئەم نووسینە، دەڵێن: ئایا واتای وەك ئەمەی تازە لە خوێندنەوەی بووینەوە هێندە پێدا هەڵگوتنە دێنێ؟ چ فەرقێکی دەکرد، ئەگەر نالی «تناقض»ەکەی نەخستبا ناو شیعرەکەوە و پێویستیش نەبا بەهۆی وشەسازییەوە بیرەوێنێتەوە؟ گۆیا زیهن خافڵاندن بەواتای وەها سەرپۆش کراو چ سوودێکی مادی و نامادیمان پێ دەگەیەنێ، چ مایەیێك لە سامانی ڕۆشنبیریمان زیاد دەکا؟ ئەم واتای وا تەجریدی چ دادێکی گەلەکەمان دەدا؟ چ دەردێکمان بەشیعری وەها تیمار دەکرێ؟ چی؟ کوا؟ کام؟ کەی؟ بۆ؟ و هەرچی پرسەك «علامە الاستفهام» هەیە خۆ

دەخەنە بیری خوێنەرانەوە و بەدوا واتای ئەم بەیتەدا دێن و دەبنە ناڕەزامەندی لەو و لە منیش.

من بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم ئیعترازانە، هانا نابەمە بەر شیعری شاعیرە تازەکانمان تا نموونەی نامەفهووم لەوان بێنمەوە و بیکەم بەعەیب پۆشی وردەکاری و «تجرید» لە شیعری نالیدا؛ چونکە بۆ خۆم چ ئیعتیرازم نییە دژی ئەو شیعرە نەوباوانە، هەر چەند گەلێك لە شیعری نالی نامەفهوومترن و هی وایان تێدایە، بێ موبالەغە، کەس تێیان ناگا. تاك تاکەیان تێدایە، هێندە هێمایی و دەروونی و «تجرید» بن لە وانەن بەلای خاوەنەکانیشیانەوە واتایێکی یەکجارەکی ″نهائی″ یان نەبێ و بەپێی گۆڕانی باری نەفسی و زیهنی و دەوروبەری خۆیانەوە «تصور»یان بۆ واتای ئەو تاك تاکانە بگۆڕێت. من کە ئەم نموونە نامەفهوومانە ناکەم بەڕەت کەرەوەی ئیعتیرازان، لەوەدا ڕووم هەر لە تێکڕاییێکی ئەو ناڕازییانە نییە؛ بەڵکوو گەردەنی خاوەن نمووکانیش ئازاد دەکەم و پێیان ناڵێم ئێوە کە شیعری توێکڵاویی کەس تێ نەگەیشتوو بڵێن، هەقی ڕەخنەتان نامێنێ لە شیعری خەلقی تر. من لە بارێکدا نیم، باوەڕی خۆم وەیا شیعری نالی، بەزەعیف بزانم، تاکو بەسەر بەڵگە و پردی زەعیفدا لە ڕووباری ڕەخنان بپەڕمەوە. نەشیعری نالی و نە فکرەکەی خۆم، ئەوە نین داروەکازی خۆ پێ دەرباز کردن لە نموونەی شیعری تازە داهاتووی کورد و غەیری کورد، بخوازمەوە بە شەفاعەتکاریان.

هەرچی شاعیری ڕەمزی توێکڵاوی کورد و غەیری کورد هەیە لێم بەدەنگ بێن و بڵێن:

ئـیـلـتـیـقـای پـۆڵا و ئـاسن هـەر نـیـزاعـە و گـیـر و دار

جەمعی «ماء و نار» و مردە و زیندە و «مرخ و عفار»

تەقە لە سەرمانەوە دێنێ و بەزیادەوە ماندوومان دەکا. من نایەم بابەتی ئەوتۆ لە شیعری ئەو شاعیرانە خۆیان بێنمەوە کەوا تەقە لە سەری هەموو دنیا بێنێ و لەوانە بێت چەند جاران چاوی تێ نەگەیشتن بەخۆشیان بترووکێنێ، بەر لەوە بۆ ڕووناکایی واتای بچن؛ ڕەنگ بێ هەر بۆشی نەچن. من ئەو نموونانە بەعەیبدار نازانم تاکو عەیبێکی ڕواڵەتی شیعری نالی وەیا کەلەبەرێکی باوەڕی خۆمیان پێ داپۆشم. سەختی واتا و ناوەرۆك لە هەرچی بەرهەمی ئادەمزاددا هەیە بەدی دەکرێ، بەمەرجێك لەو بەرهەمانە بێ، خۆ پێوە خەریك کردن و تێوەڕامان و لێکۆڵینەوە بێنێ. هەرچەند مەیلی خۆم لە شیعردا پتر بۆ «سهل ممتنع – ئاسانی سەرکەش»، دەچێ تا جۆرێکی تر، لەگەڵ

ئەمەشدا شیعری سەرکەش و سەخت کە لە قووڵایی دەروون و ناخی هونەر و نازکیی هەست و تۆفانی دەسەڵاتەوە هاتبێ بەقەدەر (ئاسانی سەرکەش)و لەویش پتر دەمهەژێنێ و دڵم دەکوڵێنێ. گەلێك جاران وا دەبێ بەرامبەر پارچەیێك هەڵبەست وەیا پەیکەرێك تەزوو و کەفوکوڵی توانەوە لە ناو «گەورەیی غەیب، نەزانراو، مطلق، جوانیی بێ سنوور، تاریکستانی نەست و فرەوانی سروشت» لە سەرچاوە نهێنییەکانی دەروونمەوە هەڵدەچێ، بێ ئەوە لە گفتو گۆی پارچەکان بگەم وە یا بتوانم پەنجە بۆ مەبەستیان درێژ کەم، ئەو تێگەیشتنە کەڕ و لاڵە نەبێ کەوا زۆر بە لێڵی و تەماوی لە بریقەی «عبقریە»تی پارچەکانەوە پڕاوپڕ دەڕژێتە شکەفتی مەوهوومی متمانی و قەناعەت لە نەفسمدا. بەدەست من نییە و خەتای تۆش نییە؛ ئارەزووی شتی ئاسان و حەزکردن لە ساکاری و سادەیی، خووی منداڵە، پیشەی هەرزەکارە. تەنانەت لە جیهانی منداڵانیشدا، گەپی تەمەنی ٥ساڵی بەلای تەمەنی ١٥ ساڵییەوە پڕوپووچ دەردەچێ؛ تازە ئاشنای دامە، هەر ئۆینی «یەك بەدوو» دەزانێ. گەنجی تازە خوێندەوار؛ چیرۆکی چەتە و بۆکس وەشاندن و جینس دەپەرستێ؛ سواری نابەڵەد، هەر لە سەرەو هەورازان ولاغەکەی تاو دەدات، لە نشێوانیش لێی دادەبەزێ؛ ئەم کارانە، هەموویان پلەی هەڵکشاوتر و سەختتریان هەیە. سووچی ئەوان نییە ناشارەزا تێیان ناگا و کەم دەسەڵات پێیان ناوێرێ. شیعریش وەك ئەوانە و لەوانیش زیاتر ئەم پەڕ و ئەو پەڕی ئاسان و سەختی لە یەکتر دووری هەن.

شاعیر لە دوو ڕووی گرنگەوە دەرفەتی خۆ ڕوونکردنەوەی لە نووسەری پەخشان کەمترە:

یەکەمیان: لەوەدا کە شاعیر تەرجومانی جۆشی عاتیفەیە، نەك لێکدانەوەی هۆش. دەروون کە کوڵا، بڵق و قوڵپی بورکانی هێندە وەحشی دەردەپەڕێنێ و تیشکی هێندە خێرا بەئاسۆیدا تێدەپەڕێ. ئەگەر خاوەنەکەی زیهنێکی وەك جادووی نەبێ و دەسەڵاتێکی ئەفسووناوی لە خۆیدا شك نەبا، ناتوانێ وێنەی کرۆکیشیان بکێشێ، چ جایی بیانکا بە تابلۆی پڕ لە هونەر.

دووەمیان: لەوەڕا کە شاعیر ئەو مەودایەی درێژە پێدانی گوتەی لەپێشدا نییە کە نووسەری پەخشان هەیەتی. شێوازی عەرووزی بێ یا هی ڕەها «مرسل»ی تازە داهاتوو بێ. ڕستەی شاعیر نابێ ئەوەندە درێژ بێتەوە پەراوێزی «تفعیل»ەکانی ببەزێنێ.

لەم دوو تایبەتییە «بنجی»یەدا کە خیتی جوداوازی دەکێشن لە میانی شیعر و پەخشاندا، شیعر جۆرێك بەندیخانە هەڵدەنیّ، بەدەوری خامەی شاعیردا، کەوا بەزەحمەت جێی خۆی و خەیالاّت و تەقینەوە و وتووێژەکانی تێیدا دەبێتەوە. هەرچەند بتوانیّ ئەندازە بەکار بێنیّ لە ڕیز کردن و ڕێکخستنی هەست و بیری خۆی لەم بەندیخانەیەدا، دیسانەوە تەنگ بەخامەی هەڵچنراوە و تەنگەتاو کراوە. دەبیّ لەم سەغڵەتییەیدا لێی بسەلمێنین، وشەیێکی ئەو بە هەموو واتای «صریح و حقیقی و مجازی و تضمنی»یەوە لە ناو شیعردا پەیامبەخش بیّ، ئیشارەێیکی ئەو بایی گوتەی پاتەوپاتی من و تۆ لە ناو دڵ و دەروونی گوێگردا دەنگ بداتەوە. کە حاڵ وابیّ دیارە لیّ حاڵی بوونی شیعر زەحمەتترە لە پەخشان، با جاریّ شاعیر هیچ خۆ نیشاندانیشی نەکردبیّ کە خۆ نیشاندانەکەی بەزیادەوە واتای هەڵبەستەکەی زەحمەت کردبیّ.

سەرەڕای مەودا کورتی کە کاری شیعر وە زەحمەت دەیەخیّ، پێویستی بوونی مۆسیقا و تاو و تەئسیری وشەو شێوازی هۆندنەوە لە شیعردا، ئەویش سەر لە نویّ فەرمانی شاعیر سەختتر و ئەرکی گرانتر دەکەن. شیعری بیّ مۆسیقا و کەم تەئسیر نرخی هونەری نابیّ، ئەگەر لە ڕووی خەیاڵەوە پەروازی بۆ ئاسمانیش بچیّ. بۆ ئەم مەبەستە شاعیر دەبیّ وشەی مناسبی جێگە و هاوئاهەنگ لەگەڵ وشە دراوسێکانی دەستبژێر بکا لە فەرهەنگی زماندا. وا هەیە وشەی مۆسیقایی دەدۆزێتەوە، بەلاّم بۆ «تفعیل»ەکانی دەست نادا.

لە نموونەی چاوەدێری کردنی مۆسیقای وشە؛ بەیتێکی نالی دێنمەوە مەبەستمان بۆ ڕوون بکاتەوە:

جامی تاقی مەیکەدە میشکاتی «قندیل»ی دڵە
شیشە پڕ قەرقەف لە ڕەفڕەف شاهی عالی ڕەفڕەفە

لەم بەیتەدا کارمان بە وشەی «قندیل»ەوە هەیە. بەیتەکە ئیشارەی تێدایە بۆ ئایەتێکی قورئان: «مثل نوره کمشکاه فیها مصباح». دەبینی لە ئایەتەکەدا قورئان وشەی «مصباح»ی بەکار هێناوە، کەچی نالی وشەی «قندیل»ی لە جیّ داناوە. بۆ دۆزینەوەی مۆسیقا دۆستیی نالی، لە هەڵبژاردنی وشەدا بێنە وشەی «قندیل» لە بەیتەکەدا بگۆڕە بە «مصباح» و بیکە:

جامی تاقی مەیکەدە میشکاتی «مصباح»ی دڵە

تەماشای بەدوا یەکدیدا هاتنی دوو وشەی درێژی یەك کێشی وەك دوو وشەی «مشکاە و مصباح»، چەند ناقۆلا دەردەچێ و مۆسیقای بەیتەکە دەمرێنێ. وشەی «قندیل» کە هاتە جێگەی «مصباح» سەرەوژوور چوونەوەی «مشکاە»ی شکاندەوە بۆ خوارەوە و نەفەس سواریی خوێنەری کردە پشووی حەسانەوە؛ بەوەدا بزوێنی «ا»ی وشەی «مصباح» کە بزوێنێکی سەرەو ژووری ستوونییە - کردی بەبزوێنی «ی»ی وشەی «قندیل» کە سەرەو ژێرێکی ستوونییە. وشەی «قندیل»، جگە لەوە «ا»ی وشەی «مصباح»ی گۆڕی بە «ی»، سەرەتاکەشی لە سەرەتای «مشکاە» دوور کەوتووەتەوە؛ لەوەدا جارێکی تریش لە عەبدایەتی «مشکاە» ڕزگار بوو:

مشکاتی مصباحی دڵە

مشکاتی قندیـلی دڵــە

لەم تێبینییانەوە بۆ هێندێ دەچم، کەوا مەودای تەعبیر و دەرفەتی خۆ ئاشکرا کردن بۆ شاعیر گەلێك تەسکتر و تەنگترە تا نووسەری پەخشان.

هەموو ئەو تێبینییانە بەلاوە بنێ؛ شاعیر نابێ قسەی عادەتی بکا و خواردەمەنی بازاڕ و لۆقنتەی گوفتار کاوێژ بکاتەوە. لە شاعیر چاوەڕوان دەکرێ، تەجروبەیێکی خۆی بخاتە ناو چارچێوەی هەڵبەستییەوە. مەرج نییە تەجروبەکە ڕووی دابێ، با زادەی «تجرید»ی تەجروبە کۆنەکانی بێ کە ئەوسا بەوەلەد هێنانی سەختتریش دەبێ. لە هەموو حاڵاندا، فکری ڕەسەنی بێ پێشینە «سابقە» کە لە قووڵایی دەروونی هەستیارەوە هەڵقوڵێ و بەسەر زمان و خامەی هونەرکاردا هەڵڕژێ؛ هێندە کێوی و بێگانە دێتە بەر گوێی گوێگرەوە، لەوانەیە وەك گوتەی زمانێکی غەریب خۆ بنوێنێ و لێ تێگەیشتنی گەلێك بەولای زەحمەتەوە بێ.

ئەم قسەیە دەمانگەیەنێ بە«ناوەرۆك» و حیکایەتە پڕ تەقە و ڕەقەکەی.

نەختێك بە درێژی لەم مەوزووعەوە دوام و لەسەریم نووسیوە؛ زەروورەت وای کرد جارێ بڵاوکردنەوەی بوەخرێ؛ چونکە بەر بەشی دووەمی باسە درێژەکەی «حاجی قادری کۆیی» کەوت. لێرەدا یەکجار بەکورتی لێی بەکۆتایی دەگەم.

سنوور کێشان بەدەوری ناوەرۆکی قەرارادە کراو و سەپاندنی بەسەر نووسەر و شاعیر و هونەرمەندا وشکایی بەبەرهەمی بایەخدار دێنێ لە سەرانسەری مەیدانەکانی شیعر و نووسین و هونەر. کە ڕەوا بێ ناوەرۆك بسەپێ بەسەر خەڵقدا، دیارە بیر و

باوەڕی دەستەی دەسەڵاتداری کۆمەڵ دەبێتە ناوەرۆك؛ حکوومەتی هەر شوێنێك خۆی دەکاتە سەرچاوەی فەلسەفە و بیر و باوەڕ. بۆ خۆت بەراوردێك بکە لە میانەی وەزعی شیعر و نووسین و هونەر لە دوو جێگەی بە یەکتر نەچووی وەك «ڤاتیکان و چینی میللی». بێگومان لەم گوتەیەمدا پەیڕەویکەرانی هەر دوو شوێنەکانم لە خۆم تۆراندووە؛ چونکە هیچ لایان بەوە ڕازی نین ناوی لە تەك ناوی لایەکەی تردا بێت. کە ڕازی نەبن بە دراوسێیەتی لە میانی ناویان، دیارە هیچ لایێکیشیان ڕێگە نادا بیر و باوەڕ و فەلسەفەی لایەکەی تر هەناسە هەڵبێنێ.

من هەقم نییە بەسەر ئەوەوە ئاخۆ تۆ حەز بەکام لایان دەکەی، وەیا لە کامیانەوە نێزیکتری. لەمەدا هەرئەوەندەم مەبەستە بەمیسالێکی زۆر ئاشکرا کە وا پەکی لەسەر ڕوونکردنەوە نەکەوتبێ، بیخەمە بەر چاوت. سەپاندنی بیر و باوەڕ چ ئەنجامێك دەبەخشێ لە ڕووی وشکبوونی سەرچاوە جۆر جۆرەکانی بەرهەمی فەلسەفی و فکری و هونەرییەوە. لە تەجروبەدا دەشبینین، ئەو ناوەڕۆکانەی لە نێوان یەك کۆمەڵدا دۆستی بەهێزیان هەیە و هیچیان ناتوانن ئەوانی تر نابوود و قوماریاز بکەن، چالاکانە دەستە و یەخەی یەکتر دەبن و بینەقاقەی یەکتر دەگرن بە نیازی پەککستن و لە ناو بردن، هەر کامێکی لێشیان بگریت، دەڵێ خۆم ڕاست دەکەم و پاسەوانی میللەتم.

خوێنەر لە عاست ئەم گوتەیەمدا هەر هەڵوەستێك دەوەستێ، با بوەستێ، لەسەر هێندێ پێ دادەگرم کە وا دەبێ نووسەر و شاعیر و هونەرمەند ئازا، بن لەوەی دەیکەن و دەیڵێن: چ مەترسیش لەوەدا نییە ئەم ئازادییە ببێتە هۆی لادان و دوور کەوتنەوەیان لە شەقامەڕێی بەرژەوەندی گشتی. سەیرە! لە هونەرمەند و نووسەر بترسێین کە هیچ چەکی ترسێنەر و کوشندەی بەدەستەوە نییە؛ بەڵام ترسمان نەبێ لەو کەسە کە دەسەڵاتی سەپاندن و یاساغکردن و تۆقاندنی بەدەستەوەیە. شاعیر و هونەرمەند چ تیر و شیریان هەڵنەکێشاوە، میللەتی پێ بترسێنن. کوتاڵ و مایەی نووسەر و هونەرمەند و شاعیر – کە شیعر و نووسین و پەیکەر و گۆرانی و ڕەسم و مۆسیقایە – لەخۆوە ناتوانن هەنگاوی منداڵێك خوار کەنەوە مەگەر دەسەڵاتدارێك بێوبیانکا بە کوتەکی خەڵق تۆقاندن. نووسەر و شاعیر و هونەرمەندیش ئیفلاس بەخۆی دەکاو باوەڕەکەی دەپلیشێنێتەوە کە بێ و داوای دەم کوتکردنی فڵانە جۆر و فیسارە ناوەڕۆك بکا بەتوهمە تێگرتنی دژایەتی گەل و نازانم چی؛ چونکی ڕۆژێك دێ هەمان نووسەر و شاعیر و هونەرمەند دەمکوت بکرێن لە لایەن دەسەڵاتێکی ترەوە کە باوەڕی لە هی

ئەوان جودایە؛ هەر بە توهمەی دژایەتی گەلیش نەك تاوانێکی تر.

ناوەرۆك زادەی هەناوی بەرهەم هێنیەتی، کە ترسی توهمە و تاوانبار کردن ئەو ناوەرۆکەی گووراند لە دەروونی خاوەنەکەیدا ئەوا بێگومان بەرهەمێکی بیژوو لەو هەناوەدا دەڕسکێ. نووسەر و شاعیر و هونەرمەند، قەرزاری ئازادیی گوتەی زمان و کردەوەی دەست و خامەیانن؛ چ سەرمایەیێکی تریان نییە لە کۆمەڵدا دەوڵەمەندیان بکا و حورمەتیان بۆ پێکەوە بنێ؛ چ ڕێگەیێکی تریشیان لە بەردا نییە تێیرا بڕۆن بۆ خزمەتی گەل و بیر و باوەڕی خۆشیان، جگە لەو تاکە ڕێبازەی نووسین و هونەر، کە بێن و ئەوەش لە خۆیان یاساغ کەن، دێنە سەر ساجی عەلی و لە ڕوویێکەوە هەموو نابوود دەبن.

تێدەگەم و دێتە قەناعەتمەوە شاعیر و نووسەر و هونەرمەند[۱]

چاو لە هەندێ ڕاستی بپۆشن و بەزاهیر لە ڕێگەی پشتگیری کردن لە سوودی گەلەوە داوا بکەن دەستی بازرگان و بەقاڵ و عەتار و خوردەمالیك ببەسترێ؛ چونکە هەر نەبێ ئەم کارەیان ڕاستەوخۆ زەرەر لە خودی خۆیان نادا، بەڵام خۆش ئامەدی کردنیان لە یاساغکردنی بیر و باوەڕ، ماڵکاولی بێ دەمەتەقەی خۆیانە؛ چ دوکانی عەتار بپێچییەوە و چ ئازادیی تەعبیر لە شاعیر و هونەرمەند بسێنیەوە هەمان کاری ئیفلاس هێنت بە هەردوویان کردووە. ئەگەر شاعیر و هونەرمەندێك بە هۆی خۆ دانە پاڵ دەسەڵاتدارەوە، توانیشیان دووکان بکەنەوە و بەرهەمی بیژوو باوێنە کۆشی میللەتەوە، هەزاران شاعیر و هونەرمەندی تر کە توانای خۆ لە قاڵبدانیان نییە دەبنە هەریسەی قوڵپ و جۆشی مەنجەڵی «یاساغ کردن و تەنگ پێ هەڵچنین».

لەم ڕێگە دانە بەسەرپاکی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندان بۆ ئازادیی بیر و باوەڕ و کردەوە، تاکە یەك مەترسی لەوەدا دەکرێ کەوا ئەو کەسەی بە تەمایە خەڵق دەمکوت کا، ڕێگەی ئازادیی تەعبیریان لێ ببەستێ، ئەویش وەك ئازادیخوازەکان سوود وەردەگرێ لەم ڕێگە بەرەڵڵا کردنەدا. سوودەکەش هەر بەنیازی گەیشتنە دەسەڵات و خەڵق تۆقاندن لە کار دێنێ؛ واتە بەنیسبەت هەندێ دڵکرمی و ناحەزی ئازادییەوە، ڕێگەدان و ئازادی تەعبیر هەر ئەوەندە چاکەی تێدایە کە مەودای پێ دەدا بۆ ئەوە ڕۆژەك لە ڕۆژان هەموو ڕێگایان ببەستێ و هەموو دەرگایان داخا؛ قەفەس دروست کا بەدەوری

(۱) وشەی «هونەرکار» لەبارترە بە واتای «فنان»، من لێرەدا پەیڕەوی غەڵەتێکی مەشهوور دەکەم.

غەیری خۆیەوە. لەگەڵ ئەم مەترسییەش دیسانەوە ڕێگە دان و دەرگە کردنەوە تاکە ڕەفتارێکە لە ئازادیخواز بوەشێتەوە؛ یاخود با بڵێم سروشتی ئازادی، ئەمەی بەبەرەوەیە و خۆ لێ قوتار کردنی ئاسان نییە. ئەوەندە هەیە دەتوانم بڵێم تێکڕای میللەت و نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و ئازادیخوازان کە نەیانتوانی کەمایەتی ئەوان دڵکرمێیانە پەك بخەن و بەوەدا ئازادی خۆیان دۆڕاند و ئەوانی لێ بوونە جەللاد، چ لزوم نامێنێ بۆیان بگریەین و خەفەتیان بۆ بخۆین؛ دیارە بە لایانەوە ئازادی ئەوە ناهێنێ بپارێزرێت. خۆ پێی ناوێ من بڵێم کە حاڵی ئازادیخوازەکان ئەوە بێ، ئەوسا لە هەموو حاڵاندا ناتوانن ئازادییان بپارێزن.

بە هەمە حاڵ، ئیمکان نییە یەك جۆر ناوەرۆك لە شیعر و هونەر و ئەدەبدا بسەپێندرێ، بێ ئەوە، یەك ئاهەنگییکی ئێسك قورسی ناقۆڵای بێ زەوق لەو بەرهەمانەدا بیێتە ئەو زڕە ڕەنگە کە ڕەنگکراوەکە عەیبدار دەکا و چاو لێی هەڵدەبەزێتەوە. بۆ خۆت ئەو وەزعە بێنە بەر چاوت کە لە تاکە یەك کولانەوە سەیری جیهان بکەیت و پێت نەکرێ جیهانەکە بەبەر کولانەکەدا بخولێنیتەوە تاکو هەر نەبێ لەو تەنگژەیەدا دیمەن گۆڕی بکەیت.

لە گۆشەی نیگای نرخاندن و سەنگاندنی ناوەرۆکەوە، ڕاستییێکی تر هەیە، خۆ لێ بە سەهوو بردنی دەبێتە شەڕی ڕووبەڕوو "جبهوی". لەگەڵ ئادەمیزاددا؛ هەر چەند ئەو شەڕە بەرگی مرۆڤدۆستی و چاکە خوازیش لە خۆی بئاڵێنێ تا بەقەدەر گۆڕی چاك و پیران پەڕۆیان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ڕاستییەکە ئەمەیە هەر ناوەڕۆکێك پەسند بکەیت، مافی ئەوەت نییە بەرهەمی ڕۆژگارێکی ڕابردوو بخەیتە بەر تیشکی ئەو و بەو پێیە نرخی بدەیتێ؛ نابێ ڕابردوو بەگەز و گرێی سەردەمی خۆت بپێوی. تۆ جارێکیان خۆت کردە سەرپشك لە بەرهەمی هاوچەرخەکانت، بە تەمای لە مردووانیش ببیتە سەر پشك. ئەم کارەت سەرەڕای ناڕەوایی، زەرەر لە خۆشت دەدا؛ چونکە لە دوا ڕۆژدا دێن و بەرهەمەکەی تۆ بەگەز و گرێی خۆیان دەپێون و ئیفلاست پێدەکەن.

ئەم وتووێژە پتر ڕوو لە مرۆڤی سیاسی و «ملتزم» بە باوەڕێکی ڕەسمی دەکات؛ چونکە ئەوان بۆ مەبەستی خزمەتی ئامانجە ڕامیارییەکانیان، دەیانەوێ ناوەڕۆکی هەموو جیهان ڕام بکەن و بیکەنە نۆکەری ئەو ئامانجانە. مرۆڤی سەربەخۆ لەبیر و باوەڕیدا پێویستی بەم ڕامکردن و بگرە ببەستە نییە؛ هەر ئەوەی دەوێ لە خۆی و لە خەلقیش گەڕێن بەئازادی بنووسن و بڵێن و بکەن.

لێرەدا قەسەیێك خۆ دێنێتە پێش: سیاسەت پتر و خێراتر لە گۆڕاندایە تا بیر و باوەڕ و ناوەڕۆکی تر. لەوانەیە بەرژەوەندی سیاسی لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر تەقلە لێ بدا و بەرەو پشت هەڵگەڕێتەوە، ئەدەب و شیعر و هونەریش کە خزمەتی ئەو بکەن، دەبێ لەگەڵیدا بگۆڕێن. لە ڕاستیدا دەشگۆڕێن، بەرەو پشتیش دەبنەوە. لەبەر ئەمە ئەدەبی سیاسی، بە زۆری، تەمەنی کورتە و جوانە مەرگە؛ واتە خێرا باوی نامێنێ و دەمرێ، گەلێك جاران ئیدیعاش دەکرێ و گوتنەوەی یاساغ دەکرێ. خۆمان دیومانە وابووە حوکمەتێك کتێبێکی سیاسی بڵاو کردووەتەوە و هەر خۆی دوای ساڵێك پۆلیسی بەدوادا گێراوە کۆی کاتەوە و بی شارێتەوە. لەم حاڵەتە «ناوەڕۆك» گاڵتە بە خۆی دەکا و بەر لەوە لە غەیری خۆی بکا.

بۆ بەراوردی کردن ئەم چەند بەیتە بخوێنەوە:

«امرؤ القیس» لە هەڵواسرەوەکەیدا دەڵێ:

قفا نبکی من ذکری حبیب و منزل

بسقط اللوی بین الدخول فحومل

وەفایی ئەمەی گوتوە:

بەس عومری من بە بادە   ڕوَت بێنە زوڵفت لادە

دڵ بۆیە نامرادە   بەم شەوە ڕۆژ گیراوە

«کلیم»ی هەمەدانی گوتوویەتی:

شد دامن ألوند کنارم ز گلی اشك

کردیم دوا داغ فراق همدانرا

ئەم شیعرانە لە خۆوە دەژین، کەس پارەی بۆ خەرج نەکردون و هەڕەشەشی لە خەلق نەکردوە ئەگەر نەیان لێنەوە سزا بدرێن، کەچی هەموو شیعرە سیاسییەکانی سەردەمی هیتلەر و مۆسۆلینی و کەریم قاسم کە گەورەیی و «وحدانیە»ی ئەوانی دەگوتەوە، وەك مردویان لێ هات. بشزانە هەرچی شیعری ئەو تۆیی هەیە ڕۆژەك دێ و دەمرێت.

ئەدەب و هونەر، ئەوەی ڕاستی بێ هەموو بەرهەمێك، تا وتووێژی لەگەڵ سەرچاوە قووڵەکانی نەفسی مرۆڤدا ئەویش دەمێنێ و گوێگری دەبێ. سەرچاوە قووڵەکانی نەفسی مرۆڤدا بێ نەمر تر دەبێ، چونکە بەدرێژایی مانەوەی ئەو سەرچاوانە لە نەفسی مرۆڤدا ئەویش دەمێنێ و گوێگری دەبێ. سەرچاوە قووڵەکانی نەفسیش، بەپێچەوانەی

چاوەڕوان کردنی فەیلەسوفە مادییەکان، یەکجار رەگداکوتاوترە لە سروشتی مرۆڤدا لەوەی بەرژەوەندی سیاسی وە یا مادی کەم عومر حەزی لێ دەکا. ئەو کەسانەی لە رێی فەلسەفەوە «گۆڕانی کۆمەڵایەتی»یان لێ دەبێتە مەراق و ماخوولیا، وایان پێ خۆشە دەروونی مرۆڤیش بەپێی ئەو گۆڕانە بگۆڕێت، کەچی حیسابەکە وا دەرناچێت. سوودی مرۆڤیش لەو دەرنەچوونەدایە، چونکە ئەگەر نەفسی مرۆڤ وەك مۆدێلی جلك و پێڵا و ئۆتۆمۆبیل، خێرا گۆڕابا لە مرۆڤایەتی دەشۆرا و دەبووە گیانلەبەرێك کە ناتوانین ناوی بۆ دابنێین.

شیرازەی کۆمەڵایەتی و بە یەکەوە سترانەوەی تاکەکەنی مرۆڤ؛ گەلێك بەهێزترە لەو پەیوەندییەی کەوا بەرژەوەندێکی سیاسی وەیا ئابووری چەند مانگی و چەند ساڵی، پێکی دێنێ.

بەنموونە دەڵێم، «ملحد»ێك کە مردووی لێ دەمرێ، هێندی ئیمانداریێك ڕووەو مزگەوت دەڕوا، بۆ پەیدا کردنی مردوو شۆر و قورئان خوێن و گۆڕ هەڵکەن و نازانم چی. زۆربەی هۆی باییبوونی مرۆڤی لووتبەرز و لە خەلق نارازی و بایەخ نەدەر بەغەیری خۆی، لە گوڕی گەنجایەتی و کار دروستی و بێ موشکیلەییەوە دێت. دوو ڕۆژی لەرز و تا لە تۆقەڵەی بایی بوونەوە دەی هێنێتە سەر خاکی پاڕانەوە.

گوتم نابێ ڕابردوو بەگەز و گرێی دوا ڕۆژ بپێورێ؛ هەر ڕۆژگارە گەز و گرێی خۆی هەیە، نەك هەر لە شیعر و ئەدەب، بەڵکوو لە هەموو مەیدانێکی کۆمەڵایەتیدا. جلوبەرگی تۆ بەبەر باپیرتەوە، سەیری خەلقی سەردەمی ئەوی دەهێنایەوە. کچێکی ١٠٠ساڵ پێش ئیمڕۆی کورد، ئەگەر قژی کورت کردبایەوە بەشوو نەدەچوو، با نەڵێم شار بەدەر دەکرا.

بەپێی سەردەمی خۆی، شیعری نالی لەڕووی ناوەرۆکەوە تا بڵێی دەوڵەمەندە. بێ ئەوە لایەنگیریم کردبێ لە موقارەنەدا، نالی بەر لە شاعیرەکانی سەدەی نۆزدەممانەوە دێ. مەیدانێکی فرەوانیش لێیان پێش کەوتووەتەوە. کە بێی و دیوانەکەی بەدیوانی شاعیرەکانی ترمان بگری، دەبینی گەلێك پتر لە هی وان هەڵبەستی تێدایە کەوا «تجرید»ی ڕووت ڕەها بووە و بەرەو گوتنەوەی واتای ئەوتۆ چووە، لایەنی کۆمەڵایەتی بداتەوە. بێگومان ئەم نووسینە هێندەی بەبەرەوە نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە گەشت بکا بەناو هەموو یاخود بەشی زۆری دیوانەکەی «نالی»دا. لەوە زیاتر کە چەند نموونەیێك بێنمەوە مەودای درێژە پێدانم نییە بە نووسینەکەم. کەسێك بیەوێ سرنج بگرێ، دەتوانێ، نموونەکانی ئێرە بکاتە «محك»ی نرخاندنی شیعری تریش بۆ

دەرخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی تێیدا؛ یاخود لەلای خۆیەوە، بێ ئەم «محك»ەش، دەسبژاری ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییە بکا.

سەیرێکی ئەم بەیتە بکە کەوا ڕەنگە لەبەر چاوێکی درشتبین، گڕوگاڵێکی دەروونی شاعیر بێ و بەس؛ کەچی ئەوەندە پڕە لە «کۆمەڵایەتی» هەر دەڵێی پێی ئاوسە:

یا توربەتی یا غوربەتی «باری» بشکێنن

هەر مونتەزیرە نالی ئەگەر مرد و ئەگەر ما

با جاریێ واز لە جوانکاری بێنین و بلکێین بە لایەنی کۆمەڵایەتیی بەیتەکەوە.

نالی لەم بەیتەدا دەستەو دامانی دوو نەریتی کۆمەڵایەتی کۆن و ڕیز لێگیراوی میللەتی کورد – هی غەیری کوردیش – بووە بۆ سکاڵا کردن و پاڕانەوەی حاڵ، لای خۆشەویستەکەی؛ داوا دەکا یەك لە دوو شتانی لەگەڵدا بکرێت، یا بێنە سەر «توربەتی – قەبرەکەی» کە بە مردووی حیساب بکەن، لەبەر شیدەتی پەژارەیی، خۆ کە ئێستاش نەبێ، کاتێك بەڕاستی مرد با بێنە سەر قەبری، یاخود بەسەردانێك «غوربەتی» بشکێنن، ئەگەر دەڵێن زیندووە و نەمردووە. واتە کە دەڵێن مردووە (یاخود کە مرد) با توربەتی بشکێنن؛ کە دەشڵێن زیندووە، غوربەتی بشکێنن. لە غوربەت و لە توربەتی یەکێکیان بشکێنن، وەلەو جارێکیش بێ. نالی هەر مونتەزیرە ئەگەر مرد و ئەگەر ما.

وشەی «باری» بەڕێنووسی کۆن دوو جۆرە خوێندنەوە و دوو جۆرە واتای هەیە. یەکێکیان «بارێ» بە واتای «جارێ، جارێك»ە. لەم حاڵەدا بەیتەکە ئەم واتایە دەبەخشی: جارێکیان توربەتی یا غوربەتی بشکێنن، دیارە نالی ناوێرێ لە جارێك پتر سەردان داوا بکا.

جۆری دووەمی خوێندنەوەی «بارێ»، ئەوەیە بیکەیتە «با ڕێ بشکێنن». ئەوسا «با» بۆ هاندانە وەك بڵێی «با بێت، با بڕوات، با ئاو بخواتەوە». وشەی «ڕێ» ئەویش بەواتای «ڕێگە» دەبێ. بەمەدا مانای بەیتەکە وای لێ بەسەر دێ «یاقەبری یا غوربەتی نالی، یارێگەی هاتنی یار بشکێنن بۆ لای».

دەبێنی واتایێکی کۆمەڵایەتی زۆر بەنرخ هەیە لە بەیتەکەدا، بەجۆرێکیش ئوستادانە لە شیعرەکەدا گونجاوە هیچ سەری ڕێی بەوردەکاری و هونەری ئەدەبییەوە نەگرتووە و مەودای لێ تەسك نەکردوونەتەوە. دوو وشەی توربەت و غوربەت، سەرەڕای سازانی هاو ئاهەنگییان لە تەك یەکتردا، جارێکی تریش هەستی گوێگر دەبزێون، بەوەدا کە هەر

دوویان وەزعی سۆزناك دەڵێنەوە: غەریبی و مەرگ. کە مروەتێك هەبێ لە نێوان خەلقدا، دەبێ سەر لە غەریب بدرێ. کە غەریبی بایی ئەوە نەکا ڕەحمی ئەم یارە بێ ڕەحمە ببزێوێ، ئەوا مەرگ لە بەیندایە و سەردانی قەبران چ عوزران قبووڵ ناکا. نالی بێ چارە هەقیەتی لە ژیان و مردندا، چاوەڕوانی سەردانێك بکات.

بەدوا ئەم پێشەکییە پڕ لە سۆز و پرووزی بەیتەکەدا، خوێنەر کە دەگاتە کۆتایی و ڕوو بەڕووی «مردن و مان» دەوەستێ و هەردووکیشیان بەدیار سەردانێکەوە لە چاوی بەیتەکەدا قەتیس ماون، هەر بەجارێ دڵی دەبێتە ئاو. دەك ماڵت شێوێ نالی بۆ کام مەڵبەندی بێ سنووری غەم و تەمی عیشقمان دەبەی، لەم چاوە نۆڕکردنەی دوای مەرگت، بۆ قەدەم ڕەنجەیێکی ئەم بێ ڕەحمە یارەت؟

یا توربەتی یا غوربەتی بارێ بشکێنن

هەر مونتەزیرە نالی ئەگەر مرد و ئەگەر ما

ڕێ شکاندنەکەش لەلای خۆیەوە ئاوری سۆزی گوێگر پتر بەرز دەکاتەوە؛ چونکە وا ڕادەگەیەنێ چ کەسێك بەسەرلێدان ڕێی ئەم بێچارە عاشقەی نەشکاندووە. سەرەڕای سۆز بزاوتنەوە، وشەی ڕێ شکاندن لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، زاراوێکی زرینگەداریشمان دەێنێتە بەر گوێ، ئەو دیمەنەشمان نیشان دەدا لە ژیانی دەشتودەر و شاخ و هەڵەت و پەڵەت کە ڕێگە دەبەسترێ بەهۆی بەفر وەیا زەبەند و نوغوردەوە و خەلق تێ دەئاڵێن و دەیشکێنن.

سەرنجێکیش لە هەندێ بگرە، نالی وشەی «صریح»ی سەر لیدان و هاتوچۆ کردنی هەر بە کار نەهێناوە، بەڵام داخوازییەکەی و سکاڵا و ئازاد، و شکایەتەکەی، بەولای «صریح»ەوەیە، بەهۆی هێزی بەکارهێنانی ڕستە و تەعبیری ئاخاوتن.

لە هەر ڕووێکەوە سەیری بەیتەکە دەکەین هێند دەوڵەمەندە، حیکایەتی ناوەرۆك و وشەسازی و ئەو بەند و باوەت لە بیر دەباتەوە ئەگەر بەبیریشت بێتەوە خاوەنی حیکایەتەکە قەرزار دەکاتەوە و شەرمی دێنێتەوە.

بۆ خۆت لە لایەنی جوانکاری و ئارایشتی «بدیع»یشەوە، لە بەیتەکە ڕامێنێ و سەرنج بدە هاو مۆسیقایی «توربەت و غوربەت» و «طباق»ی مردن و مان و دوو واتایی «باری» و ئەوان هەق و حیسابانەی هونەری شاعیری کەوا لە بەیتەکەدا کۆمەڵ بوون و بیانخەوە سەر تێکڕای سامانی.

با ئەو تێبینییە گرنگەشت بخەمە بەر چاو، هەر چەند درێژەش دەدا بە شیکردنەوەی بەیتەکە.

لە هەر دوو ڕووی کێش و واتاوە، دەست دەدا بەیتەکە بخوێنرێتەوە:

یا توربەتی یا غوربەتی باری بشکێنن

وەیاخود غوربەت پێشکەوێت و بگوترێت:

یا غوربەتی یا توربەتی...

بەڵام لە ڕووی فەنی شاعیرییەوە، هەر جارەیان جۆرێکی تایبەتی هونەری «بدیعی» پەیدا دەبێ.

دەزانین «توربەت و غوربەت»، لە سەرەتای نیوەی یەکەمی بەیتەکەدا، بەرامبەر «ئەگەر مرد و ئەگەر ما»ی کۆتایی نیوەی دووەمی بەیتەکە دەوەستن؛ توربەت، بۆ مردنەکە و غوربەتیش بۆ مانەکە، دەبێ. ئەم وەزعە پێی دەڵێن «لف و نشر». کە وشەی «توربەت» لە پێشەوە بێ لە ڕیزدا دەکەوێتە بەرامبەری «مردن»ەکە؛ ئەوسا غوربەتیش دەچێتە بەرامبەر مان. ئەم جۆرە پێی دەڵێن «لف و نشر مرتب»؛ چونکە هەر وشەیە لە بەرامبەر وشەی مناسبی خۆیدا وەستاوە. بەڵام کە «غوربەت» پێش کەوت، ئەوسا «لف و نشر»ەکە دەبێتە «مشّوش».

لە حاڵێکدا بڵێین «یا توربەتی یا غوربەتی» و بەمەدا «لف و نشر»ەکە بکەین بە «مرتب»، دیسانەوە لە ڕووی واتاوە هەر «مشوش»ە، چونکە دیارە لە واقیعدا «مردن» دوای «مان» دێت؛ هەرچەندە وشەکەشی لە بەیتەکەدا پێش کەوتووە. کە هاتین و لە نیوە بەیتی یەکەمدا، غوربەتمان پێش خست و ویستمان وشەکان لە ڕووی واتاوە «مرتب» بکەین، ئەوسا بە نیسبەت نیوەی دووەمەوە سەر لەبەری «لف و نشر»ەکە دەبێتە «مشّوش»؛ چونکە وشەی غوربەت دەوەستێتە بەرامبەر مردن و وشەی توربەتیش بەرامبەر مان کە هیچ جێی خۆیان نین. لە لای واتاوەش هەر دەبێتەوە «مشّوش»؛ چونکە لە نیوەی دووەمی بەیتەکەدا، ئیمکان نییە جێی «ئەگەر مرد و ئەگەر ما» بەیەکتر بگۆڕێتەوە. جێ گۆڕکێیەکە هەر لە نیوەی یەکەمدا دەکرێ. لە نیوەی دووەمدا قافیە لەو جێ گۆڕکێیەدا لە ناو دەچێ. ئەگەر مرد و ئەگەر ما» بەهەمە حاڵ پێشە و پاشن. هەر ئەم وەزعەیشە ڕێ خۆش دەکا کە لە نیوە بەیتی یەکەمدا «توربەت» پێش «غوربەت» بکەوێتەوە. لەم خستنە پێشە ناچارییەی «مردن»ەکەوە، تێ دەگەین نالی زیاتر بە ئومێدی سەردانی دوای مەرگە.

نالی لە واتای ئەم بەیتە هی تریشی هەیە؛ بەڵام بەرەو زیادی هێز و بەلاغەت و فسوونەوە پتر تێیدا هەڵکشیوە. من کە ماناکەم بۆ ڕوون بووەوە، بەدەست خۆم نەبوو، لێوم لەسەر بەیتەکە دانا و ماچم کرد. دەسەڵاتی مرۆڤ لە ئاخنینی هەڵبەست بەجوانی و نوکتە و گەوهەر، لەوە تێپەر ناکا. فەرموو لەگەڵ مندا سەیرێکی بکە:

سەر خاتیمەیی حوسنی عیادەت کە نەهاتی

بـاریٚ بـگـەرە فـاتـیـحـە و دەئبـی زیـارەت

خاتیمە «خاتمە»: کۆتایی.

عیادەت «عیادە»: سەردانی نەخۆش، ئەحواڵ پرسینی.

فاتیحە «فاتحە»: سوورەتێکی قورئان، یاخود سەرەتا و دەستپێکردنی کار.

دەئب "دأب": عادەت، نەریت.

واتایەك لە واتاکانی بەیتەکە ئەمەیە:

سەرم بوو بە کۆتایی عادەتە شیرنەکەی ئەحواڵ پرسین لە نەخۆشیدا، کە تۆ نەشهاتی بۆ لیٚ پرسینم، واتە لە کۆتاییدا سەرەکەم تێچوو و مردم.

کەواتە جارێکیان وەرە بۆ سەر «فاتحە» و زیارەتی قەبران.

واتا دووەمی بەیتەکە، بەتەواوی پێچەوانەی ئەمەیانە:

سەرنجێك بگرە دوو وشەی «خاتمە و فاتحە»: یەکەمیان کۆتایی، ئەوی تریان دەست پێکردنە. مومکینە «فاتحە» سوورەی قورئان نەبیٚ و دەست پێکردن بیٚ؛ چونکە لە بەرامبەر «خاتمە»دا هەر بۆ ئەم واتایە دەڕوا.

نەخۆشی مومکینە بە دوو جۆر کۆتایی بێت: یا مردن یا چاك بوونەوە. جارێکیان مردنەکەمان لە بەیتەکەدا دۆزییەوە و باسمان کرد؛ ئەم جارەیان بەرەنگاری واتای دووەمی بەیتەکە دەبین کە دژی مردنە، چونکە چاك بوونەوە ڕادەگەیەنیٚ:

تۆ کەوا تا کۆتایی ئەم عادەتە شیرنەی سەرلێدانی نەخۆش نەهاتیە سەرم (وشەی «کە نەهاتی» لە کۆتایی بەیتەکەوە ڕاگوێزە بۆ سەرەتای، واتاکەی وای لیٚ بەسەر دیٚ: کە نەهاتیە سەر خاتیمەیی حوسنی عیادەت ...) وا چاك بوومەوە ،هەر نەبیٚ، جارێکیان بگەرە «فاتحە» –(سەرەتا دەست پیٚ کردن)ی عادەتی زیارەتی نەخۆش، دوای چاك بوونەوەی.

«فاتیحە و دەئبی زیارەت»، ئەگەر بکرێتە «فاتیحەیی دەئبی زیارەت» یا نەکرێتێ لە هەر دوو حاڵاندا عەینی واتا ڕادەگەیەنێ. کە بڵێی «فاتیحە و دەئبی زیارەت»، ئەوسا هەر دوو وشەی «فاتیحە و دەئب» دەبنە «مضاف»؛ واتە «سەرەتای زیارەت و عادەتی زیارەت».

واتای نیوە بەیتی یەکەم، بەهەر دوو جۆریەوە دەست دەدا بۆ حاڵەتی مردن؛ بەڵام دیارە هەر یەکێکیان لەگەڵ «چاك بوونەوەدا» دەگونجێت.

کلیلی کردنەوەی قفڵی ئەم بەیتە، ئەو «طباق»ەیە کە لە میانی «خاتمە و فاتحە»دا دەدیترێت. بەهۆی طباقەکەوە کە زانیت «فاتحە» هەر سوورەی قورئان نییە، بیرت دەڕوا بۆ دوو جۆرە «خاتمە»ی نەخۆشی کە مردن و چاك بوونەوەیە؛ ئەوساش وشەی «سەر» لە خۆوە بۆت ئاشکرا دەبێ کە مومکینە ناو بێت، بەواتای «رأس»؛ مومکینیشە «ظرف»، ئاوەڵ کار بێت، بەواتای «علی، فوق». بەهەمە حاڵ، ڕوونبوونەوەی بۆ من بەم جۆرە بوو.

لەبیرت نەچێ، ئەو کەسەی بەم هەموو جوانی و کۆمەڵایەتی و هێزی داڕشتن و فنونی شاعیری بەیتەکە، ڕازی نابێ و شێرگیرە دەبێ لەسەر ڕەخنەی نەسەلمێنانە، بۆ خۆی لە هەڵبەستدا زێڕ و ئەڵماس و خۆراك و پۆشاك و خانوو و بەرە پێشکەشی میللەت ناکا؛ ئەویش لە باشترین حاڵدا قسەیێکی ڕێکوپێك ڕیز دەکا و هەندێك واتای کۆمەڵایەتی، کە خۆی پێی ڕازییە، تێ داوێ و ڕەنگە خەلقی تر هەر پێشی ڕازی نەبێ لەوانەیشە نەگەیشتبێ بەنیوەی ئەو مەودایە کە بەیتەکەی نالی تێی هەڵکشیوە لە هەموو ڕووێکەوە؛ واتە کۆمەڵایەتی و هونەرەوە.

با بە ناو ئەم بەیتەشدا گەشتێك بکەین:

حەلقە دەرگۆشی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە

با نەناڵێ لێی مەدە «عن لطمە کُف الکَف»

بیستووتە لەسەرگوزەشتە و حیکایەتی ئەفسانە «عەبدی حەلقە بەگۆش»؟ ئەم حەلقە دەرگۆشەی ناو بەیتەکە هەرچی بیرەوەریی حیکایەتی ڕاست و ئەفسانەی سەردەمی منداڵیمان هەیە، دێنێتەوە سەر پەردەی مێشکمان. لە بەیتەکەدا «حەلقە دەرگۆش»، هەستی مرۆڤایەتیشمان بریندار ناکا؛ چونکە مرۆڤ تێیدا نەبووە بە بەندە. نالی دەفەی بێ گیانی هێناوە و ئاڵقەکانی لێ کردووە بە ئارایشت و هۆی

زرینگانەوەش. جارێکی تریش «حەلقە دەرگۆش»، دەفەکە خۆشەویستتر دەکا؛ چونکە سکاڵای بەیتەکە، بۆی دەپاڕێتەوە. دوای خۆشەویست کردنی دەیکا بەجێی حەسوودی پێ بردنیش کە دێ و دەیخاتە ناو ئەو دەست و پەنجە ڕەنگینانەوە.

دەفە حەڵقە بە گۆشی دەستە ڕەنگینەکانی خۆتە

با نەناڵێ و لێی مەدە، دەست بگرەوە لە مست لێدانی

چ پاڕانەوەیێکی ناسکە لەم دەستە ڕەنگینانە، لە موناسەبەیێکی وا پڕ جۆش و جەزبەی دەفە لێدان و لەرزین و زرینگانەوەی ئاڵقەکانی؟ «کف الکف» چەند ڕێك هاتوون لە تەك یەکتردا. وشەی «الکف» لە کۆتایی بەیتەکەدا کە عەرەبییە پیتی «ف»ەکەی گوشراوە؛ واتە «شدّە»ی بەسەرەوەیە. نالی کوردانە بۆ ڕاست هێنانی کێشی شیعر، گوشینەکەی لاداوە و «ف»ەکەی بەرەڵڵا کردووە و وشەکەی هێناوەتە سەر زەوقی خۆمان. چەند لێی شیرینە ئەم ڕەفتارە کورتیلەی کوردایەتی! ناڵەی دەفی ئاڵقە بەگوێ لەبەر دەست و پەنجەی ڕەنگین چ هەستێکی نەرموناسك لە دەروونی گوێگردا دەبزێوێ؟ دەفە لێدانەکە خۆی چ دیمەنێکی زۆر بەرچاوی ناو ئەم تابلۆیە هونەرییەیە. «کف»؛ واتە «لەپ»ی ڕەنگین؛ عادەتی خەنە تێگرتنی دەستی ئافرەتانیش دەکاتەوە بە ئارایشتێکی بەیتەکە، ئەو لایەنەش ڕادەگەیەنێ کەوا مەبەست لە «دەس ڕەنگینی» نەك هەر خەنە تێگرتن، بەڵکوو شیرینکاری و مەهارەتی دەستەکە بێت. ئەوساش دەفە لێدانەکە لەو دەستە ڕەنگینەوە دەبێتە کارێکی پڕ هونەر و جوان. «کف و دەف»، «کف الکف»، لە ڕووی مۆسیقای دەنگەوە چەند وشەی هاوئاهەنگن! وردەکاری، کۆمەڵایەتی، تینوتاو، ئارایشت و مۆسیقا پڕاوپڕی بەیتەکەن. سەیرە، بۆ ئەدیبی واتا دۆست لەبەر خاتری باو بوونی بیرێکی سیاسی عومر کورت، ئەم گەوهەرانە لە کیس خۆی بدا و بە شیعرێکدا هەڵ بلێ کە واتاکەی نەك هەر کوتراوەتەوە، دە گاسنیش کراوە؛ بۆ خۆشی ساڵەهایە دەی کاتە بابەتی گوتار و دوان و بزووتنەوە و دروشمی نمایش، ناوناوەش ئیفلاسی کردووە سەر لە نوێ بەرەیێك لە چەند کژ و وەرزێکی سیاسیدا کردووەتی بە سەرمایەی بازاڕێکی کاتی.

ئەمەش بەیتێکی تری نالی لەوانەی بە لێوردبوونەوە، لانی کۆمەڵایەتی تێدا دەردەکەوی:

دامەنی پاکی مەداری دائیرەی خامەك نیە

خوێنی مەقتوولانە وا دامێنی یاری گرتووە

جاران عادەت بوو – ڕەنگە ئێستاش هەر مابێ – پەراوێزی خامەکی مۆر، بە دەور و دامەنی کەوای ئافرەتانەوە دەدوورا. نالی لێرەدا ئەم عادەتەی پۆشاکی ئافرەتی کورد، دەکاتە ماکی خەیاڵ بازی و «تجرید» لە شیعردا. لەوەڕا دیارە خەیاڵ و «تجرید»ەکە زادەی واقیعێکی زیندوون، نەك ڕەهەوا کەوتنی وەهم.

لە گوتەی «دامەنی پاك»ەوە، ڕاستەوخۆ بیری مرۆڤ دەڕوا بۆ لایەنی «پاك دامەنی» و ڕووسووریی ئافرەت کە لە کۆمەڵگەی کورددا، ستوونێکی ئایین و نامووسە. تۆ سەیرێکی ورد و قووڵی ئەم کۆکردنەوەی «دامەن پاکی»یە بکە لەگەڵ سووربوونی دامەنەکە بەخوێن... هەر دەڵێی ئاو و ئاگری لە یەك زەرفدا کۆ کردووەتەوە و بە یەکیش ناکەونەوە. دامەنی بە خوێنە، بەڵام هەتا بڵێی دامەنی پاکە.

ئینجا سەیری ڕستەی «دامێنی یاری گرتووە»، بکە کە ئەمیش ئیشارەیە بۆ نەریتێکی کۆمەڵایەتی ڕێز لێگیراوی «دەستە و دامەن بوون و هانا بردنە بەر». لە لایەن سۆز و هەستی شاعیریشەوە بەدرەنگەوە دەگەیە پایانی جوانی ئەم وێنەیەی ئالوودە بوونی دامێنی یار بە خوێنی عاشقان و پاڕانەوەی خوێنەکە لێی، بەوەدا کە دامەنی دەگرن و هانای دێننە بەر... کەی؟ دوای کوشتن.

نالی بەم تەعبیرانەی، دەربڕینی واتای شاعیرانەی تەڕ و پاراو و پڕسۆز و هونەرەوە، هاموشۆیەکی شارەزایانەش دەکا لە مەیدانەکانی دەستووراتی کۆمەڵایەتیدا. نالی وشکە مەلە لە هەوایێکی ژوورووی کۆمەڵدا ناکا، گەلێك پتر لە پسپۆرێکی کۆمەڵایەتی مووچەخۆری ئیمرۆ، بەناو پەند و نەریت و گفتوگۆ و دڵ و دەروونی کۆمەڵدا دەگەڕێ و دەستە گوڵی ڕەنگاوڕەنگی هەڵبەست دەهۆنێتەوە. کە سەیری هەموو دیوانەکەی بکەی، فەرهەنگێکی کۆمەڵایەتی لێ پێك دێنیت کە دەست بدا پشتاوپشت بکرێتە دیاری و یادگار.

با لەگەڵ بەیتێکی تریدا مامڵەتێکی گەوهەر و هونەر و ئەفسوون بکەین:

زولـــفـــی دووتـــایـــی تـــەرازوو مـــەسەلـــی دڵ کـــێشت
روح دەکێشن بە دووسەر ئەم بەسەرێ ئەو بەسەرێ

زولفەکان دووتان، واتە هەر یەکەیان بەقەدەر تایێکن لە زۆریدا. وشەی «تا» بەواتای «تای موو» دێت کە زولف خۆی مووە. زولفەکان دووتان، وەك یەکترن.

کە دووتان وەك تەرازوو؛ چونکە زولف و تەرازوو هەر دوویان دوو تان و هەر تایەیان

بەقەدەر ئەوی تر و هاوکێشی یەکترن؛ هەر دوو زولفەکەش تەرازووی یەکترن.

زولفەکان کە تەرازوو مەسەلن، دڵ کێشن... دڵ دەکێشن، لەبەر نازدارییان.

زولفەکان کە تەرازوو مەسەل بن، وشەی «کێش»، خزمی تەرازووە و جێی خۆیەتی دڵ بکێشن؛ چونکە تەرازوو ئالەتی کێشانە.

با بزانین بەولای دڵ کێشانەوە ئەم تەرازووە زولفانە چ دەکیشن؟ ڕوح دەکێشن.

تەرازووی عادەتی لەوە تێ ناپەڕێنێ زێڕ و ئەلماس و گەوهەری پێ بکێشرێت؛ کەچی تەرازووی زولفی یار ڕوح دەکێشن. ڕوح کێشان هەر لە ڕووی وشەوە خزمە لەگەڵ تەرازوو، ڕاستە حیسابەکەی لە شوێنێکی ترە.

تەرازوو کە بابەتی کڕین و فرۆشتنی پێ هەڵکێشرێ؛ تەنها یەك دەستەی تەرازووە کە ماڵە نرخدارەکەی تێ دەکرێ، دەستەکەی تری پارسەنگێکی تێ داوێژرێ. هەر کاتێك ماڵە نرخدارەکە گەیشتە سەنگی ئەو پارسەنگە و لەگەڵی جووت بوو، مامڵەتەکە کۆتایی دێ.

بەڵام تەرازووی دوو تای زولفی ئەو نازدارە بەهەر دووسەران ڕوح دەکێشن؛ واتە هەتا لە سەرێکیان وەزنی ڕوح زیادکەی، دەبێ وەزنی سەرەکەی تریشی زیادکرێ. ئیتر ئەم کارەی ڕوح کێشان لە دوو سەرەوە کۆتایی نایێ. تەرازووی زولفی دووتای یار، هەتا هەتایێ، بەدووسەران ڕوح دەکێشێ؛ دەستی خۆش بێ!

جگە لەم کێشانە دوو لانە تەرازووکارانە، ڕستەی «ڕوح دەکێشن بە دوو سەر»، واتاییەکی تریشی هەیە بۆ کوشتنی پاتەوپات کە لە ڕوح کێشان دەفامرێتەوە بێ «توریە»؛ بەڵام زولفەکان لەو ڕوح کێشانە دوو هێندی فریشتەی مەرگ ″عەزرائیل″ چالاك و خێران؛ چونکە کاری عەزرائیل لە سەرێکەوەیە، کەچی زولفەکان لە دوو سەرەوە ڕوح دەکێشن، هەتا یەکێك بەمردنی خۆی دەمرێ، دوو عاشق بەدەست زولفەکانەوە گیان دەسپێرن.

پێم بڵێ، لێرەدا نالی، چۆن بەقاڵێك و چون «صراف» و جەوهەر فرۆشێك بوو؟ هیچ بە بیراندا هاتووە تەرازوویێك هەبێ هەتا هەتایێ لە کار نەکەوێ؟ چ شاعیرت دیوە هێندە تەرازوو ناس؟

ئەم هەموو بار و تاو کێش و تەرازووە، بەم شێوە سیحرکارانە، خولانەوەی فکرێکی «عبقری» بەناو کۆمەڵ و واقیع و هونەردا هێناوەتیە ناو هەڵبەستەوە.

نالی زیهنێکی وەها هەستیاری هەبووە، هەر دەڵێی جامی کامێرایە لە تروکەیەکدا،

وێنەی جیهانێکی بەرینی تیدا نەقش بەستوو دەبێ. بەڕواڵەتی دیمەنیش دانامەزرێ، وێنەی دەروون و وردیلەکانیشی دەکێشێ، بێگومان هونەرکار لە نەخشەکێشانی ورد و قووڵدا، مەبەستی تایبەتیشی نەبێ، وێنەکەی پڕ دەبێ لە ناوەرۆك:

یـا عـەکسی ئـاسمـانـە لـە ئـاوێنـەدا کە وا

ئەستێرەکانی ڕادەکشێ وەك شیهابی نور

ئەمەی لە وەسفی سەرچاوەی سەرچنار گوتووە. نەخشەکێشانەکەی کەمتر نییە لە کاری کامێرا؛ بەڵام کامێرایێکی زیندووی زیرەکی هەستیار.

ئاوێنە بەرامبەر ئاسمان ڕاگرە لە شەودا، ئەویش وەك ئاسمان ئەستێرەی تێدا ڕادەکشێ؛ چونکە وێنەی ئاسمان دەداتەوە بەخۆی و ئەستێرەکانیەوە. بەڵام کە بتەوێ، بەمەندە ڕازی بیت نەگونجانێك دێتە بەر، لە شیعرەکەدا دەبێتە عەیب. چۆن دەبێ بگوترێ ئەستێرەکانی ئاسمان ڕادەکشێن وەك شیهابی نوور، ئەی ئەستێرەکان هەر خۆیان شیهابی نوور نین؟ ئەم مەعنا لێدانەوە دەبێتە «تفسیر الماء بالماء»، گەلێك کەسیش تێیدا خلیسکاوە.

تەگەرەکە بەم جۆرە دەڕەوێتەوە:

وشەی «ئەستێرە»، دوو واتای هەیە. ئەستێرەی ئاسمان و ″ئەستێری″ سەر زەوی کە لە فارسیدا «استخر» و لە زمانەکانی ڕۆژاوادا «Cistern»ی پێ دەڵێن. مەبەستی ڕاستەقینەی ئەو دیوو ڕواڵەتی بەیتەکە لە وشەی «ئەستێرەکانی»دا؛ واتای «ئەستێر»ەکانی ئاوە لە سەرچاوەی سەرچناردا:

یا عەکسی ئاسمانە لە ئاوێنەدا کەوا ئەستێرەکانی ئاوی سەرچنار وەك شیهابی نوور ڕادەکشێ. بەم جۆرە ئاوی سەرچنار بەخۆی و ڕاکشانی ڕیزەی ئەستێراوەکانی، هەر دەڵێی ئاسمانە و شیهابی نووری ڕادەکشێن، سەرچنار ئاوێنەیێکی لێ بەسەر دێ بەرامبەر ئاسمان ڕاگیرابێ لە شەودا.

وشەی ″ئاوینە″ لە ڕێنووسی کۆندا دەگونجا بە «ئاوێنە» بخوێنرێتەوە؛ بەواتای «مرآه» (نەینۆك) دەشگونجا بە«ئاوینە» بخوێنرێتەوە کە وشەیێکی «وصفی»یە لە «ئاو» داتاشراوە، وەك کە دەڵێی «گڵینە، مسینە، زێڕینە»؛ بەواتای لە گڵ و مس و زێڕ داڕژراو، دروستکراو. کە بڵێی «ئاوینە»؛ بەواتای «لە ئاو داڕژراو، دروست کراو». ئەوسا دەبێتەوە سەرچنار خۆی کە بریتییە لە ئاو.

وشەی «ئەستێرەکانی»، هەروەك مومکینە «جمع» (کۆ)ی ئەستێرە بێ، مومکینە هەڵیوەشێنی و بیکەیەوە «ئەستێرە - کانی» کە هەردوویان حەوزی ئاون.

بشزانە لە کوردیدا دەگوترێ «ئەستێرە ڕاکشا» بەواتای «ڕاخزینی شیهابی ئاسمان».

لەم بەیتەدا نالی ئەوەی کردووە کە پێی دەڵێن «تشابك»؛ واتە تێك ئاڵقان، بەڵام تێکئاڵقانی وشە و واتا، نەك هەر وشە یاخود هەر واتا. ئەستێرەیێکی لە زاهیردا هی ئاسمان بێ، داویەتە سەرچاوەیێکی زەوی. ڕاکشانی ئەستێرەکەشی کردۆتەوە ڕەنگدانەوەی ئاسمان لە ئاوێنەدا؛ کەچی لە ڕاستیدا ڕاکشانەکە هی ئەستێراوەکانی سەر زەوییە. نالی هاتوچۆ بەزیهنت دەکا، لە میانی ئاسمان و زەویدا. کە هاتی بڵێی دەستم بە ئاسمانەوە گیر بوو، خێرا دەتهاوێتەوە ناو ئاوی سەرچنار. کە دڵنیاش بووی لەوە مەلە لە سەرچنار بکەی، هەڵت دەداتەوە بۆ تاقی ئاسمان. شاعیرێکی عەرەب لە دوو بەیتدا «تشابك»ێکی جوانی دروست کردووە، بەڵام نیوهێندەی بەیتەکەی نالی نابێ:

تشابـه دمـعـى إذ جـرى ومـدامـتـى

فمن مثل ما فى الكأس عينى تَسكَبُ

فـوالـلـه مـا أدرى أبـالخمـر أسبـلت

جـفـونـى أم مـن عـبـرتـى كنت أشربُ

دەڵێ فرمێسك و شەرابەکەم وەها لە یەکتر دەچن، نازانم چاوم شەراب دەڕێژن، یا لە فرمێسکم دەخۆمەوە. شەراب و فرمێسکی تێك ئاڵقاندووە و زۆریش تێیدا سەرکەوتووە، بەڵام نە لە «تشابك»ەکەدا نیوەی ڕێی نالی بڕیوە، نە ئەو هەموو ئارایشت و وردەکاریی وشە و واتای بەیتەکەی نالی لە هی عەرەبییەکەدا هەیە.

لێرەدا چ مەبەستم نییە، شاعیرێکی عەرەب، بۆ یەکێکی کورد بشکێنمەوە؛ ئەگەر پێچەوانەی ئەم وەزعە هاتبا پێش و نموونەیێکی عەرەبی زاڵ با بەسەر یەکێکی کوردیدا، چاوشێرکێم نەدەکرد و چۆنەتیەکەم وەك خۆی دەنووسی. ئێستا موناسەبە لێی داوا کردم، جارێکی تریش بەراوردی بەیتێکی نالی بکەم لەگەڵ یەکێکی وەك ئەو بەیتە لە شیعری شاعیرێکی «متصوف»ی زۆر بەناوبانگی عەرەب و ئیسلام.

«ابن الفارض» دەڵێ:

فلـولا زفيـرى أغـرقـتَنـى ادمـعـى

و لـولا دموعى أحـرَقتنَى زفرتى

نالى ئەم واتايەی هێناوە و گوێزاوەتیەوە بۆ ناو بەیتێکی خۆی:

نــاری سینــەم گــەر نــەبــێ غــەرقــم ئــەمــن

ئــاوی چــاوم گــەر نـــەبـــێ سووتـــاوم ئــەز

گومان نییە لەوەدا، نالی واتاکەی «ابن الفارض»ی دەست بەسەر داگرتووە؛ بەڵام هونەرێکی خۆی لە داڕشتندا خستووەتە پاڵ واتا دەست بەسەر داگیراوەکەوە. کارەکەی بردۆتە پایەی هاڤرکێ «منافسە» و گرەو بردنەوە؛ گرەوەکەشی بردووەتەوە. «ابن الفارض» دەڵێ هەناسەم نەبێ فرمێسکم دەمخنکێنێ. فرمێسکیشم نەبێ هەناسەم دەمسووتێنێ. «نالی»ش هەر ئەمەی گوتووە، بەڵام لە نیوە بەیتی یەکەمدا کە دەڵێ، ئاگری سینەم نەبێ غەرق دەبم، پێت ناڵێ بەچی غەرق دەبێ، ناچارت دەکا بڕۆی بۆ نیوە بەیتی دووەم، لەوێدا هۆی غەرق بوونەکەی بۆ داناوی کە فرمێسکیەتی. کە دەشڵێ ئاوی چاوم گەر نەبێ دەسووتێم، دیسانەوە هۆی سووتانەکەت لە هەمان نیوە بەیتدا بەدەستەوە نادا، سەرەو ژێریش بیتەوە بۆ بەیتێکی تر هەر نای دۆزیتەوە. دەبێ سەرەوژوور بیتەوە بۆ نیوە بەیتی یەکەم؛ لەوێدا ئاگری سینەی بۆ هەڵگرتووی بەهۆی سووتان. ئەم هاتوچۆ کردنەت، سەرەوژێر و سەرەوژوور، لە بەیتەکەی «ابن الفارض»دا نییە؛ چونکە واتای سەرلەبەری «هۆ و ئەنجام، سبب و نتیجە»ی لە هەمان نیوە بەیتدا بەدەستەوە داوە و خۆی بەتاڵ کردووە. نالی دوو جاران تینووت دەکا و هەر دوو جارانیش دوای گەشتێکی فکری تینوەتیت دەشکێنێ.

ئەم گوتارە بایی ئەوە ناکا، جێشی بۆ ناکرێتەوە لە گۆڤارەکەدا، کۆتایی بەقسە بێنێ لە بارەی «ناوەرۆك و ڕوخسار» چ بەجۆرێکی تێکڕایی بێ، چ بەنیسبەت شیعری نالی خـۆیـەوە بـێ. ئـەنجامدانـی ئـەم کـارە دەکـەوێتـە گوتـارێکـی تـر، لـە ژمـارەیـێکـی تـری گۆڤارەکەدا، کە هیچ بەرهەڵست ڕێم لێ نەگرێ و دەستم نەبەستێ.

لەم چەند نموونەیەی ناو گوتارەکەدا، هەر لایەنی کۆمەڵایەتی و وردەکاریی واتا و ئارایشتی وشەو داڕشتنی بەیتەکان مەبەستی نووسین بووە. گەلێك ڕاگەیاندنی تری مێژوویی و ئەدەبی و بەراوردیی هەن تێیاندا درێژەیان مەودای بەرفرەوانتری پێدەوێ لـە گـوتـار. بـەنموونـەی ڕوونـکـردنـەوەی مـەبـەست دەڵـێم «حـەلـقە دەرگۆشی کـەفی

ڕەنگین...»، لە زۆر ڕووەوە وا دێتە زیهنەوە کە نالی بەر لە جێهێشتنی کوردستان گوتبێتی؛ چونکە دیمەنەکە لەم بەیتە و سەرپاکی غەزەلەکەدا دیمەنێکی کورد و کوردستانە؛ یاخود هەر نەبێ بەنیسبەت نالییەوە، لە کوردستاندا، زیاتر لواوە خۆ بەدڵسۆزێکی دەستی ڕەنگین و دەفەی ئاڵقەدار بزانێ. ڕەخنەی دواتریشی لە «شێخی سەر لینگە دەستاڕ»، هەر یەکێکە لەو ڕەخنانەی پەیتاپەیتا لە شێخەکانی ناو کوردەواریی گرتووە. هێز و نەفسی شیعرەکانیش دەیان باتەوە بۆ تەمەنێکی گەنجایەتی کە «تا فەلەك دەورەی نەدا» و «ئەم تاقمە مومتازە»ی تێدا گوتوون. سەرەڕای ئەمانە کە دەشڵێ «ڕەندم و دەستاڕی کەللەی من دەفە نەك مەندەفە»، ئاشکرایە لە خۆڕایی نالێ «ڕەندم»؛ دیارە لە تەمەنێکدا بووە ڕەندایەتی لێ بوەشێتەوە، لەم بابەتە تێبینییانە زۆرن کە نەمهێناونەتە ناو نووسینەوە. تێکڕاشیان لە پێکهێنانی سامانی بەیتەکان بەشدارن و نرخی نووسین زیاد دەکەن. لە شیکردنەوەشدا هەر ئەوەندەم کردووە کە خۆم تێی گەیشتووم و پێویستی ڕوونکردنەوەی مەبەست، داخوازیی کردووە. بێگومان زۆر واتای نهێنی تر لەو بەیتانەدا هەن کە من بۆیان نەچووم، هەندێ وردەکاریشیان تێدایە بەئانقەست لێیان نەدوام.

دەستبژارکردنی شاگوڵ و شابەیت لە دیوانی «نالی»دا، ئەرکێکی بێ کۆتاییە؛ چونکە ئەوەندە شاهکاری بێ مانەندی تێدان و شیکردنەوەشیان هێندەی بەبەرەوەیە، لە ڕێی دیراسەیێکی قووڵ و بەرفرەوان نەبێ، جێیان بۆ ناکرێتەوە؛ جگە لەوە کە گەیشتن بەتەختی بنی دەریای بەیتەکانی، کارێك نییە بەتاکە کەس بکرێ. ئەوەی ڕاستی بێ، واتا لێدانەوەی زۆربەی شیعرەکانی پێویستی بەهاریکاریی تێکڕای ئەدیبان هەیە کە هەر یەك چی بۆی ڕوون بووەتەوە لە نهێنییەکانی بەیت و دوو بەیتی، یا بۆی ڕوون دەبێتەوە لە دواڕۆژدا، بیخاتەوە سەر گەنجینەی مەعلووم کراوی واتای هۆنراوەکان، لە هەمان کاتیشدا هەموویان یاریدەی یەکتر بدەن بۆ کردنەوەی ئەو گرێکۆرانە کە کردنەوەیان لە دەسەڵاتی تاکدا نییە و هەر گرێیەش بەلای کەمەوە دانە گەوهەرێکی لە ناو خۆیدا شاردووەتەوە.

لە کۆتایی ئەم بەشەی یەکەمی گوتارەکەدا، دەستەویەخەی غەزەلێکی دیوانەکەی دەبم. لە پێشەوەش دەزانم هەر هێندە واتایە لە دەریاکەیان هەڵدێنجم کە لە زەرفی دەسەڵاتمدا جێی دەبێتەوە، دوای لێبوونەوەی من و پڕ بوونی زەرفەکەم، لەو واتایانە، کەشکۆڵی چەندین «غواص»یش پڕ دەبێ لە دانە گەوهەری ژێری دەریاکە.

ئەم برە شیعرەی لێرە بەدواوە خەریکی شیکردنەوەیان دەبم، نموونەی نایابترین

شیعری کلاسیکی ڕۆژهەڵاتن. کە دەڵێم «کلاسیك»، چ ڕێگەیێك لەو شیعرانە نابڕمەوە بۆ بەراورد کردنیان لەگەڵ شیعری نوێدا، حەز دەکەی بیان هێنە و بەپێشکەوتووترین شیعری نوێیان بگرە. تا ئەو ڕۆژە شاعیری نوێی کورد دەتوانێ لەم نموونەیەی نالی پێش کەوێتەوە، کات و سەقافەت و خۆ پێگەیاندنی گەلێك پتری پێ دەوێ لەوەندەی لەو چەند ساڵانەدا بۆی لواوە.

سەرجوملەی شیعرەکانی شەش بەیتن، بەپێی ئەوە کە لە دیوانە چاپ کراوەکاندا بڵاوکراوەتەوە. لەمەڕا وا پێدەچێ هەندێکی لێ فەوتا بێ؛ چونکە بە عادەت، شاعیر ژمارەی بەیتەکانی لە یەك هەڵبەستدا تاك دەبوون نەك جووت.

زۆر شیعر دۆستی نالی دۆستم دیوە، وای زانیوە بەیتەکان هەر یەك بۆ خۆی لە واتادا سەربەخۆیە و پەیوەندی بەوانی ترەوە نییە؛ بەڵام ئەم هەڵبەستەیان وەك چەندێکی تر لە دیوانەکەدا «وحدە»ی تێدایە و تەجروبەیێکی سەردەمی گەنجایەتیی نالی دەگێڕێتەوە کە گومان نییە لە ڕوودانی. فرکەی دەمار و گەرمیی نەفەسی نالی لە هەڵبەستەکەدا، ئەو ئیحتیمالە پاشگەز دەکەنەوە کە زادەی خەیاڵ بێ. با شیعرەکان خۆیان بەدەنگ بێن و پەیامی ڕاست بوونی ڕووداوەکە ڕاگەیەنن:

سەری زولفت کە ڕشتەی عومری «خضر»ی نیوە هەودایە
چ هەودایێ کە هەر حەلقێکی صەد زنجیری سەودایە
بڕۆت تیغێکە وەسمەی، «صیقل»ی مەسلوول و مووکارە
کە عیشوەی جەوهەرە، ڕەمز و ئیشارەی ئاو و مەودایە
بەنەشئەی سستی و مەستی وەها مەستوور و مەخموورە
نەزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە
لە سایەی کفری زوڵفت دڵ «فنا فی النور»ی ئیمانە
مەڵێن زولمەت خراپە وەسڵی پەروانە لە شەودایە
هەناسەم زولفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابرد و نەرگس هەر لە خەودایە
لە «دور»ی تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەو گەردان
کە نالی وا لە حالاتی مەحاقی ماهی نەودایە

نالی لەم هەڵبەستەدا، پاتەوپات بزۆزییێکی دڵدارانەی کاتی گەنجایەتیی خۆیمان بۆ

دەگێڕێتەوە: لە تاریکیی شەودا، پارێزی بردووە بۆ بالینی خۆشە ویستەکەی و گەیشتووەتە تەنیشت و ڕۆخی تا ئەو ڕادەیە هەناسەی زولفەکەی لاداوە لە سەر ڕووی؛ نەك هەر لەرزاندوەتیەوە؛ بەڵام نەوێراوە، یاخود لە دەرفەتی ڕانەدیوە، ئەوەندە لەو وەزعەدا دەوام بکا، یارەکەی بەخەبەر بێنێ. دزانە چووە و دزانە گەڕاوەتەوە. هێندەش تێنوو و کەسەر لە دڵ بووە ،دوا دڵۆپی لەززەتی لەم چەند لەحزە کورتیلەیە هەڵگوشیوە و پڕبەدڵ دەمی بردووە بۆ لای زولف و ڕوومەتی و تێر و پڕ سەیری ئەم ڕوخسارە پەرستراوەی کردووە و وێنەی هەڵگرتووە. لە سەر پاکی بەیتەکاندا، تارمایی نالی، بەدەوری یارە نوستووەکەیەوە هەندەی دیمەنی شەوەکە ئاشکرایە. گرنگیی موناسەبەکەش - بەلای باوەڕی منەوە - هۆی ئەو هەموو «اعجاز»ەیە کەوا لە سەرانسەری بەیتەکانەوە هەڵدەڕژێن. کە بەتەواوی لێیان وردبینەوە بەسەر وشەی وا دا دەکەوین لە بەیتەکاندا، بەتەنها خۆی بەسە پێی بگوترێ، «معجز» گڕوسۆزی عاشق و تام و لەززەتی هەڵوەستەکەش وایان کردووە «إعجاز» و فسوون، وردەکاری ناو بەیتەکان، وەك ئاو ڕەوان بن بێ قۆرت و گرفت. لە هەندێ شوێندا ڕەوانیی ئەو فەندانە گەیشتووەتە پلەیێك، هەست و زیهنی مرۆڤ لێیان هەڵدەزەلێ و بەسەریاندا تێپەڕ دەبێ.

خوێنەر دەبێ لەگەڵ من و بەیتەکانیشدا باخەڵ فرەوان بێ و پەلەم لێ نەکا. سەرەڕای پەلە نەکردن، دەبێ لە لای خۆیەوە یارمەتیشم بدا لە تەواو کردنی ئەو واتایانەی بۆم تەواو نەکراون؛ وە یاخود ترسی درێژەکێشان هەندێکی پێ بەجێ هێشتووم. با بەیتەکان بەدەنگ بێنین و من لە گوتەی خۆم بوەستم:

سەری زولفت کە ڕشتەی عومری «خضر»ی نیوە هەودایە
چ هەودایێ کە هەر حەلقێکی صەد زنجیری سەودایە

لە دیوانەکەی «نالی - چاپی هەولێر» لە جیاتی «سەودایە»ی کۆتایی بەیتەکە «تێدایە» نووسراوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە لێرەدا نووسیومە کە «تێدایە»، ببێتە قافیە دوو جاران بەیتەکە دەشکێنێتەوە: جارێکیان لەوەدا کە «إلتزام»، ناهێڵێ بەنیسبەت قافیەی ئەم بەیتەوە، قافیەکانی تر سەرلەبەریان «ملتزم»ن. «هەودا، مەودا، خەودا، شەوداو نەودا - تێدا» دەبینی لەگەڵیاندا ناگونجێ. جارێکی تریشیان لەوەدا کە واتای بەیتەکە زۆر بێ هێز دەبێ و بەشێکی زلی شێوە داڕشتن و واتا بازیی نالی لە ناو دەچێ. بەدەم شیکردنەوەی بەیتەکە ئەم لایەنەت بۆ ڕوونتر دەبێتەوە:

هەودا: موو، داو.

خضر: خدری زیندە؛ وە یا نالی خۆی کە ناوی «خضر»ە.

سەودا: شەیدایی عیشق، شێتی.

سەودا "سوداء" – ڕەش، کە بۆ واتای عەرەبی ببەیتەوە.

واتە سەرەتای زولفت، کەوا کەمێکی یەکجار کەمە لە تێکڕای زولفەکە، نیوە هەودایێکی (نەك هەودای تەواو) بەقەدەر ڕشتەی عومری «خضر» درێژە. ئەو «خضر»ە خدری زیندە بێ کە مەشوورە لە «ئاوی حەیات»ی خواردووەتەوە و قەت نامرێ؛ یاخود نالی خۆی بێ. دیارە کە مەبەس خدری زیندە بێ، ئیشارەی بەهێز بۆ درێژی داوە مووەکەیە، کە مەبەسیش نالی بێ، خۆ بە قوربانی زولف کردن و عومر بەهیچ دەرچواندنە لە تەك ئەو داوە مووەدا. هەر دوو مەبەسیش بەجووت لە بەیتەکەدا کۆبوونەتەوە؛ چونکە وشەکانی هەر دوو واتا ڕادەگەیەنن.

هەودایەکەش چۆن هەودایێکیە؟ هەر ئاڵقێکی صەد زنجیری سەودایە؛ واتە هەر یەکە لەو ئاڵقانەی نیوە هەودای سەری زولفی یار بەستوونی، بەرامبەر صەد زنجیری سەودایە.

دەزانین زنجیر بۆ خۆی سەراپای ئاڵقەیە؛ کەچی تاکە ئاڵقەیکی نیوە مووی سەری زولفی، کاری صەد زنجیر دەکات.

زنجیری سەودا، مومکینە «زنجیری سوداء» بێ؛ واتە زنجیری ڕەش کە موناسبی ڕەنگی زولفەکەیە. مومکینیشە «زنجیری سەودا»بێ کە دەکاتە ئەو زنجیرەی شێت و شەیدای پێ دەبەستنەوە. کەواتە لە جوانیدا، ئاڵقەی نیوە هەودایێکی زولفەکە، ئەوەندە کاریگەرە بەقەدەر صەد زنجیر عاشق و شەیدایان دەبەستێتەوە.

بروٚت تیغێکە وەسمەی، «صیقل»ی مەسلوول و مووکارە
کە عیشوەی جەوهەرە ڕەمز و ئیشارەی ئاو و مەودایە

نالی لە تێوەڕامانی ڕووی یارەکەی بەدوا وەسفیدا دێتە سەر وەسفی بروٚی.

وەسمە: دەرمانێکی ڕەشە بۆ ڕەنگ کردنی موو.

صیقل: تیژکەرەوە (بنوارە فەرهەنگی المنجد).

مسلول: دەرکێشراو لە کالان.

عیشوە: نەشوەی برۆ.

جەوهەر: نەقشی سروشتیی لە تیغدا.

ئاو: زێدە سافی و ڕوونی تیغ.

مەودا: خەنجەر، تیغ، شمشیر.

وەسمەی تیغی برۆت بووەتە تیژکەرەوەی شمشیرێکی دەرکێشراو و «مووکار». برۆکەی قەوسە وەك شمشیر. وشەی «مووکار» لەوانەیە بۆ شمشیر و تیغەکە بێ، بەواتای زێدە تیژیی، لەوانەیشە بگەڕێتەوە بۆ برۆکە خۆی «کە موو کار»ە و لە موو پێك هاتووە. برۆکە «مسلول»ە وەك شمشیر و تیغ چونکە لە ژێر پەردە و لە ناو کالاندا نییە. برۆ بەلای «نالی»یەوە لە تیژییدا وەك تیغ وایە، چونکە هێندەی تیغ، جەرگبڕە.

وشەیێکی قرتاو هەیە لە پێش دوو وشەی «مسلول و مووکار» کە دەبێتە «موصوف» بۆیان: «وەسمەی تیغی برۆت، صەیقەلی شمشیرێکی مەسلوول و مووکارە».

نەشوە و عیشوەی برۆکەی وەك جەوهەری تیغ وایە کە شەپۆل بدا لەسەر ڕووی تیغەکە.

هێما و ئیشارەی برۆکان، هێندە بڕندەن، کاری «ئاو»ی شمشیر و خەنجەر دەکەن. تیغ کە زۆر ساف و پەسند بوو، پێی دەڵێن «ئابدار – ئاودار».

ڕەمز و ئیشارەکە لە «ئاوی تیغ»یش زیاترن، هەر خۆیان وا دەبڕن، دەڵێی ″مەودا– تیغ″ن.

وشەی «صیقل»، واتای تریشی هەیە، جگە لە «تیژکەرەوە»؛ بەڵام پێم نەکرا بەتەواویی ساغی کەمەوە و واتاکەی تری بهێنمە ناو ئەم شیکردنەوەیە.

تۆ سەیری چۆن ناو و نیشانی تیغ و هەموو سەر و بەرێکی پەسندی و بڕندەیی لەو بەیتەدا کۆمەڵ کردووە کە هەمووشی خزمەتکاری برۆکانن. لە بەیتەکەدا، تاکە یەك وشە پەیدا نابێ کە خزمی برۆ و تیغ نەبێ: «برۆ، وەسمە، صیقل، مسلول، مووکار، عیشوە، جەوهەر، ڕەمز، ئیشارە، ئاو و مەودا». کە بڵێین بەیتەکە «ظرف»ە و برۆکە «مظروف»ە، هەردوویان مشتی یەکترن. کەم وا هەیە، قاڵب و واتای بەیتی شیعر تا ئەم ڕادەیە، بەبەر یەکتر گیرابن و یەکیان لەوی تردا غەرق بووبێ.

بە نەشئەی سستیی و مەستی وەها «مستور» و «مخمور»ە
نەزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە

ئەم بەیتە لە برۆوە دەمانگەیەنێ بە چاو:

«مستور»: داپۆشراو، پەنهان بەعەرەبی.

«مەستوور»: زۆر مەست، مەند و مەستوور بەکوردی.

«مخمور»: سەرخۆش کە لە «خمر»ەوە وەرگیرابێ.

«مخمور»: داپۆشراو کە لە «خمار»ەوە وەرگیرابێ، بەواتای ڕووپۆش.

چاوەکان نووستوون، لە نووستندا شرایەوەن.

سستن و مەستن. چاو کە زۆر جوان و فرشتەیی و پەریکار بوو، پێی دەڵێن سست، نەخۆش، بیمار. ئەم تەشبیهەی چاوی زۆر جوان و فتنەجۆ لەناو ئەدیبانی هەموو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامدا باوە. نالی خۆی لە چەند شوێنی تردا، چاوی یاری بەنەخۆش داناوە:

١- وەك «طرە»ی پیچیدەیی تۆ ساغ و شکستم

وەك دیدەیی نادیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم

٢- ابــروان تـو طبیــبان دل افکـــارانـند

هر دو پیوستە ازان بر سر بیمارانند

جگە لە سستی بەهۆی «نەخۆشی»یەوە، چاوەکان لێرەدا لەبەر خەویش سست بوون.

چاوەکان نەك هەر سست، مەستیشن. چاو کە لە خۆوە مەست بوو، دەگاتە ئەوپەڕی جوانی.

نــالــی چــەنــد جـاران لــە وشەی «مـەست» سوودی بـۆ بـەیـتـەکـەی وەرگرتـوە: دوای ڕاگەیاندنی «جوانی»، یاریدەیێکی سستییەکەش دەدات، چونکە لە مەستیدا سستی پەیدا دەبێ. لە نیوەی دوەمی بەیتەکە مەعلووم دەکرێ چەندمان کار بە سستی و بێ هێزی هەیە. جگە لەمانە، وشەی «مەست» بە لەفز و واتاوە خزمی «مەستوور»ە و لەگەڵ «مخمور»یش هاو واتایە.

بەنەشئەی ئەم سستی و مەستییە، چاوەکە «مستور و مخمور» بووە.

وشەی «مستور» – کە عەرەبی بێ بە واتای داپۆشراو دێت و لە «ستر»ەوە هاتووە. کە «مەستوور»ی کوردیش بێ، بەواتای زێدە مەست دێت. مەستوور، وشەیێکە لە مەست وەردەگیرێ؛ وەك «ڕەنج، ڕەنجوور و گەنج، گەنجوور...». دەشگوترێ «مەند و مەستوور».

وشەی «مخمور»، ئەویش دوو واتای هەیە: یەکیان «سەرخۆش» کە لە «خمر – شەراب»ەوە وەرگیرابێت ئەوی تریشیان «ڕووپۆش کراو» کە لە «خمار»ەوە هاتبێ. لەمەڕا جارێکیان دەبێتە خزم و هاودەنگی «مەست» و جارێکیشیان هی «مستور».

واتە مەستیی چاوەکان لەگەڵ سستیی نەخۆشییان و هی خەو لێکەوتن و وەزعی کەوتنە سەر یەکتری برژۆلە و پێڵووەکانیان، وەها پەنهان و ژێر پەردەی کردوون هەر دەڵێی «ستار و خمار»یان بەسەردا هاتووە. چاوەکە پەنهانە، سستە، مەستە، بەرەو ئەوە دەچێ وەك خەوی لێ بەسەر بێ کە ئەویش پەنهانە لە چاوەکەدا. خەو بۆ خۆیشی «سستیی مطلق»ە.

کە ئەم هەموو سستی و مەستی پەنهانییە لەو چاوە خەو لێکەوتووانەدا کۆبووەوە، نالی هەقیەتی بشێوێ و بڵێ:

نەزانم خەو لە چاوتدایە یا چاوت لە خەودایە

لەم نیوە بەیتدا نالی گەیشتووەتە پایەیێك لە هونەر و هەستیارییدا کە بەڕاستی پێی دەگوترێ «اعجاز». بە تەنین و هۆندنەوەیێکی ساحیرانە، وشەی «مادی و معنوی» وەها تێکهەڵکێشاون و تێکەڵ بەیەکتری کردوون کە خەوی «موهوم» لەگەڵ چاوی «موجود»، وەك ئەصل و وێنەیان لێ هاتووە... لە یەکتر جودا ناکرێنەوە و نازانرێ کامیان لە کامیاندایە.

لە سایەی کفری زولفت دڵ «فنا فی النور»ی ئیمانە

مەڵێن «ظلمە» خراپە وەصلی پەروانە لە شەودایە

وشەی «ظلمە»، دوا پیتەکەی دەبێ بخوێنرێتەوە و نەکرێتە «هاء السکتە»؛ واتە ببێتە «ظولمەت – زولمەت» بەشێوەی خوێندنەوەی کوردی، تاکو کێشی تێك نەچێ.

لەسایە: لەبەر خاتر.

لە سایە: لە سێبەردا

کفر: پێچەوانەی «ایمان». شاردنەوەی حەقیقەت.

فنا ״فناء״ فی النور: نەمان و توانەوە لە ڕووناکیدا، وەك «فناء فی اللە» بەمەزهەبی صۆفییان.

پەروانە: ئەو پەپوولەیەیە کەوا شەو بەدەوری ڕووناکیدا دەخولێتەوە.

لەم نیمچە ڕستەیەی «لە سایەی کفری زولفت»، نالی چوار تاریکایی کۆکردووەتەوە:

١- سایە: بەواتای سێبەر.

٢- کفر: کە داپۆشینی ڕاستییە و بەلای موسڵمانەوە، شەوەزەنگ خۆیەتی.

٣- زولف: کە ڕەنگەکەی ڕەشە و وەك شەو بەسەر ڕووناکایی ڕوویدا هاتووە.

٤- شەوەکە خۆی کە لە تێکڕای بەیتەکاندا هەیە.

لە سایەی کفری زولفت دەشێ «بە هۆی کفری زولفت وە یاخود سێبەری کفری زولفت»ەوە بێ.

زولفەکەی داناوە بە «کفر» لەبەر سەختی و خەستیی ڕەشایی ڕەنگەکەی. کفریش «شاردنەوەی ڕاستییە». لەوەڕا زولفەکە و کفر هەر دوویان وەك یەکترن؛ چونکە زولفەکەش ڕووناکایی ڕووی داپۆشیوە. ڕووەکەش وەك «نووری ئیمان» وایە لەبەر زێدە پاکی و سپیەتی و بێ گەردیی.

دڵەکەی «فنا فی النور» بووە، لە ناو ڕووناکایی «فانی»بووە و تواوەتەوە.

لە سایەی کفری زولفت یاخود لە بن سێبەری کفری زولفتدا، کەوا ڕەش ڕەش کەوتووەتە سەر سپیەتیی ڕوخسارت وەك کفر بەسەر ئیماندا بێ، دڵەکەم فانی بووە لەو نوورەدا کە وا لەبن سایەی کفری زولفتەوەیە؛ یاخود شیدەتی کفری زولفت هێندەی لە جوانی ڕووی تۆ زیاد کردووە، دڵم بۆی فانی بووە. تاریکی و کفر و سێبەر، دەوری ئەو نووری ئیمانەیان داوە کە ڕووی تۆیە.

نالی هەر چەند ناوی «ڕوو» ناهێنێ، بەڵام بەهۆی تێکڕای مانای بەیتەکە، بەتایبەتی لە وشەی زولفەوە، لزووم بەوە نەماوە ناوی بێنێ.

مەڵێن «ظولمت - زولمەت»، خراپە وەسلی پەروانە لە شەودایە؛ تازە کێ ڕێی هەیە باسی تاریکایی بکا بە خراپە.

ئەو شەوەی کۆتایی بەیتەکە، چ شەوی ڕاستەقینە بێ کە نالی تێیدا چووە بۆ پارێزی یارەکەی چ سێبەر و کفری زولف بێ کە ڕووی یاریان لەناو خۆیاندا گرتووە و بەناو واندا نالی لێوی بۆ دێنێ، لە هەر دوو حاڵدا نالی، وەك ئەو پەروانەیە وایە کە لە تاریکایی شەودا دەوری شەوقی مۆم یا ئاگر هەڵدێ و بەوەصلی دەگا؛ هەر چەند لەو وەصلەشدا دەسووتێ. دڵی نالیش کە «فنا فی النور» بووە، پەروانەیە و بەئاوری وەصل سووتاوە لە شەودا، کە شەوی ڕاستەقینە یا مووی زولف بێ.

هەناسەم زولفەکەی لادا و مەیلێکی نەکرد چاوی

نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابرد و نەرگس هەر لە خەودایە

ئەم بەیتەیان هەم لەبەر ئاشکرایی واتاکەی هەم لەبەر ناوبانگی زۆری، لەوە دەرچووە پێویستی بە شیکردنەوە هەبێ. هێندەش نازکە لە ڕووی داڕشتن و واتاو وێنەکێشان و تەشبیهەوە، دەستی لێ نەدرێ چاترە. وەك بەلوورێکی پاك و ساف و بێگەرد وایە، هەموو شوێن پەنجەیێکی لێ دەبێتە عەیب. (لەمەوپێش بۆ زمانی بێگانەش تەرجەمە کراوە).

برا نالی ئەگەر ڕاستت کردبێ کە دەڵێی «نەرگس هەر لە خەودایە»، سوێند بەشاعیریی و خوولیا و دڵداریت دەخۆم، نەتوێراوە هێندە لێو لە لێو و ڕوومەتی توندکەی بەخەبەری بێنی.

دیتوومە بەیتەکە وەها نووسراوە وەك من نووسیومە؛ لە هەندێ نوسخەی تردا «چ مەیلێکی نەکرد چاوی»، نووسراوە.

من کاری زۆرم بە بەیتی کۆتایی غەزەلەکەوە هەیە.

لە «دووری» تۆیە ئەی خورشیدی پرتەو بەخشی شەو گەردان

کە نالی وا لە حالاتی محاقی ماهی نەودایە

ئەوەندەی گوێم لێ بووبێ، یەکێك ئەم بەیتەی خوێندبێتەوە یاخود واتاکەی لێکدابێتەوە، وشەی «دور»ی سەرەتای بەیتەکەی بە«دوور، دوور - بعید» خوێندووەتەوە. بەو پێیە دەبێ لە نووسیندا، بەم شێوەیە بنووسرێت «لە دوَریَ تویە». کە بیخەینە سەر ڕێنووسی زۆربەی نووسەرانی ئەم ڕۆژانەمان، دەبێ وەك ئەمەبێ: «لەدووریی تۆیە». لە نوسخەی دیوانەکانیشدا، چ دەسخەت، چ چاپکراو، هەر وەها نووسراوە. کە ئەمە قبووڵ کەین، واتاکەی وەك ڕواڵەتی وشەکان ڕای دەگەیەنن وەها دەبێ:

لە دووریی تۆیە ئەی ڕۆژی ڕووناکایی بەخش بۆ ئەوانەی بەشەو دەگەڕێن، کەوا کەوتووەتە حاڵەتی هیلالی نوێ لە محاقدا؛ واتە بەهۆی دوورییەوە لە تۆ، نالی وەك هیلالی نوێ کەوتووەتە حاڵەتی محاق و نەمانەوە.

ئەم واتایە - کە هەموو ئەو ئەدیبانەی من دیومن پێی ڕازین - تەڵەیێکە و نالی بۆی ناوەتەوە؛ بەتەڵەوەش بوون.

نالی لە هەر پێنج بەیتی پێشووتردا باسی نێزیکیی خۆی دەکا لە یارەکەی، تا دیتمان لێوی گەیاندە دەم و لێوی، ئەم دوورکەوتنەوە لە کوێوە هەڵقوڵی؟

ئەوەی راستی بێ کە بێی و لە تەڵەکە ڕەهابیت، دەبینی هەرچی دوورییە لە بەیتەکەدا نییە. بەپێچەوانەوە، ئەنجامێکی ئاسایی و یەکجار شاعیرانە و دڵدارانەی هەر پێنج بەیتی پێش خۆیەتی. ئەم بەیتەیان لە هەمووان پتر نێزیکی نالی لە یارەکەی نیشان دەدا، تاکوو دەتوانین بڵێین غەزەلەکە مشت بووە لە وەصل و نێزیکی، با بزانین چۆن:

وشەی «دور» لە ڕێنووسی کۆندا دوو جۆر خوێندنەوە هەڵدەگرێ، یەکێکیان ئەو تەڵەیە بوو باسمان کرد "دوور – دوور بەواتای بعیدی عەرەبی"؛ جۆری دووەمی «دەور»ە کە بەواتای تەنیشت و ڕۆخە.

واتە ئەی خورشیدی ڕۆناکی بەخش بۆ ئەوانەی بە شەو دەگەڕێن کە نالی خۆی یەکێکە لەوان و بەشەو چووەتە بالینی یارەکەی، لەبەر نێزیکی لە دەور و تەنیشتی تۆدا نالی کەوتووەتە حاڵەتی محاقی مانگی نوێ. مانگ کاتێك دەکەوێتە حاڵەتی «محاق» کە یەکجار لە ڕۆژەوە نێزیك بێ، نەك لێی دوور بێ، کە لێی دوور کەوتەوە، دەبێتە «بدر».

مانگ هەتا لە ڕۆژەوە نێزیك بێ جورمی نامێنی. بەو پێیە هەرچەند لە ڕواڵەتدا «محاق»، نەمان و فۆتان ڕادەگەیەنێ، لە ڕاستیدا ئەوپەڕی نێزیکی و گەیشتن بە یار، لەو محاقەدایە. نالی هەرگیز لەو حاڵەی خۆشتر نەبووە و نابێ کە هێندە لە یاری نێزیك بووەتەوە، وەك هیلالی کاتی محاقی لێ هاتووە و لەگەڵ ڕۆژدا جووت بووە.

وشەی «شەوگەردان»، واتای «شەوگێڕەوە» یشی هەیە. شەوگەرد، جانەوەرێکیشە وەك ماناکەی بەشەو دەگەڕێت. نالی ڕێی هەیە خۆی بەهیلالی حاڵەتی محاق دابنێ؛ چونکە یارەکەی دانا بەخورشید و خۆیشی لە نووری ئەودا غەرق بوو بوو.

سرنجێکی ورد بگرە لە «ما هی نەو»، ئەو وشەیەی «نەو» ،پێویستی قافیە، داخوازیی نەکردووە؛ واتای شیعر و هەڵوەستی نالی خۆی بە«ما هی نەو»، نەبێ ڕاست نایێ. بابڵێم زێدە جوانیی بەیتەکە، بە هۆی ئەم وشەیەی «نەو»، پەیدا بووە.

هیلال لە دوو حاڵدا، خۆی لە محاقدا دەبینێ: یەکەمیان، لە کۆتایی مانگ؛ واتە ڕۆژی ٢٩ وەیا ٣٠ مانگی عەرەبی. لەم حاڵەدا هەڵاتنی لەگەڵ ڕۆژ لە سبەینەدا دەبێ.

دووەمیان، ئەو محاقەیە کە وا بەر سەرەتای مانگ دەکەوێ؛ واتە هیلالەکە لە محاقی سبەینەوە کەم کەمە بەرەو دوای قورصی ڕۆژ دەبێتەوە تا وای لێ دێ ئاوا بوونی مانگەکە لە ئێوارەدا دەکەوێتە سەر حیسابی شەو.

لەمەڕا مەعلووم دەکەیت هیلالی محاقی مانگی کۆن، بەسەر ڕۆژی ڕووندا دێت کە ئەمە هیچ لەگەڵ وەزعی نالیدا ڕێك ناکەوێت. بەڵام محاقی «ماهی نەو»، ئەو محاقەیە کە هیلالەکە تێیدا بەرەو شەو دەبێتەوە، کە ئەمەیش حاڵی ڕاستەقینەی "نالی"یە. کە دەشڵێ «حالاتی محاقی ماهی نەو»، هەموو سەر و بەرێکی ئەو محاقە و ئەنجامەکەی دەگرێتەوە؛ چونکە «حالات» - کە جەمعە بەبەریەوە هەیە - حاڵی ئێستاکە و دواییش ڕابگەیەنێ، لەو ڕووەوە کە وا هیلالەکە وردە وردە لە محاق دەردەچێت و دەبێتە یەك شەوە و دوو شەوە و... هتد.

نالیش وەك ئەو هیلالە وایە لە کۆتایی شەودا لە یارەکەی دوور دەکەوێتەوە، «وجود» پەیدا دەکاتەوە. چ سەیر نییە، دوای ئەو خۆشییە زلەی گەیشتن بەیار و وەدەستهێنانی پیرۆزی و سەرکەوتنی وەها گەورە، نالی وەك مانگ لە زیادکردندا بێ.

وەك گوتم شیعرەکان تەجرەبەیێکی زیندووی سەردەمی گەنجایەتیی نالی دەگێڕنەوە. دەمودووی هەڵبەست ئەوەندە نەفەس گەرمە ڕێ نادا خەیاڵ بۆ هێندێ بڕوا کە وا نالی بەزیهن کاری و وشەسازیی و دەسەڵاتی شاعیریی خۆی، ئەم وێنە ئەفسووناوییەی لە وەهمەوە هێنابێ. سەیرکە: چونکە حیکایەتەکە ڕاستە، نالی چەند زمانی گرتووە لە وشەی پاتەویات «صریح». ئەگەر «مەڵێن زولمەت خرایە» و «هەناسەم زولفەکەی لادا» و ڕستەی وەها سەر پۆشکراو نەبان، لە وانە بوو بیریشمان لەوە نەکردباوە کە نالی ڕووداوێکی ڕاست دەگێڕێتەوە، لەو هێرشەی کە بۆ سەر «مەستوورە»ی بردووە؛ چونکە هەموو قسەکانی زادەی خەیاڵن و هەڵبەستراون، جڵەوی بۆ قەڵەمی شۆڕ کردووەتەوە، بێ پەروا زار شرپیی خۆی دەکا. وا دەزانم لە ڕووی تەمەنەوە، ئەم برە شیعرە و هێرشەکەی سەر مەستوورە هاو چەرخ بن. گوتەی بەرامبەر «مەستوورە» و کردەوەی ناو ئەم بەیتانە لە تەمەنی گەنجایەتی دەوەشێنەوە؛ گەنجایەتیش، جارێکە و نابێ بە دوو.

***

بەشی دووهەم

لە بەشی یەکەمی ئەم گوتارەدا بەخوێنەرم ڕاگەیاند، باسی «ناوەڕۆك» بەگشتی و بەجۆرێکی لێی بوەشێتەوە، لەوێدا جێی نابێتەوە. ئەوەشم خستە سەر قسەکانم کە درێژەی باسی ناوەڕۆك بەناچاری کەوتە ناو بەشی دووەمی کتێبی «حاجی قادری کۆیی»یەوە؛ چونکی لە بەشی یەکەمدا جێی نەبووەوە هەرچەند دەمێکیشە لە نووسینی بوومەتەوە. بەداخەوە، ئەم باسە بەدبەختە لە بەشی دووەمی «حاجی قادر»یشدا بێ مراد بوو؛ دەبێ چاوەنۆڕی بەشی سێیەمی بێت.

لە بەشی یەکەمی ئەم گوتارەمدا، کورتەییێکی بیروباوەڕی خۆم لە بارەی ناوەڕۆکەوە نووسی و بەدوا ئەودا کەوتمە سەر دۆزینەوەی واتای سەر بەکۆمەڵایەتییەوە لە هەڵبەستەکانی نالیدا. مەنتیقی نووسینەکەم لێم داخوازی دەکات، کە من ڕێم نەبێ بەدرێژی لەسەر «ناوەڕۆك» بنووسم، دەبێ دەورێکی سەرەباسی «ناوەڕۆك لە شیعری نالی» بدەم کە خۆی یەکێکە لە سەرەباسە بنجییەکانی ئەم گوتارە و قەرزێکە بەسەریەوە؛ بەڵام لە نووسینمدا نامەوێ پێشبڕکێ لە خۆم بکەم، بۆ مەبەستی زووتر گەیشتن بەشیکردنەوەی ئەو سەرە باسە. من جڵەوی قەڵەمەکەم ناوەتە دەست هەڵبەستی نالییەوە، بۆ چ لایێکی ببات بەدجڵەویی لەگەڵدا ناکەم. بەپێی باوەڕی خۆم لە هەر شوێنێکی گوڵزار و چەمەنزاری ئەدەبی نالی، گەشتی دڵ و زیهن بکەین، خۆشیێك دەدۆزینەوە کەوا لەوێدا نەبێ نادۆزرێتەوە، لە کیسدانیشی جێی پڕ نابێتەوە.

بێگومان باسی ناوەڕۆك لە شیعرەکانی هەر بەوەندە تەواو نابێ بڵێین لایەنی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و دەستووری بەیەکەوە ژیان لە نوکتە و وردەکارییەکانی دەدرەوشێنەوە و بەوەدا نالی لە توهمەی وشکە مەلەی خەیاڵ بازیی ڕووت و ڕەهەوا کەوتنی هونەری سەراوی و بێ بنجی مادی بپەڕێنینەوە، ڕاستی گوتە ئەمەیە، ئەوەندە

دوانە کورتە سەرەتاییێکە لە باسی پڕ دەنگ و سەدای ناوەڕۆك لە شیعری "نالی" دا.

بەڵام بەر لەوە هیچ بڵێم لە بارەی ئەو ناوەڕۆکەوە، پێویستە تێبینییەکی گرنگ دەربڕم، وەك پێپلکە بێ لەبەر هەنگاومان بەرەو ژوور و سەرە بۆ ناو واتا و ناوەڕۆك لە باغ و ڕاغ و گوڵ و گوڵزاری نالی کە خۆی زۆر ڕاستگۆیانە و بەئینسافەوە بانگ هێشتمان دەکا بۆی، بەم دێڕە شیعرەی وەك کارتی بانگ هێشتن:

وەرە سەیــری خــیــابــانــی بــەیــازی دەفــتــەری (نــالــی)

کە صەف صەف (مصرع) ی بەرجەستە ڕیزی سەروی مەوزوونە

تێبینییەکەم بریتییە لەمە: مرۆڤێك کە گەیشتە پایەی نالی لە بوێژییدا، هێندەی بەدیهیە، دیارە مەیدانەکانی پڕ دەمەتەقەی وەك بەهرەی خۆڕسك و هەست و نەست پڕبوونە لە دیمەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارەزا بوون لە زانست و هونەری باوی ڕۆژگاری خۆی و پەیداکردنی قەناعەتی تایبەتی لەسەر جوملەی بوون و مردن و ژین و چاکە و خراپەدا. ئا ئەم مەیدانانەی هەموو پێچاوەتەوە و کردوونی بەیەکێك لە گۆڕەپانە مەعنەوییەکانی ناو جیهانی فراوانی دەروونی خۆی؛ ئەوسا گەیشتووە بەو دەسەڵاتە کە شیعری وەها بهۆنێتەوە، خەریك بێ لەبەر پڕ مەعنایی و نوکتە و نازکی بتەقێتەوە.

هەڵخنینی شیعر بەواتا و هونەر کارێکە نە هی بەهرەی تەنها، نە هی پێگەیشتنی تەنهایە. دەبێ بەهرە و پێگەیشتن، واتە زات و بابەت (دەروون و دەرەوە) لە هەڵخنیندا بەشدار بووبن. لەم بەشدارییەشدا بەڕادەی لەنگەر ڕاگرتن و پارسەنگ کردنی هەردوو لایان، دەسەڵاتی شاعیر خۆ دەنوێنێ. فەرموو سەیرێکی ئەم دوو نموونەیە بکە لە شیعری نالی کە پارسەنگ بوون و لەنگەر بەستنی باسکراویان تێدا بەدی دەکرێت. نمووی یەکەم:

«طرّە»ت وەکو توومای شکستە و سەری کوڵمت

بــۆ نــووری سەوادم بــووەتــە شەمــعــی مــوتــاڵا

نموونەی دووەم:

لەم «پارچەلۆکە» هەورە بەقەد ڕووی هەموو زەمین

بــەم ڕایــەڵــە قــەدیــفــەیــی سەوزی عــەجــەب تــەنــی

لە نموونەی یەکەمدا، چی لە توانای ئادەمیزاد بێ، لە واتای سەر بە نووسین و

خوێندنەوە و تاریکی و ڕووناکی و ڕاگرتنی هەر چشتە، بەرامبەر هەم جینسی خۆی و دارشتنی قاڵبی جوانی لەناو بۆتەی عیشق و تێکئاڵاندنی حەقیقەت و مەجاز و تێوەرپێچانی تەوریە بەدەوریانەوە؛ هەمووش لە دوازدە وشەدا. تۆ سرنج بگرە لە تاکە وشەی کۆتایی بەیتەکە کە «موتاڵا» (مطالعە)یە، چۆن بە تەنها لەلای خۆیەوە بووەتە ئاوێنەی قودرەت هەموو تیشکێك دەداتەوە کە لە وشەکانی «طرّە، توومار، شکستە، کوڵم، نوری سەواد، شەمع»، هەڵبستێتەوە. وشەی شکستەش بەهەردوو واتای «بەسەریەکدا شکانەوەی مووی طرّە ـ خەتی شکستەی فارسی کە طرە و توومارەکەی پێ نووسرابێ» لە ئاوێنەکەدا دووبارە دەبێتەوە. هەروەها وشەی «سەواد»، ئەویش بەهەر سێ واتای «ڕەشایی شەو، ڕەشکێنەی چاو، خوێندەواری». خۆشت دەزانیت، شەمع لە شەودا پێ دەکرێت، تاکو چاو شتی لەبەر بخوێنێتەوە، با ئەو شتە تووماری شکستەش بێ.بەڵێ وشەی «موتاڵا»، ئەمانە بەتێکڕایی عەکس دەکاتەوە بێ ئەوە، یەك زەڕڕە لە تیشکی هیچ کامێکیان بەخەسار بدات. کە بێین و لەناو هەموو وشەکاندا، بێ دەستبژارکردن، وشەی «توومار» هەڵبژێرین و دۆزینەوەی دەسەڵات و بلیمەتی شاعیریەت تێیدا، شەپۆل شەپۆل، ئاورینگی ئەو دەسەڵات و بلیمەتییە بەڕووماندا دەپژێ. توومار لە لایێکەوە شتێکی نووسراوە؛ هەم لەگەڵ «طرە» دا دەگونجێ کە نووسینی تێدایە و لە و ڕێگەیەوە بەیەکتر تەشبیە کراون؛ هەم دەبێتە ئەو پێشەکییەش کە لە ئەنجامی بەیتەکەدا موتاڵا دەکرێ، هەر چەند لە بەیتەکەدا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی موتاڵا بە وشەی «سەری کوڵم» دەوەیە کەوا بووەتە «شەمعی موتاڵا».

دیسانەوە تۆمارەکە کە جێگیری «طرّە»یەوە بەبەر ئەو گیراوە، هەر خۆی دەبێتەوە ئەو شەوە تاریکە درێژەی کە دەوری سەری کوڵمی داوە و ئەویش تێیدا بۆتە «شەمعی موتاڵا» کە لە شەودا هەڵدەکرێت، ڕەشایی و درێژیی شەوەکەش بەهۆی وشەی تۆمارەوە لە بەیتەکەدا لەوەڕا دێت کە تۆمار لە لایێکەوە مەشۆرە بەدرێژیی لە لایێکی تریشەوە مووی ڕەشی «طرّە»ی یاری پێ تەشبیە کراوە. تۆمارەکە سەرەڕای بەدەستەوەدانی (ڕەشایی و درێژیی) کە هەم جینسی مووی «طرّە» و شەون، جارێکی تریش وەسفی جوانی مووەکە دەکات بەهۆی وشەی «شکستە»وە کە رادەگەیەنێ داوە ڕەشە درێژەکانی مووەکە چین چین بەسەر خۆیاندا شکاونەوە لە لایێکی تریشەوە ئەم تومارە کە بەوێنەی بەرچاو «شکستە» و بەسەرخۆیدا شکایەوە بوو لە هەمان کاتدا تۆمارێکی نووسراوە بەخەتی «شکستە» کە جۆرێکە لە ڕێنووس و زۆر باو بوو لەو سەردەمە

ڕابـردووەی ڕۆژگـاری نـالـیدا، بـەوەشدا «طرّە»ی یـار بـەتـەواوەتـیی دەبـێتە بـابـەتـی موتالاکەی کۆتایی بەیتەکە. لەمانە هەمووی گەڕێ و بەچاوێکی دڵ و دەروونت سەیرێکی ئەم دیمەنە ئەفسووناویەی دەورەدانی تورڕە و تۆمارەکە لە کوڵمی یار بکە کە بۆتە شەمعی موتالا، لێت دەشێوێ و نازانیت موتالای تۆمارەکە بکەیت لەبەر شەوقی مۆمی سەری کوڵمی یاخود لە ناو شەوەزەنگی مووەکاندا موتالای مۆمەکە خۆی بکەیت کە سەری کوڵمیەتی.

لە نموونەی دووەمدا نالی شارەزایی بەسروشت و بەکۆمەڵایەتی وێکڕا کۆ دەکاتەوە و دەستڕەنگینانە تابلۆیێکی هونەریی ئەفسووناویی ئەوتۆ لە کۆکردنەوەی هەردوان پێك دێنێ و بەچەشنێك لە تابلۆکەدا تێکیان هەڵدەکێشێت و دەیانهۆنێتەوە مرۆڤ نازانێ کامیان کامن.

(پارچەلۆکە)ی هەورەکە دەشێ بەواتای پارچە پەمۆ بێ، یاخود بەواتای پارچەی بچووك بێ کە بڵێین قاڵبە دارشتنی «تصغیر»ی پارچەیە، وەك دەڵێی «تەشیلۆکە، جۆگەلۆکە..»، ئا ئەم پارچەلۆکەیەی هەور لە بەرزاییی ئاسمانەوە بەرایەڵەی داوی باران دەبێتە قەدیفەی سەوز و ڕووی زەمین دەتەنێ بەسەوزاییی بەهار، چەند سنعەتکارێکی شارەزایە کە دەتوانێ ئەم کارگەیەی تەنینی قەدیفە لە هەور و باران پێك بێنێ و لە لۆکەی هەور (یاخود لە هەوری کەم)، قوماشی سەوزی بەرین بچنێ بەقەد ڕووی هەموو زەمین. سنعەتکاری و وەستایی لەم چنین و تەنینەدا دوو جاران موعجیزە پێك دێنن، یەکەمیان، لەوەدا کە هەوری کەم دەکاتەوە قەدیفەی زۆر دووەمیان کە ڕەنگی هەورەکە لە سپیەوە دەگۆڕێ بە سەوز چ دەرمانێك و ئەجزایێکی کیمیاویشی بەکارنەهێناوە. گەلێك ڕاستەقینەدا هەر بەقەد بەیتەکەی نالی ڕێکوپێکە و هەر هێندەی ویش زەحمەتی تێ دایە؛ چونکە بەڕاستی هونەرەکەی نالی لەم بەیتەدا، هەموو سنوورێکی بەرچاوی هونەر و شیرنکاری و شۆخی و دەستڕەنگینی تێ پەڕاندووە.

خواجە «کلیم همدانی» لە وەسفێکی بەهاردا ئەم بەیتەی گوتوە کە ئەویش بەڕاستی شاکارێکە یەکجار کەم مانەندە:

از بهر سبقت بیرون شدن شکوفو برگ

در تنگنای شاخ درخت می کنند جدال

واتە « بۆ پێش برکێی زۆرکردن لە هاتنە دەرەوە، گوڵ و گەڵا لە تەنگژەی لکەداردا

زۆرەملێیانە»، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو جوانی و هونەرەشدا، بەیتەکەی «خواجە کلیم» لە تەك هینەکەی نالیدا ئەوەندە مەحدوود دێتە بەرچاو، دەشێ ببێتە، نەقشێکی ئەو قەدیفەیەی ناو بەیتەکەی نالی.

نامەوێ غەدر لە کەلیم بکەن، بەشکاندنی بەیتەکەی لە ڕێی هێنانەوەی هەموو واتای بەیتەکەی نالی کە لە سروشتی بەهاری تێ پەڕاندوە و بەولای بەهارەوە باوەشی بەکۆمەڵایەتیدا گرتوە و هەردووکیانی پێکەوە کردووە بەکەرەستەی ملکەچی بۆ هونەر و جوانی لە حاڵێکدا، بەیتە نازدارەکەی کەلیم وەك بووکی جوان، لە ناو کەژاوەی سروشتدا خەملیوە و ئاورینگەکانی لە پەردەی دەوری کەژاوەکەوە ئاودیو نابن بۆ کۆمەڵایەتی، بەڵێ نە بەیتەکەی کەلیم دەشکێنم بە خنکاندنی لە ناو تۆفانی واتای شیعرەکەی نالی، نە لێرەشدا چ ئیشێکی زۆرمان هەیە بەقوولبوونەوە بۆ تەختی بنی گۆمی بەیتەکە، چونکە لەو نموونانەدا تاکە نەبەس ئەوە بۆ ڕاستێیکی گرنگی ئەدەب روون کەینەوە کە بریتییە لەوە هەڵاخنینی شیعر بەواتا و جوانی تا رادەی مشتبوون و لێ ڕژان، کاری تاکە هۆی هونەر وەیا تاکە هۆی پێگەیشتن نییە، هەردوو هۆ دەبێ کۆببنەوە تا بتوانن ئەفسوونی بەهرە وەرگێڕنە سەر گوتەی زمان، لە کۆبونەوەشیاندا بەڕادەی لەنگەر بەستن و پارسەنگ بوونی هەردوویان لە دۆ دەستەی تەرازووی بەیتی هەڵبەستدا دەسەڵات و هێز و دەستڕەنگینیی شاعیر خۆ دەنوێنێ. کە سەرنجت بدەیتە دوو نموونەی سەرەوە، دەبینی ئەم لەنگەر بەستن و پارسەنگ بوونە، لە هەردوو بەیتەکاندا بەچەشنێك لە سەرانسەری داڕشتنی رستەکانیان داوەستاوە و هێندەیان وەستایی تێ دایە لە لای خۆیانەوە بەزیادەوە لە شیرینی و ئارایشتی هەردووان زیاد دەکەن. من لێرەدا مەسەلەیێکی کوردیم بەبیر دەکەوێتەوە کە «خوا بدا، پیغەمبەریش نەختێکی دەخاتە سەر». تۆ سەیری (پارچەلۆکە) بکە کە گوتم دەشێ «پارچە لۆکە، پەمۆ» بێت و دەشێ «پارچەلۆکە، پارچەی بچووك» بێت کە قاڵبە داڕشتنی چووك کردنەوەی «لۆکە»یە، چۆن بەم دوو واتایە لەنگەری خۆی راگرتووە هەم لەگەڵ کەرەستەی دروست کردنی قەدیفە کە لۆکەکەیە، هەم لەگەڵ مەهارەت ئیعجازکاریی بەهار کە لە پارچەیێکی بچووکی هەور بەپانایی رووی زەمین، سەرپۆشی قەدیفە دەتەنێ. لە بیریشت بێ، نالی ئەم هەڵسووڕ و داسووڕە هونەرەکارانەی بێ سەروبن لە ناو تەنگژەی پێداویستی کێش و قافیەدا دەکات، کەچی هەر دەڵێی سواری قالیچەی سلیمان پێغەمبەر بووە و لە ئاسمانی بەربەرەڵڵای بێ سنووردا پێی دەفڕێ.

که وتوویژمان سەری کێشایە سەر لەنگەر بەستن و پارسەنگ بوون، لەو ناوەشدا نموونەی بەراورد کردنمان لە شیعری شاعیرێکی فارس هێنایەوە کە «خواجە کلیم هەمدانی» بوو، وا بەچاك دەزانم نموونەیێکی پێشکەوتوو لە شیعری شاعیرێکی بەناوبانگی کوردیش بێنینەوە بۆ مەبەسی بەراوردکردنی بێ تەرەفانە لەو ڕووەوە کە ئەم جارەیان هەردوو شاعیر کوردن و خەڵقی ناوچەیێکیشن. پیرەمێرد ئەم بەیتەی بەسەر زاری (زین)دا هێناوە

خەنجەرە بۆ دڵە گەر راستت دەوێ

ئاخ مەمی تیایە نەك بەری کەوێ

نالی ٧٠ساڵ پتر بەر لە پیرەمێرد دەوری واتای ئەوتۆیی هەڵاتووە و بوونی خەیاڵی یاری لە دڵدا بەم بەیتە جوان و نازدارە نەخشە کێشاوە:

تۆ کە حۆری وەرە نێو جەننەتی دیدەم چ دەکەی

لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سوزانمدا

گەلێك لە شاعیرانی کورد و غەیری کورد ئەم واتایەیان کردووە، بە بنگەی هەڵبەست و هەریەکەیان بەپێی دەسەڵات وێنەی ئەم هەلکەوتە خەیاڵییەیان کێشاوە. چەندێکی شاعیر بێن و واتاکە دووبارە بکەنەوە من بێزار نابم، بەڵام تاکە مەرجێکم لە دووبارە کردنەوەکەدا هەیە: شاعیر دەبێ لە کوتانەوەی واتای تەقلیدیدا، شەقڵێکی تایبەتی خۆی بەکاربێنێ کە هەڵبەستەکەی لە نۆکەری و خزمەتکاریی هەڵبەستی لە خۆی بەپێشەوە رزگار بکات.

لێرەدا قسەمان لەگەڵ چەند و چۆنی سەر جوملەی بەکارهێنانی ئەم واتایە نییە، کات و دەرفەتیشمان چەنگ ناکەوێ، نموونەی دەیان شاعیری کورد و میللەتانی تر بێنینەوە و بەیەکتریان بگرین و پایەی لێ وەشاوەییان بۆ دەستنیشان کەین، تەنانەت رێمان نییە لە شیعری نالی خۆی نموونەی شی کەینەوە کە ئەویش وەك ئەم بەیتە دەوروپشتی واتای تێ خزانی وێنەی یاری لە چاو و دڵ و مێشکی عاشق داوە وەك غەزەلی:

جەنانی وەك جینان کردم بەماوا

حەبیبەی (ماڵییاوا) ماڵی ئاوا

هەر لەم غەزەلەشدا، پەردەی بووکێنی لە ناو چاوەکانیدا جێ دەکاتەوە کە دەڵێ:

زەفافەتگاهی پەردەی ئاڵی چاوم

موبارەك حیجلە بێ بۆ بووك و زاوا

لێرەشدا بووك و زاوا و پەردە و زەفافەتگاه ،هەموویان لە وصاڵێكی بەچاودیتندا كۆبونەتەوە، نەك بەگەیشتنەیەكتری دوو لەش.

من لە خەریكبوونم بە دوو نموونەی یەك واتا لە هەڵبەستی نالی و پیرەمێرد، كە بەشێكە لە ناوەرۆكی گوتارەكەم، ئا لەوێشدا هەر لە رووی ڕەچاوكردنی لەنگر بەستن و پارسەنگ بوونی لایەنەكانی جوانی و هونەر و ئارایشت و واتا لە ناو نموونەكاندا بیروباوەڕم دەردەبڕم دەخلم بەسەر قووڵبوونەوە بۆ بنی گۆم و گەشت كردن لە بەرینایی هەڵبەست نییە لەم دوو نموونەیەشدا نامەوێ دوو شاعیر، پیرەمێرد و نالی، بەرامبەر یەكتر ڕاگرم؛ چونكە دیارە تاكە بەیتێكی ئەم و ئەویان نابێتە تەرازووی هەڵسەنگاندنی هەموو ئەدەب و هونەر و دەسەڵاتیان، لەوە زیاتر كە دەسەڵاتی نالی لە یەكێك لە هونەرەكانی بوێژیدا ڕاگرین لە ئاوێنەی بەراوردكردن لەگەڵ نموونەی هاوبابەتی خۆی چیترم مەبەس نییە. لەم ڕێچكۆڵە تەسكەوە، بۆ سەر خوانی بەراوردكردن دەڕۆم و دەڵێم پیرەمێرد وێنەی خەیاڵی مەمی لە ناو دڵی زیندا داناوە بەرامبەر خەنجەرێكی ماددی و بەمەدا خەیاڵ و ماددەی بەرەنگاری یەكتر كردوون، وەك دوو شتی یەك چوون و هەتاو، لە وشەكانی هەڵبەستیشدا نە تاكە وشە نە كۆمەڵە وشەی ناوی ڕستە هیچ تەوجیە و وەرامێك بەدەستەوە نادەن لە ئاست ئیعیترازی كەسێكدا كە بڵێ تارمایی و خەیاڵی ناو دڵ مەترسیی لێ ناكرێ بەر خەنجەر بكەوێ، ئەم دەست پاراستنەی زین بۆ چی؟ بەڵێ ئێمە لە لای خۆمانەوە و لەدەرەوەی هەڵبەستەوە، دەتوانین وەرام بدەینەوە و بڵێین هەست كردنی زین بەبوونی مەم لە ناو دڵیدا هێندە بەهێزە وەك ئەوەیە كە بەڕاستی لەناو ئەو دڵەدا بێ نەك بەتارمایی، بەڵام ئەمە یارمەتیدانە بۆ بەیتەكە لە لاوە و لە دەرەوەی ڕا كە نابێتە دەربازبوونی ڕاستەوخۆ لە ئیعتراز. ئەمە ڕاستییەكە چ دەمەتەقە هەڵناگرێ، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بڵێین یارمەتیدانەكە ناگاتە پایەی خێر و سەدەقە پێ كردن چونكە بە بەر سۆز و تاسەی عیشقەوە هەیە پریشكی ئاگری خۆی لە دڵێكی زامدارەوە بۆ دڵێكی تری هەستیار باوێژێ و سفت و سۆ و ورێنەی خۆی لەوێشدا بەخەبەر بێنێ و خەیاڵی مەعشووقی خۆی بەهەموو سفت و سۆ و ورێنەكانی عیشقەوە بێنێتە بەر هەستی ئەو دڵە هەستیارەیشەوە. كەواتە، یاریدە دانەكە شتێكە لە داخوازییەكانی عیشقی سووتێنەر كە

لە بەیتەکەدا دایە نەك لە عیشقی «مطلق»دا بەڵام هەر چۆنێك بێ، ڕەواندنەوەی ڕەخنەکە کاری من و تۆیە کە لەسەر بنگەی بەیتەکەوە هەڵیدەستێنین، زەنەی ئاساییی خودی بەیتەکە نییە... ڕاگەیاندنی یەکسەرەی وشە و داڕشتنی نییە، ئەگەر شاعیر هاتبا و بیگوتبا خەنجەر لێدانەکە خانە لە مەم دەشێوێنێ ئەوسا هیچ ڕەخنەیێك نەدەهاتە بەر بەیتەکە چونکە کە ئێمە قبووڵمان بێ، وێنەی مەم لە دڵی زیندا هەبێ، قبوولیش دەکەین، بریندار کردنی دڵەکە ئەو خانەیە بشێوێنێ، کە وابێ هەق دەدەینە زین دەست بپارێزێ لە شێواندنی خانەی مەم، کە دڵی زینە.

ڕەنگە، خوێنەر لێم بە دەنگ بێ و بڵێ کەی بووە لەگەڵ شیعردا ئەم «مەنطق» کارییە؟ ئەوەی ڕاستی بێ لەشیعردا ڕێ بە ڕەخنەگر نادرێ لە دەرەوەی شیعرەوە «منطق» و فەلسەفە بێنێ و بیکا بە ڕەخنە لە شیعر، بەڵام «منطق»ێك لە ناوەڕۆکی شیعرەکەوە هەڵستێ و خۆی بەسەر واتاکەیدا بسەپێنێ دەشێ و دەبێ بکرێتە ئەمرازی پێوانەی شیعرەکە. لە بەیتەکەی پیرە مێردیشدا لایەنی بەرامبەر یەکتر وەستانی خەنجەر(کە ماددەیە) لەگەڵ وێنەی مەم (کە ناماددیە)، دیمەنێکە بەقەدەر سەرلەبەری بەیتەکە بەرچاو و چ پێویستێك نییە بۆ دیتنی بە خواستنەوەی چاویلکە لە «مەنطق»ی دەرەوەی هەڵبەستەکەوە لە داڕشتنی بەیتەکەدا لەنگەر نەبەستن هەیە لەم بەجووتەهاتنی (ماددی و ناماددی) لە حاڵێکدا لێیان داوا دەکرێ، یەکتر پارسەنگ بکەن: « خەنجەری ئاسن بۆ دڵە کە گۆشتە، بەڵام خەیاڵی مەمی بەردەکەوێ کە تارماییە...».

هێنانەوەی ئەم تەرزە رەخنەیە، هەروەك لە واتای بەیتەکەوە سەر هەڵ دەدا، جارێکی تریش سواری زیهنی رەخنەگر دەبێ بەوەدا کە شیعری تر هەن وەك ئەمیان ماددە و ناماددەی کۆکردووەتەوە و هیچ رەخنانیش ناسەلمێنێ، بەهۆی داڕشتن و هێنانەوەی وشە و تەعبیری ئەوتۆ لە خۆیانەوە گری و گاڵیان هەڵدەوەشێنن بەر لەوە رەخنە بەدەستەوە بدەن. نموونەیێکی ئەم شێوە داڕشتنە بەیتەکەی «نالی»یە، کە بەرامبەر نموونەکەی پیرە مێردم ڕاگرت

لەم بەیتەدا لەنگەر بەستنی وشە و واتا لەسەرانسەری داڕشتنی، کوردی گوتەنی، فرتەنەێیکە بۆ خۆی:

بەهەشتی چاو بە هەموو نەخش و نیگار و پەرژین و سەرچاوەیەوە، ڕاگیراوە بەرامبەر

دڵ و سینە بە هەموو بلێسە و ئاگر و سووتانیانەوە، ناوی جەهەنەمیش نەهاتووە چونکە عاشق دڵی نایێ بڵێ یار لە جەهەنەمدایە.. ئاگرستانێك كە تارمایی و خەیاڵی یاری تێدایە جێگەیێکی پیرۆزە بە سۆز و گەرمایی عیشق. حۆری خەڵقی بەهەشتە و لەسەریەتی بچێتە بەهەشتی چاوەوە، دڵ و سینە كە مەڵبەندی ئاگری عیشقن بە رواڵەت لەگەڵ حۆری ڕێك ناكەون. گوتم «بە ڕواڵەت»؛ چونکی نالی کە بانگهێشتنی یاری دەکا بۆ هاتنە ناو بەهەشتی چاوی و بەمەدا بە زاهیر پێی دەڵێ لە دڵی دوور كەوێتەوە لە حەقیقەتدا بانگهێشتنەکە بۆ نزیکتربوونەوەیە لێی، لەو رووەوە كە دیتنی یاری تێدایە، خۆ دیاریشە دیتنی یار بە چاو دە جاران و صەد جاران پتر حەسانەوەی عاشقی تێدایە لە تلانەوە بە دەست تارمایی و خەیاڵەوە كە هەر عەزابێکی رووتە بۆ عاشق. سەیری شاعیر چەند سیحرکارانە مەبەسی خۆی، كە داواكردنی وەصلە، دەشارێتەوە لە نێو مەبەسێکی چەشمبەندانەی حەسانەوەی یار لە بەهەشتدا.

لە مانە گەڕێ: پارسەنگ بوون و لەنگەر بەستنێکی تر هەیە كە لە بەیتەكەی پیرە مێرددا نەبوو. دەزانین بوونی یار لە نێو ئاگرستانی دڵ و سینەی عاشقدا بوونێکی خەیاڵییە نەك «بە لەش»، كەچی چوونی یار بۆ ناو بەهەشتی چاو بە خەیاڵ نییەو بە هەموو لەشە، كەواتە كوا لەنگەر بەستن؟ بو لێرەشدا ئەو رەخنەیە نەگرین كە لە بەیتەكەی پیرە مێردمان گرت خۆ نالیش خەیاڵ و ماددەی لەتەك یەكتردا داناوە؟ ئا لێرەدا نالی دەسەلاتێکی ئەفسووناویی بەكارهێناوە بایی فلسێکیش ئەركی بۆ خەرج نەبردووە: هەر هەمان خواهشتی چوونی یار بۆ ناو بەهەشتی چاو كە جێی رەخنەیە و گومانی لەنگەر نەبەستنی لێ دەكرێ بەخۆی و واتاكەی حەقیقییەوە دەبێتە هۆی راستەقینەی لەنگەر بەستن و پارسەنگ بوون!! چوونی یار بۆ ناو بەهەشتی چاو هەر ئەوەندە بە لەشە كە چاوەكە دەی بینی، ئەوەی بەڕاستی دەچێتە ناو چاوەكەوە وێنە و صورەتی یارە كە ئەویش هەر هێندەی خەیاڵەكە و تارماییەكەی ناو دڵ و سینە ماددەیە: وێنەی ناو چاو و خەیاڵی ناو دڵ پارسەنگی یەكترن و لەگەڵ یەكتردا لەنگەریان بەستووە وەك دوو تای تەرازووی یەك سەنگ. لەمەڕا دەسەڵاتە بێ سنوور و یەكجار مەشوور و لێ سەلمێنراوەكەی نالی دەردەكەوێ كە ئەو سەرەڕای ئاخنینی هەڵبەست بە واتا و هونەر و جوانی و بەولای لەنگەر ڕاگرتن و پارسەنگ كردنی لایەنەكانی وشە و واتا، هەر لە هەمان هۆی گومان لێ كردنی رەخنە بەدەستەوە دان و بێ ئەوە لە وشە وەیا ڕستەیێکی تری هەلبەستەكەوە ڕەخنەكە برەوێنێتەوە، هەر لە

وێدا جوانی و بێ عەیبی و بێ ڕەخنەیی و هونەر و واتا هەڵدەڕێژێ. لە مانە بترازێ جارێ گەلێك ئیعجازی تر لە هەناوی بەیتەکەدا پەنهانە، یەکێك لەوان ئیعجازانە ئەمەیە:

نالی کە دەڵێ « چ دەکەی لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەی سووزانمدا » و بەمەدا لە زاهیر ڕێی ڕەخنەگر دەدا کە پێی بڵێ چۆن ڕەوا دەبینی داوا بکەی خۆشەویستەکەت لە دڵ و سینـەت دەرچـێ؟ جـگـە لـەوە کـە دەتـوانـێ ڕەخـنـەکـە بـەوە بـڕەوێـنـێـتـەوە بـڵـێ مـن بانگهێشتنی یار دەکەم کە بەچاو بیبینم نەك هەر بە دڵ تێی فکرم، بەڵێ جگە لەم وەرامە، وەرامێکی تری ئەوەندە بەهێزی بەدەستەوەیە هەر بەجارێ ڕەخنەگر، قەرداربار دەکاتەوە و لۆمەی تێ نەگەیشتنیشی بە پاڵ دەدات.

ڕستەی « چ دەکەی لەم دڵەی پڕ شەرەر»، دوو واتای جودای هەیە: یەکەمیان ئەوە بوو قسەمان لێ کردو وا خەریکین بەر ڕەخنەی بگرین و لێشی ڕزگار کەین، وەك کردمان؛ دووەمیان ئەمەیە: چ لە دڵە پڕ شەرەرەکەم دەکەیت کە هەموو هەر ئاگرە و سووتاوە و کەڵکی ئەوەی نەماوە تۆ هیچی لێ بکەیت. لەم واتایەدا داوا کردنی دەرچوونی یار لە دڵەکە پەیدا نابێ تا ڕەخنەی ئەو داوایە لە شاعیر بگیرێ. کەواتە نالی دوو واتای سەر لەبەری ئامادە کردووە لە هەندێ وشەی بەیتەکەدا. یەکێکیان، دەبێتە سوپەر بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو توانج و ڕەخنەیێك کە لەوی تریان بگیرێ، بێ ئەوە من و تۆ لە ڕێی ئیستدلال لە وشەکانی تری بەیتەکەوە ڕەخنەگر پاشگەز بکەینەوە. دەمەوێ بڵێم واتای دووەمی وشەکان پێویست ناهێڵێ بەوە ئەو ویصاڵە بکەینە وەرامی ڕەخنە، کە لە ڕستەی «وەرە نێو جەننەتی دیدەم»دا دەفامرێتەوە؛ چونکە دیتمان ڕستەی «چ دەکەی لەم دڵە»، مەرج نییە ئەو واتایە بگەیەنێ کە ڕەخنەکەی لێ گیراو، ویصاڵەکە پاراستی. سەدەفەکەی نالی دوو دوڕڕی تێدایە، هاونرخ و هاوسەنگی یەکترن؛ چ بەیەکەوە بن، چ تاك تاك، ئەو لەنگەر بەستن و پارسەنگ بوونە پێك دێنن کە من لەم چەند دێڕانەدا لە دەوریان هەڵدەسوڕێم. سەیریش لەوەدایە نە بەیتەکە هەڵاخناویی پێوە دیارە، نە واتاکان نەفەسیان سوار بووە، نەهیچ جۆرە نوقسانییێك هەیە لە داڕشتنی بەیتەکە، پێویست بکا یارمەتی بدرێ و لەلاوە واتای بۆ بخوازرێتەوە؛ وەیا کەلەبەری پڕ بکرێتەوە.

شاعیر زۆرن لەوانەی نوکتە و نازکی لە شیعریاندا هەیە؛ بەڵام بەشی هەرە زۆریان پێیانەوە دیارە جێی نوکتەکە خۆش دەکەن لە شیعردا. بەنموونە لێرەدا شیعرێکی

ناوداری دکتۆر ئیبراهیم ناجی میصری دێنمەوە کە بووەتە گۆرانی و کۆڵێکیش مەدحی دەکرێ: شاعیر دەڵێ:

ومشينا في طريق مقمر
تثب الفرحة فيه حولنا
وضحكنا ضحك طفلين معا
وعدونا فسبقنا ظلنا

بە چاکی لە تێکڕای هەردوو بەیتدا دیارە شاعیر بەخەیاڵیدا هاتووە بڵێ: «پێش سێبەری خۆمان کەوتینەوە» کە بەڕاستی واتایێکی جوان و تا بڵێی شاعیرانەشە. بۆ ئەم مەبەسە لە بەیتی یەکەمدا «طريق مقمر» پەیدا دەکا؛ چونکی واتاکەی پەکی کەوتووە لەسەر تیشکێك سێبەر دروست کات، تاکوو بەغاردان لەگەڵ خۆشەویستەکەی لێی پێش کەونەوە. دیارە، ئەگەر واتایێکی بەخەیاڵدا هاتبا، پێویستی بەتاریکی هەبا بەئاسایی دەیگوت:

ومشينا فی طريق مظلم

جگە لەم لایەنەی خۆ هێنان و بردن بۆ سازدانی جێگەی لەبار بۆ واتا لە هەڵبەستدا، شاعیری عادەتی، بەڵکوو شاعیری پێشکەوتووش، لە تاکە بەیتدا هەر تاکە نوکتەیێك گەڵاڵە دەکات و هەر جێگەی ئەو تاکە نوکتەیەشی بۆ ساز دەبێ؛ وەك ژووری یەك نەفەری کە جێگەی یەك نوێنی تێدا دەبێتەوە. کەچی نموونەکانی شیعری نالی ئەوەندە واتایان تێدا ڕیز کراوە، چاو بەهەڵە دەچێ لە ژماردنیان هیچیشیان جێی بەدراوسێکەی تەنگ نەکردووە. گەلێ لە بەیتەکانی نالی وەك کانگای گەوهەر وایە، تا لێی دەیتەوە گەوهەری تازەی تێدا دیار دەکەوێ. نالی هێندەش ئوستادە لە داڕشتنی بەیتەکانی نەك هەر پێوەی دیار نییە، خۆی خەریك کردبێ بە ئامادە کردنی جێگە بۆ واتا، جارەهای جار وا بووە دوای لێبوونەوە لە شیکردنەوەی بەیتێکی و دڵنیا بوون لە گەیشتن بەهەموو واتا و جوانی و نوکتەی ئاشکرا و نهێنیی بەیتەکە، ئەوسا واتایێکی تەڕ و تازە لەنکاو خۆ دێنێتە ناو بیبیلەی چاوەوە. هەر دەڵێی کلاوی سەخرەجنی لەسەر نابوو و لایدا. ئەمە یەکێکە لەو بەیتانەی هەر جارە واتایێك بەدەستەوە دەدەن:

هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو
حەددی چیە نالی کە بڵێ ماچە کەفارەت

واتایێکی ڕێکوپێك که وێنەی ئاشکرای وشه و داڕشتنی بەیتەکەی ڕای دەگەیەنێ، ئەو ڕاسته واتایەیه که یەکەم نیگای خوێنەر و یەکەم بیستنی گوێگر بۆی دەچێ:

گوناهی دەمەکەت که عاشق شەیدا کردن و بێ بەش کردنیەتی، لەو دەمەت بووەته بار. ئەو بارەی سەر دەمەکەش چ قورسایی باری گوناهەکه بێ وەیا ئەو باره بێ که لەزاراوەی کوردیدا دەبێته «لێو بەبار» که فارەتەکەی ماچە. بەو ماچە قورسایی گوناهەکەش لەسەر دەمەکه هەڵدەستێ؛ لێو بەبارییەکەش دەڕەوێتەوە، بەسڕینەوەی لێوەکان لە ئەنجامی له یەکتر خشانیان بە ماچ. بەڵام نالی حەددی نییە ئەوە بڵێ و ڕێی ناکەوێ تەمای بە شتی وەها بێ.

ئەو هێندە واتایە ئاشکرایە، گەورەترین شاعیر پێی ڕازییە و شانازیشی پێ دەکا. هەموو کەرستەیێکی واتا و جوانی و هێز و سۆز و خۆ بەکەمگرتن و ڕێزنان لە مەعشووق و... هتدی تێدایە کە کۆکردنەوەیان لە شیعردا بەهونەرمەندی زێدە دەسەڵاتدار و هەستیار و جوانکار نەبێ، ناکرێ. بێی و هەر ئەوەندە واتا و جوانی و هێزە بدۆزیتەوە لە بەیتەکەدا، شتێکی کەمت نەدۆزیتەوە؛ بەڵام شتێکی زۆرت لە کیس چووە:

هەرچەندە گوناهی «دەمەکە»ت... لێرەدا، پۆرگێك هەیە پڕە لە وردەکاریی و متوونی عیشق و عاشیقی. وشەی «دەمەکە» صیغەی «نەهی»یە و ئامرازی «دە»ی بەسەرەوەیە؛ وەك کە بڵێی «دەمەخۆ، دەمەڵێ، دەمەڕۆ...». واتای بەیتەکە لە عاست «دەمەکە... ت»دا، بەجارێ دەگۆڕێ لەچاو واتاکەی بەرچاو، چونکی وشەی «دەم»، لە ناودا نامێنێ و فیعلێکی نەهی جێی دەگرێتەوە. کە ئەمە وابێ، واتاکە وای لێ بەسەر دێ: هەرچەند گوناهی ئەو نەهیکردنەی تۆ لە من بەوەدا کە چەندێکی بۆت ببزوومەوە، پێم دەڵێی: «دەمەکە» و دەمشکێنیتەوە، ئا ئەم گوناهەی «دەمەکە»ت کە بووەتە باری سەر لێوت، بەماچ نەبێ، کەفارەتی نابێ؛ بەڵام نالی حەددی نییە وا بڵێ و ڕێی ناکەوێ.

ئەم دوو واتایە، هەردوویان، لە لایێکەوە هەڵپەسێرە و خۆت خەریك کە لەگەڵ وشەی «حدّ» کە بەڕێنووسی کوردیی دەبێ «حەدد» بنووسرێ. ئەم وشەیە لە ڕستەی «حەددی چیە، حەددی هەیە...»دا بەواتای «ڕێکەوتن و لێ هاتن و ماف هەبوون» باوە. لەو دوو واتایەی تازەش هێنامەوە، هەروەها بەکارهاتبوو. لە زمانی عەرەبیشدا وشەی «حد» واتای سنووری هەیە؛ کەوا ڕەنگە واتا کوردییەکەی هەر لەو سنوورەوە هاتبێ، لەو ڕووەوە کە «حەدد هەبوون»، ڕاستەخۆ سنووری میانی دوو شتان بۆ ئەو کەسە

دادەگرێ کە حەددی هەیە. ئەم «حد»ە، لە شەریعەت و «اصول الفقە»دا بووە بەزاراوە بەواتای سزای گوناهان. ئیتر «حد»ی دزیەتی ٨٠ دارە و هی هەندێ گوناه ڕۆژووە وەیا برسی تێرکردن؛ وەیا بەندە ئازاد کردنە.... کە وشەی «حدّ»، بۆ ئەم واتایە ببەینەوە، بەیتەکە دەبێتە پرسیار و وەرام:

هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو

حەددی چیە نالی؟ کە بڵێ ماچە کەفارەت

لە مصرەعی یەکەمدا ڕووی وتووێژی شاعیر لەگەڵ یارەکەیتی؛ بەڵام لە مصرەعی دووەمدا، ڕووی پرسیار لە یار وەردەگێڕێ و بای دەداتەوە سەرخۆی، کە ئەمە «مخاطب» گۆڕینێکە زۆر پەسند بووە لە ئەدەبی کۆندا؛ تەنانەت لەمەدا پەیڕەوی شێوازی قورئانیش کراوە.

بەڵام ڕێی تێدەچێ، نالی لە مصرەعی یەکەمیشدا، وتووێژی لەگەڵ خۆی بێ و بڵێ گوناهی دەمی نالی –کە«مخاطب»ە– بووەتە بار لەسەر لێوی. ئەوجار لێی دەپرسێ، ئەرێ ئەی نالی «حدّ»ی ئەم گوناهە چییە کە بووەتە باری سەر لێوت؟ خۆی وەڵام دەداتەوە، کە هەر خۆشی نالییە و دەڵێ حەددی ئەم گوناهە ئەوەیە یار بڵێ ماچە کەفارەت. لە شەریعەتدا کەفارەت بۆ خۆی بەواتای ئەو «حدّ»ەش دێت کە لێرەدا مەبەستمان بوو.

خولاسە «مخاطب»، لە مصرەعی یەکەمدا یار بێ وەیا نالی بێ، مصرەعی دووەم دەشێ ببێتە ئەو پرسیار و وەڵامدانەوەیەی باسم کرد. واتای وشەی «حدّ»یش، ئەو سزایە شەرعییە بێ کە لە «تلك حدود الله»ەوە وەردەگیرێ.

تا ئێستا، وابزانم، سێ تۆژاڵمان لە واتاکانی ئەم بەیتە، هەڵگێڕایەوە بێ ئەوە هەستمان کردبێ بە هیچ جۆرە هەناسە سوارێیك وەیا وەتەنگ هاتنێك، لەلایەن خاوەنی بەیتەکەوە کە «نالی»یە. کە ئینساف بەکاربێنین و دان بەحەقدا بێنین، دەبێ بسەلمێنین ئەو سێ واتایە، نەك هەر بەسن بۆ بەیتێك، بەڵکوو لێشی زیادن؛ چونکە ئەگەر وا نەڵێین دەبێ شاعیران مەنع کەین لە گوتنی بەیتی خاوەن یەك واتا و دوو واتا. لەمەدا چ تەگەرە نییە؛ بەڵام سەیر لەوەدایە جارێکیان لەگەڵ یەکێك لە ئەدەیبە ناسراوەکانماندا باسی ئەم بەیتەم دەکرد و بەیەکەوە خەریکی سەر پۆش لەسەر هەڵگرتنی بووین و بەدوا قەتار کردنی ئەو سێ واتایەدا. لە نکاو ئەدیبەکە گوتی، ئای

که بێ خەبەرین ئاگامان لەوە بڕاوە وشەی «دەمەکەت» دەشێ بەواتای «خوێنەکەت» بێ؛ چونکە "دم" (دەم) لە عەرەبیدا بەخوێن دەڵێن. خۆ دیارە دەم و لێویش کە جوان بوو لەسووریدا وەك خوێن دەنوێنێ و ڕێی تێدەچێ بگوترێ ڕشتنی خوێنی عاشقان، بەهەموو ڕەنگی سووریەوە، لە سەر ئەو لێوانە بووەتە بارو... خولاسە کە زیهن چوو بۆ لایەنی واتای خوێن لە وشەی «دەم»دا، بەیتەکە سەر لە نوێ دەبێتەوە بەو زەوییە تەور و تەڕەی کەوا بەئومێدی ئاوی زۆر، بیری لێ هەڵ دەکەندرێ و لەئەنجامدا کارێزی لێ پەیدا دەبێ.

دەبینی هەڵگوشینی شیعری نالی تا ئەو ڕادەیە وشکایی واتاکانی دێت، کارێکی بەکێشەیە؛ نەفسێکی درێژی پێ دەوێ. سەرەڕای کێشە، تابشلێی ورد و چاوخەڵەتێنە. مووقلاشی و زەڕڕەبینی، زەفەریان پێ نابات؛ ڕەنگە ئەوساش زەفەر پێبردن هەر یەکجار زەحمەت بێ. بەلام پاداشی هەڵێنانی گەوهەرەکانی لەزەتێکی ئەوەندە گەوورە بێ هەمتایە، هەموو خۆپێوەماندووکردنێك و لەگەڵ خەریك بوونێك دێنێ. چ سەیرێکیش لەم گوتەیەمدا نییە؛ چونکە ئاگامان لێیە دەوڵەتانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا خەریکن بۆ کاری زیهن بزێوی وەك شەترەنج وەیا یاری لە شەترەنجە بەرەژێرتر، فێرگەی دەکەنەوە و پسپۆر و ئوستادی شارەزا تەرخان دەکەن و پاداشتی گەورە دادەنێن بۆ سەرکەوتووەکان لەو یاریانەدا، تەنانەت هاڤرکێی نێو دەوڵەتانی بۆ ڕێکدەخەن و جیهان بەگەلان و بەحکوومەتانیەوە، پێیانەوە خەریك دەبن ئیستگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، خەبەری بزافتنەوەی بەردێك لەو بەردانەی سەر تەختەی شەترەنجەکە بە خەلق ڕادەگەیەنن وەك ئەوەی ڕوداوێکی گرنگی ئابووری وەیا ڕامیاری وەیا کۆمەلایەتی وەیا زانستی ڕووی دابێ. خۆ دەشزانین ئەم یارییە و هەموو یارییێکی وەك ئەو هەر هێندەی سوود تێدایە کە زیهنی چەند کەسێك لە پەراوێزی خۆی دا تیژتر دەکا، هەڵسووڕ و داسووڕی یاریچییەکانیش هونەری پسپوڕانە نیشان دەدەن. سەرەڕای ئەوە کە یارییەکە بۆ خۆی میراتێکی کۆنی هونەری ئادەمیزادە، خۆ هەرچی جیهان هەیە ببێتە شەترەنجزان، یەك لوقمە نان ناخەنە ناو زارێ مرۆڤێکی برسییەوە. وا لەم کاتەی کە ئەم دێرانەی تێدا دەنوسم و ڕێکەوتی ڕۆژی چوارشەممەی (٢٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٤)ە، بەشێکی یەکجار زۆری ئەفریقا دوچاری قاتوقڕی بووە و بەملێون خەڵق ئاوارە بوون بەدوای خۆراکی نەمر و نەژیدا چەندین هەزار کەسیش لە برسان مردن و چەندین هەزاری تریش خەریکی مردنن، کەچی بلیمەتەکانی شەترەنجزانی سۆڤییێت و ئەمریکا و

دەوڵەتانی تر بەیاریدەی حکوومەتەکانیانەوە، خەریکی "کش مات"ی شەترەنج نە خۆیان و نەحکوومەتەکانیشیان بیر لەوە ناکەنەوە پارە و مەسرەفی ئەو یاری و هاڤرکێیانە بدەن بە برسییەکانی ئەفریقا، کەسیش گلەییان لێ ناکاو پێیان ناڵێ، ئای چەند بێ ڕەحم و بێ ئنسافن. لە حاڵێکدا برا ڕەشەکانمان گیان دەدەن بەدەست برسیەتییەوە ئەم دەوڵەتە ئاتۆمیانە خەریکی کەیف و بەزمی شەترەنجن. ئەوەی ڕاستی بێ، منیش لەلای خۆمەوە چ گلەییەکیان لێ ناکەم و دەزانم برسی بوونی ئەفریقا دەخلێکی بەسەر شەترەنجی رووس و ئەمریکاوە نییە، ئەو چەند ملیۆنەی سەرفیش دەکرێ بۆ شەترەنج دەبێ، هەر سەرف بکرێ دەنا یارییەکە کوێر دەبێتەوە، لەجیاتی بڕینی مووچە و بەراتی شەترەنجزانانیش، باشتر ئەوەبوو لە مووچە و بەراتی چەکی شەڕ، کەم بکرێتەوە وەیا لە مەسرەفی پۆلیسی نهێنی دابشکێ... بەڵام کە ئەمە وا بێ و هێندەم بەلاوە ڕوون بێ دەبێ بشزانم، ئەگەر شەوکوێر نەبم، خەریکبوون بەشیعری نالییەوە، بەتایبەتی بۆ ڕۆشنبیرێکی کورد، صەد جاران پیرۆزتر و بایەخدارتر و بەشەڕەفترە لە خەریك بوونی ڕووسێك وەیا ئینگلیزێك وەیا عەرەبێك وە یا کوردێك بەیاریی شەترەنجەوە، نەك لە یەك سەر بەڵکوو لەگەلێك سەروەرە:

١- هەر وەك یاریی شەترەنج زیهنی یاریچی تیژ دەکا، شیعری نالی لەویش زیاتر زیهنی ڕۆشنبیر دەکاتەوە و ڕای دێنێ بە هەڵێنانی مەتەڵی زیهنی لە مەیدانەکانی ئەدەب و وەك ئەدەبدا کە ڕامیاری و ئابوری و هونەری ...یە. دەتوانم گرەو بکەم لەسەر ئەوە دۆزینەوە تەڵەی شەترەنج کە گەورەترین زانای شەترەنج نابێتیەوە کەمتر زیهن کاریی دەوێ، لە دۆزینەوەی تەڵەی واتا کە نالی خستووەتیە نێوان هەندێ هەڵبەستەکانیەوە. کە دەڵێم «گرەو دەکەم»، ئەوە بزانە لەپێشەوە گرەوەکەم بردووەتەوە؛ چونکە نزیکی ١٥٠ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر بەشێکی ئەو تەڵانەی نالی تا ئێستاکەش بەکەس نەڕەواوەتەوە.

٢- خەریکبوون بە شەترەنجەوە هەر لە مەیدانی شەترەنجدا زیهن تیژ دەکا؛ ڕەنگە لە مەیدانەکانی «انسانیات»دا زیهن کوێرکاتەوە. بەپێچەوانەی نوکتە شیعری نالی کە بەبەریەوە هەیە زیهنی مرۆڤ بکاتەوە، لەهەموو مەیدانەکانی «انسانیات»دا؛ چونکە خۆی یەکێکە لەو مەیدانانە. باوەڕم هەیە تۆ کە توانیت واتای نهێنییەکانی شیعری نالی هەڵێنی، بەئاسانی دەتوانی درۆ و فێڵبازیی پێشەوایەکی سیاسەت وەیا تەریقەت تێبگەیی و خۆتی لێ بپارێزی و بەمەرجێ ترست نەبێ لە دانهێنان

بەڕاستیدا کۆمەش نەکەی لە دۆزینەوەی درۆ و دەلەسەی کەسێك کە خۆشت دەوێ، وەیا لە پلەی حیزبایەتیدا لە خۆت هەورازترە.

٣- ئۆینی شەترەنج بەرتەسکە، لە ڕوقعەی شەترەنجەکە تێناپەڕێنێ. لەوانەیە، نەخوێندەوارێك ببێتە گەورەترین زانای شەترەنج. بەنموونە دەڵێم کاك نووری برای کاك موستەفای کاکی هیران، شەترەنجی لە پسپۆڕەکانی ئینگلیز دەبردەوە. خۆ ئەگەر بەتەرازووی شەهادە و خوێندنی ڕەسمییان هەڵکێشین، کاك نووری مەکتەبیشی نەدیبوو. نوکتەی شیعری نالی نەك هەر نەخوێندەوار تێی ناگا، تاك تاکە خوێندەوار نەبێ، سەرەدەرییان لێ ناکا؛ ئەویش لەهەموو نوکتەکان نا، بەئاسانیش نا. بەتەنها زیرەکی و وردبینی چەکی ئەو شەڕەنین کە شیعرەکانی نالی بەرپای دەکەن؛ دەبێ لەگەڵ زیرەکیدا هەموو زانستەکانی سەردەمی نالی کۆببێتەوە و کەڵەکەی پێ بکرێ، لەسەر شیعری دۆستی و ئاگاداری فنوونی ئەدەبی کلاسیکی و ئاشنایی بەدیوانی زۆربەی شاعیرەکانی ئیسلام. ڕوقعەی واتا و نوکتەی شیعری نالی، سەرەڕای زەکای مرۆڤ، هەموو ئەدەب و زانستەکانی ئیسلامی سەردەمی «نالی»یە. سەیر لەوەدایە شەترەنجیش یەکێکە لەو کەرەستانەی پەکی لەسەر دەکەوێ، بۆ زانینی واتای هەندێك لە بەیتەکانی نالی:

«ماتم» وەکوو زولفەینی سیەهـ گرتی سەراپات
پۆشی لە ڕوخت تەعبیەیی بەیدەق و شامات

وشەی «شامات»، ناچارت دەکا بزانی "شا" لە یاریی شەترەنجدا، «مات» دەبێ. لە پێشەوەش مەجبووری کردبووی کە بزانی لە عەرەبیدا «شامات»، ڕێژە جەمعی وشەی «شامە»یە؛ بەواتای «خاڵ»، کە لە ڕووی یاردا وەك بەیدەقی سەر تەختەی شەترەنج، «تعبیە» کراوە و «ماتم- ماتەم» و زولف پۆشیویانە.

کە بێین بەراوردی شیعری نالی بکەین لەگەڵ یاریی شەترەنجدا، لە هەر ڕوویێکەوە بێ، ئەو بەراوردی کردنە، دەبینین بەڕاستی شەترەنج یەکێکە لەو نۆکەرانەی دەستەونەزەر ڕادەوەستن لە دیوانی شیعری نالیدا. لە نوقتەی بەرامبەردا، یاریی شەترەنج کە خۆی- کەرەستەیێکی شیعری نالییە- چ پەکی نەکەوتووە لەسەر تێگەیشتنی شیعر، هی نالی بێ یا شاعیرێکی تر. شەترەنج دیوان و دیوەخانەی نییە زانستێکی دەرەوەی خۆی ببێتە نۆکەر تێیدا. لەم مەیدانەدا لە شەترەنج. وەك ئەو بۆرە

پیاوەیە دەسەڵاتی بەسەر کەسدا ڕاناشکێ، مەگەر بەسەر خۆیدا؛ ڕووتەیێکە لەناو کۆڕی مرۆڤی کۆك و پۆشتەدا.

٤- ئـەمـرازی یـاریـی شەتـرەنـج بـەهـەمـوو هـونـەری خۆی و شارەزایی و زیـرەکـیی شەترەنجزانەوە، تەختە و بەیدەق و پەیکەری ڕۆخ و فیلە کە هەموویان بێ گیان و سارد و سڕن؛ لەخۆیانەوە بەدەنگ نایەن و چ پەیامێك ڕاناگەیەنن، ئەگەر من و تۆ بەدەنگیان نەهێنین، بەڵام ئامرازی شیعر، هی نالی بێ وەیا هی شاعیرێکی تر، وشەی واتادار و هەستیارە، کە زادەی دڵ و خوێن و مێشکی خاوەنەکەیەتی. دەوجا بۆ خۆت تێفکرە لە جوداوازیی میانی دوو هۆی زیهن بزێو کە یەکێکیان بەردی ڕەق و یەکێکیان خورپەی هەناو بێ.

من لێرەدا، ئەم لایەنەش ناکەمە یارمەتیدەری شیعر کە بڵێم لێی دەوەشێتەوە ببێتە ڕابەری مرۆڤ بۆ ڕێی چاکە، لە حاڵێکدا شەترەنج چ ڕێیان بەکەس نیشان نادا؛ چونکە مومکینە بگوترێ شیعر لەوانەیە ڕێی خراپیش بەمرۆڤ نیشان دات، نەك هەر هی چاك. قسەکەش ڕاستە؛ بەڵام ئەم دووبەختییە وەنییە هەر لە شیعردا پەیدا بێ. هەرچی بەرهەم هەیە وایە، یەك لەوان بارووت کە شتێکی زۆر چاکە بۆ ڕێگە پێ خۆشکردن؛ تا بشڵێی بەدە بۆ پیاو پێ کوشتن.

شەترەنج بۆ خۆشی لەوانەیە، بەڕێکوپێکی بکرێ، لەژێر سەرپەرشتی کردنی لایەنی بەرپرسی دەربەستی چاکە و خراپەدا؛ لەوانەیشە ببێتە قومارێکی ئاسایی کە هەر تەڵفاندنی کات و ماڵی ڕوودەدات. من لەم بەیەکدی گرتنەی شەترەنج و شیعردا خۆم ناکەم بەواعیز و قەمچیی هەڕەشە لێکردن بەدەستەوە بگرم وەك مامۆستاکانی سەردەمی سوختەخانە، پەند و ڕەوشت و ئایین فێری خەلق بکەم؛ تەنها لەڕووی بایەخ و نرخی زیهنی و هونەری و مرۆڤایەتیی سادەی ڕەنگ لێنەدراوەوە بەیەکتریان دەگرم. بەمەشدا بەلای شەترەنجمدا شکاندووە؛ چونکە شیعری پەند و دینداری تا بڵێی زۆرە، قسەی دژی یاریی و خۆخافڵاندن ئەویش هەرە زۆرە کە شەترەنجیش دەگرێتەوە و دەیشکێنێتەوە.

کە بمانەوێ لەسەر ئەم بەیەکدی گرتنە بەردەوام بین، دەتوانین چەند ئەڵقەیێکی تریش بخەینە سەر زنجیرەی ژمارەی ڕاشکانی شیعر بەسەر شەترەنجدا؛ بەڵام پێویست بەم ئەرکە نییە. چی تازە لە گوتنی بوومەوە بەسە و زیادیشە لە مەبەس. نیازی بنجی لە هێنانە ناوی شەترەنج، ڕاکێشانی سەرنجی ئەو خوێندەوارانەیە کە بێپەروا و

بەشانازییەوە شیعری نالی و ئەمسالی نالی بێ بایەخ دەکەن و دەکەونە دژی. چ گومانم نییە لەوەدا کە ئەم تەرزە خوێندەوارانە، ڕۆژێك لە ڕۆژان خەیاڵیان بۆ ئەم لایەنەی یاری شەترەنج و بایەخپێدانی نەڕۆیشتووە؛ دەنا دەبوو یەك لە دوو کاران بکەن: یا واز بێنن لە دژایەتیی ئەدەبی کۆن کە مەعلوومە هەزاران جار لە شەترەنج سوودبەخشترە؛ یاخود بکەونە دژی شەترەنج و یارییەکانی وەك ئەویش. ئەو حکوومەتانە و ڕێکخراوانەش تاوانبار بکەن کە خۆیان و عالەم بەشەترەنجەوە خەریك دەکەن. دەمێنێتەوە بڵێین ئەدەبی کۆن، مێشك و دڵی خەلق بۆ لای بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە ڕادەکێشێ کە ئەمە زیانی بەولای هەموو سوودێکەوەیە لێی وەربگیرێ، لە زیانی یارییش پترە کە هەر بریتییە لە بەفیڕۆچوونی کات و چالاکی و کار ناکاتە سەر بیروباوەڕ و دڵ و دەروون. بۆ بەرپەچدانەوەی گوتەیێکی وەها کە ڕۆشنبیری ئەمڕۆ دژی ئەدەبی کۆن بەزیهنیدا تێپەڕێ، دوو وەڵامم هەیە، لێرەدا دەیانکەم بەپاشگەزکەرەوەی ڕەخنەی ئەوتۆیی، چەندین وەڵامی تریشم هەن خوێنەریان پێوە خەریك ناکەم:

وەرامی یەکەم: ڕابردووی میللەتان هەر ئەدەب و شیعری تێدا نەبووە کە ئێستا ئێمە بیکەین بەنموونەی پاشکەوتوویی و بە شیر و خەنجەری ڕەخنە و نەفرین، ئەنجن ئەنجنی بکەین. شیعر و ئەدەب دێڕێکین لە ڕووپەڕەی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆن، لە پێش ئەودا و بەدوا ئەودا، چەندین دێڕ دێن ڕووپەڕەکە پڕ دەکەنەوە. کە ئێمە ئەوەندە خۆمان هەڵدەینەوە، بەدژایەتی شتی کۆنەپەرستانە و لە پەنا ئەو خۆهەڵدانەوەدا ئەدەبی کۆن تاوانبار بکەین، لە ناوی ببەین؛ دەبێ، ئەم دڵسۆزییە بێزۆکەمان بەگژ هەموو ڕابردوومان‌دا بێنێ و بەرمان داتە گیانی هەموو مێژوو بەهەموو ڕووداو و کردار و گوفتارییەوە- نەك هەر تاکە میراتی شیعر- یەخەگیری سەرلەبەری خەلقەکەشمان بکا بەمەلا و شێخ و کاسب و عەمەلە و فەللاح و توجاریەوە؛ نەك هەر شاعیر. خولاسە، ئێمە ئەگەر دەست درێژ بکەین بۆ خنکاندنی شیعر و شاعیری کۆن، دەبێ تێکڕای ڕابردوو لەناو ببەین و بسڕینەوە؛ چونکە بەو گەز و گرێیەی شاعیر دەکاتە کۆنەپەرست، هەموو ڕابردوو کۆنەپەرستە، تەنانەت شیعر لەچاو زۆربەی لایەنەکانی تری بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی لێرە بەپێشەوە، زۆر بەپێشکەوتووش دەژمێررێ. تۆ بێنە شیعری "نالی" وەیا "حافظ" وەیا "ابوالعلاء المعری" وەیا "مەلای جەزیری" بخە تەنیشت ورێنە گڕوگاڵە جنۆکاویەکانیی فەللاح و کاسبێکی ٢٠٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ، دەبینی شیعرەکان وەك

شۆڕش خۆ دەنوێنن لەچاو ئەو ورێنە و یەکجار دواکەوتووەدا. گیانی نەسەلماندن و ڕێز لەخۆگرتنی شاعیرەکانیش وەك شیعرەکانیان دە جاران لە گیانی سەر کزەلآنە و خۆبەکەمگرتووانەی چینی هەژاری ئەو سەردەمانە مەردانەتر و ئازایانەتر هەڵدەچەقن لەبەر چاوی بینەری ئەوڕۆدا. کە بێین و چینی هەژاری لەمەوپێشیش بکەینە بەرەوان و لە ڕەفتاری وانەوە حوکم بەسەر ئەو شاعیرانەدا بدەین، ئەوساش شاعیرەکان لەچاو زۆربەی میللەتدا هەر لەپێشەوە دێن؛ چونکە چینی هەژار ڕێزیان لێ ناون و خۆیان بەپشتەوەتر داناون. من کە ئەم ڕاستییە دەڵێم، ڕقی خۆمی پێ هەڵناستێنم لە کرێکار و جووتیاری دوێنێ کە نەی توانیوە و نەی زانیوە، شۆڕشگێڕ بێ. کە واقیعی کرێکار و جووتیاریش لە تەنیشت واقیعی شاعیری کۆن دادەنێم، بۆیەمە، تاکو ئەو ڕۆشنبیرەی دەستدرێژ دەکا بۆ کوشتنی شیعر و شاعیری لەمەو پێشمان، چ چاری نەمێنێ و دەست بگێڕێتەوە لەو ستەمە؛ چونکە کە دەست نەگێڕێتەوە لە شاعیر و ئەدیبی کۆن، دەبێ دەرحال خۆ بکاتە جەللادی بێ فێڵی عەمەلە و فەللاحی لێرە بەپێشەوەش. هەرگیز ڕەوا نییە ڕێ بدرێ بە ڕۆشنبیرێکی ئەمڕۆ، شانازی بکا بە خۆپفدانی دەست نەپاراستن لە کوشتنی شیعر و شاعیری لەمەوپێش، بەناوی دژایەتیی بیروباوەڕی پاشکەوتوو. لە حاڵێکدا ماوەی بەخۆی داوە کوڕێنی بکا بەهەژار دۆستی و پرۆلیتاریا پەرستی؛ کەچی هەرچی بیری پاشکەوتوو هەیە لای ئەو هەژارە بێچارە، هێلکەی کردووە، جووجەلەشی هەڵێناوە. دەبێ لەو ڕۆشنبیرە بگەینین بەکوشتنی شاعیر، خۆی دەکاتە جەللادێکی بێ داد و ستەمکار کە هیچ عوزرێکی بەدەستەوە نەبێ؛ چونکە ئەو لەو کوشتنەدا پێشکەوتووترین تاقمی مێژوو دەکوژێ، دواکەوتووترین تاقمی مێژووش ئازاد دەکات کە ئەمە ڕاستەوخۆ دەبێتە «هەل پەرستی»ی بێ پێچ و پەنا، لەو ڕووەوە کە هەموومان دەزانین بەڕواڵەت خۆدانە پاڵ چینی هەژار بووەتە مۆدەی ئەم ڕۆژانەمان، بەزۆریش خۆدانە پاڵەکە چی تێ ناچێ، وەك مەسەلە زۆر مەشوورەکەی «خەنجەر لە کا»، کە عوزری شاعیری لەمەوپێش نەسەلمێندرێ لەوەدا کە نەی توانیوە و نەی زانیوە شیعری ئازایانەتر و ئازادانەتر هەڵبەستێ. دەبێ عوزری عەمەلە و فەللاح و کاسب و خەلقی تریش نەسەلمێندرێ لەوەدا نەیان توانیوە و نەیان زانیوە — هەر نەبێ — بەقەدەر شاعیری سەردەمی خۆیان پێشکەوتوو بن.

ئەم «بانێکە و دوو هەوا»یە، میللەتی نەخوێندەواری لێرە بەپێشەوە نەی سەلماندووە، چۆن ڕۆشنبیرێکی سەردەمی ئاتۆم لە خۆی دەسەلمێنێ وەیا بەخۆی ڕەوا

دەبینێ؟ ڕۆشنبیرێك كە شیعری نالی ڕەفزكا، دەبێ ئایین و میرات و بازرگانی و مارەكردن و تەڵاقدان و جووتی گاڕەش و ئاوی ئاوبارە و ئاشی ئاو و دەستاڕی گەنم و كرەی چەڵتووك و هەموو سەروبەرێكی تری ژیانی سەردەمی نالی ڕەفز كا؛ چونكە شیعری نالی بەشێكی پێشكەوتووە لە ناو پەراوێزی تێكڕای ئەو كەلەپوورەدا. خەرەكی خەرەكرێس و تەشی تەشیرێس لە چاو سەردەمی خۆیاندا، ناگەنە هیچ كاتێك لە بەیتەكانی نالی. ئەویش لەچاو سەردەمی خۆیدا كە هەر دەكاتەوە سەردەمی خەرەك و تەشی.

شیعری ئەحمەدی خانی لە ڕیزی پێشكەوتووترین شیعری سەردەمی خۆی و دوای خۆشیەوە دێت، كە ئەوسا گەلی كوردی بێ چارە لە باری ژیانی ماددییەوە، چی ئەوتۆی لە ژیانی سۆمەر و ئەكاد تێ نەپەڕاندبوو. دەتوانم بڵێم ئێستاش ناوچەی ئەوتۆ هەیە لە كوردستاندا فەللاح و شوانەكانی نموونەی مرۆڤی چوار هەزار ساڵ لەمەوپێشمان نیشان دەدەن؛ كەسیش ڕێی نییە بڵێ دەبێ ئەمانە لە ناوبرێن؛چونكە لەچاو ڕۆژگاری خۆیان دواكەوتوون. كە ئەمە وابێ، بۆچی هەمان فەللاح و شوان دەشێ فەتوای لە ناوبردنیان دەرچێ كە هات و بوون بەشاعیر و یەك دوو بەیتی دواكەوتوویان بەسەر زماندا هات؛ چونكە مەعلوومە ئەو شاعیرانەی پێیان دەگوترێ دواكەوتوو، لەو فەللاح و شوانانە بوون كە بۆیان ڕێك كەوت لە ڕێی خوێندنەوە بوون بەشاعیر.

چەند سەیرە ڕۆشنبیری كوردی ئەمڕۆ، باری زیهنی و فەلسەفی و بیروباوەڕی لەو ڕادەیەدا بێ كەسێكی وەك نالی ببەخشێ و گلەیی لێ نەكا، ئەگەر شاعیر نەباو جووتیارێكی جنۆكەپەرست با. جوتیاریش تاوانبار بكا ئەگەر شاعیر با. بەو پێیە دەبێ ڕابردوومان بەباهەڵدراوی خۆش بوێ و تا سەرەوبنی نەكەین ڕێزی لێ نەگرین. زۆر زەحمەتە دڵ و دەروون و بیروباوەڕی وەها لە هیچ كەلەبەرێكی "منطق"ەوە ئاخاوتنی لەگەڵدا بكرێ. بۆ كەسیش نالوێ تەپوتۆزی بەسەهووچوونی لێ بتەكێنێ تا لە خۆوە دەتەكێ؛ چونكە لە هەڵوێستێكدا نییە هیچ شت لەهیچ كەس بسەلمێنێ. ئەوەی چاوەڕوان دەكرێ لە بەسەهووچوونی قووڵ پتر تووڕەبوون و گیڤبوونەوەیە لە بەرامبەردا هەر ڕاستكردنەوەیێك كە دۆستانە بەرەو پیری بچێ و لە ئاست هەر ڕەخنەیەك كە برایانە لێی بگیرێ. گوتەی كۆنینەی «كە گوترا حەق ئاو ڕادەوستێ» بۆ مرۆڤی عادەتی بەڕاست دەگەڕێ. مرۆڤێك بەسەهووچوونی لێ ببێتە فەلسەفە، ڕاستییان بەحەق نازانێ تا بۆی ڕاوەستێ. بەداخەوە!

وەرامی دووەم: بیروباوەڕی ئەم تەرزە خوێندەوارانەش ڕۆژێك دێ ببێتە کەلەپووری ڕابردوو و چینی پاشەڕۆژ بەقێزوبێزەوە سەیری بکەن و لچکولێوی لێ هەڵێنن و بڵێن: ئای لەم بیروباوەڕە دواکەوتووە قوندیلەیەی سەردەمی تاریکستانی کۆن! کە ئەمە دەڵێم، زۆرم حورمەتی ئەو خوێندەوارانە و بیروباوەڕەکانیان گرتووە، بەوەدا کە بێ بایەخ کردنیان دەخەمە بەر حوکمی دوا ڕۆژ؛ چونکە ڕاستییەکەی، لە ئەمڕۆوە ڕێی بێ بایەخ کردنیان لە بەر هەموو کەسێکدا ڕاست و ڕەوانە؛ نەك تەنها لەڕووی ئاشکرایی بەسەهوچوونیانەوە، بەڵکوو بەهۆی کرداری خودی خۆیانەوەش؛ چونکی کە حەڵاڵ بێ بۆ وان ئەدەبی غەیری خۆیان نابوود بکەن، حەڵالیشە بۆ یەکێکی تر، ئەدەبی وان نابوود بکات. زۆر بەئاسانی و ئاسایی دەتوانم بەو کەسە بڵێم کە ڕابردوومان ڕیسوا دەکات و ڕۆژگاری ئێستاکەمان بەحەرامزادە لە قەڵەم دەدات: تۆ کە بێ ئینسافانە حازرمان لێ دەکەیتە منداڵی بیژووی ڕابردوو، سەرلەنوێ، دوا ڕۆژیشمان دەکەیتەوە بەمنداڵی حەرامزادەی ئەمڕۆکەمان. چونکە گومان لەوەدا نییە تۆ کە نەتوانی دەماری پەیوەندیی ئێستاکە لەگەڵ ڕابردوو بدۆزیتەوە و بیانکەیتەوە بەباوك و ڕۆڵەی شەرعی، هەر بەجارێ ناتوانیت دوا ڕۆژێك پێك بێنیت کە پێشی بگوترێ ڕۆڵەی شەرعیی ئەمڕۆ. ئەمە ناتوانیت بایی ڕازیکردنی خۆت بێ: چ جایی پێڕازیبوون و سەلماندنی خەلقی تر. خۆ تۆ خالق نیت لە بورجی عاجیتەوە ڕۆڵەی دواڕۆژ لە دایکی ئەمڕۆکە بەوەلەد بێنیت، بەپێی وەسیقەی مارەکردنی لە باوکێکی کە گۆڕانی مێژوویی ڕاستەوخۆی بێ درۆ و فێڵ و فەرەج بێت. تۆ کە خالق نیت، ساحیریش نیت، بەچاوبەستەکێ وەسیقەی ساختەمان بەدروست بێنیتە بەرچاو، یاخود چاوی مرۆڤی دواڕۆژ نابیناکەیت و ئەو هەڵەیەی پێ بسەلمێنیت کە خۆت مەبەستتە.

خۆ بەسەهوبردن لە ئاست «ممکن و نامکن»، هەموو ڕێگەیێکی "منطق" و هۆش و لێکدانەوە پەك دەخات. خواهشت کردنی بیروباوەڕی مۆدێلی ١٩٧٠ لە شاعیری ١٨٥٠ ڕێ دەدا خواهشت بکرێ لە شاعیری ئەمڕۆمان فڕۆکەمان بۆ دروست کا بەنووکی ئەو خامەیەی لەو زیاتر شك نابا. لە خەیاتیش خواهشت بکرێ بەدەرزییەکەی بیری نەوتمان بۆ لێدات. خولاسە هەموو نامومکینێك خواهشت بکرێ لە هەموو کەسێك؛ بەر لە هەمووان ئەو ڕۆشنبیرانەی خواهشتی نامومکین دەکەن لە ڕۆژگاری ڕابردوو.

باوەڕهێنان بەوە کە شیعری کوردی سەدەی نۆزدە مردووە، وەیا کاتی بەسەر چووە، وەك باوەڕهێنانە بەمردنی دوێنێی خۆت وەیا هەر نەبێ بەسەرچوونی. من کە ئەمە

دەڵێم هەر حیسابی بەسەرچوونی ڕۆژەکەم کردوویت، لەوانەیە سەرەڕایی بەسەرچوونی پێنجشەممو و داهاتنی هەینیت، بیروباوەڕی ئەمڕۆشت لە هی دوێنێت جودا بێت؛ چ بەدوێنێی خۆشت ناڵێی مردوو وەیا دواکەوتوو. ڕەنگە شانازییش بکەیت بەگۆڕانی قەناعەتەکانت لە دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ و بڵێیت ئەمە بەڵگەی بەرەو پێشەوە چوونمە. خۆ ئەگەر نەختێك نیگات فراوان کەیت و هەندێکیش ئینساف بخەیتە ناو نیگاکەتەوە، دەتوانی فەتوای «نەمردن و بەسەرنەچوون» بۆ ئەدەبی لە خۆت پێشەوەش دەرچوێنیت؛ وەك بۆ ڕابردووی شەخسی خۆت دەرچوواند. ئەوسا بەدڵێکی حەسایەوە و بێ گرێوگاڵ، خۆت بەمیراتگر و ڕۆڵەی شەرعیی ئەو ڕۆژگارە بژمێری، کە بەڕاستیش هەر وایت و هەوڵ دەیت میراتەکە دەوڵەمەندتر کەیت و بەرەو پێشەوەتری ببەیت. دواییش دەوری کەیتەوە بۆ دوا ڕۆژێك کە ئەویش ڕۆڵەی شەرعیی خۆت دەبێت.

میللەتانی تریش وەك کورد ــ دە هێندەی کوردیش ــ ئەدەبی کۆنیان هەبووە و پارێزراوە. ئەو میللەتانە جارێکی تریش لە کورد بەختیار ترن لەوەدا کە ڕۆشنبیری ئەمڕۆیان ئەدەبی کۆنیان تاوانبار ناکەن. بەڵێ ڕاستە ئەو میللەتانە هەر خاوەنی ئەدەب نەبوون، باری مادیشیان لەچاو ڕۆژگاری کۆن پێشکەوتوو بووە، لەمەوە ڕەنگە بگوترێ لایەنی مادیی پێشکەوتوو شەفاعەت دەکا بۆ ئەدەبەکەیان ئەگەر پاشکەوتووش بووبێ. کەچی من دەڵێم دەبێ بزانین ئەم ڕاستییە لەسەر ئەدەبی کورد دەکاتەوە نەك دژی دەوەستێت؛ چونکە عوزرێکی گەورەی بەدەستەوە دەدا لە ڕووی ئەوەوە کە دوا کەوتنی باری مادی و کۆمەڵایەتیی کورد، ڕێی بڕیوەتەوە لە ئەدەبەکەی کە پێشکەوتوتر بێت. ڕەنگە لە هەمان کاتدا گلەییێکیش بێنێتە سەر ئەدەبی ئەو میللەتە پێشکەوتووانە بەوەدا کە باری مادی دەوڵەمەند و پێشکەوتوویان دەبوا ئەدەبێکی پێشکەوتووتر بەرهەم بێنێ لەوەی کە هەبووە. ئەگەر چاومان ڕەشکەوپێشکە نەکات و مێشکمان لەق نەبووبێت، ڕێمان هەیە بڵێین ئەرێ ئەی بوێژی فارس و تورك و ڕووس و عەرەبی پێش صەد ساڵ، ئێوە کە لە دەوروبەرێکی یەکجار دەوڵەمەندتر بوون لەچاو هی کورد بۆچی هەڵبەستتان لە هی نالی و شێخ ڕەزا و مەولانا خالید پێشکەوتووتر نەبوو؟ کوا ئەو واتا و وێنە سیحراوییەتان کە لە ژیانە دەوڵەمەندەکەتانەوە تیشکی دابێتەوە بۆ ناو هەڵبەستتان و هاوتای ئەو لە واقیعە هەژارەکەی نالی تیشکی نەدابێتەوە؟ بۆ دەبێ حاجی قادر لێتان دانەبڕێ وەیا کەیفی جوانڕۆیی شان بەشانتان بێت؟

لێرەدا سەرگوزەشتێکی کورتیلە دەکەمە پاڵپشتی قسەکانم: چەند ساڵێك لەمەوبەر قوتابییەکانی کورد لە «قاهیرە»، پرسیارێکیان کرد لە شاعیرێکی ئێستاکەمان دەربارەی «نالی» و هێزی لە شیعردا. لە وەڵامدا پێیانی گوت بەسە بۆ دیارخستنی پایەی «نالی» کە بڵێم لە بەیتێکی دڵدارانەدا وەسفێکی خورما و دارەکەی کردووە، بەخەیاڵی هیچ شاعیرێکی عەرەبدا نەهاتووە. دەشزانین دار خورما ماڵی بێ فێڵی عەرەبە و نالی لێی مێوانە:

ئەتۆ قوربان نەخیلی یا ڕطابی
وەها شیرین و سینە نەرم و دڵ ڕەق

بەدوا ئەو بەیتەدا، بەیتێکی تری نالی دێنمە ناو قسەکانمەوە کە وەسفی بیابانی حیجازی پێ کردووە، ئەویش تۆزی نەشکاوە لە لایەن شیعری هیچ شاعیرێکی عەرەب کە وەسفی بیابانی کردبێ. ئەمە دەڵێم لە ئاست تێکڕای ئەو هەڵبەستانەی خۆم خوێندوومنەتەوە، کە شتی تری زێدە نایاب هەبێ لە وەسفی بیاباندا و من چاوم پێی نەکەوتبێ بەر ئەم قسەیەم ناکەوێ:

سماقی احمره «یا قوت»ی ڕوح و ئاوری نەفسە
حصاتی ابیضه یا شهبی نجم و ڕجمی شیطانە

بزانە لە مەقامی جەزبەگرتنی بەرەو کەعبە ڕۆیشتن، نالی بەردە سماقی سوورو وردە چەوی سپیلکەی ڕێی حیجازی بۆ کوێ بەرز کردووەتەوە. توخوا بەوردی سەیرێکی ئەم ڕیزکردنەی «قوتی ڕوح» و «ئاوری نەفس»ی نیوە بەیتی یەکەمی بکە کە لە وەسفی بەردە سماقدا هاتووە؛ چۆن بەئاسانی و بێ سواری لە خۆوە بەرامبەر «شهبی نجم» و «ڕجمی شیطان» وەستاون؟ قووتی ڕوح لەگەڵ ″شهبی نجم″ جووت هاتووە، ئاوری نەفسیش لەگەڵ ڕەجمی شیطان!!! کاکە لێی وردبەوە، جیهانێکی سیحری حەڵاڵ وا لەبەر چاوتە نە سەری دیارە نە بن.

من کە بەگەرمی لەسەر ئەدەبی کۆنمان دەکەمەوە، یەك وشەی توانجم لە ئەدەبی ئەو کەسانە نەگرتووە بێ ئینسافی دەکەن لەگەڵ ئەو ئەدەبەدا. نەك هەر ئەمەو بەس، هەرگیزیش ناڵێم ئەدیبی کورد دەبێ لەسەر شێواز و ڕێبازی شاعیری لێرە بەپێشەوەمان بڕوا و ڕێگەی تازە داهاتوو لە خۆی حەرام کات. ئەوەی ڕاستی بێ، پارچە هەڵبەستی نەوباوی ئەوتۆم دیوە صەد سڵەواتم بۆی لێداوە، هەرچەند واتاکانی لە پشت پەردەیێکی

ئەستووری ڕەمز و هێما و داپۆشراویدا خۆیان بزر کردووە تا ئەو ڕادەیەی بەزەحمەت تێیان گەیشتووم یا هەر تێیان نەگەیشتووم. بەلای باوەڕی منەوە شاعیری نوێی ئەوتۆمان هەیە خەریکە هەنگاو هەڵێنێ بۆ بەرەوپێشەوەی «گۆران»و قۆناغەکەی؛ چ لەڕووی ڕواڵەت، چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بێ. مەبەستیشم لە ناوەڕۆك مەفهوومی سیاسی و فەلسەفی نییە، مەبەستم ڕژانی نەفسی شاعیرە بۆ ناو هەڵبەست. جا ئەو نەفسە چی تێدا دەبێ بابێ. هۆیەکی زێدە ئافەرین کردنیشم لەو شاعیرە -وەیا ئەو شاعیرانە- ئەمەیە کە خۆی ناکاتە عەبدی شێواز و ناوەڕۆکی یەکێکی لە خۆی بەپێشەوە وەك «گۆران»، بەڵام لە هەمان کاتدا هەزار حەیف و مخابنی بۆ دەڵێمەوە کە دەبینم هێندە بێ ڕەحمانە و ناشارەزایانە دەکەوێتە دژی ڕابردوویێکی بێ تاوانمانەوە. چەند سەیرە و چەند نامەفهوومە لە ڕۆشنبیرێکی کورد کە منداڵێکی هەژاری بێ باوکی دیت، بەزەیی بۆی بجوولێ؛ بەڵام ڕقی لە ڕابردووی کورد هەڵستێ کە ئەویش وەك ئەو منداڵە بێ باوکە وا بووە بەدرێژایی پتر لە دوو هەزار ساڵ، نەفەسی حەسانەوەی هەڵ نەمژیوە و تێر بەزگی خۆی نەیخواردووە و قەمچیی ستەمکاریی بێگانە لەسەر پشت و شانی هەڵنەستاوە. من لە وەسفی کوردا ئەمەی ژێرەوەم گوتووە لە ساڵی ١٩٦٠. ڕووی قسانیشم لە ڕۆشنبیرانی عەرەب بووە «فهو یخرج الیوم من حدث التاریخ اشعث اغبر ینزف جسمه من جرح عشرین قرنا او یزید، وتغوص فی عظامه سلاسل الاحقاب: لو اطلعت علیه لولیت منه فرارا ولملئت منه رعبا». ئەم پرزۆڵە لەش خوێناوییەی ناو گۆڕستانی مێژوو ئەوە نییە ڕۆشنبیرێکی خۆی سەرلەنوێ ئەنجن ئەنجنی کا.

پوختەی مەبەس و مرازی من، لەم درێژە پێدانە و میسال هێنانەوە و ڕەخنە گرتن و ڕەخنە ڕەواندنەوەیە، ئەوەیە چاوی ڕۆشنبیری کوردی ئەمڕۆی پێ بکەمەوە کە سەرگەرمی تەمەنی گەنجایەتی و مەستی کەفوکوڵی حەزارەتی تازەی ئەورووپایە و لەبەر تیژڕۆیی خۆی شوێن هەنگاوان نابینێ. بەهۆی چاویلکەی خوازراوەیەش چەشمەندازی لێ لێڵ بووە. بێگومان کە ئەمە دەڵێم لە خۆم و لە تاو تەئسیری قسەکانم بێ ئاگا نیم. زۆر باش دەزانم ڕۆشنبیرێك ئەوەندە ئاوەژوو بووبێ، دوێنێ بەئیمڕۆ بگرێ، وەك ئاسمان بەئەرز بزانێ بەقسەی من، نایێتەوە سەر باری ئاسایی تا ئاسمانەکە هەڵدەداتەوە بەرزایی و دوێنێش بخاتەوە پێش ئەمڕۆ. ڕۆشنبیرێك تا دەگاتە ئەو ڕادەیە لەسەهوو چووندا کە داوای "مستحیل" لە ڕابردووی بکا و قەمچی لە ڕۆژگاری تێپەڕیو بدا، دەبێ لە سەهووەکەیدا، ئەوەندە قووڵ ڕۆچووبێ کە شریت و دەولکەی بیروباوەڕ و

نووسینی یەکێکی وەکوو من، نەیگاتێ. تاریکستانی ئەنگوستە چاوی یەخەگرتنی ڕابردووی بێ گوناھ و کوشتنی تارمایی بلیمەتی گۆڕستانی مێژوو بەچرای کزی ئەم قسانەی من ڕووناك نابێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا خامۆش بوونی من و ھی وەك من چ خزمەتێکی ڕاستکردنەوەی سەھوی ئەو ڕۆشنبیرانە ناکا، پتریشیان بەسەھو نابا.

ئەمە لە لایێکەوە، لە لاییکی تریشەوە ئەدەب و ئەدیبێکی کوردی کۆن کە لە نەزەر خۆمدا جێی شانازی پێوە کردن بێ، دەبێ لە حاڵی ھێرش بردنەسەریان لە لایەن ڕێ لێشێواوێکی کوردەوە، بەچەکی خامە بەرگرییان لێ بکەم. لە منیش بەپێشەوە نووسەران ھەبوون بەشێکی نووسینەکەیان تەرخان کردووە بۆ لەسەر کردنەوەی ئەو ئەدەب و ئەدیبەی لە بارەیان نووسیوە. ڕەنگە ھەندێك لە خوێنەرەوەی ئەم باسەش ناچاری لەسەرکردنەوە بووبن. ئەوەی ڕاستیش بێ میللەتی کورد پێویستی پتر ھەیە بەلەسەرخۆکردنەوە تا میللەتێکی تری خاوەن سامانی مادی و مەعنەوی؛ چونکە بەداخەوە! کورد ئەوەندەی نییە ھەندێکی لە ژێر پێی ڕەخنە و نەفرینی ناڕەوا بپلیشێتەوە و دەربەست نەبێ. بەتایبەتی کە ڕەخنەکان دژی ڕاستی و ئینسافیش بن و لە بەسەھووچوون و بێباکی و وردنەبوونەوەی ڕەخنەگرانەوە سەریان ھەڵدابێ، لەئاست مێژوو و بەسەرھاتەکانی کە چ سووچێکی ڕەخنە لێگیراوەکان نییە ئەو بەسەرھاتانە بەپێی زەوق و کەیفی مرۆڤی صدەی بیستەم ڕوویان نەداوە و حازرێکی باشتریان بۆمان بەرھەم نەھێناوە. ھەر وەك ناقۆڵایی ژیانی چینی زەحمەتکێشی ئەمڕۆی کورد بەئارەزوو و بەتاوانی ئەوان نەڕسکاوە تا گلەیی بێ سامانی و بێ ڕاحەتی و بێ ئازادیی خۆیان بکەین.

ئەدیبێکی وەك نالی کە بەلای بیروباوەڕی منەوە، یەکێکە لە شاعیرە ھەرە پێشکەوتووەکانی ڕۆژھەڵاتی ئیسلام- نەك تەنھا ھی کورد- گلەیی ئەوەی لێ ناکرێ بۆ کەیفی صەد ساڵ دوای خۆی شیعری ھەڵ نەبەستووە؛ لەوەشدا سەرشکێن ناکرێ کە شێوازی شیعری کۆنی بەکارھێناوە. لەم لایەنەوە دەبێ بڵێین، نالی ئەگەر ئەوە نەبا کە ھەبوو، گلەیی لێ دەکرا و گومان دەچووە سەر شاعیریەتی؛ چونکە دەبێ مرۆڤ کوڕی سەردەمی خۆی بێت. کە ئەو کوڕە نەبێ، دیارە ناتەواوییێك لە نەفسی وەیا لە ھونەریدا بووەتە لەمپەر لە پشتی و کردویەتی بەمرۆڤێکی تار بووی لە تێکڕای خەلق. نالی بێ وەیا یەکێکی تر بێ ھەر ئەوەندەی لێ داوا دەکرێ بەپێی مەفھوومی سەردەمی خۆی مافی ڕێزلێگرتنی ھەبووبێ، تا ئێمەش ڕێزی لێ بگرین، چ ڕەوای ھەق نییە، ئێمە بێین

دوای صەد ساڵ لەو سەردەمە هەموو خەلق بەدرۆ بخەینەوە لەو ڕێزەی کە لە یەکێکی وەك «نالی»یان ناوە. وا دەزانم ئەم قسەیەی لێرەدا دەیکەم چ دەمەتەقە هەڵ ناگرێ لە منیش بەپێشەوە کەسانی تر گوتوویانە. هۆی دووبارە کردنەوەی لێرەدا، زێدە پێویستی میللەتەکەمانە بۆ خۆ بەسەهوونەبردن و خۆ زەرەرمەندنەکردن. لە فەرزی میللەتی ئینگلیز خۆ گێل کا لە ئاست «شەکسپیر» ئەوەندە شاعیر و ئەدیبی گەورەی تری دەمێنێتەوە، دڵی خۆیان پێ خۆش کات. سەروەت و سامانەکە و فابریقەو داهاتە زۆرەکەشی چی لێ کەم نابێتەوە، بەنەهێشتنی ناوی ″شەکسپیر″ لە فەرهەنگی ئەدەب و هونەریدا. خۆ ئەگەر ئینگلیز لەم پلەیەی بێ ئینسافییەش تێ پەڕێنێ و هەموو ڕابردووی خۆی بسڕێتەوە -کە هەرگیز نای سڕێتەوە- حورمەتی ڕووپەڕە بێ حورمەتەکانیشی دەگرێ، حازرێکی هێندە دەوڵەمەندی هەیە بۆی تێ بێنێتەوە لە سڕانەوەی ڕابردووی. بەڵام کورد چی ئەوتۆی نییە لە ئێستاکەیدا دڵی خۆی پێ خۆش کات لە بەرامبەر کاری منداڵانەی ڕیسواکردنی ڕابردووی خۆی. کورد لە بارێکدایە بۆی بپارێیتەوە، نەك لێی کەم کەیتەوە. بەتایبەتی کە خۆت کورد بیت، خۆ هەر بەجارێ بێ عوزر دەبیت ئەگەر لێ کەمکردنەوەت لە مەیدانی بایەخداری زێدە بەنرخی شیعر و ئەدەبی کۆنی بێت کە هیچی وەك ئەو بەنرخ نییە.

* لەم گەشتەی ناو باخ و ڕاغی هەڵبەستەکانی نالیدا، چەند نموونەیەکی ئەوتۆمان دیت کە لەناو نموونەی هەرە پێشکەوتووی ئەدەبی ڕۆژهەلاتدا، پڕشنگ بدەنەوە و نموونەکانی تر کزکەنەوە لە نەزەر خۆیاندا. ئەم بەرزییەی ئەدەبی نالی، جارێکی تریش بەرز دەبێتەوە کە بەبیر خۆت بێنییەوە نالی ڕەوشتێکی پاك و نەفسێکی ڕێز لەخۆگرتووشی هەبووە و لەو ئەدیبانە نەبووە عەیب و عاری ڕەفتاری نالەباری لەناو مەخمەڵی هەڵبەست و بشارێتەوە؛ چ نهێنییان ئاشکرا ناکەم، بەوەدا کە بڵێم زۆر لە شاعیری ناسراوی خاوەن شۆرەت لە کۆن و نوێدا، ئەگەر شیعر و هونەر شەفاعەتیان بۆ نەکەن، لەوانە نەبوون بەبرادەری خۆتیان قبوڵ کەیت، نەوەکا ناوت بەد بێ پێیانەوە. نالی سەرەڕای ئەوە کە چ عەیبێکی لێ نەدیتراوە، تا بشڵێی ڕاست و دڵسۆز بووە لەگەڵ بیروباوەڕیدا. چی لە دڵدا بووە، ئەوەی گوتووە و بەدرێژایی ژیانی سوور بووە لەسەر قەناعەتەکانی. بەڕاستی، نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی قەناعەت گۆڕییان نەکردووە. هەرچەند ئەم نووسینە جێی ساغ کردنەوەی قەناعەت و بیروباوەڕی نالی نییە. بەلام جێی ئەوەندەی تێدا دەبێتەوە بەپێی داخوازیی موناسەبە، بڵێم، دیوانەکەی سەرو بن

کەیت و شیعرەکانی بەوپەڕی وردییەوە بخەیتە بەرچاوی زیهن و مەنتیقەوە، چ فەرقێك ناکەی بەقەناعەتە بنجییەکانی لە قەسیدەیێکەوە بۆ قەسیدەیێك؛ وەیان لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر. وەك من لە نالی دەگەم، ئەگەر پێمان بکرێ لیستەیێکی زەمەنی بۆ شیعرەکانی ڕێك خەین، لێمان مەعلووم دەبێت ئەو لە تەمەنێکی مەیلەو زووەوە بەرەو پێکهێنانی بیروباوەڕ چووە. هەر ئەم زوو کردنەش بووەتە هۆی خێرا ڕۆیشتنی بۆ حەج. تەنانەت نامەکەی بۆ «سالم» و پرس پێکردنی لە بەرژەوەندی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، ئەو ترسە پێی کردووە کە دوای گەڕانەوە دوچاری وەزع و ژیانێك بێ کە خۆی لێی ڕازی نییە. دەمەوێ بڵێم پەرۆشی بۆ قەناعەتەکانی وای لێ کرد، ڕاستەوخۆ نەگەڕێتەوە. لە حاڵێکدا ئەو دەزانێ بەسەرچوونی دەسەڵاتی بابان و هاتنی حوکمێکی بێ باکانەی عوسمانی، لەوانەیە ڕێ لە ئازادیی ڕەفتار و قەناعەتی بگرن و مەیدانی لێ تەسك کەنەوە؛ بەتایبەتی؛ چونکە ئەو لە سەردەمی حاکمەکانی باباندا هەرگیز ناچار نەبووە لە ئاوی باوەڕی لێڵ بخواتەوە. دیارە لە حاڵی وەهادا تێکچوونی وەزعی سلێمانی بەنیسبەت نالییەوە، ناخۆشتر بووە تا کەسێکی تر کە وا زۆر دەربەستی باوەڕ بێ و نەلە سەردەمی باباندا مەرحەبای دیبێ. نالی کە لە شام مایەوە و دوایش پاش گەیشتنی وەڵامی سالم پێی چوو بۆ ئەستەمبوڵ بێ، ئەوە هیچ هۆیەکی گوزەرانی مسۆگەری هەبی وەیا بەتەمای پەیداکردنی پایەو ڕوتبە و نیشانێك بێ. خۆی دزییەوە لە گەڕانەوە بۆ سلێمانی لەترسی بەرەنگار بوونی وەزعی بێحورمەت بەدەست حوکمی کەم ئینسافی عوسمانییەکانەوە. ئەگەر ئەم ترسە بەرهەڵستی لێ نەکردبا، دەی توانی لە سلێمانی ئەو کەرتە نانە پەیداکا کە لە شام و ئەستەمبوڵ پێی قانع بوو. هەر جارەی کە ئەم بەیتەی لای کۆتایی نامەکەی بۆ سالم، دەخوێنمەوە، لەگەڵ تەزووی سۆز و هەستی پەرۆشم بۆ نالی، دیمەنی مرۆڤێکی جوانمەردی ڕێز لەخۆگرتووشم دێتە بەرچاو کە مەرگی غەریبانەی ڕێز لێگیراو، تەرجیح دەداتە سەر ژیانی ناو کەسوکار بەبێ حورمەتی و بێ دەسەڵاتی:

ئایا مەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە

یا مەصلەحەت تەوەققوفە تا یەومی نەفخی صور

دیارە نالی لەم مەصلەحەتەدا، مانگانەی دووکان و قەیسەری داهاتی زەوی و زارە نەبووەکانی مەبەست نییە؛ پرسیاری ئەو لەبارەی بوونی وەزعێکەوەیە کە بتوانێ تێیدا گوزەرانی نەمر و نەژی بکا لەگەڵ پاراستنی دڵۆپی ئابڕوودا. پێش من سالمیش لە نالی

گەیشتووە، بۆیە لە وەڵامدا باسی بێدادی و بێحورمەتی تورکەکان دەکا، نەك نەبوونی نان و گوزەران:

شارێکـە پـڕ لـە ظـلـم و مـەکـانـێکـە پر لـە شین
جـایـێکـە پـڕ لـە شۆر و وڵاتـێکـە پـڕ لـە شەڕ
سالـم صفـەت لـە بـێ کـەسیـا بـانـەبـێ هـەلاك
من کردم ئەو نەکا لە غەما خوێنی خۆی هەدەر

لێرەدا، ڕەنگە پرسیارێك بکرێ و بگوترێ بەنیسبەت نالییەوە ئەستەمبۆڵ و شام و سلێمانی چ فەرقێکیان دەکرد؟ خۆ هەر عوسمانلی حاکمی هەمووان بوون؟ پرسیارەکە بێ جێ نییە. بەڵام بێ وەڵامیش نییە. لە تەجروبەی خۆمان دەزانین ژیان لە جێگایێکی تازە داگیرکراوی وەك سلێمانی، بۆ کوردێکی شەرم بەخۆی موحتەرەمی وەك نالی، سەختتر و جێی گومانترە تا ژیانی ئەستەمبۆڵ وەیا شام کە لەوێدا داگیرکەری عوسمانی پەلپی بێ حورمەتی کردن بەغەریبێك ناگرێ کە لەهیچ ڕووێکەوە نایێتە ناو حیساب و بەرژەوەندی چاکەو خراپەوەو چ لەمپەران لەبەر پێی هەڵنانێ. لەمەش بەولاتر، شاری گەورە و قەڵەباڵغ چاکتر دەبێتە حەشارگە بۆ کەسێکی بیەوێ بەرچاو نەبێ. نالیش لەوە زیاتری نەویستووە ژیانێکی ڕەشۆکی بێ ئارایشت لەناو ئاپۆرەی شاری گەورەدا چەپارەی بدا لە نیگای نارەزای میری و ئەو هەڵمەتە کاسانەی خۆی لە میری نزیك دەکەنەوە، بەتێوەگلاندنی بابای وەك نالی ڕیز لە خۆگرتوو.

ئەم بەقەناعەت نازینە و لە خۆ ڕازیبوونی نالی لەگەڵێك ڕەفتاری تری نالی سەر هەڵدەدەن. جارێ چەندێك سەیری هەڵبەستەکانی بکەیت پاڕانەوەی لەبەر کەس تێدا نابینیتەوە؛ خۆ داواکردنی یارمەتی و لووتە خۆری هەر هیچ، نووسەرێکی کورد لە پێشەکیی دیوانە چاپکراوەکەی نالی خلیسکی بەخامەی خۆی بردووە و نالی شکاندۆتەوە بەو یەك دوو ناو بردنەی حاکمەکانی بابان کە لە چەند موناسەبەیێکدا هاتوونەتە ناو شیعرەوە. بەرامبەر ئەم شکاندنەوەیە چەند وەڵامدانەوە و ڕاست کردنەوە و ڕوونکردنەوە هەن:

یەکەم: گەلی کورد بەئاواتەوەیە لە مێژووی خۆیدا هەڵکەوتوویی وەها پڕ شانازی بدۆزێتەوە کە ئەدیبێکی کورد مەدحی حوکمڕانێکی کوردی کردبێ. وەی کاشکی سەر لەبەری ئەدەبی کۆنمان مەدحی بەروبارەگا و دەست و قام و جوامێریی حاکمە سەر

بەخۆکانی کورد بوایە. کاشکی کورد خاوەنی ئەو حوکمڕانە بوایە بەدرێژایی مێژوو مەدح کرابایە. نالی کە دێ و مەدحی «تاقمە مومتازەکەی شاھ» دەکات تابلۆیێکی پڕ شەڕافەتی مێژووە هەژارەکەی کوردمان بۆ دەکا بەنەمر؛ چ دەستێکی سواڵ و سەدەقـەشی تـیـێدا پـان نـەکردۆتـەوە ببـێتـە لـەککـە لـەو تـابـلـۆیـەدا. لاوانـدنـەوە و پـیـرۆزبـایـیـیـەکـەشی بـۆ مـەرگـی سلـێمـان پـاشا و حـوکمـڕانـیـی ئـەحـمـەد پـاشا، لـە قەسیدەکەی «تا فەلەك دەورەی نەدا» ئەویش وەك هی «تاقمی مومتازی شاھ» هەستی بەخۆ نازینمان زیندوو دەکاتەوە و گیانی کوردایەتیمان زیندووتر دەکات. بەشێکی زۆری هەتیوایەتی کۆنینەشمان لەبیر دەباتەوە بەوەدا کە پێمان دەڵێ ئەمیرێکمان هەبووە لەمردنیدا بۆی بگرین وەیەکێکی تریشمان هەبووە لە هاتنی بۆ سەر تەخت پیرۆزبایی لێ بکەین. لەم قەسیدەشدا، نالی هێندە بڵند دەڕوانێ و خۆی بەرز دەکاتەوە لەلایەنی چاوچنۆکیەوە دەتوانم بڵێم پێی دەگاتە شانی «ابو تمام و بحتری و متنبی». بەڕاستی ئەم گیانی بەرزبوونەوەی نالی ژووروویی گومان لێکردنی یارمەتی خواستن کە لەم دوو قەسیدەیەدا دەچنە ناو بیبیلەی هەموو چاوێکی بیناوە دیمەنێکی یەکجار ئاشکرای بەخۆ نازینی نالی دێنێتەوە ناو هـەڵـبـەسـتـەکـانـەوە، هـەنـدی مـەدح و لاوانـدنـەوەکـە جـێـی خـۆی کـردۆتـەوە. بەلێوردبوونەوە دیار دەکەوێ نالی لەم قەسیدەیەدا بەپێی حوکمی سروشت و ڕەوشتی فیکری لە تارمایی دەست پانکردنەوە دوور کەوتووەتەوە، نەك لەبەر خۆپاراستنی دوای لێکدانەوە. چونکە لە هەردوو قەسیدەدا تاکە یەك وشە نادۆزیتەوە باسی سەخاوەت و بەخشینی مەدح کراوەکان بکات: چ جای ئەوەی داوای یارمەتی بکات. بەمەدا دیارە نالی دڵ و دەروون و فکر و زەینی بەلای چاوچڕکردنەوەدا نەڕۆیشتووە؛ هەر بیریشی لێ نەکردۆتەوە. چونکە ئەگەر لە گۆشەیێکی هەست و نەستیدا وێنەی تارمایی خواست و نیاز هەبا، خۆشی بێ و ترشی بێ، سێبەرێکی ئەو تارماییە دەکەوتە ناو هەڵبەستەکانەوە؛ وەیاخود هەر نەبێ لە وشەیێکیاندا «ئحم»ێکی وەك هی کابرای گۆشەی مزگەوت دەبیسترا.

لێرەدا پێویستی ڕوونکردنەوە و وەرامدانەوە باسی دوو قەسیدەی هێنا ناوەوە کە مەدحی پاشای بابان و تاقمی تایبەتی ئەوی تێ دایە. نالی لە تاکە بەیتێکی تریشدا مـەدحـی سلـێمـان پـاشای کـردووە، هـەڵبـەت ئـەم مـەدحـە دەبـێ پێش مـەرسیـەکـەی «تافەلەك»بێ. ئەم تاکە بەیتە، چاوی هەموو ئەو ئەدیبانەی لێ خلیسکاوە کە من لە

بارەی شیعری نالییەوە ئاخاوتنم لەگەڵدا کردبن وەیا نووسینیانم خوێندبێتەوە دەربارەی نالی. منیش بەینێکی دوورو درێژ لێ بێ ئاگابووم، تاکوو لەناو دەروونمدا واتای بەیتەکەم بۆ ڕوون بەووەوە بایی ئەوەی مەدحی سلێمان پاشای تێدا بخوێنمەوە:

هود هودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین

خۆی کە دامەن گیری شاهی ئاصەفی ثانی دەکا

بێگومان «شاهی ئاصەفی ثانی»[1] لەم بەیتەدا سلێمان پاشای بابانە؛ چونکە دیارە شاهی ئاصەفی یەکەم سلێمانی پێغەمبەرە، بەخۆی و سەر گوزەشتە قورئانییە زۆر مەشوورەکەیەوە لەگەڵ هود هود و بەلقیس و سەبادا کە لەم بەیتەدا نالی، کردوویەتی بەمەبەستی هەڵبەست،

کە سلێمانێکی دووەم هەبێ وەك سلێمانی یەکەم، پاشا بێ و نالی دامەنگیری بێ، کەسێکی تر نییە لە سلێمان پاشای بابان بەولاوە. هەرچەند کەم و زۆر بێ پەیوەندی نالی بەدەرباری پاشاکانی بابانەوە، بەچاکی نەزانراوە و نەبیستراوە، بەڵام لەم بەیتە و مەدحەکانی تریشدا دەردەکەوێ نالی بەهۆی بویژیی بێ مانەندیەوە لە پاشاکان نزیك بووە و ڕێزی لێ گیراوە. دەمودووی ئەم هەڵبەستانەی تامی ئاشنایی و دۆستایەتی لێ دەکرێ، لەگەڵ مەدح کراوەکاندا واش ڕادەگەیەنێ نالی لەسەردەمی حوکمڕانیی سلێمان پاشاوە بووە بەدۆستی نزیکی بابان؛ چونکە مەدح و پێداهەڵگوتنی بۆ سلێمان پاشا و ئەحمەد پاشایە، لەوان بەپێشەوە چ مەدحێکمان لێی نەبیستووە دۆستایەتی و ئاشنایەتی ڕابگەیەنێ بەپاشاکانەوە.

دووەم: نالی ئەگەر مەبەستی لەم مەدحانەدا نان پەیداکردن بوایە، دەبوو باشتر مەدحی خەلییەفە و والی و وەزیر و پیاو ماقووڵەکانی عوسمانی کردبا. کەچی نەناوی هێناون، نەلێشیان نزیك بووەتەوە. سەیر لەوەدایە هەر چەند تورکییێکی باشی زانیوە بەدەگمەن نەبێت شیعری بەتورکی نەوتووە. ڕواڵەت وا ڕادەگەیەنێ نالی نەیویستووە، وەیا خۆی نەخستووەتە بارێك، هەڵبەست بەزمانی دەسەڵاتداری بێگانە دابنێت؛ نەوەك بەخۆتێهەڵسوون لەسەری حیساب بکرێ و گومانی دەست پانکردنەوەی لێ بکرێ.

نەبوونی مەدح لە هەڵبەستی نالیدا دیاردەیێکە سەربەخۆ. جگە لەو دوو سێ مەدح

(١)باسی ئەم بەیتە بەدرێژتری لە بەشی دووەمی «حاجی قادری کۆیی»هاتووە.

و ناوهێنانی بە موناسەبە کە بۆ میرەکانی بابانی کردووە تاکە، یەك مەدحی تر لە دیوانەکەی هەیە ئەویش بۆ شێخ نووری ناوێکی ڕوودباری "ڕووباری"یە:

لە چاوی ڕوودبارم نوری دیتن وەختە تاریی بێ
ئەمیش باماجەرای هیجرانی «نوری ڕوودباری» بێ

لەلاپەڕە ٧٨ی دیوانەکەی چاپی هەولێر، سەیرێکی ئەم هەڵبەستە بکەو نەختێك سرنج بگرە وشەکانی، دەرحاڵ بۆت مەعلووم دەبێ نالی ئەم پارچەیەی بەموناسەبەی چوونە حەجی «نوری ڕوودباری» داناوە:

چ میعمارانە بۆ تەعمیری کەعبەی دڵ دەچێتە حەج
خـودا یـار و مـەدەدکـار و نـیـگەهداری عـمـاری بـێ

دیارە نالی لێرەدا، مەدحی برادەرێکی خۆی دەکات کە دەچێ بۆ حەج و پیاوێکی خوایی و موسڵمانە هی دونیا و دەسەڵات و زەبر و زۆر نییە. لە سەرانسەری بەیتەکانیش، دیسان، چ دەست پانکردنەوەیێك نابینرێ. من لە بارەی ئەم «شێخ نوری ڕوودباری»یەوە هەر ئەوەندە دەزانم بەینێك لە کۆیێ ژیاوە و پیاوێکی بەرچاو و ڕێزلێگیراویش بووە. بەپێی گێڕانەوەی دەماودەمی باوکم لە باپیرمەوە، شێخ نووری نانی بەشێخایەتی پەیدا نەکردووە. خۆی خاوەن بەخشین بووە و بەماڵی خۆی خزمەتی خەڵقی کردووە.

نالی لە زەمینەی مەدحدا ئەوەندە کەنارگیر بووە تەنانەت لەپیاوانی ئاینیش تەنها مـەدحـی پـێـغـەمـبـەری «ص» کـردووە. هـەر لـەنـێوان مـەدحـی ئـەویشدا، نـاوی چـوار خەلیفەکەی هێناوە. بەلای باوەڕی منەوە ئەو بڕە شیعرەی «عاشورا» کە لە لاپەرە ٧٥ی دیوانەکەی چاپی هەولێردا چاپ کراوە، نە هی نالییەو نە بەهیچ کلۆجێك دەچێتەوە سەر شێوازی نالی: بڕە شیعرێکی بێ هێزی نابەڵەدانەی بێ تام و شام کە لە شاعیری ڕیزی دووەمی شیعری کوردیش ناوەشێتەوە، چ جایی ئەوەی لایەق بەنالی بێ. نەختێك وردبوونەوە لە بەیتەکان دەری دەخا خاوەنی قەسیدەکە کێیە. لە بەیتی چواردەمیندا، شاعیر ڕووی قسە لە خۆی دەکا و ناوێك دێنێ و یا ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی یا نازناویەتی. من لێرەدا بەیتی چواردەم شکل نووس دەکەم لەبەر دیوانەکەی نالی (چاپی هەولێر ١٩٦٢):

عارفا سەد عەقل کل حیرانە وا لەو عالەمە
عالمی اعلم کە بۆ خۆی هەم علیم و أعلمە

وشەی یەکەمی بەیتەکە (عارفا) بانگهێشتنی «عارف»ە لەلایەن خاوەنی ناوەکەوە. لەمەدا چ گومانێك نییە و دەبێ بتۆژرێتەوە کام شاعیری کورد ناوی وەیا نازناوی عارف بووە. بەم پێیە دەبێ کۆتایی قەسیدەکەش ناوی ″نال″ی لێ دەرهاویژرێ و ″عارف″ی بخرێتە جێیەوە:

لۆمەیی «عارف» مەکەن یاران ئەگەر بمرم لە غەم

خۆش ئەگەر سەد پارە کەم هێشتا لە غەم ئەمرۆ کەمە

پوختەی گوتە لێرەدا ئەمەیە کە شیعرەکان سەرەڕای بێ هێزی و بێ جوانیی و بێ هونەرییان، دژی تەبعی نالیشن لە ڕووی ئەوەوە نالی لە مەیدانی دینداریدا ستایشی خوا و پێغەمبەری کردووە و بەس. سەیرێکی ئەم بەیتە قوندیلەیە بکە و پێم بڵێ، بەکام کوێرە ڕێیدا، بۆ سەر خەزێنەی گەوهەرەکانی نالی دەبردرێتەوە؟

احمد و اولاد و آلشن در عرب شبهی گوڵن

حاصلی گوڵ خارە ئەی دانا دەلیلی محکمە

لەپێش چاوی زیهنی مندا، نالی، نەفسی لە بەرزیدا، هاوتای شیعرەکانیەتی لە مەتانەتدا. بەخۆڕایی و بێ بنج نییە نالی هێندە بەخۆی و شیعرەکانی خۆیدا هەڵدەڵێ. دیارە هەستی بە بەرزیی دڵ و دەروونی ئەوەندە بەهێز بووە چ کۆمەی نەکردووە لە دەربڕینی ئەو هەستە؛ چونکە بەلای خۆیەوە شتێکی وەك بەدیهییەی گوتووەتەوە لە هەموو ئەو کەسانە مەعلوومە کە دەیناسن. مرۆڤی گومان لە خۆکردوو ناوێرێ لە خۆهەڵدانەوە و ناز بەخۆکردندا خەڵق بێ منەت کات لە ترسی بەدەمدا هاتنەوە و عەیب دیارخستنی. وا دیارە نالی هیچی ئەو تۆی بەخۆی شك نەبردووە لە خەڵقی بترسێنی وەیا چاوشۆڕی کەسی بکات.

کەسێك چ ڕۆژان هەڵوێستێکی بێ حورمەتانەی لە خۆ دیبێ، ناتوانێ بەم شێوەیە ژوورووی عالەم کەوێتەوە:

ئەم سەرسەری بازانە کەوا هەمسەری بوو من

موشکیل بگەنە ساعیدی شاهێکی وەکوو من

من بەش بەحاڵی خۆم، چەندێکی بڵێی ئەوەندە گەش دەبمەوە بەوەدا کە دەبینم و دەزانم نالی لە ڕەوشت و بەرزیی نەفسدا هاوتای نالیی بوێژ و ئەدیبە؛ چونکە بەڕاستی فەلاکەتە ئەدەبی بەرز بخرێتە ناو نەفسی پەستەوە. پێی ناوێ من بڵێم لەخۆوە دیارە،

پیاوی نزم لە گوتنی وشەی بەرزدا درۆزنێکی ئانقەستە. شاعیرێك وەیا ئەدیبێك کە ناو و ناتۆرەی بەدواوە بوو لە هەموو گوتەیێکیدا تارمایی بەدناوییەکەی لەبەر چاوان قوت دەبێتەوە و قسە خۆشکەڵەکانی بەدرۆ دەخاتەوە؛ یاخود هەر نەبێ لە بایەخیان کەم دەکاتەوە. وا خۆشە دەست و زمان بەیەکەوە پاك بن. صەد شوکر ئەم خۆشییە لە شاعیریەتیی نالیدا بەزیادەوە پێك هاتووە.

لە بەشێکی ئەم گوتارەدا لایەنێکی تایبەتی ئەدەبی نالی کە پارسەنگ بوون و لەنگەر بەستنە قسەی لێ کرا بایی ئەوەی لە قەوارەی گوتاردا بگونجێ. ئەوەش گوترا کەوا بەڕادەی بەشداربوونی زات و بابەت «هونەر و زانست»، لەو پارسەنگ بوون و لەنگەر بەستنەدا توانا و دەسەڵاتی شاعیر خۆ دەنوێنێ.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڵێم چەندێکی شاعیر بتوانێ لەگەڵ هێنانەوەی واتای وشك و وشەی سەختدا زرینگەو مۆسیقا و نازکی و پاراوی لە هەڵبەستدا بپارێزێ، شاعیرترو هونەرمەندترو دەسەڵاتدارتر دەبێ. ئەم لایەنەی پاراستنی تاو و تەئسیر و زەوق و شەوقی ئاخاوتن لە هەموو حاڵێکی لەبار و نالەباردا لە«قرآن»دا زۆر بەرچاوە. کەسێك نەختێك شارەزایی هەبێ لە جوانیی گوتە، سەیرێکی ئەو ئایەتانە بکا کە لە دابەشکردنی میرات دەدوێن، تێدەگا دەسەڵاتی «قرآن» گەیشتۆتە کوێ. چونکە لە باسی میرات و پشکی میراتگران وشکتر و وەڕسکەرتر نییە کەچی ڕستەکانی «قرآن» بەشێوەیەکی ئەدەبی ئەوەندە تەڕ و پاراو لێیان دەبێتەوە، چ فەرقێکی نەبێ لەگەڵ ئایەتەکانی دوای سەرکەوتنی «بەدر» کە جێگەی بەکارهێنانی ڕستەئارایی و هونەرکاری و ڕەوانبێژییە.

لێرەشدا چ گومانێك نییە کە نالی پەیڕەوی قورئانی کردووە لە بەکارهێنانی وشە و واتای ڕەق و سەرکەش لە قاڵبێکی شەنگ و شلکدا. من ناڵێم ئەگەر قورئانی نەدیبا نەیدەتوانی هونەر بەکار بهێنێ لەو تەرزە جێگایانەدا، هەر ئەوەندە دەڵێم نالی شوێنی پێی قورئانی هەڵگردووەتەوە لە گەشتی ناو نغوردی وشە و واتای سەختدا. وەك لێرە بەدواوە (لەم بەشەی گوتارەکەم بێ وەیا لە بەشی سێیەمیدا) نموونەی بەیتەکانی نالی دەری دەخەن هەندێ جار واتا و ڕستەی ڕاستەوخۆ لە قورئانەوە هەڵقوڵیون. پێشتریش جارێکیان نموونەم هێنایەوە لە شیعری نالی کە واتای قورئانی هۆندۆتەوە؛ بەڵام وشەیێکی ئایەتەکەی قورئانی گۆڕیوە بە وشەیێکی تر بۆ پاراستنی مۆسیقای هەڵبەست. ئەم جارەیان وێنەیێکی تر لە ئەدەبی نالی دێنینە بەرچاو کە لەوێشدا هەر پەیڕەوی

قورئانی کردووه، ئەگەرچی بۆ مەبەستێکی تر بێ کە بریتییە لەسەر نەرمکردنی وشەو واتای سەخت بۆ ناو قاڵبی هەڵبەست. وردەوردە بەدەم شەرحدانەوە دەگەینە نموونەی ئەم بابەتە لە هێز و دەسەڵاتی نالی.

کۆمەڵکردنی وشەی نازك و تەڕ و تۆڵ و زرینگەدار لەناو هەر نووسینێك بێ (هەڵبەست یا پەخشان) لە خۆوە ڕەونەقێك دەدا بەنووسینەکە؛ ڕێگەش هەموار دەکا لەپێش هەنگاوی نووسەر بۆ ئەوەی بێ زەحمەتێکی زۆر، زەنەی دەروونی بخاتە ناو زەرفێکی جوانەوە. شاعیر هەیە بەشێکی زۆری دیوانەکەی وشەی بژاردە و تریسکەدارن کەلەبەری بێ واتایی پێ پڕ کردۆتەوە. بێگومان نالی لە بەکارهێنانی وشەی جواندا مەبەستی تێبردنی بێ واتایی نەبووە؛ چوونکە وەك دەزانین واتا لە شیعری نالیدا تەنگی بە وشە هەڵچنیوە.

لە هێنانەوەی نموونەی شیعری نالی، لێرەدا مەبەست دەرخستنی دەوری وشەی جوانە لە هەڵبەستدا بێ ماندوو بوونی شاعیر:

دیدەت وەکوو گوڵ سوورە پڕی شەبنمی ئەشکە
یا لالەیی پڕ ژاڵەیە دوو نەرگسی شەهلات
بەو گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگرییەم
گەوهەر بڕژێنم بەبڵندیی قەد و باڵات

نموونەی دووەم:

ئەوە لێوی ئەتۆیە پڕ لە خەندە
کەوا شەککەر دەباری گوڵ دەپشکووت

نموونەیێکی تر:

من گریە ئەتۆ خەندە بەیەکدی دەفرۆشین
من لەعلی بەدەخشان و ئەتۆ لوئلوئی لالا

یەکێکی تر:

دیدە وو دڵ هەردوویان جۆبار و جۆیای قەددی تۆن
سەروی دڵجۆی عەرعەرە دڵ جۆی نەمامی دیدە جۆی

ئەمەشیان:

تیپی شکۆفە خەیمەیی داوە لە هەر تەرەف

یا شاهی نەو بەهارە هەڵی داوە هوردوی

لەم نموونانەدا وشە و قاڵبی شیعرەکان، هێندە شلك و ناسکن، هەر دەڵێی لە مەیدانی واتادا ئەو ولاغە ئازموودە خۆشجڵەوە پشت نەرمەیە کە نالی وەك سووکە سوارێکی ولاغناسی دەست مەعلانی پێ و ڕکێف مەحکەمی شارەزا، بێ ترسی ساتمە و خلیسکان، جلیت بازی و غارێنە و مەقەسەی پێ دەکا. بەڕاستی وشەکان ئەوەندە تەڕ و پاراون بەبەریانەوە هەیە بیان گوشی ئاویان لێ بێ.

لەشیعری وەها وشە نەرمونۆڵدا، تەنها ئەرکی ڕێکخستنی لەبار و ڕیزگرتنی دەسترەنگینانە دەکەوێتە ئەستۆی شاعیر، پێویستی بەوە نییە شاعیر زرینگە و تەڕایی و شەنگی و شلکی لە شیعرەکەیدا بکا؛ چونکە وشەکان پەیدایان کردووە. زێدە وەستایی و هونەر و زەحمەت لەوەدایە وشەی سەخت و سەرکەش نەرم بکرێ و سەر دانەوێنێ بۆ ناو میحرابی هەڵبەست.

هێنانی وشە و ڕستەی زەحمەت و رەق لە دەسەڵاتی هەموو شاعیرێکدا هەیە؛ بەڵام چ سوود. ئەو وشە و ڕستانە وەك ئێسکە ماسی لە ئەوکی بەیتەکان گیر بن. ئەم دەسەڵاتەی تێبردنی ڕەقایی وشەی سەخت لەنێو شیرازەی هەڵبەستدا، بەزیادەوە لای نالی هەیە. بەڵام بۆ هەستکردن بەو دەسەڵاتە و زەوق لێ وەرگرتنی، یاخود چاکتر ئەوەیە، بڵێم بۆ سوودمەندبوون و سامان پتر کردن و خۆ چەسپاندن لە مەیدانی ئەدەبدا، بەهۆی هەستکردن بەو دەسەڵاتەی نالی، دەبێ خوێنەری کوردی تازە پێگەیشتوو، دڵ و مێشکی خۆی ڕزگار بکا لە تەم و تاریکایی و هەموو ئەو دەنگوباس و حیکایەتە سەرلێشێوێن و بەهەڵەبەرانەی کە خوێندەوارییە ناتەواوە، لاسایی کەرەوەکەی ئەوروپا لە ڕێی ئەدیبە نەورەسەکانەوە چەشمەندازی بیر و ئەدەبی لێڵ کردووە؛ یاخود خەریکە لێڵی بکات.

ئەدیبی تازەی کورد، بۆ ئەوە ستەم لە خۆی و ئەدەبەکەی هەڵەنگێوێ، دەبێ یەکجارەکی لە دەستە ستەمکارەکەی دوشمنایەتی ڕابردوو ڕزگار بێ، ئەگەر بمانەوێ ناوی ڕاست بۆ ئەو دوشمنایەتییە دانێین، دەبێ پێی بڵێین، نەخۆشیی نەفسی؛ چونکە ئەم ڕق هەڵگرتنەی ئەدیب لە «تراث»، چ فەرقی نییە لەگەڵ ڕق هەڵگرتن لە باوك و دایکی، بەدوای ئەوانیشدا لە نەفسی خۆی؛ چونکە لە دوا ڕۆژدا خۆی دەبێتەوە بەباوك

و دایك، ئەدەبەکەی دەبێتەوە بە«تراث». کە حاڵ وابێ، چ چار نامێنێ، دەبێ، بڵێین ئەدیبی ڕق هەڵگرتوو لە ڕابردوو دوچاری نەخۆشیی نەفسی بووە.

بێ و لەم دەستنیشان کردنەی هۆی ڕق هەڵگرتنەکە نیشانمان نەپێکابێ و بەسەهوو چووبین، ئەوسا هەر ئەوەندەمان بۆ دەمێنێتەوە بڵێین، ئەو تەرزە ئەدەبیە لە قەپێلکی زات و باوەڕەکانی خۆیدا خەریکی دەروێشی و صوفیەتییە، چاو و گوێی خۆی لە تیشك و دەنگی حەقیقەت بەستووە و زەرك وەشێنی دەکا لەسەر تەرمی ڕۆژگارە بەدبەختەکەی گەلی کورد.

من کە ناوی لاسایی کردنەوەی ئەورووپا دێنم، مەبەسم بەسەهووچوونی ئەوان لاسایی کەرەوەن کە لە ئەنجامی چاو هەڵاتنیان بەشارستانیەتی ئەورووپاوە، ڕاستەوخۆ دەکەونە دژی ڕابردوومان کە دەبینن ئەو ڕابردووە بەگەز و گرێی فکری نوێی ئەورووپا «رجعی» و پاشکەوتوو دەردەچێ، لەمەشدا تا ڕادەیێك شوێن پێی تیرێژێکی تەسکی ئایدیالیزمی پڕ لە کوڕێنی هەڵدەگرنەوە کە ئەورووپاش پێیەوە نەختێك ناڕاحەت بووە. لە حاڵێکدا ئەورووپای ڕاستەقینەی مێژوویی لە سەرخەتی حەزارەتی ڕەسەن هەڵستاو، هەرگیز ئەو حاپوولەی ڕق هەڵگرتن لەڕابردووی نەهاوێشتووە؛ بەڵکوو ڕۆژ بەڕۆژ لە حورمەتی شتی کۆنینەی زیاد دەکات تا گەیشتە پلەیێك لە بایەخدان بەڕابردوو یاسا دەردەچوێنێ، بۆ هێڵانەوەی کۆڵانە تەسك و تاریکەکانی صەدەکانی ناوەڕاست، نەکا دەستەی شارەوانی بەناوی نوێکردنەوە و سازگار کردن دەستیان تێبدات. کە کۆڵانەی تەسك و خانووە شڕەی کۆن بپارێزێ، دیارە ئەدەب و هەموو بەرهەمێکی فکریی کۆن بەولای پاراستنەوە دەبات. ئەورووپا، ئەو دەبەنگە نییە مەوجوودی کۆنینەی وێران بکات لەبەر تاکە هۆی ڕق لێبوونەوە و کەیف پێنەهاتن. ئەورووپا لە مەوجوودی کۆنی زیاد دەکات و ڕۆژگاری نوێی دەداتە بەر درێژەکێشانی سەرکەوتووی ڕابردوو؛ دواڕۆژیش لەسەر بنجی ئێستایەوە بەرەو ژووورتر دەبات.

ئەم تێك بەستنەی کۆن و نوێ و ئاینده، بەچەشنێك خۆی سەپاندووە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و وەهاش لە هەموو تەجرەبەیێك دەرچووە. وای کردووە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەش بکشێتەوە لەگەڵێك هەنگاوی کاڵوکرچی چەپڕەوانەی بەزاهیر پێشڕەو کە «لینین»، کاتی خۆی دلێرانە تاوانباری کرد و بەهەموو توانایێکیەوە بزووتنەوەی بۆلشەفێکی لێ گێڕایەوە.

خۆ ئەوەی ڕاستی بێ کەلەپووری ئادەمیزاد، پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتووە ئەورووپا

و «لینین» لەسەری بکەنەوە بۆ خۆشویستن و پایە لێنانی. گریمان بۆ ماوەیەك هەموو جیهان هێندە خوالیگۆڕیو بوو کەوتە دژی ڕابردوو. ئەوساش ئەم ڕابردووە، هەمان تاکە سەرچاوە دەبێ کە ئێمە لێی هەڵقوڵیوین. ئیتر بایی حورمەت و نرخی ئێمە ئەویش بەحورمەت و نرخە. هەرگیز نابێتە عەقڵی ڕاست و دروستەوە، مەرحەبا بکرێ لەتف هاوێشتنی سەرەوژوور.

که قسەمان گەیشتە ناوهێنانی ئەوروپا؛ با ئەوەش بڵێم ڕۆشنبیرانی ئەوروپا، چ شۆشیالست چ سەرمایەدار، لەوەندەش ڕاناوەستن بایەخ بەڕابردووی خۆیان بدەن. ئەوان لەجیاتی ئێمەش، خەریکی ڕابردووی ئێمەن و ڕێز لە کەلەپوورمان دەنێن. کە نەختێك بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، دەبینین بەشێکی زۆر لە زانا و ئەدیبەکانی ئەوروپا، خۆیان تەرخان کردووە بۆ ڕۆژهەڵاتناسی و بەهۆی خەریك بوون و لێکۆڵینەوەی ئەوانەوە خەلقی ڕۆژهەڵات شارەزای ڕابردووە زۆر کۆنەکەی خۆیان بوونەوە کە هەزاران ساڵ بوو لەبیری کەسدا نەمابوو. پیاوێکی وەك ئۆسکارمانی ئەڵمان لەسەر تەکلیفی قەیسەری ئەوسای ئەڵمانیا، بەر لە ٧٠ ساڵ، هاتۆتە کوردستانی ئێران و بەند و بەیت و حیکایەتە کۆنەکانی کوردی نووسیوەتەوە لە دەمی شایەر و حیکایەت بێژی کوردەوە. تازە بەتازە کۆڕی زانیاری کورد، خەریکە ئەو کارە تەواو دەکات کە ئۆسکارمان شەقڵی بۆ شکاندین لە جەرگەی ژیانی مەعنەویمانەوە.

زۆربەی ئەنتیکە و ئاساری کۆنی ڕۆژهەڵاتی نێزیك زانا ئاسارییەکانی ئەوروپا دەریان خست و خوێندیانەوە. بەلامەوە یەکجار سەیرە، ناوە ناوە کە دەبیەم ناوی ئەو زانایە ئارکایۆلۆجیانە بە «دز» دەبرێ، گوایا بەشێکی زۆر وەیا کەمی ئەنتیکەکانیان بردەوە بۆ ناو مۆزەخانەکانی وڵاتی خۆیان. لەم قسەیەدا خەلقەکە ئەو ڕاستییە لەبیر خۆیان دەبەنەوە کە ئێمە بەدرێژایی هەزاران ساڵ، خەریك بووین شوێنەوارەکانمان کوێر دەکردەوە و ئەنتیکەکانمان وردوخاش دەکرد و ئەو نووسینانەی بەسەر بەردانەوە بوون، هەموومان دەسڕینەوە. دەك دەستی ئەو دزە خۆش بێ کە نایەڵێ مێژوو بەدەست نەفامانەوە سورگوم بێ! مەسەلەی کتێبە دەسخەتە کۆنەکانمان، ئەویش وەك ئەنتیکەکانمان، زۆربەیان لە کتێبخانەی ڕۆژئاوا پارێزراون. بەشێکی زۆری دەسخەتی نرخدار لە وڵاتی خۆمان بوونە خۆراکی مشك و مۆرانە و سیسرە. ئێمە بەداخەوە لەعاست کتێب و شوێنەواری کۆنمان وەك ئەو ئەهرەمەنە بووین کە بەیتە شاکارەکەی پیرەمێرد، لە موناسەبەیێکی جەرگبڕدا ئیشارەی بۆ دەکا:

شەوێ دەست ئەهرەمەن کەوت خاتەمی مولکی سلیمانی

کـەچـی مـیـر و گـزیـریـی پـێ دەکرد قـەدری وەهـا زانـی!

چەندین جار دیومە، مەردی دڵسۆزمان هەر هێندەی عەقڵ بەدونیا شکاوە کە پەڕە شڕی کتێبی دەسخەتی دیوە لەناو خۆڵ کەوتووە، گوتوویەتی، دادەی خێرا بیسووتێنن، نەکا بێ حورمەت بێ. ڕەنگە پەڕە شڕی ئەو تۆیی گەوهەرێکی واتا وەیا خەزنەیێکی دەنگوباسی ڕابردوو لە پەراوێزێکی نووسرابێتەوە و بەسووتاندنی لەناومان بردبێ. هەر ئەو پەڕە شڕانەن ئێستا لە کتێبخانە زلەکانی ڕۆژئاوا جامخانەی بۆ دروست کراوە لە خانووی بەکۆندێشندا، ژمارەشی خراوەتە سەر، وەك ئەوەی سامانێکی نرخدار بێ. ئێمە خەریکین لەوانەوە نرخی ئەو کتێبە زەردە پەرپووتانە و پەڕە شڕانە بزانین و بەچاو لێکەریی وانەووە بیانپارێزین. سەیر لەوەدایە دوای کرانەوەی مێشك و چاومان بۆ نرخی ئەو ئاسارانەمان، لەڕێی پەند وەرگرتن لە میللەتانی پێشکەوتووەوە، ئەدیبی نەو باوی کورد خەریکە بەهۆی بەسەهووچوونیەوە لە لاسایی کردنەوەی نابەڵەدانەی ڕۆژئاوا؛ سەرلەنوێ دەست کاتەوە بە لەناوبردنی کەلەپوور و ڕابردوومان. جاران پاشکەوتوو بووین، ڕابردووی خۆمان دەکوشت، ئەمجارەیان ڕابردوومان بەپاشکەوتوویی تاوانبار دەکەین و دیسانەوە دەیکوژین. سەیرە لەکوێی!

بەهەمەحاڵ هەڵوێستی ئەو ئەدیبانە لەئاست کەلەپوور، هەرچی دەبێ بابێ، من کە خۆم بەرۆڵەیێکی نیوەی دووەمی صەدەی بیستەم دەزانم و چاوم بڕیوەتە ئەو هەنگاوە هەڵنەهێنراوانەی زووتر بەرەو صەدەی بیست و یەکەممان دەبەن، ڕێزی زۆرم هەیە بۆ ئەو کەسانەی بەپێی سەردەمی خۆیان نەختێکیان لە ڕووناکایی ڕۆژگارە تاریکەکەیان زیاد کردووە. مەرجیش دانانێم ئەو ڕووناکییە لەگڵۆپی کارەباوە وەیا لە چرای لۆکسەوە بێ. چرا قۆدیلە و شاپلیت و مۆمیش بێ، پێی ڕازیم. من کە لۆکسم چەنگ نەکەوت، چرا قۆدیلە و مۆم ناکوژێنمەوە؛ چونکە چیترم نییە ئەشکەوتەکەمی پێ ڕوون کەمەوە. کە کارەباشم بۆ هات، شەوقە کۆنەکان بەلاوە دەنێم، بێ ئەوەی زەڕەیێك لەڕێزم بۆیان کەم بێتەوە. ئەم شەوقە کزانە، لەکاتی خۆیاندا کاری کارەبایان بۆ کردووم، ئیتر بۆ لێیان ناڕازی بم؟ ئەگەر چیترم بەبەرەوە هەبا دەبوو لەکاتی خۆیدا بەکاری بهێنم. من تووڕە نابم لەو شەوقەی هەمبووە، بەپەرۆشم بۆ شەوقێك کە نەمبووە.

من دەستی وێرانکردن و لەناوبردن، بۆ هیچ شتێکی لێرە بەپێشەوەی کورد درێژ ناکەم کە بزانم بایی تۆسقالێك لە سامانە یەکجار کزەکەمانی زیاد کردبێ؛ چ جایی شیعری

کەڵە شاعیرێکی وەك نالی کە بەهەموو گەزو گرێیەکی سەردەمی خۆی، لە ڕیزی هەرە پێشەوەی تێکڕای شیعری ڕۆژهەلاَت دێت. من کاتێك لەبەر خۆمەوە دەخوێنمەوە:

ئەم غەزالانە کە نەقشی دیدەمن

تەن سپین و دیدە کاڵ و موو سیان

هەست دەکەم، نالی و سەرەڕای پژاندنی ڕەنگ و بێنی بەهەشتی هەڵبەست بە ڕووماندا، وێنەیێکی هونەری ئەوتۆشی لە لوئلوئی وشە و ئاوریشمی هۆنینەوە، نەخشاندووە، هاوتای تابلۆی ڕەسامە زلەکانی جیهان بێت. کورد کە کەسی نەبووە بە«ڕیشە» وێنە بکێشێت، نالی هاتووە بەهەڵبەست وێنەگریی کردووە. بەڵگەی سەلماندنم ئەم نموونانەن کە بەڕێکەوت لە خەرمانی تابلۆکانی نالیم هەڵگرکنەوە:

١- دەس بەندییانە دێن و دەچن سەرو و نارەوەن
خاوەن کولاه و سایەو و بەرگن وەکو ملوك
کانی دەزێن بەتاو و درەخت ئاوسن بەبا
شادیی بەهارە بولبولە داماد و غونچە بووك
وەك چاوی وشکە صۆفییەکانی لە دار و لە بەرد
دەردێن بەصەد «ترنم» و گریان و نووکە نووك
رایێڵی تار و پۆدی کڵۆی بەفرە ئابشار،
با بای دەدات و ماسی پیا دێ وەکو مەکووك
شەبنم کە «نظم و نثرە» لە ئەوراقی غونچەدا
گۆیا بووە بەزار و زمان ددان و پووك

٢- هێند مونتەزیری تۆ بوو هەتا چاوی سپی بوو
نەرگس کە لەسەر یەك قەدەم و دیدە چەقی بوو

٣- سروشکم ئاو و دانەی نارەکی دێ
بەگەرمی داوەری بەم تەرزە تەرزە

٤- گەه تاوس و گەه کەبکن و گەه بووقەلەموونن
گەه ئاتەش و گەه شوعلە وو گەه دوودی سیاهن
لالەن بە بەدەن ئەتلەسی ئەخزەر کە لەبەرکەن
نەوڕەستە گوڵی بەستە لەگەڵ دەستە گیاهن

٥- مەستی خەیاڵی ئەوە لەحزە ژمێری شەوە
دوشمنی خوونی خەوە دیدەیی بیداری من
دیدە نیگەهبانی یار تیپی سروشکم هەزار
ناڵەیی دڵ نەی سەوار ئاهە عەلەمداری من

٦- تا سەری زولــفی لەســەر ڕوو حەلقەدا
من وەکو ماری سەر ئــاور خەم دەخۆم

٧- سەراپا گوارە زەردی تــرس و لەرزە
دەڵێی عاسیٚ بووە لەو جێگە بەرزە

٨- بۆ تۆ کە بیکر و تازە وەکوو حووری جەننەتی
قەیدی چیــە عەجـــووزەیی دونیا بدەم تەڵاق

٩- ئەژدەهای زولفت لە دەوری گەنـــجی حوســـنت حارسە
حــەلــقە حــەلــقە چین بەچین سەرتا بەخــواری گرتــووە
خۆش لەسەر سینەت سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بەمۆر
مــات و حــەیـرانم کە چــۆن عــەر عــەر هــەنـاری گرتــووە

١٠- عاشقی صنعی حەقم قوربانی دەســـتی قودرەتم
چاوی ماویی خاڵی شین کوڵمی سپی زولفی سیا

١١- دەسرۆکەیی هەوری چ حیجابێکە کە تێیدا
شمس و فلك الحـــسن انـــارت فــتوارت

١٢- پەچەیی پەرچەمیی و پرچـی سیا
هەر دەڵێی مانگە شەوە کوڵمی تیا
لادە دەسرۆکەیی هەوری لە جەبین
دەرکەویٚ شمس و قمر نور و ضیا(٢)

---

(٢) لە قورئاندا ڕۆژ بە «ضیا» و مانگیش «نور» تەشبیهـ کراوە.

فەرشی کەففی بەری پێتە نەرگس
سەری داخستووە وەك چاوی حەیا

١٣- نالی ئاسوودە نیــە تــوولە نەمانی عـومرت
بەنەفەس دێت و دەچیٚ ئەسلی لەسەر بایێکە

١٤- تا نەگریـــا ئاســـمان و تـــەم ولاٌتی دانـــەگرت
گولٌ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی غونچەی وا نەبوو

١٥- تەنی حاجی لەسەر چارچێوەیی ناجی دەلٌێی نەعشە
لوعابی خۆر لەسەر ئیحرامی وەك کافووری ئەکــفانە

تابلۆکانی نالی بەبەربانەوە هەیە، لەبەر زۆری، نیمچە دیوانێك پێك بێنن.

لەم نموونانەدا، نالی شاعیرێکی عادەتی نییە؛ لەگەڵ شاعیرییدا وێنەگریشە. هەرجارە لە خوێندنەوەی بەیتی وێنەگرانەی نالیدا، عینوانە ژیرە خۆشکەڵەکەی دیوانی «الرسم بالکلمات»ی نزار قەبانیم، بەبیر دێتەوە. بێگومان ئەم دەسەلاٌتەی وێنەگرتنی «شت»، سروشت بێت یا مرۆڤ، تجرید بیٚ یا مادە، بەڵگەی تێکەڵ بوون و "تفاعل"ە لەگەڵ دەوروبـــەردا. لـــەم مـــەیدانـــەشدا، نـــالـــی لـــە ریـزی پـێشەوایـەتـی و ڕابـەری دێت. ئـەم ئامادەییەش بۆ «تێکەڵ بوون و تفاعل»، پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ ئیمکانی گەیشتنی بە پلەی تەکامول؛ چونکە لە هەموو پەراوێزێکی بەرەو ئاسمانی واتا و جوانیدا، شریتەی بەسترانەوەی بە «واقیع»، درێژ دەبێتەوە و ژوورخان و ژێرخان بەشدار دەکات لە سازدانی تابلۆی هونەر. پێی ناویٚ من بڵێم، پچڕانەوەی مرۆڤ لە زەوی و نشیمەن و دەوروبەر، پتر لە نیوەی جیهانی مرۆڤایەتی لەناو دەبا؛ بەو پێیەش بەرهەم دادەشکیٚ و دادەلەنگیٚ. تۆ سەیری نالی لە وەسفی بەهاردا چەند واقیعیانە ژیانەوەی ڕوەك بەژیانەوەی ڕۆژی مەحشەر تەشبیه دەکا:

دایەی زەمین کە حامیلی ئەبنایی مەحشەرە
هەر تۆیەکی تیا کە ئەمانەت بوو دایەوە

لەم تابلۆیەدا لایەنی ژیانی ئێستاکە، پشکی پتر وەرگرتووە لە قیامەت. بەلاٌم قیامەت تیایدا بووەتە فەرمانبەرێکی بیٚ درێغ، لەو ڕووەوە کە ژیانەوەی سەرلەبەری تۆ و گیاو گۆڵی زەمینی ڕاگەیاندووە؛ چونکە لە مەحشەردا هەموو گیانلەبەرێك دەژیێتەوە.

ئەم دەسەڵاتەی نالی لە هونەری تابلۆکێشان و لە هەموو هونەرەکانی تر کە بەدرێژایی ئەم نوسینە، لە بەشی یەکەم و دووەمیدا باس کراون، ئائەم دەسەڵاتە هەر خۆیەتی جارێکی تریش لەسەر نەرمکردنی وشەی سەخت بۆ ناو چوارچێوەی هەڵبەست بەو پەڕی هێزو تەواوییەوە، دەردەکەوێت. ئەم ڕاگەیشتنەی نالی بەسەر هەموو لایەنێك و حەق و حسێبێکی شیعردا، ئەویش بۆ خۆی یەکێکە لە تایبەتیەکانی هونەری نالی، کەوا بەدەگمەن نەبێ پەیدا نابێ بۆ مرۆڤ. گەلێك لە شاعیری گەورە و لێهاتوو هەن کە بەرزییان لە یەك دوو مەیدانی هەڵبەستدا دەردەکەوێ، لە چەند مەیدانێکی تردا ون دەبێت. بێگومان هۆی ڕاستەقینەی ئەم دیاردەیە، نوقسانیی یەکێك لەو دوو سەرچاوە بنجییەکانی هەڵبەستە: زات و بابەت! ئەگەر نوقسانییەکە لە هەردووکیاندا نەبێ. دیارە لێرەشدا مەبەست لە زات و بابەت، دوو لایەنەکەی بەهرە و پێگەیشتنە.

لێرەدا مەودای گوتار بەپایان دەگات و خامەم بەدیار داهاتنی کاتی ژمارەیێکی تری گۆڤاری کۆڕ دەمی خۆی دەبەستێ. وەك شەهرزاد، داستانەکانی ناوەڕۆك و سەر نەرمکردنی وشەی سەخت و باسی تریش کە هەبێ، هەڵدەگرێ بۆ ئەو بەشەی کە لە هەزار و یەك پەڕەی گۆڤارەکە بەرخۆی دەکەوێت.

***

بەشی سێیەم

لە بەشەکانی ڕابردووی ئەم نووسینەدا- بەپێی دەرفەتی بەرتەسکی گوتار- جارجارە یەکێك لە تایبەتییە بەرچاوەکانی شیعری نالی باس کراوە و ناوناوەش نموونەی خراوەتە بەرچاو. ئەوەی ڕاستی بێ نموونەکان لە زۆر جاردا پێویستییان بەشیکردنەوە و واتا لێدانەوە هەبووە، بەڵام ترسی درێژەکێشان مەودای لە نووسینەکە کورت کردووەتەوە و واتای شیعرەکانی پێ بەجێ هێشتووە. بۆرە عوزرێکی تری وازهێنان لە واتای ئەو شیعرانە، لەوەشدا بووە کە مەبەس لە نموونەکان، واتاکەیان نەبووە؛ بەڵکوو لایەنێکی تری هونەر بووە وەك ئارایشتی وشەی نەرم و شل لەناو هەڵبەستدا وەیا وێنەگری بەشیعر وەیا هەر لایەنێکی تر بێ غەیری واتا. لێرەدا ڕێم هەیە جارێکی تریش بۆ کەموکورتی نووسینەکەم بپاڕێمەوە، بەوەدا کە من لەسەرەتاوە چ بەڵێنێك، وەیا نیوە بەڵێنێکیشم نەداوە تۆژینەوەی تەواو لە شیعری نالی بکەم. سەرەباسەکە خۆی "چەپکێك لە "، ئەم عوزرەی هێناوەتەوە و دانی بەم کەموکورتییەدا هێناوە. باوەڕم هەیە بۆ تاکە نووسەرێك لە زنجیرە گوتارێکدا، هەر ئەوەندە مومکین دەبێ چەند دەلاقە و کەلێن بخاتە شوورە مەحکەمە پتەوە سەختەکەی دەوری قەڵای گەنجینەی شیعری نالییەوە، تا چاوێك بخشێنێ بەچەند کۆمەڵە گەوهەرێکیدا. ئەگەر دەستیشی لە درزێکەوە گەیشتێ، بەدزیلکانە، یەك دوو گەوهەری لێ گل داتەوە. هەرچەند نالی خۆی ئەم تەرزە دزەی لە پێشەوە بەم بەیتە جوانە شکاندووەتەوە، کە ئەویش گەوهەرێکی خەزنەکەیە:

ئەو گەوهەری نوکتەی کە لە نالی دەدزن خەلق

ئاوی نییە وەك ئاگری بێ شەوقی دزانە!

چاکە، ئێمە ئەفسوونی خۆ پاراستنمان لەم توانجەی نالی لە خۆمان خوێندەوە، بەوەدا کە شاعیرنین تاکو، دزانە نوکتەکانی نالی لە هەڵبەستماندا بەکزی هەڵایسێنین.

بۆ ئەو کەسەی حەز لە «جوانیی ئاخاوتن» دەکا، ئەوەندە بەسە، هەڵبەستەکانی نالی بەڕاستی و دروستی بخوێنێتەوە با لە هەموو واتاکانیشی نەگات. ئەگەر بوێرم دەڵێم، وا هەیە بەیتی نالی ئەوەندە زل و زرینگەدارە چ پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتووە تێی بگەیت یا تێی نەگەیت. ئەو تەرزە بەیتە زێدە مەحکەم و بەهێزانە، چ هی نالی بێ، چ هی شاعیرێکی تر، لە کورد و غەیری کورد، بەشێوازی کۆن و نوێ لەو سامانە ئەدەبیانەن کە بە ڕۆشنبیرێیکی زێدە بەرز کە زیرەکییێکی یەکجار هێژای نەبێ، سوودی لێ وەرناگیرێ. با لێرەدا تەعبیرێکی پەرەسەندوو بەکاربێنم و بڵێم بابەتی ئەدەبی وەها هەیە ،بەپوختەی پوختە کراوی (خلاصە الخلاصە)ی ڕۆشنبیران دەکرێ تێی بگەن و زەوق لە واتا و داڕشتن و تێکهەڵکێشان و وشە سەرکەشەکانی وەرگرن، بەکورتی دەبێ بڵێم، بەرەییێکی تەسکی ڕۆشنبیری ئەریستۆکرات لە ئەدەبدا دەگەن بەپایەی لێحاڵیبوون و هەزمکردنی بەرهەمی بەرز و بەنرخ و بەهێز و پێز.

دەزانم گەلێك لە خوێنەران چاویان هەڵدەبەزێتەوە لە وشەی «ئەریستۆکرات» کە تازە کردم بەوەصفی بەرەیێکی تەسکی ڕۆشنبیران؛ چونکە گوێ و مێشك و دڵ و هەست و نەستی جیلی ئەمڕۆی خوێنەران پڕ بووە و هەڵاخناوە لەواتای دزێویی وشەی «ئەریستۆکرات». لەو ڕووەوە کە ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی ناڕەوای تێدایە. لە نوقتەی بەرانبەری دەسەڵاتیشدا، بێ دەسەڵاتیی نائەریستۆکراتەکان ڕادەگەیەنێ. ئەمە دەزانم، لەگەڵ ئەمەشدا پەشیمان نیم لە بەکارهێنانی وشەکە؛ چونکە تاکە مەیدانی بێ عەیب و بێ زیان بۆ «ئەریستۆکراسی»، مەیدانی ئەدەب و زانست و هونەرە؛ وەیاخود بابڵێین مەیدانی بەرهەمی «عەقلی» ئادەمیزاد کە لەوێدا کەس قەمچیی هەڕەشە لە کەسی تر هەڵناسووڕێنێ. ئەریستۆکراسی لە مەیدانی دەسەڵاتی مادیدا دژی مرۆڤایەتییە و دەبێ بەرهەڵستی بکرێ و لەناو ببرێ. لەمەشدا چ فەرقێکی دوێنێ و ئەمڕۆ و چەپ و ڕاست و ئابووری و زانیاری نییە و هەموو جۆرە ئەریستۆکراسێك وەك یەك بەدە. من و تۆ کە بێ دەسەڵات کراین و قەمچیمان بەسەرەوە ڕاگیرا، چ دڵدانەوەیێکی خۆمان لەوەدا نابینین دەستی قەمچی گرتوو هی سەرۆك نەقابەیە، نەك هی دەرەبەگ وەیا شێخی تەریقەت، وە یاخود کابرای هەڕەشەکەر کە ناوی نیشتمانپەروەریی و چین پەروەری بەخۆیەوە ناوە.

ئەریستۆکراسی، یەکێکە لەو مەفهووم و ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییانەی لە ئەنجامی گۆڕانی مێژوویی ناحەز بووە و سەردەمێك لەمەوبەر، ڕێزی لێ گیراوە. تەنانەت لەم ڕۆژگارەشدا

،ئەوەی بەزار لێی نارازییە، بەدڵ هەر حەزی لێ دەکا و بەئەنواعی فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی لە کاریشی دێنێ. ئەم ئەریستۆکراسییە لە میراتی کۆنینەی ڕێز و خۆشەویستی کە هەی بووە، پشکێکی بۆ ماوەتەوە تا بڵێی ڕەوا و بێ زیانە؛ ئەویش- وەك گوتم- لەمەیدانی بەرهەمی «عەقلی»دا بەزانست و ئەدەب و هونەرییەوە مانەوەی بۆ ئێستاکە دیاردەیێکی بەرچاوە کە دەمەتەقە هەڵناگرێ. لە هەر لایێکەوە سەیری بەرهەمی «عەقلی» ئادەمیزاد ئەکەیت، هی وای تێدا دەبینیت «تاك» نەبێ، تێی ناگات. لە ناو ئەو بەرهەمانەشدا، کە لە ڕووی زەحمەتی تێگەیشتنیانەوە بە ئەریستۆکرات دەژمێررێن، هی وا هەیە هەمیشەکات بەکاردێن و ڕۆژێ چەندین جار دەکەونە بەرچاو و دەستی خەلق. بەنموونە:

فڕۆکە، تەلەفزیۆن، وێنە و پەیکەری سورڕیالیست، پرسیارەکانی ڕیازیاتی بەرز، کۆمپیوتەر، باسەکانی فەلسەفە، مادی بێ یا ئایدیالیست، ئوتروحەی سەخت و ورد کە لە زانکۆکاندا دکتۆرای پێ وەردەگیرێ. پێی ناوی زنجیرەی نموونەکان درێژکەمەوە نەکا لێی نەبمەوە.

دەبینی تا ئێستا «ئەریستۆکراتبوون»، هەر لەباودایە. جێی ڕێز لێنانیشە ئەگەر سەر نەکێشێتە سەر قەمچی کاریی. سەرڕای ڕێز لێنان. هی وایان تێدایە ژیان بێ ئەوان بەڕێوە ناچێت؛ وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا دیتمان.

کەواتە، ئەریستۆکراسی ڕەوای سوودبەخش، تا ئەم ڕۆژگارەمان دەژیی و هۆی ژیانیشە. خۆم لەباسی ئەریستۆکراسیی بەد و ناڕەوا دەدزمەوە کە ئەویش لەژێر ناونیشانی تازە داهاتوودا هەندەی ڕابردووە پاشکەوتووەکانی هەزاران ساڵ لەمەوبەر، لە گەڕدایە؛ چونکی نە لە نووسینی وەهادا چارەسەر دەکرێت و نە بابەتێکیشە دەست بدا بۆ پاڵپشتی کردنی بیرو باوەڕەکانم. من دەمەوێ پشت ئەستووربم بە«هەق و ڕاستی» لە نووسینمدا، نەك بیروباوەڕم بێ هێز کەم، لەڕێی ڕاگرتنیەوە بەرانبەر کاری ناڕەوا. من داوای بەردەوامبوونی شتێك ناکەم ئەنجامی بەدی لێ ڕووبدات، ئیتر ناچاربم بۆی بپاڕێمەوە وەیا لە ڕەخنانی ڕزگارکەم، بەهەنجەتی ئەوەی شتی زۆر بەد و ناڕەوا بەردەوام و ڕێزلێگیراون.

بەڵێ بێگومان ئێستاکەی ئادەمیزاد، گەلێك جۆری خراپ و چاکی «ئەریستۆکراسی» تێدایە؛ تەنانەت جۆری خراپەکانی بەهۆی چاو سوورکردنەوە و قەمچی هەڵسووڕاندنەوە، ڕێی ڕەخنانیش لە خەلقی دەبڕنەوە، بەزۆری پەرستنی خۆشیان

بەسەر خەلقیدا دەسەپێنن؛ نەك ئەمە و بەس. بەرەییکی بەرفراوانی خاوەن قەڵەم و هونەریش واز لە خاوەن قامچی دێنن و بەردەبنە گیانی قەمچی لێدراو. بەدوای ئەمەدا خەریکی تاوانبار کردنی جۆرە پەسند و ڕەواکانی «ئەرستۆکراسی» دەبن بەچەند، تاوانی وەك «فکری کۆنە پەرست، پاشماوەی دەرەبەگ، خزمەتکاری ئیمپرالیزم، بەندەی ئەفسانە، خۆ لە میللەت بەزۆر گرتوو...» هانی خاوەنی قەمچیش دەدەن لەناوی ببات. ئەم ڕاستییانە هێندەی هەبوونی خۆمان، بەرهەست و بەردەستیشن. لەگەڵ ئەمەشدا داوا دەکەم، بەڵکوو ئاواتەخوازم، هەر لە ئێستاوە تائەو کاتە بێ بڕانەوەی کە ئادەمیزادی تێدا دەژیت و بەرەو پێش دەچێت، دیاردەی «فکری ئەریستۆکرات» هەر بمێنێ و ڕێزی لێ بگیرێ و گەشەی پێ بدرێ؛ چونکە کە هات و مرۆڤ لە ژان و ژواری ڕۆشنبیری و زانستدا هەر ئەو بەرهەمانەی بەوەلەد هێنا کە زەین و هۆشی عادەتی تێی دەگەن، بەرهەمە بەرز و بایەخدارەکەی لێ حەرام دەبێ. زیانی لێ حەرامبوونی ئەو بەرهەمەشی، لەوەندە ناوەستێ کە لە دەستچوونی بارستی بەرهەمەکە دیاری دەدات. بەولای ئەو زیانەی مەحدوودەوە، کە شتێکی زۆر و کەم نییە، هەنگاوی بەرەوپێش چوونی ئادەمیزادیش کورت دەبێتەوە؛ سەرەوژوور چوونی کەم دەکاتەوە؛ دووربینی و ورد خوێندنەوەی پەکی دەکەوێ؛ ئومێدی گەورەی بچووك دەبنەوە؛ تێکڕای دەسەڵاتی مرۆڤانەی دادەلەنگێ. ئەمەش چۆنیەتی ڕاستییەکەیە.

سڕینەوەی ئەو هێندە زێدە زیرەکی و بلیمەتییەی کە بەرهەمی «فکری ئەرستۆکرات»، پەکی لەسەر دەکەوێ، ڕاستەوخۆ وەك پەڕاندنی تیژایی سەرەڕم وایە کە بڕشتی پێ ناهێڵێ و دەیکا بەخزمی داروەکاز. بەورد بوونەوەش بۆت دەردەکەوێ زۆربوون و کەڵەکە کردنی گیروگرفتی ژیان و گوزەران، ڕۆژ بەڕۆژ پێویستی پتر دەکا بەبوونی بلیمەتی و زیرەکی و زانستی لە ئەندازە بەدەر؛ چونکە بلیمەتی دوێنێ و ئەمڕۆ هەربایی چارەسەرکردنی گیروگرفتی دوێنێ و ئەمڕۆ بەبەرەوەیە. تەنانەت کێشە و تەگەرەکانی ئەمڕۆ بە ئامرازی دوێنێ چارەسەر ناکرێ. دەزانین مرۆڤی پسپۆڕی ڕیازیات، زاڵ دەبوو بەسەر حیساباتی دوێنێدا، بەڵام لە ئاست پرسیارە زۆر تێکەڵ پێکەڵ و درێژکێشی گیروگرفتەکانی ئەمڕۆدا دەست پاچە و دۆشداماو دەوەستێ؛ ئیتر کۆمپیوتەر هات و باری ڕاست کردەوە. ئاسمان گەردەکان بەبێ ڕایەڵەکانی ئەلیکترۆنی ناتوانن کەشتییە ئاسمانییەکان لێخوڕن. دیتت نەوت شوێنی خەڵوزی گرتەوە و کارەبا لەکاری ناسکدا نەوتی دەرکرد و هێزی ئاتۆم لە مەیدانی خۆیدا کارەبای زڕکرد. فێرگەکانی ڕەمزی و

سوریالیست، دڕیان بەشێوازی کلاسیك دا لە هونەر؛ شیعری ڕەها جێی بەشیعری ستوونی لەق کرد. فەنی برینکاریی "جراحە" و دۆزینەوەی نەساغی دەرمانسازیی نوێ هەموو زانستی لەشسازی کۆنی کرد بەئەفسانە. دەبێ ئەوەشمان لەبیربێ، هەریەکێك لەو شتانەی کە بزووتنەوەی بەرەوپێشەوە چوونی مرۆڤ دەیان کا بەمیراتی مێژوو، لەکاتی خۆیاندا، بەرهەمی «ئەریستۆکرات» بوون لە مەیدانی تایبەتی خۆیاندا.

هەر یەکێك لەو قۆناغانەی کە مرۆڤ بەجێی هێشتوونەوە، بابڵێم تێیدا بەپێش خۆی کەوتووەتەوە، ئەویش لەکاتی خۆیدا ئەوەندە پێشکەوتوو، نەدەبوو ئەگەر ڕێی بەرهەمی «ئەریستۆکرات» لە پێش هەنگاوی مرۆڤ کوێر کرابایەوە. تۆ بڵێی ئەگەر لە سەرەتاکانی ئەم چەرخەدا، هەوڵدەرانی دروستکردنی «فرۆك» وازیان لە تەقەلا هێنابا لەبەر گاڵتە پێکردنیان لەلایەن زانا کلاسیکییەکانی ئەو کاتەوە، دەبوو ئێستا لەکام پلەی ژیار و زانستدا باین؟ چونکە ئەگەر فڕین نەبا، مەیدانێکی بێ سەور بنی زانست و تەکنیکی ئەم ڕۆژگارەش لەخۆوە بەڕووی مرۆڤدا دادەخرا.

پاش ٥٠ ساڵی تر، دانیشتووی ئەم زەوییە زۆر دەبن؛ زانست و تەکنیکی ئەم کۆتایی چەرخی بیستەم لە برسانیان دەکوژێ. خۆ دەزانین مرۆڤی ئەمڕۆش هەر بەهۆی هەوڵ و بەرهەمی «ئەریستۆکرات»، توانای ژیان و مانەوەیان هەیە. بێنە لە کشتوکاڵدا گارەشەکەی بیتوێن و شارەزوور بەکاربێنە و هۆش و فامی مام بارام و مام بایزیش بکە ڕابەرو سەیری ئەنجام بکە. تۆلەم گوتەیەمدا پێمەڵێوە، مام بایز و مام بارامی هەژار چ گوناهیان نییە لە دواکەوتن و نەخوێندەوارییان و ئەوانیش ئەگەر بۆیان ڕێککەوتبا، لەوانەبوون بگەن بەویەڕی زانین و هونەر. بەڵێ، ئەمەم پێ مەڵێ؛ چونکە من گلەییم لە مام بارام و مام بایز نەکردووە، عەیبیشم لێ نەگرتوون؛ لەزیمندا بۆشیان پاڕاومەوە. من هەر ئەوەندەم گوتووە و دەیڵێمەوە، گیروگرفت و کێشەوبەرەی ژیان و ژیار بەهۆش و گۆشی مام بارام و مام بایز، چارەسەر ناکرێ؛ تەنانەت بەرزترین زیرەکی و بلیمەتیی چەرخێك ناتوانێ بە کەرەستەی ئەو چەرخە تەنگو چەڵەمەی کۆمەڵایەتیی چەرخێکی تری دوای خۆی چارەسەر بکات. مام بارام و مام بایزیش، هەرگیز نابنە بەرهەمهێنی هۆی ڕەواندنی گیروگرفتی ژیان؛ ئەگەر نەگەن بە پلەی «فیکری ئەریستۆکرات»؛ واتە کە بەوردی سەیری هەڵکەوت بکەیت، دەبینی لێقەوماوی و دواکەوتوویی مام بارام و مام بایز بە جۆرێکی بەرچاو لەسەر «فکری ئەریستۆکرات» دەکەنەوە، نەك تاوانباری دەکەن. نووسەرێکیش کە دێت و بەڕواڵەت قێزی خۆی هەڵدەستێنێ لەو بەرهەمانەی زۆربەی

خەلق تێیان ناگات و عینوانی «ئەریستۆکرات»یان لێ دەکا بەعەیب، مەبەستی لەوەدا، سەودا کردنە بەگوتەی «لەبەر گوێیان خۆش» کە بازاڕی ئەو لەناو گەلانی خەلقدا گەرم دەکات و دووکانە سیاسییەکەی بە هەرمێن دێنێت، لەهەمان کاتیشدا، کام بەرهەمی «ئەریستۆکراتانە» یە بەکاری دێنێت و تامەزرۆیی خۆی پێ دەشکێنێت. لەبیرمانە لە سەرەتاکانی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ، کابرایێك لە میکرۆفۆندا هاواری دەکرد «لا قصور، لا ثلاجات»؛ کەچی دواتر دەسەڵاتی تەواوی چەنگ کەوت و دنیای بۆ تەخت بوو.

فکری بەرز، لەهەر چەرخێکدا چرای هەرە بەشەوقی ئەو چەرخەیە. ئەم فکرەش هەموو مەیدانێکی ژین و بوونی ئادەمیزادی گرتووەتەوە؛ واتە وەنییە هەر لە ریازیات و فەلسەفە و پیشەسازیی و دکتۆری و ئاتۆم و ئاسمان گەردی ی و شتی ئەوتۆ زەحمەتدار فکری بەرز هەبێ و بسەلمێندرێ، بەڵکوو ئەدەب و هونەریش شانبەشانی زانست و تەکنیك "صناعە" لە ئاسانەوە دەست پێ دەکات، کە بابەتی هەرزەکارانە لە ڕۆشنبیریدا، و تێ هەڵدەکشێ لە ڕێکار و شێواز و واتا و ناوەرۆکیدا تا پلەی ناوەندیی و بەرەو زۆرتریش تێدەپەڕێنێ و دەگاتە ئاسۆ بەرزەکانی فکری ئەریستۆکرات. دەتوانم بڵێم فەرقی فرۆك و پایسکیل چەندە، کە هەردووکیان هۆی گواستنەوە و گەڕانن. فەرقی نێوان ئەدەبی هەرزەکاران و ئەدەبی بەرز، ئەویش هێندە دەبێ، چ فەرقێکیش نییە لەنێوان نەهێڵانی ئەدەبی بەرز و نەهێڵانی هۆی گواستنەوەی بەرز، کە فرۆك و شتی وەك ئەوە.،چونکە هەردووکیان لەیەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵن کە پێشکەوتووترین فکری ئادەمیزادە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیەدا، ئەدەبی نالی ڕاستەوخۆ دەچێتە ڕیزی ئەو بەرهەمانە کە زادەی فکری ئەریستۆکراتن. لەوێشدا بەپێی داڕشتنی مەحکەم و نوکتە ئارایی و ڕەنگینی وردپێوی قووڵیی، خۆیەوە، دڕ بەرێزەکانی دواوەی فکری ئەریستۆکرات دەدا؛ تا دەگاتە لای بەرایی. نەك ئەمەندە و بەس، بگرە شیعرەکانی نالی خۆی پێشبڕکێ لە یەکتری دەکەن و یەکیان ئەوی تر دەخاتە دوا خۆیەوە لە مەیدانی ئەریستۆکراتیدا. بەنموونە بێین و ئەم دوو بەیتەی خوارەوە بەیەکتر بگرین، فەرقی تێهەڵکشانیان بەرەو بەرزایی فکرەوە، بەئاشکرا خۆ دەنوێنێ:

نموونەی یەکەم:

لەبت میم و قەدت ئەلف و زوڵف چیم

دەزانی بەم سیانە طالبی چیم؟

نموونەی دووەم:

ڕەوشەنی دیدە بە ئینسانە کە موژدەی قەدەمت

ڕەوشەنی دیدەیی غەم دیدەیی «بیت الحزن»ە

نالی لە نموونەی یەکەمدا، لەڕاستە شەقامێکی واتا تەقلیدییەکانی نێوان شاعیرانی ڕۆژهەلاتدا ڕۆییوە بەرەو نوکتەو «تشبیە و جناس و توریە»وە. لێرەدا بنگەی هەڵبەست و خەیاڵ و عیشقی هەڵستاندووە، لەسەر چەند تەشبیهاتێکی سەلمێنراوی نێوان شاعیران بەوەدا، کە لێو تەشبیه کراوە بە سەری پیتی «م»، بالاش بە ڕاستایی «ا» و لوولیی زوڵفانیش بەنیوە ئەڵقەی پیتی «چ» کە لە ڕیزبوونیاندا وشەی «ماچ» پەیدا دەبێ. بەلام بۆ ئەوەی چ غەدران لە نالی نەکەین، دەبێ ئەوەندەش بڵێم لەم بەیتەدا نالی، هەندێك واتای جوانی بۆ گل داوینەتەوە؛ یاخود بەقەرز بۆی هەڵگرتووین کە لە بەیتی سێیەم پێمان دەداتەوە:

کە هاتی تیغی «بێ زاری»ت لەسەر دام

سەری خۆم خود بەخود هەڵگرت و ڕۆییم

واتا قەرزەکە لەوەدایە کە وشەی «بێ زاری- بێزاری»، هەم «نەبوونی دەم»، هەم «وەڕس بوون» ڕادەگەیەنێ. هەردوو واتا بایی ئەوە دەکەن، نالی ئومێدی بە «ماچ» نەمێنێ؛ بەلام کە وشەی «بێزاری» بەواتای «نەبوونی زار» بێ، لەبنەڕەتدا «ماچ»ەکە لەناو دەبا؛ چونکە پیتی «م» لەناودا نامێنێ. ئەم صوورەتەی «نەبوونی زار»یش، یەکێکە لەو موبالەغە ڕەوایانەی کە شاعیرانی لەمەوبەر مەهارەتی خۆیانیان تێدا تاقی کردووەتەوە. نالی بۆ خۆی چەند جاران، ئەم وێنەیەی «نەبوونی زار»ی کێشاوە، مەبەستیش لە نەبوونەکە، زێدە گچکەیی و تەنگی زارەکەیە:

گوتم ئایا بەزاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟

بزۆی هێنایە یەك وەك شکڵی «لا» یەعنی کە «بێ زارم»

نموونەی تریش هەن، وەك ئەمانە کە پێویست نییە، لێرەدا درێژە بەگوتار بدەین، لەڕێی هێنانەوەی هەموویان.

یەکێك لەو شاعیرە مەشوورانەی ئەم واتایەی هێناوەتە ناو هەڵبەست، حاجی قادرە، کە ئەمەش نموونەی مەهارەتەکەیەتی لە فەندی تێبردنی «زار» بەنیازی مەدحی خۆشەویست:

نقّاشی «دم»ی نوقتەکی دانا بە نیشانی

زانی کە «ذم»ی کردووە «بێزار»ە لە مانی

واتە وێنەگری "دم-دەم"ی مەدح کراوە کە لە جێگەی «دم- دەم» نوقتەیێکی دانا؛ چونکە هێندە بچووکە لەوە پتر هەڵناگرێ کە بە شتێك تەشبیه بکرێ لە نوقتە گەورەتر بێ. دەشزانین نوقتە هەر بەگوتە و لەکاری عەقڵیدا وجودی هەیە، ئەگینا لەواقیعدا وجوودی نییە. لەگەڵ ئەمەشدا کە شتێك نەبوو لەنوقتە بچووکتر بۆ وێنەی دەمەکەی، ئەو هەر پێی ڕازی نەبوو و بەزەمی حیساب کردو «بێزار» بوو لە مانی.

کە وردبێتەوە لە وشەی «دم» وەیا «دەم بە ڕێنووسی ئێستا» دەبینی هاتنی نوقتە بەنیشانە بۆی، هەڵدەگرێ وشەی «دم- دەم» بکا بە «ذم- ذەم»؛ چونکە پیتی "د" لە "دەم"دا کە نوقتەی بەنیشان درا دەبێتە «ذ» دەمەکەش دەبێتە «ذەم». لەمەوە هەر بەجارێ مەدح کراوەکە مافی ئەوەی دەبێ لە مانی نوکتەکە "بێزار" بێ.

وشەی بێزار واتای نەبوونی زاریش دەدا. (بێ زار).

وشەی (مانی) لەکۆتایی بەیتەکە، ئەویش ئیشارەتێکی تێدایە بۆ فەندی وێنەگری لەو ڕووەوە کە مانی ناوی وێنەگرێکی یەکجار بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی کۆن بووە. لەهەندێ ئەدیب و شیعر دۆستم بیستووە گۆیا یەکێك لە واتاکانی وشەی «ذم» بەعەرەبی «مدح» دەگەیەنێت. ئەوسا بەیتەکە بۆ ئەم لایەنەش دەچوو کە وێنەگرەکە بەدانانی نوقتە لەجێگەی دەمی یاردا مەدحی کردووە، ئارایشتی داوە. ئیتر یار لە «مانی»، وێنەگری بەناوبانگی کۆن، بێزارە و لێی بێ نیازە. بەڵام من ئەوەندە سەیری فەرهەنگی عەرەبیم کردبێ نەمدیوە «ذم»، بەواتای «مەدح» هاتبێ؛ واتە «ذم»، لەو وشانە نییە پێیان دەڵێن «أضداد»و دوو واتای پێچەوانە دەبەخشن.

بێجگە لە حاجی و نالی، شاعیری تریش هەن، کورد و غەیری کورد، ئەم واتایەی بچووك کردنەوەی زاری مەحبووبەیان کردووە بە ماکی بەیت و دوو بەیت لە هەڵبەستدا، بەڵام بەپێویست نابینم نموونەیان لێ بێنمەوە و پەکی زنجیرەی بابەتی نووسینەکەم بخەم. ئەم بەیتەی حاجی قادریشم لێرەدا وەك پاڵپشت خستە بەرچاو کە لەسەر بەیتەکەی نالی بکاتەوە. ئەگەر هات و خوێنەرێکی تازە پێگەیشتووی مێشك بەزانستی نوێ زاخاودراو لە گۆشەی نیگای شێوازی نەوباوەوە عەیبی لێ بگرێ و ئەو هونەری تێیدایە بە شتێکی بێ بایەخی دابنێ کە ئەم کارە لە نالی بەعەیب بگرێت، دەبێ لە هەموو ئەدەبی کۆنی ڕۆژهەڵاتی موسڵمان، بکرێ بە عەیب.

با بێینە سەر خوانی بەیتەکەی تری نالی، بزانین چ خۆراکێکی مەعنەوی، لەویان وەردەگرین و چۆن لەسەرە و ژوور چوونی بەرەو پۆپی فکر و تەعبیری ئەریستۆکرات، بەیتەکەی یەکەمی جێ هێشتووە!

ڕەوشەنیی دیدە بە ئینسانە کە موژدەی قەدەمت

ڕەوشەنیی دیدەیی غەم دیدەیی «بیت الحزن»ە

چاو بە «انسان» ڕوون دەبێتەوە. بەدیتنی «انسان»ی خۆشەویست، ڕەوشەنی بۆ دیدە پەیدا دەبێت؛ یاخود ڕووناکیی چاو بە «انسان»ە. لە عەرەبیدا «انسان العین» بەبیبیلەی چاو دەڵێن؛ کەواتە ئەو ئیسنانەی لەم بەیتەدا دەبێتە هۆی ڕوون بوونەوەی چاو، وەك «انسان العین» وایە کە هۆی دیتنەو بێ ئەو مرۆڤ کوێر دەبێ.

ئەم ڕاستییەی ڕوون بوونەوەی چاو بە«انسان»، با لێرەبێ، تا بزانین ئینسانە خۆشەویستەکەی نالی لە مەیدانی چاو ڕوونکردنەوەدا چ دەکا:

نالی دوای بەیانکردنی تەئسیری «انسان» لە ڕوونکردنەوەی چاو- کە ئەمە بەیانکردنی ڕاستییەکی گشتییە- ڕوو لە خۆشەویستەکەی دەکات و پێی دەڵێ: تۆ نەك خۆت بەڵکوو تەنها قەدەمت- واتە پێت- قەدەمیشت نا، هەر موژدەی ئەو قەدەمەت بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی چاو. بەڵام چ چاوێك! نالی ڕازی نییە «موژدەی قەدەمی خۆشەویستەکەی» هەر بەقەدەر ئەو ئینسانە تەئسیری ببێ کە چاوی عادەتی ڕوون دەکاتەوە. موژدەی قەدەمی ئەو «ڕەوشەنیی دیدەیی غەمدیدەیی بیت الحزنە»؛ واتە ڕەوشەنیی چاوە غەمدیدەکەی ″بیت الحزنە″ کە دڵە پڕ لە غەمەکەیەتی. موژدەی قەدەمی یاری نالی ڕووناکایی چاوی غەمدیدەیە؛ کام چاوی غەمدیدە؟ هی دڵ. دڵی ناو خانەی خەم و خەفەتان! «بیت الحزن»، ئەو واتایەش ڕادەگەیەنێ کە «خانەی تازیەداران» بێ، بەو پێیە موژدەی قەدەمی یارەکەی بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی دڵە خەفەتبارەکەی ئەهلی ئەوماڵەی تازیەی تێدایە. موژدەی قەدەمی یاری نالی، دەبێتە «انسان العین»ی چاوی غەمدیدەی دڵی تازیەداران.

لە کوردییەدا «قدم» بەواتای (هاتنە لا، سەرلێدان) دێت؛ واتە مەرج نییە «قدم» هەر ئەو «پێ»یە گۆشت و ئێسقانە مادییە بێ کە ئەندامێکی لەشە. بەمەدا واتای بەیتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە موژدەی بیستنی سەردانی یارەکەی بەسە بۆ ئەوەی چاوی غەمدیدەی دڵی تازیەداران ڕوون کاتەوە.

ناسك کردنەوەی وێنە و واتا و تەعبیری ئەم بەیتە، لەو ڕادەیە دایە کە مامڵەتی لەگەڵ

ئاخاوتن و تێگەیشتن و هەستی عادەتیدا، بەتەواوی پچڕاوە و پەلەفڕەی لەناو دڵ و گیان و نەستە. بۆ گرتنی جوانیی بەیتەکە «منطق- ژیێربێژیی» هیچی پێ ناکرێ؛ دەبێ هەست و هۆش و گۆش، پەنجە مەوهوومەکانی «مطلق و تجرید»ی لێ بەکار خەن. دوو واتایی وشەکانی "انسان، قدم، بیت الحزن" لەپێش نیگای سەرنجدا، وەك ڕەنگ گۆڕیی پەڕی تاوس، هەرجارە و هەرساتە تریفە و ئاورینگێکی نوێ، بەبەر دیدەی غەمدیدەی خەیاڵدا دێنێت.

لە خوێندنەوەی ئەم بەیتەدا، هەموو جارێك بەیتێکی مەولەویم بەبیردا دێت کە ئەویش مەودایەکی بەرفراوانی بڕیوە لە مەیدانی خۆ ناسك کردنەوەدا:

روخساریّ وەختیّ مەصقەڵ مەدا ویش(۱)

وە شنۆی پاریز خەیاڵ مەبی ڕیش

«ڕووی یار کاتێك بە «مەصقەل- دەرمانی ئارایشت»، ڕێك دەخرێ، ئەوەندە ناسك دەبێ، بەشنۆی پارێزی خەیاڵ زامدار دەبێ».

سەیری نەیگوت بەخەیاڵ زامدار دەبێ؛ نەیگوت بەپارێزی خەیاڵیش زامدار دەبێ. ناسکییەکەی لەوەدایە بەشنۆی پارێزی خەیاڵ ناراحەتە.

بێگومان بەیتەکەی مەولەوی لەڕووی تەنك هەڵبڕین و ناسك کردنەوەدا هێندە تێك هەڵکشیوە پەکی سەرەو ژووتر ڕۆیشتنی خۆی خستووە؛ بەڵام دیسانەوە بێگومان بەیتەکەی نالی لەچەند بارێکەوە پێش هی مەولەوی دەکەوێتەوە:

یەکەم: لەلایەن ئەوەوە کە نالی ڕێگەی یەکسەرە (مباشر)ی نەگرتووە بۆ سەپاندنی واتای مەبەست، بەسەر دڵ و مێشك و زیهنی گوێگردا. هاتووە لە پەنای ڕاستییێکی بێ دەمەتەقەوە (ڕوون بوونی چاو بە انسان). پێ دزیلکەی شاعیرانەی بەخامەی خۆی کردووە بۆ مەڵبەندی خوولیایی «دیدەیی غەم دیدەیی بیت الحزن». لە هەموو هەنگاوێکیشدا سێبەری ڕاستییەکە، وەك سایەبان، چەپارەی خامە و خولیای نالی دەدەن، لەوە کە هیچ پڕیشکێکی

(۱) لێرەدا بەیتەکەم بەجۆرێك شکڵ نووس کرد کە لە دیوانەکەی مەولەوی بەسەرپەرشتی کردنی مامۆستا مەلا شێخ عەبدولکەریمی بیارەیی لە چاپ دراوە، لە خەلقی ترم بیستووە، بەشێوەیێکی جودا دەیخوێننەوە: لە جیاتی ڕوخساری، ڕوخسارەش دەڵێن و لە شوێنی ویش، لێش دەخوێننەوە. جودایی تری غەیری ئەمانەش هەیە.

ڕەخنە و ناڕەزایی و خوێنەر و گوێگری بەربکەوێ. نالی لە سەرەتای بەیتەکەدا دەروازەییێکی وەها فەراحی بەڕووی خەیاڵدا کردووەتەوە هەتا واتا و خوولیا و ناسکی و وردیی پێدا تێپەڕێنێ هەرکەمە. لە بەیتەکەی مەولەویدا ئەم خۆلادانە لە تەگەرەی تەعبیری یەکسەرە (مباشر) پەیدا نییە، تاکو بتوانێ زەقایی واقیعی نامەئلووف تێ ببا کە بریندابوونی ڕووە بەشنۆی پارێزی خەیاڵ. دەبێ لێی بسەلمێنین ڕووی یارەکەی ئەو ناسکەیە کە هەڵبەست وێنەی کێشاوە هەموو بەڵگە و هۆی سەلماندنیشمان هەر قسەی شاعیر خۆیەتی. ئەوەندەشی بۆ داوێینە سەر کە جەزبەو گەرمای عیشق، بەعادەت پەلەفرە بەعاشق دەکەن. لەم پەلەفرەیەشدا چاوەنۆڕی گوتە و کردەی نامەئلووفی لێ دەکرێ و لێی دەسەلمێنرێ. هەڵبەت ئەو سەلماندنە کە بۆ مەولەوی دەکرێ بۆ نالی و غەیری نالیش دەبێ بکرێ؛ بەڵام نالی لەم بەیتەدا خۆی نەهاویشتووەتە بارێك شەفاعەتکاری بۆ پەیداکەین لە عورف و عادەتی شاعیران وەیا لە جەزبە و ئاگری عیشق.

دووەم: نالی لە بەیتەکەیدا وردی و ناسکی و جوانیی هەڵداوەتەوە سەریەك تا ئەو ڕادەیە کە قەپێلکی هەڵبەست مشت بووە لێیان و کەلەڕێژیش دەکا. هەموو جوانی و ناسکییەکەشی لە سەرچاوەی ناوەکی (داخلی)ی هەڵبەست هەڵقوڵاندووە کە خۆشەویستی یارە و چ بەرتیلی نەداوە بەهۆی لاوەکی تا دەستی یارمەتی درێژکا بۆ پاڵپشتی کردنی خۆشویستنەکە؛ کەچی مەولەوی لە بەیتەکەیدا، هانای بردووەتە بەر «مەصقەل» و ئارایشتی دەستکرد کە لە جوانیی یار زیادکەن... ئەمەش دیاردەیێکی ئاشکرایە لە بەیتەکەدا پێی ناوی من درێژەی پێ بدەم.

سێیەم: ڕەخنەیەێکی تایبەتی خۆم هەیە لە بەیتەکەی مەولەویی؛ ڕەنگە خوێنەرێکی تر بەڕەخنەی دانەنێ. هەر جارە کە بەبەیتەکەی نالی دەگرم پتر خۆم لە ڕەخنەکەدا بەڕاست دەزانم. حەزم بەوە دەکرد مەولەوی لەجیاتی «ریش– زامداریی» ئەنجامێکی تری زێدە جوانییەکەی هێنابا ناو هەڵبەست کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ″عاطفە″ و سۆزی شاعیر و گوێگر هەبا نەك ئەو سۆز و عاطفەیە بەدوا «زامداری»دا ببنە ئەنجامی دووەمی جوانییەکە؛ واتە ئەنجامی، بەو مەعنایە کە بریندار بوونەکە بەرهەمی یەکەم و کوتومتی

جوانییەکەیە، پاشان لەڕێی ئەوەوە، سۆزی گوێگر هەڵدەستێتەوە وەك بەرهەمی دواکژ. بەیتەکەی نالی لەم مەیدانەدا دوو جاران بەسەر بەیتەکەی مەولەویدا زاڵ دەبێ. جارێکیان لەوەدا کە هەڵڕژانی سۆزی شاعیر و گوێگر وەها ڕاستەوخۆ لە جەرگی هەڵبەستەوە هەڵدەقوڵێ، هەر دەڵێی پێشبڕکێیەتی لەگەڵ وشە و ڕستەی هەڵبەست. تۆ کە خوێندتەوە «ڕەوشەنی دیدە بەئینسانە کە موژدەی قەدەمت» و چاوی جیهانبینی تۆقەسەری مرۆڤت دیت کرنووش دەبا بۆ قەدەمی هەرە پایینی یار، چ پێی ناوێ نیوەی دووەمی بەیتەکە بخوێنیتەوە بۆ مەبەسی سەرکردنی سۆزت. ڕەنگە بیرلەوە بکەیتەوە، ئایا نالی چ بورکانێکی "عاطیفە"ی بەدەستەوە ماوە بیکا بەئەنجامی ئەم جەهەنەمە؟ ئاگری لەمە بەتینتر وەیا وەك ئەمە تیندار لە تەندووری چ هەناوێکدا پەیدا دەبێ لەنگەری سۆز و نیوە بەیتی یەکەم ڕاگرێ لە نیوە بەیتی دووەمدا؟

جارێکی تریش بەیتەکەی نالی بەسەر ئەوەکەی مەولەویدا زاڵ دەبێ لەوەدا کە وا نەك هەر لەسەرەتاوە سۆزی گوێگر دەجۆشێنێ، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدا کە بەزاهیر لەپێشەوە هەموو سۆزێکی خۆی هەڵڕشتووە بەهۆی بەرزکردنەوەی «موژدەی قەدەم» بەسەر «انسان العین»دا، دێت و لە مصرەعی دووەمدا جارێکی تریش ئیفلاس بە«انسان العین» دەکاتەوە کە چاوی عادەتی خوێن و گۆشتە، بەوەدا ڕای دەگرێ لەبەرانبەر «دیدەیی غەمدیدەیی بیت الحزن». ئەوجا سەر لە نوێ «انسان العین»ەکە ئیفلاس پێ دەکاتەوە لەتەك «موژدەی قەدەم»دا؛ چونکە ئەو موژدەیە خۆی بووەتە ڕووناکایی «دیدەیی غەمدیدەیی بیت الحزن»؛ بەو پێیە، کات لەکات سۆز و کڵپەی هەڵبەست پتر مەشقەڵ دەبەستێ.

لەپشت ئەو وێنە و واتایانەوە، تارمایی وێنەیێکی تری یەکجار خەیاڵی و خوولیایی و تەجریدی جلوە دەبەستێ بۆ سرنجی وردبین. خەریکم نەوێرم خۆمی لێدەم، نەکا وەك جیوە، بەرپەنجەی تەعبیرم نەکەوێ وەیاخود بۆم نەچێتە ناو پەراوێزی تەعبیرێکی ڕەوان و مەفهوومەوە.

زانیمان لە مصرەعی یەکەمدا «انسان العین» هەیە. لە مصرەعی دووەمدا، ئیمکان هەیە شتێك پەیدا بێت کە پارسەنگی ئەم «انسان العین»ە بێ. ڕستەی «ڕەوشەنیی دیدەیی غەمدیدە» مومکینە واتای «ڕەوشەنیی چاوی غەمدیدە» بدات. چاوی غەمدیدە، دەشێ تـەرکـیـبـێـکـی ئـیزافی بێت، نـەك وەصفی و مـانـاکـەی «چـاوی غـەمدیدەیێك-

ئینسانێکی غەمدیدە» بێ لە ئینسانەکانی «بیت الحزن». کەواتە «دیدەیی غەمدیدە»، چاوی ئینسانە لە بەرانبە «انسان العین»دا دەبێتە «عین الانسان». لەوەوە بەیتەکە ئەم شێوەیە بەدەستەوە دەدات «ڕەوشەنیی دیدە بە "انسان العینە"، موژدەی قەدەمی تۆ ڕەوشەنیی عین الانسانە».

بەڕاستی بەیتەکەی نالی زۆر شتی تری بەبەرەوە هەیە. هێندە دەوڵەمەندە، وەك ئەوەیە چەند ئاوێنەیەك بەرەو ڕووی یەکتر ڕاگریت بەجۆرێك هەریەکەیان وێنەی ئەوانی تر بداتەوە؛ ئیتر سەیری هەر کامێکیان دەکەیت، شریتەیێکی بێ بڕانەوەی ئاوێنانی تێدا دەبینیت. من لەم چەند دێڕەدا، وێنەی گشتیی ئەم «ئاوێنە ڕیزان»ەم خستە پێش چاوان، لەگەڵ خورد کردنەوەی دیمەنی تێکڕای چەند ئاوێنەیێك با خوێنەریش لەلای خۆیەوە چاو ببڕێتە ئەم ئاوێنە بەندانەی نالی و تابلۆی واتایان لێ وەرگرێ بایی توانای خۆی.

من هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە، ڕەخنەی ناحەزانە وەیا بێ ڕەحمانە لە شیعری مەولەوی بگرم کە دەزانم مەولەوی شاعیرێکە لە ریزی هەرە پێشەوەی شوعەرای ڕۆژهەلات دێت. نەشم ویستووە بەخۆڕایی لە نرخی بەیتەکەی کەم کەمەوە؛ بەڵکوو، بەپێچەوانەوە، ڕەنگە زێدە نرخ و جوانیی بەیتەکە وای کردبێ بخرێتە تای تەرازووی موقارەنە لەگەڵ بەیتەکەی نالیدا کە شاکارێکە لەوانەی تاك تاك نەبێ مانەندیان چنگ ناکەوێ. دیتت پێشتر بەیتەکەم بە بەیتێکی تری نالی خۆی گرت و کردمە نموونەی پێشبڕکێ لە مەیدانی فکری ئەریستۆکراتدا.

لەم نمایشتەی بابەتی جۆر جۆری داڕشتن و جوانی و وردیی هەڵبەست کە وەکو پێپلکە یەکیان ژووررووی ئەویتر دەکەوێتەوە و پایەی بەرزتر بۆخۆی دادەگرێت، لە مەیدانی هونەری ئاخاوتن و فکری ئەریستۆکراتدا، دەگەین بەو قۆناغە باسی سەر نەرمکردنی وشەو تەعبیری سەختی تێدا بکرێ. نەرمکردنێك کە لەناو نەرمانی شیعردا خۆی بەڕەق و زەق نەنوێنێ. بێگومان، ئەم هونەرەی ماملەتی شاعیرانە لەگەڵ بابەتی سەختدا، پلەیێکی نوێی تایبەتی بۆ خۆی هەڵدەنێ بەرەو دەسەلات و توانای پێویست بۆ ئاخاوتن بە زمانی یەکجار پسپۆڕانە و پوختی دەربڕینی مەبەست لە قاڵبی ئەریستۆکراتیدا؛ چونکە لەم جۆرە داڕشتنەدا سەرەڕای دەسەلاتی ڕاشکان بەسەر فکری ورد و قووڵدا کە لە بەهرەی هونەری هێژایەوە پەیدا دەبێ، دوو بەرز بوونەوەی تر پێویستە:

یەکەم: دەسەڵات و بەهرەی هونەریی زگماك کە بویژ دەگەیەنێ بە بانی بەرزی فکرو تەعبیری ئەریستۆکراتی عادەتی، دەبێ لە چەرخ بدرێت و مشتومالّ بکرێت تاکو نەرم و نۆڵییەکەی دەگاتە ئەو ڕادەیە کە دەگاتە تێئالاّن و شلبوونەوە بەدەوری کەرەستەی ڕەق و زەقی تەعبیری سەرکەشدا و هەست بەزبری و لێکخشان و پێککەوتنەوە نەکرێ کە عەیبی بنجین لە هەڵبەستدا.

دووەم: بەهرەی زگماکی مشتومالّ کراو کە لایەنی «هەڵکەوتوویی» بویژ دەگرێتەوە، بەتەنها نابێتە هەڵگری باری قورسی تەعبیری سەرکەش لە مەڵبەندی فکری ئەریستۆکراتدا. وێڕای هەڵکەوتوویی بەڕادەی ئەویش، پێویست بە «پێگەیشتن-ڕۆشنبیری»هەیە. هەر ئەم پێگەیشتنەیە پتر لە بەهرەی سادە، زیهن بە چڕگەنی فکر و تەعبیری سەختدا دەگێڕێت؛ بەلاّم دەرباز بوونی زیهن لەو چڕگەنە، کاری بەهرە و هونەرە.

ئەم ڕاستییانە، ڕاستیێکی تریان لێ هەڵدەستێ: هەروەك فەرمانی بویژ لەم بابەتە هونەرەدا یەکجار گران و سەختە، خوێنەریش بەکەرستەی عادەتی تێگەیشتنی شیعر بڕ لە چڕگەنەکە ناکات. دەزانین زمانی شیعر، کەمو زۆر زەحمەتترە لە ئاخاوتن؛ بەو پێیە تێگەیشتنیشی وەك تێگەیشتنی قسەی عادەتی نییە. لەمەوە دەزانین تێگەیشتنی فکری ئەریستۆکرات لە شیعردا جارێکی تریش سەختتر دەبێ لە چاو فکری سەراو. پوختەی گوتە ئەمەیە تاکوو بەرهەمی فکری ئەریستۆکرات لە شیعردا تێهەڵکشێ بەرەو بەرزایی، پێویستی بەخوێنەری زیرەکتر و پێگەیشتوو تر دەبێ؛ یاخود بە تەعبیرێکی تر خوێنەریش دەبێ لە فکردا ئەریستۆکرات بێ؛ ئەگینا لە بەرهەمی فکری ئەریستۆکرات ناگات. هەر ئەم هۆیەی زەحمەتی تێگەیشتنی بەرهەمی فکری ورد و قووڵە کە بە «مجاز» پێی دەگوترێ «فکری بەرز»، وەیا لێرەدا ناوی «ئەریستۆکرات»ی بۆ بەکاردێنم، دیاردەیێکی زۆر بەرچاو پێك دێنێت لەبازاڕی ئالّوگۆڕی ڕۆشنبیری. پێ بەپێی سەخت و زەحمەت بوونی ئەو فکرە- کە لە بەرهەمەکەدایە- کڕیاری لێ دەتەکێنەوە، تا وای لێ دێ بەرهەمی یەکجار ورد و قووڵ لە فکری ڕووتدا، ڕاستییەکەی لەهەموو مەیدانێکی فکر و زانستدا تاك و تەرا نەبێ، کڕیاری چەنگ ناکەوێ.

من بەپێچەوانەی ئەو ڕۆشنبیرانەی وەتەنگ دێن لە باو نەبوونی بەرهەمی نایاب، نەك هەر وەتەنگ نایێم و بەس، بەڵکوو هەستی حەسانەوە دەکەم بەوەدا کە لە باو نەبوونی بابەتی نایاب شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراو ڕووی داوە. چونکە بەڕاستی

سەیر دەبوو خوێنەران، ورووژمیان هێنابا بۆ سەر نووسینی سەخت و سەرکەش کە باوەشی بەفەکری ئەریستۆکراتیدا گرتبێ و لەکەمێکی نەبێ تێی ناگەن یا هەر لەهیچی. ئەوسا بیرم بۆ ئەوە دەچوو خوێنەران بەچاولێکەری وەیا بەنیازی خۆ هەڵدانەوە شتێك دەکڕن و پارە و ماندوو بوونی بۆ بەخەرج دەبەن کە سوودی لێ وەرناگرن. ئەمەش دیاردەیەکی زۆر ناسازگارە و تارمایی نەخۆشیی نەفسی تێرا دیار دەکەوێ. بەچاوی زیهنت ئەم دیمەنە بێنە بەر بینینتەوە. کتێبی «سەرمایە»ی کارل مارکس بە عەرەبی وەیا کوردی بڵاو کراوەتەوە و کرێکاری کورد و عەرەب ڕادەکەن بۆ کتێبخانان تا بیکڕن؛ بەو بۆنە کە لەسەر مافی کرێکار دەکاتەوە. لە حاڵێکدا گەلێ باسی ئەو کتێبە پسپۆڕی ئابووری و فەلسەفە نەبێ تێی ناگات؛ چونکە کتێبەکە خۆی یەکێکە لە بەرهەمە هەرە ئەریستۆکراتەکانی فکر؛ هەرچەندە باسی کرێ و نرخی زیاد و پەتاتە و شووتیش بکات.

کڕیاری بەرهەمی ئاسان زۆربەی گەلە. بەرهەمی ئاسانی ئەوتۆش هەیە هەموو گەل، هەر لە منداڵییەوە تا فەیلەسووفەکانی دەبنە کڕیاری؛ چونکە خۆشییێکی وای تێدایە هەموویان حەزی لێ دەکەن. پێم بڵێ کێ هەیە حەز لە گەپ و نوکتەی بازاڕی وەیا مەتەڵەکانی مەلای مەشوور نەکات؟ قەشمەریاتی کتێبەکەی «الفاشوش فی حکم قراقرش» لە پاشاوە تا گەدا، پێوەی دەگەشێنەوە. ڕەنگە ئەگەر قەرەقووش خۆشی بیبیستبان لێیان ڕازی با. گۆرانی شایی و هەڵپەڕکێ و چیرۆکەکانی«تیغەڵماس و سەلیمی جەوهەری» هەموو کەسێك حەزیان لێ دەکات. هەر ئەو کەسەی کە دڵتەنگە لەبەر کزیی بازاڕی بەرهەمی بایەخدار، بۆ خۆی کڕیاری گەلێك لەو بەرهەمانەیە کە بەسەرەتایی و منداڵانەیان دادەنێ، بڕیاری سروشتە بە کەیفی من و تۆ نییە تا خۆراك چەورتر بێ مەعیدەی ساغتر و بەهێزتری دەوێ، ئەرك و مەسرەفی لێنانیشی پترە لە هی خۆراکی ڕەشەشێو. شۆڕشگێڕێکی وەك «لینین» ناو ناوە عوزر دێنێتەوە لە بەکارهێنانی نووسینی زەحمەت کە زۆربەی خەلق تێی ناگەن. لەبەر ئەوە کە بابەتی نووسینەکە خۆی لە خۆیدا زەحمەتە و ئاسان کردنەوەی لە توانای نووسەردا نییە. «لینین کە ئەم عوزرە دێنێتەوە، بۆیەیە کە پێشەوای زۆربەی میللەتێکە لە بازاڕی سیاسەتدا و دەبوو بە زمانێك باخێوێ کە ئاسان بێ. ئەگەر زانایێکی ڕیازیات وەیا ئاسمان وەیا ئاتۆم با، ناچاری عوزرهێنانەوە نەدەبوو. کەواتە خۆ لادانی خوێنەری عادەتی لە بەرهەمی فکری ئەریستۆکرات نە سووچی خوێنەرە نە هی بەرهەمەکە.

بەڵام لێرەدا ڕووی گلەیی دەکرێتە خوێنەر کە هات و بێ سێ و دوو بکەوێتە دژی

بەرهەمی ڕەسەن و لە دژایەتییەکەشی بەردەوام بێ. گلەیی ناکرێ لە قوتابییێك خۆی لە کولێجی «طب» نەدا لەبەر قورسی دەرسەکانی؛ بەڵام مافی ئەوەی نییە بکەوێتە دژی «طب» و داوا لە خەڵقیش بکا ڕووی تێ نەکەن. مەسەلە مەشوورەکەی «ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ، دەیگوت ناتخۆم ترشی» بەڕۆشنبیر ڕەوانییە. مەردی نەزان و نەخوێندەوار هەرچی وڕێنەی سەرەوبنە بکات لێی بەعەیب ناگیرێ. بەڵام کام گلەیی قورسە ئەوەیان لە ڕۆشنبیر دەکرێ کە پێی داگرت لە پەسەندکردنی ئەو بەرهەمانەی کە لە ڕێکار "مستوی"ی تێگەیشتنی ئەون و بەس. ڕۆشنبیر دەبێ تەکان بدا سەرەو ژوور بۆ تێگەیشتنی ئەو بەرهەمانە کە لە ئاسۆی بڵند ڕوانینی ئەو بەرزترن، نەك ئاسۆی بەرزی دیتن و زانین تاوانبار بکات.

ئەگەر بتوانین پەلە نەکەین لە بڕیارەکانمان، ئەمانەی لێرەدا دەیانڵێم شتی زۆر ئاسایی و سەرەتایین و هی نەسەلماندن نین. بەنموونە دەڵێم ئەو ڕۆشنبیرەی پەلە دەکا لە تاوانبارکردنی بەرهەمی لەفکری خۆی بەرزتر، ئاگادار نییە لەوە فکرەکەی خۆی ساڵەو ساڵ بەرزتر دەبێتەوە و لە هەر بەرزتر بوونەوەیێکدا ماوەیێك دەبڕێ لە هەستکردن بەهەڵە بوونی تاوانبار کردنی فکری بەرز؛ چونکە بێگومان ئەو بەدڵیدا نایێت بەرزتر بوونەوەی خۆی تاوانبار بکا لەبەر تیشکی فکرە نزمەکەی پارو پێراری. دەوجا کە حاڵ وابێ هەر نەختێك پتر لە مەسەلەکە ورد بێتەوە؛ دەبینی تاوانبار کردنی فکرەی بەرزتر لەبنەڕەتدا تاوانێکی گەورەیە؛ وەیاخود هەرنەبێ نەزانینێکی گەورەیە. ڕۆشنبیر لە گلەیی ڕزگار نابێ بەوەدا قوناغی تێهەڵکشانی خۆی بەزەیی بۆ فکری بەرز بجوولێتەوە و بایی ئەو تێهەڵکشانە حورمەتی فکری بەرز بگرێ. چونکە ئەوسا ئەم شێوازەی «ریزی مرحلی» بۆ فکری بەرز، لە نێوان تێکڕای ڕۆشنبیراندا دەبێتە دیمەنێك کە دەشێ پێی بگوترێ «خەرج و فەلەکی ڕێزگرتن»، بەو مانایە کە هەر بابایە بەحوکمی باری زیهنی و نەفسی خۆیەوە لە جۆلانەی سەرەوژوور چوون و بەرەو خوار هاتنی ئەو ڕێزگرتنەدا دەبێ. ئەوەی ڕاستیش بێ، جۆلانە و چەرخوفەلەکی ڕێزگرتن لە مەیدانی فکرو سیاسەتدا شتێکی زۆر بەرچاوە لە ژیانی ڕۆژانەماندا؛ نەك هەر لە پەراوێزی تاکاندا بەڵکوو بەگەزوگرێی نێوان دەوڵەتانیش. بۆ خۆت دەبینی تەرمۆمەتری ڕێز و خۆشەویستی لە چ هات و چۆیەکدایە بەپێی کات و سەعات باری بەرژەوەندی سوود و زیان. گەلێك جاران ڕێز لێگیراوێکی دوێنێ، کە باری دالەنگا، ڕۆژانی ڕێز گرتنیشی تاوانبار دەکرێ و چاکەکانی پار و پێراریشی لێ بەخراپ دەگەڕێ. بە تەعبیری

پـۆکـەرچـیـیـان بـە ڕێست دەگەڕێنـەوە سەر رابـردووی. چـەنـد خـۆشە ڕۆشـنـبـیـری لـەم تەڵەکەبازییەو کاری مەیموونانە ڕزگار بووبا. رزگاربوونیشی بە من و تۆ دەکرێ کە لە ڕاستیشدا ڕزگاربوونی من و تۆیە. خۆ ئەگەر ڕێشمان نەبوو دەستێك درێژ کەین بۆ ڕزگارکردنی ڕۆشنبیری، ئەوەندەمان پێ دەکرێ، یارمەتیی تەڵەکەبازی نەدەین و لاتەریك بوەستین. ئەگەر لاتەریکیش زەحمەت بێ، هێندە هەر دەمێنێتەوە پاڵ بەخۆمانەوە نەنێین بەرەو تەڵەکەبازی:

شاهـی کـە نـەبێ ڕادەبـوێریـن بـە فـەقیـری
بۆ ئەهلی قەناعەت لە پڵاو خۆشترە داندۆك

بـەیـتـە واتـا سەخت و وشە و ڕسـتـە سەرکـەشەکـانـی نـالـی، لـەم مـەیـدانـەی فکری ئەریستۆکراتدا دوا پلەی پەیژەی سەرەژوور چوونی شاعیرەکانی کورد پێك دێنن کە ئیتر بوارێکی زەحمەتتر نییە شاعیرێکی کورد لێی پەڕیبێتەوە. لەم مەیدانەشدا نالی خاوەن ماڵە، نەك میوان؛ واتە بەشێکی بەرچاوی شیعری نالی لە پلەی بەرزی و سەختی دایە؛ نەك چەند بەیتێکی. هەموو شاعیرێك بەنیازی سەپاندنی شاعیریەتی خۆی چەند جارێك ئەسپی زمانی لە مەیدانی مەتانەتی وشە و واتادا تاو دەدات، ئیتر یا بە ساغی لێی دەردەچێت یا تێیدا دەگلێت و دەگەڕێتەوە بۆ مەفتەنی هەمیشەکاتی خۆی کە هەڵبەستی زادەی دەسەڵات و چاپوك سواریی عادەتی خۆیەتی. لە تاك تاکە بەیتی خۆنیشانداندا، شاعیر دەبێتە مێوان؛ پێشیەوە دیارە لەو بەیتانەدا جلوبەرگ و وڵاغی خوازرایەوەی بەکارهێناوە. ئەم فەرقەی نێوان نالی و شاعیرێکی تری کورد لە لایەن دەسەڵاتی بەکارهێنانی وشە و ڕستە و واتای زەحمەت و سەرکەشەوە هەر خۆیەتی بەدیار دەکەوێتەوە لە مەیدانی هەڵبەستی ئاسان و ئاساییدا: نالی کە لە ڕەوەزی سەختی واتا سەر کەوێ و لە بواری خوڕی تەعبیردا بپەڕێتەوە، دیارە لە دەشت و نەرمانان و بە ناو تەنکاواندا بە گەپ و شۆخییەوە، ڕێگە دەر دەکات. ئەم ڕاستییە چراێکە کە لەبەر تیشکی ئەودا نالی، ئەم برە شیعرەی گوتووە:

طـبـعـی شکربـاری مـن کوردی ئـەگـەر ئـینشا دەکا
امـتـحـانـی خـۆیـە مقصودی «لـەعـەم داوا» دەکا
یا لە مەیدانی فصاحەتدا بە میسلی شەهسوار
بـێ تـأمـل بـەم هـەمـوو نـەوعـە زمـانـی ڕا دەکا

کەس بە الفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە

هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی طالبی مەعنا دەکا

بێتە حوجرە پارچە پارچەی مسوەدەم بکڕێ بەڕۆح

هەر کەسێ کووتاڵ و پارچەی «بێ بدل» داوا دەکا

شیعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی

کەی لە دەقەتدا پەتك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

دوا بەیتی شیعرەکە لە کۆتا مصرەعی یەکەمیدا لە جیاتی «بۆنازکی» لە هەندێ نوسخەدا «ئەی نالیا» نووسراوە .ئەگەر. وەهاش بنووسرێ واتا «بۆ نازکی» لە دەست نادرێ، چونکە «کەی لە دیقەتدا...» ئەو مانایە تێ دێنێتەوە.

لە مصرەعی دووەمی بەیتی یەکەمدا « لەعەم داوا»م خستە ناو کەوانەوە؛ چونکە یەك دوو جۆر خوێندنەوە و واتای هەیە: دەشێ «لەعەمدا» "عمداً" بێت؛ مومکینیشە بە نەختێك زار پەل کردنەوە، بکرێتە «لە عام داوا...». هەروەها وشەی «لەعەم» هەڵدەگرێ «لعم»ی عەرەبی بێت، بە واتای لیکی زاری مرۆڤ کە ئەویش نەختێکی خۆپێوە ماندوو کەیت جێگەی بۆ لە بەیتەکەدا دەدۆزیتەوە.

لەم هەڵبەستەدا، نالی لە هەستکردن بە پۆپی دەسەڵاتی خۆیەوە تێمان دەگەیەنێ ئەو کە بە کوردی شیعر هەڵدەبەستێ بەئانقەست کەرەستەیێکی ئاسانی ئاخاوتنی پەسند کردووە کە زمانی دایك زایە، بۆ دەربڕینی هەموو واتایەك با زەحمەتیش بێ؛ ئەگینا لەتوانایدا هەبوو بەزمانێکی تر (فارسی و تورکی عەرەبی)یە شیعر بڵێ. تۆ سەیری بەدوا بەیتی «خۆ کوردی و خۆ کردی»دا چ بەیتێکی مەتین و بێ مانەندی هێناوەتەوە کە هەموو رەخنە و توهمەتێکی «خۆکردی»، ریسوا دەکات. بەوەدا کە لەو خۆکردییەدا کام هونەری دوورە دەست و سەخت و زەحمەتە ئەوی کردووە بەناوەڕۆکی هەڵبەست و چەندین واتای جوداجودای تێك هەڵکێشاوە.

من کە هێندە بەهێز و توانای نالیدا هەڵدەڵێم، نابێ خوێنەر لێم بەسەهوو بچێ و وا تێ بگا لایەنگیری ئەم مەدح و سەنایەم پێدەکا. ئەوەی ڕاستی بێ، نالی خۆی لە چەندین جێگە پێمان دەڵێ پایەی بوێژیی ئەو لە چ بەرزییەك دایە و چ هونەرێکی خاریقی لە شیعردا بەکارهێناوە و چەند قووڵ بووەتەوە بۆ بنی دەریای واتا و چەند تێ هەڵکشیوە بەرەو ئاسمانی خەیاڵ.

لەم هەموو هاوارەی نالی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەلق بەرەو وردی و نازکی و

قووڵی و مەتانەتی هەڵبەستەکانی هەر دەڵێی خەریکە پەنجەمان بگرێ و لەسەر خەزێنەی گەوهەرە شراوەیەکانی دابنێ؛ وەیا پێڵووی چاوە نوستووەکانمان هەڵداتەوە تا پڕشنگی شەوچراکانی ببینین. مرۆڤ مەگەر گوێیگران بێ، ئەگینا هاوارەکانی نالی لە حەوت خەوی غەفڵەتی بەخەبەر دێنن. نالیش نەکەین بە شاهید بۆ خۆی؛ نەمرێکی وەك حاجی قادر لە دە جار زیاتر شایەدیی بۆ بلیمەتی نالی داوە. بەدوا حاجی قادریشدا هەموو ئەو شاعیرە کوردانەی بەزاراوەی نوێ پێیان دەڵێن «کلاسك»، لە ڕاستیشدا «ڕۆمانتیك»ن، نالییان بەپێشەوای شیعری کوردی داناوە. من لەم نووسینانەمدا دێم و خاڵ لەسەر پیت دادەنێم و درشتان خورد دەکەمەوە و چەند لایەنێکی تایبەتی نرخ و پایەی بوێژیی ئەو دەخەمە بەرچاوی خوێنەری کورد کە ئەمانە هەموویان کەمێکی ئەو مافەیەتی وەك قەرز بە ئەستۆمانەوەیە و من دەیدەمەوە. بەر لەوە دیراسەییێکی ژیان و باری مێژوویی زەرفی ئەو ژیانە و چەکمەسەری و تاڵی و سوێری و خۆشی ناخۆشی و هەموو سەرو بەرێکی بوون و ژین و مەرگی نالی بکرێت؛ کەس ڕێی نییە بڵێ من دەتوانم مافی تەواوی نالی بدەم بە گیانی نالی؛ وەیا بە میراتگرەکەی کە میللەتی کوردە. ئەم شیکردنەوەی هەموو لایەنێکی هاتن و بەسەرچوونی نالی لە پێوییست پێوستترە، بە نموونە لێرەدا بەیتێکت بۆ دێنم بە شادیەی قسەکەم؛ نالی دەڵێ:

لە لای من با وجودی ناس و ئەجناس

کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێی تۆ

بیستوومە لە مرۆڤی نالی دۆست وشیعر دۆست کە مەبەستی نالی لە وشەی «ئەم شارە»، شاری «ئەستەمۆڵ»ە. ئەم رایە شتێکی تر دەسەپێنێ کە لە تاکە بەیتێکی تری برە شیعرەکە، دەفامرێتەوە:

هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ(٢)

تەمەننای مردنی پێرارە بێی تۆ

ئەگەر بسەلمێنین مەبەسی نالی لە «ئەم شارە»، شاری «ئەستەمبۆڵ» بوو بێ، دەبێ لەوەش ئاگادار بین بە هەمووی دوو ساڵ تێنەپەڕیوە بەسەر دوور کەوتنەوەی لە

---

(٢) ئەم بەیتەم شکڵ نووس کرد لە بەر دیوانی نالی کە لە ١٩٧٤ لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر چاپ کراوە. دیتوومە بە جۆری تر نووسراوە بەڵام پێی ناوێ بە دوای کەوین.

یارەکەی؛ چونکە وشەی «پێرار» دوو ساڵ ڕادەگەیەنێ. لەوەڕا دەبێ دان بەوەدا بنێین نالی کە سلێمانیی بەجێ هێشت، بۆ ئەو سەفەرە یەکجارەکییەی کە لێی نەگەڕایەوە بەرەو مەفتەن؛ لە ماوەی دوو ساڵدا حەجی کرد و بەدوا حەجدا لە شام مایەوە و ئەو جار چووە ئەستەمبوڵ ولێی بوو بە میوان و ئەم هەڵبەستەی تێدا هۆنییەوە. هەر نەختێك خۆماندوو کردن بە لێکۆڵینەوە و مێژوو بەیەکتر گرتن و تێخوێندنەوەی ڕووداوی بێگومان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم دووساڵە هەرگیز بایی ئەو شتانە ناکەن کە دەکەونە نێوان دەرچوونی نالی لە سلێمانی و نیشتەجێ بوونی لە ئەستەمبوڵ. لە نووسیناندا[٣] ساغ بووەتەوە نالی لە ساڵی ١٨٥٤ لە شام ژیاوە کە ئەوسا دەمێك بوو سلێمانیی تەرك کردبوو. دوو ساڵ و سێ ساڵ و چوار ساڵ بایی نیوەی ئەو کاتەش ناکەن کە بەسەر سەفەرەکەی نالی بەرەو حەج و شام و ئەستەمبوڵدا تێپەڕیبوو، کەواتە لە هیچ ڕوویێکەوە و بە هیچ تەئویلێك نالوێ بیر بۆ ئەوە بڕوات کە «ئەم شارە»، ئەستەمبوڵ بێ.

بەلای منەوە مەبەستی نالی نە ئەستەمبوڵە، نە شام، نە هیچ شوێنێکی دەرەوەی کوردستانی عیراق. وشەی «ئەم شارە»، لە بەیتەکەدا بێ زیاد و کەم و بێنە و بەردە «شاری سلێمانی» یە، هەرچەند نازانین چ ڕووداوێك وەیا کام باری نالەبار وای کردووە نالی لە نیشمەنی خۆشەویستەکەی دوور کەوێتەوە و بۆ ماوەی دوو ساڵان نەتوانێ لێی نێزیك بێتەوە، چونکە وەك گوتم بەسەرهاتی نالیمان لێ ونە و سەرەدەری لێ ناکەین، بەڵام لە دوای ئەوەی کە مەعلوومان کرد، ئیمکان نییە نالی ئەم شیعرەی لە شوێنێکی دەرەوەی کوردستاندا گوتبێ، هەر «سلێمانی» دەمێنێتەوە. بەتاکە ئیحتیمال کە لێ هەڵبەستنی شیعرەکە بێت: دەزانین نالی ماوەیێکی درێژ لە سلێمانی ماوە تەوە، هەر چەند سەرەتا و کۆتاییەکەشی زۆر ڕوون نەبێ (بەتایبەتی سەرەتاکەی). لەگەڵ هەندێك لە میرانی بابان پەیوەندیی دۆستایەتیی هەبووە تەنانەت ئەو مامۆستایانەی دەرسیشیان پێ گوتووە لە سلێمانی دەناسرێن و مزگەوتی لێی خوێندوون، ئەوانیش ناویان ون نییە. وشەی «شار» یش بۆ خۆی تا ڕادەیێك پەنچە بۆ سلێمانی درێژ دەکات؛ چونکە تا ئێستاش خەلقی سلێمانی کە بەرەو ماڵ دەبنەوە، لەشوێنی تری وەك کەرکووك وبەغداوە، دەڵێن «دەچینەوە شار». خولاسە بەلای منەوە گومان لە واتای «ئەم شارە» نییە.

---

(٣) لە هەلێکی تر ئەم نووسینە باس دەکرێت.

ئەم بزریەی زەرفی هەڵبەستنی بڕە شیعرەکە وا دەکات لە مرۆڤ نەتوانێ ڕووی سۆز و پەرۆشی لە نیشانەیێکی دیار و ناسراو بکات، هەر دەڵێی تیری سۆزەکەی بێ ئامانج بەرەو بۆشایی دەڕوات؛ چونکە شیعرەکان لەوانە نین دەربڕنێکی عادەتی عیشق بێت و بەس، سەرەڕای دەربڕینی عیشق، باسی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی دوورکەوتنەوەی دوو ساڵانەی نالی دەکات لە خۆشەویستەکەی، ئیتر ئەگەر دوورکەوتنەوەی نالی هی ئەو دەمەبێ کە هێشتان کوردستانی عیراقی بەجێ نەهێشتووە، دیارە شیعرەکە عیشقێکی ئاگرینی سەرەتای عومری نالی نیشان دەدات کە بۆ کچێکی کوردی مەڵبەندی بابانی هەست پێ کردوە. خۆ ئەگەر ئەو ڕووداوەش زانرابا کە نالی ناچار کردووە دوو ساڵان لە یاری دوورکەوێتەوە، (کێ دەڵێ ڕۆژێك لە ڕۆژان دوای ئەم ڕووداوە نالی چاوی بە یارەکەی کەوتووەتەوە؟ ئێمە لە تاریکی داین و هیچی ئەو ڕووداوەمان لێ دیار نییە.) ئەوسا گەلێك پتر هەستی سۆز و حوزنمان دەجۆشا و چەژێکی ترمان لە بەیتەکان وەردەگرت، لەنیگا و نیم نیگای وشەو ڕستەکانیشیان باشتر حاڵی دەبووین. بەڵام کە گوتت شیعرەکەی لە ئەستەمبوڵ گوتووە، ساغیش بووەتەوە کە ئەو گەلێك پتر لەدوو ساڵان بە حەج و دانیشتنی لە شام خەریك بووە، بەرلەوە بچێتە ئەستەمبوڵ، ئەو ئیحتیماڵە نامێنێ بڕە شیعرەکەی لە گەنجایەتیدا گوتبێ وەیا مەبەسی کچێکی کوردی بابان بێت. ئیتر چارت ناچار دەبێ بگەڕێی بەدوائیحتیماڵێکی تری جێگری «سلێمانی و کچێکی بابان»، خۆ دیاریشە تا لە دۆزینەوەی ئەو جێگرە دەبێتەوە، کە هەر نابیتەوە یەکی ئەوەت دەکەوێ، پەرۆش بۆ کەساسی و حوزنی نالی هەڵگریت.

تێبینیی ئەو وردە لێکدانەوەی تر لەبارەی ئەم بڕە شیعرەوە زۆرن من چیتری لەسەر ناڕۆم و دەگەڕێمەوە سەر مەبەستی بنجی لەم درێژە پێدانەدا، کە بریتییە لەوە کەس ناتوانێ مافی تەواو بە نالی و شیعرەکانی بدات بەر لەوە ڕۆژگارو ژیان و بەسەرهاتەکانی ڕوون بکرێنەوە. ئەو هێندەی من لەم نووسینەدا دەیکەم بە کزە چراییێك بەدیار ئەدەبی نالیەوە، گەشتێکی شەو کوێرانەیە بەکوتە کوتی وەکازەوە لە ناو باغ و مەزرای هێندە پان و پڕ میوە و گوڵ و ڕەیحان کە سەرەتای هەیە و بڕانەوە نا! بەداخەوە ئەم توێژینەوەیە لەکاتی و بەسەر هاتو ڕووداوەکانی ژیانی نالی نە کەس کردوویەتی و نە دیارە هیچ کەسێك بیکا. وردە وردە لەگەڵ تێپەڕینی کاتیش وای لێ دێ بەکەس نەکرێت لەبەر دوور کەوتنەوە و نادیار بوونی ڕۆژگارەکە، کە ئەمە ڕاستەو خۆ دەبێتە کوێر بوونەوەی سەرچاوەی ڕوونکردنەوە و ڕەواندنەوەی تاریکایی دەوروبەری نالی و ئەدەبەکەی.

بەڵگەیێکی یەکجار بچووکی ڕاستبوونی ئەم تێبینیانەم لەم خەبەرە یەکجار کورتیلەدا، بەدەستەوە دەدەم: لە جیلی پێش خۆمم بیستووە ،موفتی زەهاوی فەرموویەتی، نالی مەبەستی شەخسی ئەو بووە لەم بەیتەی سەرەتای قەصیدەی:

ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقریەتی سەبەی دەکا

عارفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا

دەبینی بەیتەکە ئەو کەسانە دەشکێنێتەوە کە باوەڕیان بە کاریگەربوونی «ئەسباب» هەیە و بەمەدا پەیڕەوی ڕێبازی «اختیار» دەکەن لەئاییندا. ئەو کەسانەش دادەنێ بە مرۆڤی چاو خێل کە مەشوورە، یەك شت بە دوو شت دەبینن؛ واتە لەتەك ئیرادەی خوادا «اسباب»یش بەکاریگەر دەزانن. دەشیا ئەگەر قسەکەی موفتی زەهاوی لە نێواندا نەبا، نالی لەوانەیە بە ڕواڵەت خۆی دابێتە پاڵ مەزهەبی «جبر»، وەك کوڕێنی کردن لە مەیدانی ئاییندا، بەڵام کە بێت و مەلایێکی گەورەی وەك موفتی زەهاوی عەیبدار بکا بە پەیڕەوی کردنی «اختیار»، ئیحتیمالی کوڕێنی و خۆ هەڵدانەوە لە بەیتەکەدا دەسڕێتەوە و بە تەواوی لێمان ڕوون دەبێ کەوا «نالی» لەناخی دڵدا دژی «اختیار» بووە. ئیتر هەر جارە کە بەیتێکی «توحید کارانە» مان خوێندەوە لەدیوانی نالیدا، دەرلەحزە دەسەلمێنین مەبەستی دانهێنان بووە بە یەکایەتیی کاریگەر بوونی خودا لە جیهاندا، هەر وەهاش دڵمان بۆ ئەوە دەڕوا کە شیعرە «تصوف» ئامێزەکانی، ئەوانیش قسەی ڕواڵەتی نین، بەڵکوو بڕوای دەروونن. سەر لەنوێ ئەوەش دەسەلمێنین کە نالی مەیل و مەشرەبی لە تصوفدا بەرەو «قادری» بووە و دژایەتیی لەگەڵ صوفیەکانی نەقشبەندی لە عەقیدەوەیە نەك دوشمنایەتیی شەخسی وەیا شۆخی کردن لە هەڵبەستدا. قسەکەی موفتی زەهاوی لە لای خۆیەوە ئەوەشمان پێدەڵێ کە زەهاوی خێل بووە وەیا عەیبێکی ئەوتۆی هەبووە لە چاویدا کە بشێ پێی بگوترێ خێل.

ئەوەندە ئەنجام بەدەستەوە دانە لە تاکە یەك خەبەری کورتیلەی مەبەستی نالی لە «احول» بۆ خۆی بەسە ببێتە بەڵگەی بایەخدار بوونی زانینی زەرفی هەڵبەست، لە هەمان ڕێگەیشەوە، دەمانخاتە سەر بیرکردنەوە کەوا ڕەنگە مەبەستی نالی لە «عارفی وەحدەت ئاشنا»ش هەر واتای وشەکان نەبێ بەڵکوو لەویشدا پەنجە بۆ مرۆڤێکی دینداری سەردەمی خۆی درێژ دەکا کە نالی بە خواناس و «موحد»ی تەواوی داناوە و کردوویەتی بەنوقتەی بەرانبەری موفتی زەهاوی لە عەقیدەدا. ئەگەر نالی مرۆڤێکی وەهای مەبەست بووبێ، من نازانم کێیە؛ چونکە بە بیستن لە کەسم نەبیستووە. بە

لێکدانەوەش خۆم خەریك نەکردووە، بزانم کام شابازی ئاسمانی «توحید»، لەوانە نالی دیتوونی وەیا ناسیونی لێی دەوەشێتەوە ئەم «عارفی وەحدەت ئاشنا»یەی ناو هەڵبەست بێ. گومانیش نییە لەوەدا کە نالی خواناسێکی کۆن وەیا غەیری کوردی مەبەس نییە، لەم وەحدەت ئاشنایە؛ ئەگەر ڕاست بێ کەسی مەبەس بووبێ؛ چونکە زەوقی هەڵبەست بەتێکرایی و شاعیریەتە زۆر سازگارەکەی نالی بەتایبەتی وا داخوازی دەکەن کوردێکی زیندووی ئەو سەردەمەی مەبەس بووبێ تاکوو یەکجاری و لە هەموو سەرێکەوە ببێتە هاوتای تەرازووی موفتی زەهاوی. ئەگینا ئەگەر لەو پەراوێزەی هاوسەنگی موفتی دەرچووین، یەکسەر دەبێ مەسەلەکە ببەینەوە لای خودا خۆی و ئەو بە نارەزای «تقویەی سبب» دانێین وبیکەینە بەرپەرچدەرەوەی یەك بەدوو دیتنی چاو خێل.

کە من و یەکێکی تر دێین و پایەی هەرە بەرزی بوێژی لە کوردیدا بۆ نالی ڕەچاو دەکەین، بێ ئەوە زانینی زەرفی ژیانی خۆی و دانانی شیعرەکانی یارمەتی بدات لەدیار کردنی ئەو پایەیەدا، لە تێکڕای هەڵبەستەکانیەوە بڕیاری وەها بنجی و یەکجارەکی دەدەین؛ هەرچەند لەو هەڵبەستانەدا بەشێکی زۆری، جاری واتایان ئاشکرا نەبووە و گەوهەرەکانیان لە قتووی مصرەعی بەیتەکان دەرنەهێنراون، لەمەشدا هەر دەڵێی ئەوکەسەین کە بڕیاری زێدە بەرز بوونی کەژێك دەدا بێ ئەوە گەیشتبێتە تۆقەڵەی سەری. بەڵام بەفرە سپییەکەی چوار کژی ساڵ کە مێزەری هەمیشەیی کەژەکەیە ئازای دەکا لەو بڕیارەیدا و بێ پەروا، دان بەوەدا دێنێ کەوا لە هەموو ئەو کەژانە، بەرزترە بەفریان بەسەرەوە نامێنێ. من کە لەواتای هەندێ، وەیا زۆری، شیعری نالی تێشبڕ نەکەم، لەدڵدا متمانیم پەیدایە کە تێبڕنەکردنی من، بەڵگەیێکی زێدە مەتانەتی شیعرەکەیە. کە دەستم نەگەیشتە بەفری تۆقەڵەی سەری کەژ، دیارە سەبەب زێدە بەرزیی کەژەکەیە؛ بەفرەکەش بۆخۆی چ گومان لە بوونی ناکرێ، هەرچەند دەستیشم نەی گاتێ، بە تەواوی وەك واتای هەڵبەستەکانی نالی. من لەبەر تیشکی ئەم لێکدانەوەیە و هی وەك ئەو کە لە دڵدا گڕ دەگرێ و ڕێی دەربڕینیشی نادۆزمەوە، لە ترسی درێژەکێشانی بێ ئەندازە، سەیری شیعرە سەخت و سەرکەشەکانی نالی دەکەم و بەرانبەریان سەری ڕێز و بەگەورەگرتن فروو دێنم. لە ناخی دڵ و قووڵایی نەستمدا وتوێژی مرۆڤایەتیم، هەروەك گڵی زەوی کە لە بەر لێزمەی باران دەتوێتەوە، ئەویش بەم جۆرە ورتەی وردە سەرپێچی و بۆرە گلەیی و سووکە ڕەخنەی لێ دەبڕێ و دەبێتە یەك

ئاهەنگی ستایش و پەسەند کردن و شاگەشکە بوون لە ئاست هەڵبەستە سەرکێشەکانی نالی:

برق البصر لە بەر بەرق و تلاءلؤی لآلی

خسف القمر لە إشراقی قیامەتی جمالی

داهێنانی «قیامە» بەخۆی و نیشانە مەشوورە قورئانییەکەیەوە کە «حتی اذا برق البصر وخسف القمر»ە لە ڕێی نەخشە کێشانی تەئسیری قیامەتی جوانیی یار و بریق و باقی لوولووەکانی ئارایشتی گەردەن و سینەی، هەر چەند بە گوتەیێکی کوردی عەرەبی ئامێز بێ، هەر دەبێتەوە بەوبابەتە ئەدەبییە بەرزە کە وا نەك هەر لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەدەب ڕادەوەستێ، بەڵکوو لە ڕیزی هەرە پێشەوەش باری هەرە هەورازی ڕیزەکە دەگرێ. سەرنج بگرە «برق البصر» کە یەکێکە لە نیشانەکانی قیامەت دەشێ بریسکانەوەی چاوی تەماشاکەران بێت. تەماشاکەرانیش چ ئەوانە بن، لولوەکانی سەر گەردەن و سینەی یار دەبینن، چ ئەوانەبن کە لە ڕۆژی قیامەتدا چاو ئەبڵەق دەبن، فەرقێك ناکات. لە هەمان کاتدا مومکینە «برق البصر» چاوی نالی خۆی بێت کە لەبەر درەوشانەوەی لولوەکانی فرمێسکی بەدیار یارەوە. ئەوەیش دەتریسکێتەوە. دیسانەوە «برق البصر» لە هەرسێ حاڵدا دەبێتەوە نیشانەی قیامەت؛ چونکە بۆ خۆی لە مصرەعی دووەمدا. پێشەکیی ئەو قیامەتەیە کەوا بە وشەی "صەریح"ی «قیامەتی جەمالی» ناوی هاتووە لە مصرەعی دووەمدا. هەروەها یەکەم نیشانەی لەم بەیتەدا هەر وەك لە قورئاندا یەکەم نیشانەیە، دووەم نیشانەکەش «خسف القمر»ە هەم لە مصرەعی دووەمی بەیتەکەو هەم لە ئایەتی قورئانیشدا.

نالی کە هاتووە ئەم دوو نیشانەیە زۆر بەر چاو و مەشوورەی قیامەتی ناو ئایەتی قورئانی هێناوە بە زەمینەی مەدحی جوانیی یار، یەکجار هونەرکارانە و دەست ڕەنگینانە وشەی «قیامەتی جەمالی» لە مصرەعی دووەمدا کردووە بەهۆی دروست بوون و لێسەلماندنی هێنانەوەی ئەو دوو نیشانەیە و بەمەدا خۆی ڕزگار کردووە لەو بێ هێزییەی واتا، کەوا ڕەنگ بوو لەبەیتەکە بووبایە عەیب، ئەگەر تەنها جوانیی یار «خسف القمر»ی پێك هێنابا، چونکە ئەوسا بەیتەکە لە عاست «قیامەتی جەمال»دا دوو جاران کورتی دێنا: جارێکیان لە ڕووی ئەوەوە کە دەبوو بێ بەڵگە بسەلمێنین جوانییەکە ئەوەیە کە مانگ لە تەکیدا بێ شەوق خۆی دەنوێنێ، جارێکی تریش لە ڕووی ئەوەوە کە ئەگەر بە خاتریش بسەلمێنین جوانیی یار، جوانیی مانگی شاردووەتەوە،

ئەوسا هەر نەدەکرا تەئسیری جوانییەکە لە مصرەعی دووەمەوە بگەیەنینە «برق البصر»ی مصرەعی یەکەم. چونکە هۆی بریسکانەوەی چاو لە مصرەعی یەکەمدا یا هی لولوەکانی ئارایشتە، یاخود هی فرمێسکەکانی ″نالی″یە و چ دەخلێکی «جوانی»ی یاری بەسەرەوە نییە. بەڵام کە «قیامەتی جەمالی» هاتە ناوەوە قورئان، بڕیار دەدات «برق البصر»یش وەك «خسف القمر» هی جوانی یارە، ئیتر لزوم نامێنێ من و تۆ بەهانان پەیدا کەین بۆ ئەم مامڵەتەی مارەکردنی «برق البصر» لە جوانیی یار. رێی کەسیش نامێنێ گومان باوێتە بەر مومکین بوونی «برق البصر وخسف القمر» کە دەزانین نە ماڵی ئادەمیزاد بووە و لە دەسەڵاتی جوانیی هیچ کەسیش بوو، بەر لەوەی مامە نالی بەم سیحرە حەڵاڵەی دەسەڵاتی لەحەدبەدەری خۆیەوە بیانکات بە ئەنجامێکی ئاسان و دەست هەڵێنجی دەریای شۆخی و نازداری یارەکەی.

تۆ سەیری ئەم هێنان و بردنەی زیهنی خوێنەرەوەی بەیتەکە بە ناو سنووری مومکین و نامومکیندا بە هۆی فڕینی واتا بە باڵی ئایەتی قورئانەوە. ئەوجا تێکەڵکردنی جوانی لەگەڵ ئارایشت، لەگەڵ فرمێسك، ئەوجا هەڵچەقاندنی قیامەت لە ناوەڕاستی جیهانی واقیع... ئەوجا سەرلەنوێ بە بەیتەکەدا وەرەوە بێ ئەوەی مەبەستی قیامەتی تێدا بێ، چونکە دەشێ ″قیامەتی جمال″ بە واتای ″هەڵستانەوەی جەماڵی بێ″ ئەوساش سەرلەبەری برق البصر و خسف القمر و هەرچی هەیە، دەبنەوە مەدحی عادەتی و پێوەندییان لەگەڵ موعجیزە و ڕۆژی قیامەت دەبڕێت. کە بڵێی خسف القمر و برق البصر مومکین نین، وشەی «قیامەت»، وەرامت دەداتەوە. کە بڵێی کوا قیامەت لە حاڵێکدا دنیا چ بەڵای بەسەردا نەهاتووە؟ ئەوسا وەرامت دەدرێتەوە بەوە کە بگوترێ کێ باسی قیامەتی کردووە؟ قیامەتی چی و حیکایەتی چی؟ قیامەت وشەیێکی فەرهەنگە بە واتای «هەڵستان». ئەگەر نەبووبایە زاراوەی ئایین چ پەیوەندی بە ژیانەوەی دوای مردن نەدەبوو. کە ئەم هەموو وردە حیسابانە کۆکەیتەوە سەریەکتر و مافی هاتنە ناو هەڵبەستیان بدەیتێ، دەزانیت کارەکە بەم داڕشتنە کوردی- قورئانییە نەبێ، ناشێ و نالوێ و نا گونجێ و نابێ و ناکرێ؛ فەرموو ئەمە گەز و ئەمە مەیدان.

سەیرێکی پارسەنگ کردنی بەیتەکەش لە لایەن مۆسیقای وشەوە: «برق البصر وخسف القمر» کە ڕستەی قورئانن هەر بەم شێوەیە لەنگەر دەبەستن لە بەیتەکەدا کە نالی پارسەنگی کردوون بە «برق وتلالؤی لالی» و «إشراقی قیامەتی جمالی». دەتوانم بڵێم پارسەنگ بوونی ″اشراقی قیامەتی جمال″ ئەوەندە تێرو پڕە لە کۆتایی بەیتەکەدا

خەریکە باری لەنگەرەکە بەلای خۆیدا دەشکێنێتەوە. وشەی «إشراق» سەرەڕای زرینگەی وشەیی کە تای «خسف القمر» دەکاتەوە لە واتاشدا لەنگەری خۆی ڕاگرتووە لەگەڵ پاکی و تەواوی ئەو جوانییە کە ماکی فرتەنەی ناو بەیتەکەیە. ئەوەندەشت لەبیر بێ نالی ئەم قیامەتەی بەزۆر بەسەر ئێمەو بەیتەکەدا نەسەپاندووە. گەلێك لە شاعیر غەیرصی شاعیریش لە کوردان، وشەی قیامەتیان بەکار هێناوە بۆ "وەصف"ی جوانی. کەیفی جوانڕۆیی «قیامەتە یا قیامەتە»ی لە هەڵبەستدا گوتووە. ڕەنگە خۆشت لە وتووێژدا شتی وەهات گوتبێ. لە بەیتەکەدا، ئەوەی ڕاستی بێ لە سەرانسەری غەزەلەکە، "رەقص" و هەڵبەزینەوییێکی ناوەکیی داڕشتن هەیە، کاتێك هەستی پێ دەکرێ کە بڕگەی «تفعیل»ە کانی دیار بخرێن:

برقَ البصر لەبەر بەڕ   قی تە لەئلوئی لەئالی

خسف القمر لە ئیشرا   قـی قیامەتی جەمالی

مرۆڤی شیعر و مۆسیقا دۆست لە تام و لەزەتی ئەو هەڵپەڕکێیە تابڵێی هەستی خۆشی دەکات. زۆر جاران جەزبەی سۆز بە ئاسایی دەکەوێتە سەر باری ئاهەنگێك و بەیەکەوە وەها جووت دێن هەر دەڵێی بە سکێك لە دایك بوون. «جلال الدینی رۆمی» لە دیوانەکەی خۆی کە بەناوی «شمسی تەبریزی» یەوە دایناوە لە بڕە شیعرێکی مەجزووبانەی دێوانانەندا یەك بەیتی سەرلەبەری بریتییە لە «تفاعیل»ی بێ واتا و بەزۆری وشەیێك دووبارە دەکاتەوە کە جەزبەگرتووان لە گۆرانیدا دەیڵێنەوە:

تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەنەنتەن تەنەنەن

تەنەنەتنەن تەنەنەتنەن تەنـەنـاهـا یـاهـو

لە دیوانەکەی نالی، چاپی هەولێر، بەیتەکە بە جۆرێکی تر نووسراوە؛ یەك جوولەی کەمترە لەمەی سەرەوە. چونکە ئەمەیان شازدە جوولەیە و هی ناو دیوانەکە پازدە:

برق البصر لە بەرقی تەلەئلوئی لەئالی

خسف القمر لە شەرقی قیامەتی جەمالی

بەیتەکانی تر سەرلەبەریان لە دیوانەکەی چاپی هەولێریشدا شازدە جوولەن. ئەوەی راستی بێ بەیتەکەی ناو دیوانی چاپی هەولێر دوو وشەی «بەرق و شەرق» تێدا گەلەك پاراو و شەنگن، لەلایەن واتاشەوە بێ کەموکەسرن، بەڵام لە بەر دوو هۆی گرنگ ڕەنگە ڕاستی بەیتەکە ئەوە بێ کە من لەپێشەوە نووسیم:

یەکەم: سەر لەبەری غەزەلەکە شازدە جوولەیی بێ، شاعیرانەترە نەك یەك بەیتی تێدا تار بێ لەوانیتر.

دووەم: ئەو هەڵپەڕکێیەی کە باسم کرد، لە بەیتەکەدا نامێنێ ئەگەر جوولەیێکی لێ کەم کرایەوە.

بەهەمەحاڵ ئەمە بیروباوەڕی منە، ئێتر خوێنەریش ئازادە لە باوەڕدا، لێرەدا چەند بەیتێکی غەزەلەکە دەنووسم بۆ تاکە مەبەستی دیار خستنی مۆسیقای هەڵپەڕکێکە:

نـیـە مـەردومـی چ دیــــدە	نیە دیدەیی چ مەردوم
لە فروغی خـەد دی فــارغ	لە خەیاڵی خا ڵی خاڵی
سەری هەردو کڵ می ئاخۆ	گوڵی نەو بەها ڕەیاخۆ
طەرەفی نـەهـا ڕەزولـفـی	زلــف مـن ال لـیـالــی
بە صبا حـتـی تـبـسـم	هەموو زەمزەمی مەلیحی
بەمــلاحـتـی تــکـــلـــم	هەموو کـەوثـەری زولالــی
روخی توگولێ کەصەدبـەر	گ وهەزاری عاشق ئەمما
لـە هـەمـو چـەمـەن دیـارە	بە اصـولـی نـا لـەنـالـی

ئەم بڕە شیعرە کە بۆ مەبەسی بیستنی مۆسیقاکەی هاتە ناو نووسینەوە، جڵەوی ئیرادەم لەدەست دەردێنێ و ناچارم دەکا یەك دوو ئیشارەتی خێرا بۆ چەند لایەنێکی وردی وجوانی هەندێك لە بەیتەکانی بکەم و وەك مرۆڤی زێدە تینوو، بڕی خۆمی لێ بشکێنم. هەرچەند سەرلەبەری بەیتەکان لە هەموو ڕووییێکەوە شاکار و پێشەوا و پێشاهەنگن، بەڵام من لێرەدا بەدەست بێ دەرفەتیەوە وەتەنگ هاتووم و هەڵسووڕ و داسووڕم بۆ ناکرێ.

لە لایەن مصرەعی دووەمی بەیتی دووەمەوە (لە فرۆغی خەددی فارغ) بەدەست خۆم نـیـیـە دڵـم بـۆ ئـەوە دەچـێ دەبوو سەلیقەی نـالـی کە زەڕڕەبین و مووقڵاشە بـڵـێ «لە فرووغی فَرعی فارغ». چونکە ئەمەیان هاوتای «خەیاڵی خاڵی خاڵی» بە تەواوی دەکاتەوە، هەرچەند دەزانم وشەی ″خدّ″ بە ئەسڵ مناسبی «فروغ- رووناکی» یە کەوا هەم سپێنەی چاو و هەم بریسکانەوەی سەرلەبەری چاوەکە ڕادەگەیەنێ. لە لایەن موسیقای وشەوە، دیسانەوە دەزانم دەنگی «خ» نزیکە لە دەنگی «غ» و بەمەشدا بەیتەکە لە مصرەعی یەکەم و دووەمدا لەنگەری ئاوازی خۆی دەبەستێ. بەڵام لەگەڵ

ئەمەشدا وا دەزانم کە بێین و مەصرەعی یەکەم و دووەم بەرامبەر یەکتر ڕاگرین، وشەی «فرع» باشتر لە وشەی «خدّ» چەسپاوتر دەبێ لە نێوان دوو وشەی «فروغ، فارغ» دا کە ڕاگیرابن لە عاست «خەیاڵ، خاڵ، خاڵی». وشەی «فرع» بۆ ئەمە ببێتە خزمی تەواوی شکڵی «فروغ، فارغ»، یەك نوقتەی پێویستە بۆ سەر پیتی «ع»ەکەی. کە دیققەت بگری ئەم نوقتەیە لە ناو تابلۆی "تەصەور"دا ڕاستەو خۆ لە «مەردومی چاو» کە بیبیلەی چاوە و لە «دانەی خاڵ» کە هەر خۆیەتی دەبێتەوە نوقتەی بیبیلەکە، هەڵدەبەزێتەوە بۆ سەر «ع»ەکە و لە شکڵدا دەیکاتەوە هەم جینسی تەواوی «فروغ و فارغ». لە واتاشدا چ کەمایەتی پەیدا ناکا بۆ بەیتەکە؛ چونکە «فرع» کە مووی زوڵفە، ئاورینگ و درەوشانەوەی هەیە، تەنانەت شاعیرێکی وەك «نزار قەبانی» گوتوویەتی:

یا شعرها علی یدی　　شلال ضوء اسود

ئەم ئاورینگە ڕەشتاڵەیەش لە صەدی صەد هەمئاهەنگی ڕەشکێنە و برژۆڵە و برۆی چاوە. من ئەم تێبینییە بە جورئەتە. لێرەدا دەردەبڕم لە ئەنجامی هاندان و پاڵ پێوەنانی بەیتەکانی نالی خۆیەوە. تۆ بڵێی لە سەرەتاوە نالی «فرغ»ی نەنووسیبێ و دواتر نوسخەنووسان کردبێتانە «خد»؟

لەگەڵ بەیتی پاشتردا تەنها بە تەرکیبە «اضافی» یەکەی «طرفی نهار»ەوە خۆ خەریك دەکەم لەبەر کەم ماوەیی: ئەم تەعبیرەی نالی لە وانەیە کە ئیعجازی بەکارهێنانی تاکە وشەیان تێدا دەردەکەوێ. نەهار دوو «طرف»ی هەیە: بەیانی و ئێوارە. لە هەردوو حاڵدا شەوقی ڕۆژ پێی دەگوترێ (زەردەپەڕ) کە مناسبی ئەو گوڵە نەوبەهارەی مصرەعی یەکەمە کە گۆنای یاری پێ تەشبیە کراوە، چونکە گوڵە «بەهار»، ڕەنگی زەردە. لەم بەیتەشدا زەردییەکە هی بێ هێزیی نییە؛ چونکە وشەی «ئەو-نەوبەهار»ی بۆ بەکار هاتووە، سەرەڕای ئەوە کە «گۆنای زەرد» یەکێکە لە دەقی ئەو مەدحانەی کە کورد پەسندی کردووە. ئەم «طرفی نهار»ە، جارێکی تریش خۆی گەیاندووە بەپایەی ئیعجاز، بەوەدا کە ئەگەر ناوی زولف و شەویش لە هەڵبەستدا نەبا، بەهۆی «طرفی نهار»ەوە، هەر دەهاتنە حیسابەوە؛ چونکی هەروەك ئەملاو ئەولای کوڵمی یار مووە ڕەشەکانی دوو زولفەکەیەتی، هەر وەهاش ئەملا و ئەولای دوو «طرف»ی نەهار دوو شەوە وەك زولفەکان: شەوێکیان هی پێش ڕۆژهەڵات، ئەوی تریشیان هی دوای ڕۆژئاوا؛ کەواتە ئەگەر بگوترێ «سەری هەردوو کوڵمی طرفی نهارن» و قسە کۆتایی بێت، زولف و شەو لە خۆوە دێنە بەر هەست و زیهنی مرۆڤەوە و بەیەکتر

دەگیرێن. لەم بەیەکتر گرتن و تەشبیهەشدا بایی سەری موویێك فەرقی لایەنێکی تەشبیهەکە لەوی تر ناکرێت؛ چونکە هەروەك دوو زولفەکە لەهەموو ڕوویێکەوە تای یەکترن، هەروەهاش دوو شەوەکەی ئەملا و ئەولای «طرف»ی نەهارەکە بە تەواوی وەك یەکن. خۆدیارە دوو شت چەنگ ناکەون بەقەدەر دوو شەو لە یەکتر بکەن، مەگەر ئەو دوو زولفەی ناو هەڵبەستەکە. تەنانەت کە بێین و لە یەکتر چواندنەکە خورد کەینەوە تا دوا پلەی خورد کردنەوە، لەیەکچوونێکی ئەوتۆمان دێتە بەر چاو گەلێك پتربێ لە هی «دوو کەرتی سێویێك» کە بەسەر زارانەوە باوە بۆ دەربڕینی لە یەکترچوونی دوو شت. لە زەردەپەڕی سبەینەوە بگەڕێوە بەرەو شەوی پێش نوێژی بەیانی بەو قوناغانەدا تێپەڕ دەبێت کە لە زەردەپەڕی ئێوارەوە بەرەو شەوی دوای نوێژی خەفتنان دێنە بەرت. لە سەری هەردوو کۆڵمیشەوە نیگات ڕاگوێزە بەرەو شەوی زولفی ئەملا و ئەولادا. وردە وردە لە ڕووناکایی تەواوەوە دەچیتە ناوسێبەری زولفان کەلاجانگەکانیان لێڵ کردووە. وەك کاتی پێش ڕۆژ هەڵات و دوای ڕۆژئاوا تا دەگەیتە ڕەشایی زولفەکان خۆیانەوە کە شەوی ڕاستەقینەن. سەیری ئەم «طرفی نهار»ە چ فرتەنەیێکی بەرپا کردووە.

بە صباحتی تبسّم هەموو «زمزمی» مەلیحی
بە ملاحتی تکلّم هەموو کوثری زلالی

لەم بەیتەدا نالی ئاڵوگۆڕێکی زۆر سەیری واتایی و وشەیی کردووە لە تەرکیبی مصرعی یەکەم و دووەمدا، بەرانبەری یەکتریشی ڕاگرتوون تا لە هەریەکەیان تیشکێکی پێویست باوێژێ بۆ ناو ئەویتر. هێناویەتی «صباحتی تبسم»ی کردووە بە بنگەی تەشبیه بۆ «زمزمی ملیح»، لە حالێکدا گرژینەوەیێك کە «صباحە»ی تێدا بێ، بەزاهیر لەگەڵ «کوثری زلال» پتر دەگونجێ؛ چونکە لە «صباحە» کەوشەیێکە لە «صبح- بەیانی، سبەینە» وەرگیراوە، ئەو ڕوونی و شیرینییە هەست پێ دەکرێ کە لە «کوثر زلال» دا هەیە. «زەمزەمی ملیح»، لە ڕاستە وشەکانەوە سوێرایی ئاوی کانی «زمزم» ڕادەگەیەنێ کەوا لە واقیعیشدا نەختێك سوێرە. نالی کە ئەم «تحدی»یەی واتای ڕواڵەتی وشەکانی کردووە و لەناو زەرفی هەڵبەستدا نەگونجانی لێ سەندوونەوە، یەکجار شاعیرانە و ئوستادانە جارێکیان لە واتای وشەی «ملیح» سوودی وەرگرتووە کە وێڕای سوێرایی، ئەو جوانییەش ڕادەگەیەنێ کە بەتام بێ. لە وشەی «زمزم»یش سەرەڕای واتای پیرۆزی و قودسیەتی بیری «زەمزەم» کە هەموو جۆرە تەشبیهێك بەرەو بەرزی و پاکی دەبا. واتای «زمزمە»ش هەیە کە ئاهەنگ و ستران ڕادەگەیەنێ. وشەی

«زمزمی ملیح»، بە ڕێنووسی کۆن، «زەمزەمی مەلیح و زەمزەمەی مەلیح»، دەخوێندرایەوە. لەم واتایەدا دەنگی پێکەنینی یار دەبیستریٚ کە لە «تبسم» دا دەبێ:

صەباحەتی تەبەسوم و «پێکەنین»ت هەمووی ئاوی زەمزەمی بەتامن؛ یاخود هەمووی ئاهەنگی جوان و بەتامە. چەند کارێکی هونەروەرانەیە کە گرژینەوەی زار لە هەمان کاتدا بە سەرچاوەی «زەمزەم»ێکی بەتام و ئاهەنگی شیرین و بەتام تەشبیه کرابێ. دەموزارەکە بە خڕی و ڕوونی و جوانی و تەڕایی کە تێیدایە ئەو زەمزەمە مەلیحەیە کە لە حەوشەی کەعبەدا تەقدیس دەکرێ. دەنگی پێکەنینەکەش وەك ئاهەنگ و مۆسیقا وایە کە «زەمزەمە» بەدەستەوەی دەدات. کەواتە نالی لە هێنانەوەی «زمزمی ملیح» هەر دەڵێی «کوثری زلالی» هێناوە و لە تەك «صباحتی تبسّم»ی داناوە هەرچەند جێگەی «کوثر»ەکەش لە کۆتایی مصرەعی دووەمە.

ئەوەی کە لە مەصرەعی یەکەمدا، لەگەڵ «صباحتی تبسم و زمزم ملیح»ی کردووە، هەمان فەندیشی بەکارهێناوە لەگەڵ «ملاحتی تکلم و کوثری زلال» لە مصرەعی دووەمدا. لە هەمان ڕێگەوە کە تازە بەسەریدا ڕۆیشتین نەگونجان و ڕێك نەهاتنی نێوانی «ملاحە» و «کوثری زلال» دەبنەوە ئەو ڕێکی و گونجان و شیرینی و بەتامییە کە لە نێوانی «صباحە» و «زمزمی ملیح» ماندا، دۆزییەوە. نامەوێ چیتر خۆم باوێمە نێوانی خوێنەر و نازداریی بەیتەکەوە، نەکا بەشێکی دیمەنەکەی لێ بشارمەوە.

لە کۆتایی غەزەلەکەدا وشەی «هزار- هەزار» بە زۆری خەلقی لێ بە هەڵە دەچن و دەی خوێننەوە «هُزار- هرزار» و وا دەزانن ئەگەر وا نەبێ وشەکە دەبێتە کوردی وەیا فارسی بەواتای «١٠٠٠». ڕاستییەکەی، عەرەب کە هاتووە بە بولبولی گوتووە «هزار»، وشەکەی لە فارسییەوە وەرگرتووە لە بنەڕەتیشدا هەر ئەو هەزارەیە کە بە ژمارە ١٠٠٠ دەنووسرێ، مەبەسیش لەو هەزارە، ئەوە بووە کە بولبول مەلێکە هەزار داستان و ئاهەنگ دەخوێنێ. ئێتر لە بەکارهێناندا «هەزار» ماوەتەوە. لە بەیتەکەی نالیشدا جوانی داڕشتنەکە لەوەوە دێ «هەزار- هزار» بە واتای بولبول و ژمارە «١٠٠٠»یش دێ؛ چونکە کە بولبول مەبەس بێ، دیارە مەشوور ئەوەیە، بولبول عاشقی گوڵە. کە ژمارەی هەزاریش مەبەس بێ واتاکە بۆ زۆریی ژمارەی عاشقان دەگەڕێتەوە. بە داخەوە ئەم هەڵەیە لە هەر دوو چاپی دیوانەکەی نالی کە لە ساڵی ١٩٦٢و ١٩٧٤ لە چاپخانەی کوردستانی هەولێر دەرچووە، دووبارە بووەتەوە و «هوزار» نوسراوە بە ڕێنووسی کوردی.

لە دراوسێیەتی وشەکانی بەیتەکەوە، نالی بێ ماندوو بوون ئارایشتێکی بە زیادەوەی خستووەتە سەر تێکڕای جوانیی بەیتەکە، بەوەدا کە هاتووە سێ پلەی ئەژماری ناو بردووە کە دەڵێ «روخی تۆ گوڵێکە» لە وشەی «گوڵێکە» ژمارەی «یەك» هەیە. دواتریش کە دەڵێ «صەد بەرگ» ژمارەی «صەد» پەیدایە. زانیشمان ژمارەی «١٠٠٠»، لە وشەی «هەزار»دا ئەو بەرچاوەیە کە باسمان کرد؛ کەواتە پلەی «یەك، صەد، هەزار» لەخۆوە هاتوونەتە ناو هەڵبەستەوە وەك بەرهەمێکی لاوەکی کە لە ڕواڵەتدا دەخلی نییە بەسەر ناوەرۆکی هەڵبەستەوە، کەچی بەڕاستی ئەوەندەی بتەوێ هێزو هونەری خستووەتە ناو واتای بەیتەکەوە و بووە بە بەشێکی بنجی ناوەرۆك و بنگەی مەدحی جوانیی ئەو تاکە گوڵە. نالی ڕووی یاری داناوە بە «تاکە گوڵ». دیارە تاکوو ئەو شتەی وەیا ئەو کەسەی مەدح دەکرێ، تاقانە و کەم ئەژمار بێ پەسندتر و جوانتر دەبێ؛ بۆیەیە ژمارەی «یەك» کە لەو کەمتر چنگ ناکەوێ ئەو پەڕی مەدحی تێدا دەبێ، لە ژمارە یەکیش کەمتر بێ دەبێتە کەرتی ژمارە کە شتێکی ناتەواو دەردەچێ. مەشوورە دەگوتری، «الدر الیتیم- دوڕی هەتیو» کە بەو لولوە دەڵێن یەك دانەی لە قەپێلکێکدا بێ. خولاسە، یەك بوونی مەدحکراو بنگەی تێهەڵکێشانە بۆ مەدح کردن. لە پاش ژمارەی یەك کە تایبەتی مەدح کراوە، ئیتر ژمارەکانی تر کە دەبنە بەشێك لە ناوەڕۆك و کەرەستەی مەدحەکە، هەتا زیاد کەن مەدحەکەش زیاد دەکات. نالی کە هاتووە ژمارەی (١٠)ەی هەڵبواردووە کە یەکەم پلەی هەوراز ژمارەی یەکە لە پلیکانی «نیزامی دەیی» و بازی هاویشتوە بۆ ژمارەی ″صەد- صەد بەرگ″ ویستوویەتی مەدحەکەی لەو مەودا کورتەی نێوان یەك و دەوە ڕاگوێزێ بۆ مەیدانە بەرینەکەی نێوانی یەك و صەد. ئەم «صەد بەرگ»ە دەشێ جۆری گوڵەکە نیشان بدات کە پەڕەکانی صەد ڕیزن و ئێستا لە سلێمانی پێی دەڵێن «شەست پەڕ»؛ هەروەها دەشێ بەو واتایە بێ کە صەد بەرگی جوانی تێ ئالاوە؛ یاخود لە صەد بەرگی جۆر جۆری جوانیدا خۆی دەنوێنێ. بەدوا ژمارەی «صەد»دا، ژمارەی «هەزار» هاتووە کە ئەویش پلەیێکی «نیزامی دەیی» یە و لە هەمان کاتیشدا ڕێگایەکی دوور لەژمارە صەد بەرەو هەورازی مەدح تێهەڵکشیوە.

بەدوا ئەم وردبوونەوەیەدا، سەرلەنوێ، دوو وردبوونەوەی تری زۆر گرنگ پێویستە کە ئەگەر نەخرێتە بەرچاو بەشێکی جوانیی واتای بەیتەکە بزر دەبێ.

لە ڕستەی «صەد بەرگ و هەزاری عاشق»دا، داڕشتنەکە هەڵدەگرێ هەزار عاشقەکە،

هی هەر یەکێك لەو صەد بەرگانە بن ،نەك تەنها هی گوڵەکە سەر لەبەر.

ئەمە یەکێك لە دوو وردبوونەوەکەیە کە پێی ناوێ پتری درێژە پێ بدەین.

وردبوونەوەی دووەم هەندێکی تریش لە تێکڕای مەدحەکە زیاد دەکا.

نالی کە دەڵێ «گوڵێکە صەد بەرگ»، جارێ خەریکی خودی گوڵەکەیە و ژمارەی یەك و صەدی لە تەکوینی گوڵەکە خۆی وەرگرتووە. بەڵام کە دەڵێ «هەزاری عاشق»، لێرەدا هۆی مەدحی لەدەرەوەی شەخسی مەدح کراو هێناوە. ئەم ڕاستییەی خزمبوونی دوو ژمارەی «یەك و صەد» و بێگانە بوونی ژمارە «هەزار» وای لە واتای بەیتەکە شیرین هێناوە کە مەودای نێوانی یەك و صەد کەمتر بێ لە هی صەد و هەزار. مەبەستم ئەوەیە بڵێم جێی خۆیەتی نێوان یەك و صەد و هەزاریش ٩٠٠ بێ؛ چونکە گوڵەکە و سەد بەرگەکە بە یەکتری ئاشناترن تا صەد بەرگەکە و هەزار عاشقەکە.

خوێنەری بەڕێز ئەم تەرزە وردەکارییەم لێ بەزیاد نەگرێ؛ لە چەندین کتێبی شەرحی دیوانان شەرحدەرەکان بۆ قووڵایی و بەرینایی گەلێك پتر چوون، لەوەی من کردوومە. خۆ ئەوەی ڕاستی بێ لەعاست ئەم بەیتەدا کەوا لێرەدا پێوەی خەریکم، جارێ یەك وشەم نەگوتووە لە واتا و جوانیی مصرەعی دووەمی بەیتەکە:

«لە هەموو چەمەن دیارە بە أصولی نالە، نالی»

مەرجە دەست لەم مەصرەعە نەدەم و بۆ زەوقی خوێنەری بەجێ بهێلم، بۆ خۆی بیخاتە ڕیزی مەصرەعی یەکەم و واتا و جوانییەکەی سرنج ڕاگرێ.

وەك لێرە بە پێشەوە گوتم، بەشێکی بەرچاوی دیوانەکەی نالی بریتییە لەم شێوە شیعرەی واتا سەختی وشە سەرکەشی داڕشتن مەحکەم، وا هەیە غەزەلێك وەیا قەصیدەیێکی سەرلەبەری بەم شێوازە داناوە وەك قەصیدەی:

ئەی جلوە دەری حسن و جلەوکیشی تەماشا

سەر رشتەیی دین بێ مەدەدی توو نیە حاشا

وەیا قەصیدەی:

حەلقە دەرگۆشی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە

یا نەنالێ، لێی مەدە عن لطمە کف الکفە

ناوناوەش لە غەزەلێك وەیا قەصیدەیێکدا، بەیتێك وەیا چەند بەیتێکی لەم بابەتە سەخت و سەرکەشەن وەك قەصیدەی:

بولبولی طبعم ئەوا دیسان ثنا خوانی دەکا

نوکتەسنجی بزلە گویی گەوهەر ئەفشانی دەکا

بەشێکی زۆری تێکڕای ئەم هەڵبەستانە تا ئێستا بە تەواوی، بگرە بەنیوەچڵیش، ساغ نەکراونەوە و واتایان وەك ئارمایی دیار و نادیاری ناو ئەم تەم و تاریکاییە. بە نموونە سەیرێکی ئەم دوو بەیتە بکە:

صاحبی علم الکتابە مطربی هودهود نەفەس

یـا سلـیـمـانـە لـە اخـوان الـصفـا آصف صفـە

جـامـی تـاقـی مـەیکـەدە مشکـاتـی قـنـدیلی دڵە

شیشە پڕ قر قف لە ڕَفرَف شاهی عالی ڕَفرَفە

دەزانین ئەم «صاحبی علم الکتاب»ە هەمان کەسە کە بە دوا گێڕانەوەی حیکایەتی سەبا و بەلقیس و عەرشە گەورەکەیدا، لەلایەن هودهودەوە لەسەر تەکلیفی «سلێمان پێغەمبەر»، بە پێی باس کردنی قورئان کە دەفەرمووێ «وقال الذي عنده علم من الكتاب اني آتيك بە قبل ان يرتد اليك طرفك» هەستا و عەرشەکەی بەلقیسی بۆ هێنا. بەڵێ ئەمە دەزانین، فکرمان بۆ ئەوەش دەچێ کە گۆرانیبێژەکە «هود هود نەفەس» بێ، دەبێ خۆی لە گۆرانیدا، وەك هود هود باسی بەلقیس و عەرشەکەو سەبای کردبێ. لەهەمان کاتدا ئەم گۆرانیبێژە هەر خۆی «صاحبی علم الکتابە»، واتە یا بەڕاستی یا بە ئاهەنگی گۆرانی عەرشی بەلقیسی حازرکردووە لە کۆڕی بەزم و گۆرانیدا. ئەوەندەش لە بەیتی دووەم هەڵدەکرێنین کە «سلیمان»ی پاشا و پێغەمبەر دەبێ لە نێوان «اخوان الصفا- برادەرانی ڕێکی و خۆشی»دا، واز لە پاشایی و گەورەیی بێنێ و بێتە ڕیزی «أصف» کە وەزیری خۆیەتی و لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکەدا، ئەو «الذي عنده علم من الكتاب» بووە. لەوەش زیاتر واتای ڕوون دەکەینەوە بەوەدا کە کۆمەڵەی مەشووری «اخـوان الـصفـا»ی سەردەمـی عـەبـاسیـیـەکـان بـەخـۆیـان و نـاوە نـەرمـونـۆڵ و لەبارەکەیانەوە، جێگە هەموار دەکەن بۆ یەکێکی وەك «سلیمان» پێغەمبەر کە بەهۆی چوونە ناو ڕیزیانەوە ئەویش ببێتە ئەندامێکی ئەو گرووپە چاك و دڵپاکە و خۆی بەهاوڕێی «آصف» بزانێ. جارێکی تریش لە مەبەست نزیك دەبینەوە کە دەزانین لە نێوان «اخوان الصفا» دا پیاوێك هەیە ناوی «ابو سلیمان»ە. لەمەوە بەجارێ «سلیمان پێغەمبەر»، ئەندامەتیی گرووپی «اخوان الصفا»ی لێ دەبێتە بەشێکی کەسایەتی ڕاستەقینە، نەك لە ڕێی تەشبیە و مەجاز و واتا تێك هەڵکێشانەوە. ئەمانەو شتی تریش

هەن لە بەیتەکەدا کە ڕێی پێ دەبەین و تێی دەگەین و حیسابی بۆ دەکەین و جێگەشی لە پەراوێزی واتایدا دەکەینەوە. بەڵام دیسان جارێ دوورین لەو پەڕی واتاکەی؛ چ دووریی ئاسۆیی بێ، بەرەو پانایی، چ دووری ستوونی بێ بەرەو بەرزایی وەیا قووڵایی بەیتەکە. لە بارەی بەیتەکەی تریشەوە:

جامی تـاقی مـەیکەدە مشکـاتی قـندیـلی دڵـە

شیشە پڕ قەرقەف لە ڕەفرەف شاهی عالی ڕەفرفە

دەزانین جامی تاقی مەیخانە وەك «مشکاتی قندیل»ی دڵ وایە. خوا لە قورئاندا بە نووری خۆی گوتووە «مَثَلُ نورِه کَمِشکاةٍ فیها مِصباح»، کەواتە شەرابی ناو جامەکەی مەیخانە وەك «قندیل- مصباح»ی ناو «مشکاە»ە کە وایە بۆ دڵی نالی. دیارە ئەم شەرابە، هەمان شتە کە پێی دەڵێن «خمرە الحب الالهی»و لەوەوە ئاشکرایە کە نالی خەیاڵێکی موتصوفانەی هێناوەتە ناو هەڵبەستەوە. لە بەیتی دووەمیشدا، «شیشەی پڕ قەڕقەف» هەر ئەو جامە پڕ شەرابەیە کە لە تاقی مەیخانە وەك مشکاتی قندیلی دڵ بوو. وشەی «ڕەفرەف- رفرف»، ئەویش هەڵ دەگرێ «رفرف» بێ کە وشەیەکی عەرەبییە و واتاکەی لە فەرهەنگی «المنجد»دا بەچەند، شتێك لێکدراوەتەوە؛ یەك دووانێکیان مناسبی واتای بەیتەکەن:

١- الرفرف ما تهدل من الشجر و البنات؛ واتە ئەو درەخت و گیایە کە شۆڕ دەبنەوە.

٢- الباسط، الفراش، الرفیق من ثیاب الدیباج.

هەڵیش دەگرێ «رەف، رەف» بێ کە دووبارە کردنەوەی وشەی «رەف- رەفت، تاق»ە، شاهی عالی «رفرف»، دەشێ خاوەن مەیکەدەکە بێ: لەوە بەولاوە مومکینە بگەڕێتەوە بۆ «شیخ الطریقە»و پێشەواکەی ئەو "تصوف"ە کە لە «الخمرە الالهیە» بۆمان دەرکەوت؛ یاخود هەر خوا خۆی بێ کە لە ڕاستیدا ئەو ڕووناکیی ناو مشکاە و قندیلەکە بوو. وشەی «رفرف» لە قورئاندا بۆ مەزرای ناو بەهەشتیش بەکار هاتووە کە ئەمە زیاتر واتاکەی بەرەو خوا دەگێڕێتەوە، بەڵام کە وشەکە بکەیتە «رەف، رەف» کە رەفت و تاقەکانی مەیخانە نیشان دەدەن و شیشە پڕ شەڕابەکانیان تێدا دانراوە، ئەوسا زیاتر بۆ پیری موغان و خاوەنی مەیخانەکە لەبارتر دەبێ. بەوردبوونەوە، گەلێك شتی تریش لە بەیتەکەوە خۆ دێننە بەر چاوی زیهنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتان دوورین لە واتای تەواو و شێوەی ڕاستەقینەی ناو بەیتەکە. من جارێ بەڕێوەم لە گەشتی بەرەو کۆتایی و ئەنجامی ئەم بەیتانە. بێگومان نالیش لە دەمی هۆنینەوەیاندا هەستی کردووە

بەزەحمەتی و سەختی و سەرکەشییان؛ هەر بۆیەیشە لە کۆتایی قەصیدەکەدا دان بەو توندی و ڕەقییەدا دەنێ؛ بەڵام یەکجار ئوستادانە توندی و ڕەقییەکە دەکاتەوە بنگەی مەدحی خۆشەویستەکەی وەیا گەورەیی سەرچاوەی "تصوف"ەکە:

طبعی نالی توندە ئەمڕۆ یا بەنەشئەی نیم نیگاه

مەستی «رحراح» و مەی و «راح و قُراح و قرقف»ە

سەیری چۆن نیم نیگایێکی دۆستەکەی (نیم نیگای"تجلّی" خودا وەیا ڕابەڕی تەریقەت) کردووەتە هۆی مەست بوونێك کە لەو پێنج شتەی ناوی بردوون پەیدا دەبێ؛ هەمووشیان بەواتا شەڕابن. دیارە ئەگەر ڕێی تەصەوفی تێدا بگرین هەر پێنج شەرابەکە، دەبنەوە شەرابی ئیلاهی. ئەم بەیتە لە نوسخە چاپەکانی دیوانی نالی بە هەڵە نووسراوە، چی لێرەدا نووسراوە ڕاستی بەیتەکەیە) بەئانقەستیش وشەکانی «رحراح، راح، قراح، قرقف»م خستە ناو جووت کەوانەوە تاکوو باشتر بخوێنرێنەوە و بشزانرێ کە ئەمانە وشەی عەرەبین و تەنها وشەی «مەی» لە بەیتەکەدا فارسی وەیا کوردییە.

من گەلێك جاران ڕای خۆم دەربڕیوە لە ئاست شاعیریەتی نالی و چی باوەڕم پێی بووە، ئەوەم گوتووە دەربارەی. لێرەدا ئەوەندە دەڵێم، وەیا باشتر بڵێم دووبارەی دەکەمەوە، ناتوانین پایەی ڕاستەقینەی بلیمەتی نالی دەستنیشان بکەین ئەگەر:

١- کات و زەرف و باری ژیانی خۆی و هی هەڵبەستەکانی بەچاکی نەزانین.

٢- هەموو گەوهەرەکانی لە قتووی هەڵبەستەکانی دەرەهێنین.

٣- بەتایبەتی ئەگەر هەڵبەستە سەخت و سەرکەشەکانی لە هەموو ڕوویێکەوە شی نەکرێنەوە و مەهارەتی داڕشتن و تێکهەڵکێشان و پاراستنی مۆسیقا و تێبردنی زەقی و ڕەقی لەو هەڵبەستانەدا بەچاکی ڕوون نەبێتەوە.

٤- بەشاعیرە مەشوورەکانی کورد و غەیری کورد نەگیرێ بۆ بەراوردی کردن لە نێوانی چەند و چۆن و شێواز و تەصەور و وردەکاری و هەموو سەرو بەرێکی هەڵبەستەکانی ئەم و ئەواندا؛ چونکە جوانی وەیا گەورەیی وەیا مەهارەت وەیا هەر ڕەوشێکی تر بێ بە بەراورد کردنی لەگەڵ خۆیدا دەرنەکەوێت. تۆ ناتوانی بزانی قورسایی شتێك چەندە ئەگەر بەتەرازوو هەڵی نەکێشیت. بێگومان ئەم کارەش بەندە بەچەند شتێکەوە:

یەکەم: ڕاستکردنەوەی هەڵەی دیوانەکەی.

دووەم: تـوێژیـنـەوەی مـێژوویـی لـەو ڕووداوانـە کـە لـە سەردەمی نـالـی ڕوویـان داوە، بەتایبەتی لەو جێگایانە کە خۆی تێیاندا ژیاوە لە کاتی ڕوودانەکەدا.

سێیەم: هاریکاریی گشتیی نێوان هەموو ئەو ئەدیبانە کە سەرەدەری دەکەن لە شیعری نالی وەیا شاعیری وەك نالی، کە ئەمەش پێویستی هەیە بە شارەزا بوون لە ئەدەبی ئیسلام، بە شێوەیەکی فراوان، تا بشلێی ئەرکەکەی گرانە؛

چوارەم: بڵاو کردنەوەی شیعری بڵاو نەکراوەی نالی. بێگومان ئەو هێندە شیعرەی کە لە دیوانەکەیدا هەیە بەشێکە، کەم یا زۆر هەر چەند مەیلم بۆ ئەوە دەڕوا بڵێم «کەم»، لە هەموو شیعرەکانی؛ چونکە ناچێتە عەقڵەوە نالی لە ڕێی ئەو میقدارە کەمەوە گەیشتبێتە ئەم میقدارە زۆرە لە بەرزی و قووڵی و سیحردا.

وەك ئـاشکـرایـە ڕۆژ بـەڕۆژ ئـەم ئـەرکـەی شیـکـردنـەوەی شیـعـری نـالـی بـەرەو زەحـمـەتـتـریـەوە دەڕوات؛ چـونـکـە ئـاشنـایـانـی ئـەم جـۆرە ئـەدەبـە کـەم دەبـنـەوە و بابەتەکەشی بێگانەتر دەبێ بەلای چینی تازە پێگەیشتوودا. بۆیە ئەگەر کەس هەیە خۆی بەدڵسۆزی ئەدەبی نالی بزانێ خێرا خێرا شارەزایی خۆی بەشیعری نالی بخاتە بەر چاوی نالی دۆستانەوە، چی لە شیعرو خەبەری بەسەرهاتی نالیش دەزانێ، ئەویش بەم بازاڕەی «نالی زانی» یەوە ڕابگەیەنێ:

ئێستەکەش فرصەتە گەلی یاران

کەپەنەك بۆ چییە لە پاش یاران

لێرەدا بەناچاری گوتارەکە کۆتایی دێت؛ چونکە دوا بڕیاری لێژنەی گۆڤاری کۆڕ، ئەوەیە گوتاری زۆر لە ٥٠ لاپەڕە تێپەر نەکات.

چەند لایەنێکی باسەکە مایەوە بۆ دەرفەتێکی تر؛ بەتایبەتی باسی ناوەڕۆك لە شیعری نالیدا کە وا لە یەکەم ئەڵقەی زنجیرەی گوتارەکانەوە بووە بەقەرز بەسەرمەوە. ئیتر یا لە ئەڵقەیەکی تردا پێشکەش دەکرێت یاخود دەبێتە ئاکامی کتێبێك کە بەپێشەکییێکەوە زنجیرەی گوتارەکان کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی ئیمکان هەبێ بەسەر یەکەوە بخوێنرێتەوە. ئەوەی ژمارەکانی گۆڤارەکەشی چەنگ نەکەوتووە، بتوانێ لەم کتێبەدا گوتارەکان ببینێ.

دەمەوێ عوزرێك بخوازمەوە لە خوێنەرەوەی ئەم گوتارانە ،عوزرەکەش دوولاییە: یەکیان لەوەدا کە وەها بووە شیکردنەوەی بەیتێك لە بەیتەکانی نالی، بۆ خۆی پێویستی بەشیکردنەوە هەبووە. لەمەدا نەختێك خۆم خەتابارم کە دەبوو ڕستەی

ئاسانتر بدۆزمەوە بۆ ڕاگەیاندنی مەبەست. نەختێکیش خەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ زەحمەتی ئەو فکر و دارشتن و وێنەکێشانەی کە نالی بەیتەکانی پێ فرونماندوون. لایەنی دووەمی عوزرەکەش بۆ ئەمەیە بەشێك لە نموونەکانی شیعری نالی- کە لە کۆتایی ئەم ئەڵقەیەدا هاتوون - بەتەواوەتی شی نەکراونەوە و بەجێ هێڵراون بۆ سرنجی خوێنەران؛ بۆ سرنجی خۆشم کە لە دوارۆژدا پێیانەوە خەریك بم. ئەوەی ڕاستی بێ دەمتوانی بە دوو جۆر لەم عوزر هێنانەوەیە خۆم ڕزگار کەم، بەڵام نەمکرد: یەکەمیان بەوەدا کە نموونەکانم نەهێنابانەوە. دووەمیشیان لە ڕێی وشە بازی و چاوبەستەکێوە نوقسانیی واتاکان تێ ببەم وەیا بیشارمەوە. لەم چاوشارکێیەدا نەکەس سوودمەند دەبێ، نەمنیش لە خۆم گەورەتر دەبم، ئیتر خۆ لێ بەسەهوو بردن و خۆ لێ گێل کردن بۆ چی بێ؟ گەلێ تکای تریشم هەیە سەری خوێنەریان پێ نائێشێنم، بەڵام چارم ناچارە داوایان لێ بکەم بەیتێکی بەهەڵە نووسراوی ئەڵقەی دووەمی گوتارەکەم بۆ ڕاست کەنەوە: لە لاپەڕە ١٢٧ ی ئەم کتێبەدا بەسەر ژمارە ١٠ی زنجیرەی نموونەکانەوە ئەم بەیتە بە هەڵە نووسراوە:

عاشقی **صنعی** حەقم قوربانی **دەستی** قودرەتم

چاوی ماوی خاڵی شین کوڵمی سپی زولفی سیا

ڕاستی بەیتەکە ئەمەیە:

عاشقی **صبغی** حەقم قوربانی **ڕەنگی** قودرەتم

چاوی ماویی خاڵی شین کوڵمی سپی زولفی سیا

ئەم دوو سەهووە یەکێکیان هەڵەی چاپە یەکێکیشیان پەلەی منە.

نالی لە زەمینەی عوزری گوناهان، ئەم بەیتەی خوارەوەی گوتووە. منیش لێرە دەی کەم بە گوڵاو پژانی کۆتایی ئەم بەشەی گوتارو هۆی دەردەست کردنی بەخشین و چاوپۆشیش لە خۆێنەرانەوە:

خۆشترە عوزری گونەهکاران لە سەد زکری ریا

ئەم بەنەرمی «عفو، عفو»ە ئەو بەتوندیی عەفعەفە

***

بەشی چوارەم

لە سێ بەشی لێرە بەپێشەوەی ئەم نووسینە، بەدەم شیکردنەوەی تاك تاكە بەیتی دیوانەکەی «نالی» یەوە، چەند جاران، بەپێی دەرفەتی گوتار، هەوڵم داوە ئەو تایبەتییانە دەربخەم کە نموونەکانی شیکردنەوە ڕایان دەگەیەنن؛ وەك تایبەتی لەنگەربەستن و پارسەنگ بوون، فرەواتایی، نەرم کردنی وشە و تەعبیری سەخت، وێنەگری، پێوەست بوون بەکۆمەڵایەتی و خاسیەتی ئەوتۆیی. ئەم بەرەنگار بوونە لەمنەوە بۆ خاسیەت و تایبەتی شیعری نالی، هەر ئەوەندە ئازاییەو هەڵمەت بردنەی تێدایە کە ئامانجە بچووکەکەی ناو عینوانی «چەپك...» لێمی داخوازی دەکات:

من چەپکم هەڵبەستووە؛ باغم هەڵەڕن نەکردووە؛ پێشم هەڵەڕن ناکرێ؛ واشدەزانم بەکەسی تەنها کەس ناکرێ.

ئەوەی ڕاستی بێ، لە بێژنگدانی دیوانەکەی نالی بەنیازی وەدەستهێنانی هەموو سامانەکەی، گەلێك لەوە ئەستەمترە کە ڕواڵەتی «مامڵەت لەگەڵ وشە» نیشانی دەدات؛ چونکە وەك بۆ چاوی وردبین و زەینی بەبڕشت دەردەکەوێ. نالی، «وشەسازی» عادەتی نەکردووە؛ «واتاسازی»، عادەتیشی نەکردووە؛ ئارایشتی حازر بەدەستیشی بەکار نەهێناوە؛ فەند و فێڵە ساکارە میراتیەکەی شاعیرانیشی نەگرتووەتە بەر. کە ئەمانەی نەکردووە، بەوەندەش ڕازی نەبووە شێوە بەرزەکەی لە عادەت بەپشتەوەی ئەم هونەرانەش بکا بە ناواخنی هەموو شیعرەکانی. وێڕای ئەمانە نالی کاری گرنگتر و هونەرکارانەتر و ساحیرانەتریشی کردووە. نالی بەناو ڕایەڵی ئەو هونەرە بەرزانەو هی تریشدا هاتوچۆی بە زاتە هەستیارە جۆشاوە سیحربازە دەسترەنگینە بلیمەتەکەی خۆی کردووە و بەهۆی دەسەڵاتی هونەرمەندانەی یەکجار دەوڵەمەندییەوە لە ناخی دڵ و قووڵاییی گیانەوە کڵافەی ڕەنگاوڕەنگی ئاوێتە لە سۆزی ئاگرین و پوختەیی

تێروتەژیی لەو ڕایەڵانە ئاڵاندووە و پارچەهەڵبەستی گەوهەردار و ئاورینگاویی لێ هۆندوونەوە. هەرگیز داوی کلافەکانیشی کورتیان نەهێناوە بەبەر قەڵافەتی پەیکەری خوولیاوە. من و تۆش لە دەرەوەی تانوپۆی تەلیسماویی سیحرهۆنییەوە، دەمەتەقەی عادەتی ئەدەبی لەسەر هەڵدەستێنین و بەزمانی سافیلکەی شیعر دۆستانەمان مەعنای سەراو و پفدراوی بەسەر ورشە و تریفەکانیدا گلۆر دەکەینەوە. هەر دەڵێی ئێمەین نالی بەتەورییە و تەشبیهـ، لەم بەیتەدا وێنەی هەرزەکاریمان لە مەیدانی دورناسیدا لە ڕێی کامیرای وشەوە دەکێشێت:

منـجـم کـەرگـەس و «لاشی» لـە کـن شـەیئێکە نەیـزانی

کە ئەم ئەفلاکە چەند لاکە کە ئەم گەردوونە چەند دوونە

بێ هەموو مەبەستێکی پێداهەڵگوتن و بەرزکردنەوەی نمایشکارانە، دەڵێم «نالی»، بەڕاستی ئوستادی شیعرە. ئەو ئوستادەی کە بەشاعیری تری بگریت، لەوانەیە پێی نەڵێی شاعیر؛ چونکە هونەر و تەعبیرێکی ئەو بەکاری هێناوە کاڵای تاك تاکە هونەرمەندی بڵند پەروازە کە سێبەری بەسەر مەڵبەندی شیعری عادەتیدا دەکشێت. دەزانین سەرەوژوور چوون، خۆی لە خۆیدا کارێکی بین برە، ئەی بە باری گەوهەرەوە بەرەو تووقەڵەی هەرەبەرزی ئاسۆی هونەر؟

تـاسـنـبـولـی زولـفـت لـە نـیـهـالـی قـەدت ئـاڵا

مـن دوودی هـەنـاسەم گـەیـیـە عـالـەمی بـاڵا

من گریـە وەتۆ خـەندە بەیەکەدی دەفرۆشین

من لـەعلی بەدەخـشان و ئـەتـۆ لـوئلوئی لالا

طوڕڕەت وەکو توومـاری شکستەو سەری کوڵمت

بـۆ نـووری سـەوادم بـووەتـە شـەمـعی مـوتـاڵا

ئـەو چـاوە غـەزاڵــە فـەتـەراتــی سـەرو مـاڵـە

ئەو نێرگسە کاڵە نە منی هێشت و نـەکاڵا

شیققەی فەلەکولئەتلەس و ئەستوونەیی زەڕڕین

بــێ بـیـکـە بـەتـارایـی سـەر و سرکـەیـی واڵا

نـالـی بـە ئـومێدی زەفەری تـەوقی تـەڵـەسمت

مـاری سەری زولـفت لـە سەرو گـەردەنـی ئـاڵا

تاکە بەیتێکی ئەم بڕە شیعرە "شیققەی فەلەکولئەتلەسی..." بەر لە ٣٠ ساڵ زیاتر، سەرچاوەی ئیلهامی جوانەمەرگ «دڵدار» بوو لە داڕشتنی بەشێکی غەزەلە درێژەکەی «خەندەکەی بایی»، لەو شوێنەدا کە دەڵێ:

دەهەڵسە با بیناکەین مەعبەدی پیرۆزی دڵداری
تیشکی ڕۆژ لە شەوقی مانگ لە ڕەنگی پەلکەڕەنگینە

لە پۆلی سێ وەیا چواری حقوق بەیەکەوە لە ژوورێك، بەسەرمان دەبرد کە تریفەی خەیاڵی «خەندەکەی بایی» لە گۆشەیەکی هەست و سۆزی دڵدارانەیەوە، هەڵڕژایە ناو هەڵبەست و ئاورینگێکی ئاسمانیی نالی لەم بەیتە دەست نیشان کراوەوە کە دەمێك بوو، ئاسۆی خەیاڵی «دڵدار»ی هەڵایساندبوو، شکایەوە بەسەر هەڵبەستەکەیدا. من لە ژان و ژواری ئەم غەزەلەی ئاگادار بووم. ناوەناوە پرسێکی برادەرانەی پێ دەکردم، لە هەڵبژاردنی وشەیەك و بەلاوەنانی وشەیەکی تر، بۆ ڕێکهاتنی هارمۆنیی واتایی و وشەیی. لە بیرمە ویستی لەجێگەی وشەی «چەپك» لەو دێڕە شیعرەدا کە دەڵێ «کە هەر چەپکە خەمی بە مل کەچ...» وشەیێکی لەبارتر بدۆزێتەوە کە تاکە یەك تاڵی وەنەوشە بەدەستەوە بدات، نەك یەك بەستە. بەڵام نەخۆی پێی دۆزرایەوە نەمنیش توانیم یارمەتیی بدەم. هەر لە بیرەوەریی ئەو ڕۆژانەی بەیەکەوە ژیانمان، یادی گوتەیەکی تری «دڵدار» دەکەمەوە کە دەیگوت حاجی قادر لە بەهاریەکەیدا شوێن پێی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم...»ی نالی هەڵگرتۆتەوە و ئەوسا من ئەمەم لە دڵدار نەدەسەلماند. کەچی ئێستا وەك بەدهیە ئاشکرایە لەبەر چاوم، چی دڵدار دەیگوت ڕاستە. هەروەك ڕاستە کە شیعرە مەشهورەکەی «مصباح الديوان»یش لە قەصیدەکەی «مستورە»ی نالییەوە گەشاوەتەوە کە لەمەشدا نەکەمایەتی و نەهیچ ڕەخنە لێ گرتنێکیش بەخەگیری حاجی و مصباح دەبن: گەلێ جار شاعیر بەنیازی خۆ تاقیکردنەوە نەك هەر ئیلهامی گشتی لە قەصیدەیێکی مەشوور وەردەگرێ، بەڵکوو لە کێش و قافیەی قەصیدەکەشەوە شیعر هەڵدەبەستێ کە ئەمەش لە عەرەبیدا پێی دەڵێن «معارضە»؛ هەرنەیسە!

بەڕاستی کە بمانەوێ هەموو تایبەتییەکانی شیعری نالی بژمێرین و یەك دوو و سێی لێ بکەینە زنجیرە، دەبێ بە ژماراندا برۆین و ڕێزیان کەین. چونکە پڕ سامانیی شیعرەکانی لەوانەیە بەیتا و بەیت خاسیەتی نوێ بەدەستەوە بدەن لەو ڕووەوە کە زەینی تیژ و سەلیقەی سازگار و تێگەیشتن و پێگەیشتن بە بەریانەوە هەیە، دەم نادەم

ئاوس بن و لەنۆژەن بزێنەوە لەبەرهەمێکی بێ سابیقە. لە مەیدانی فیکردا، کە داهێنان پێویستەی بەکەرەستەی مادی دەرەوەی ویژدانی خاوەنەکەی نییە، ئەوەی پێی دەڵێن «عبقریە - بلیمەتی، هەڵکەوتوویی» لە هەنگامەی جۆش و خرۆش و کوڵان و وروژانی عەمەلیەتی یەق کردنەوەدا جار لەجارێ وێنە و ورێنە تازە لە خۆیدا دەدۆزێتەوە وەیاخود ڕەنگە ڕاستتر ئەوەبێ بڵێم توانای خەڵق لەو بلیمەتیەدا بێ پەککەوتن لەسەر نموونە و پرۆڤە، مۆدیلی هونەراوەیی نوێکرد دەکا بەبڵقی جۆش و کەفوکوڵی خرۆشان کە چ ئەرکی ڕێکخستن و گونجاندن و هەناسە سواری تێدا بەخەرج نەچوو، هەر وەك قوڵپی بورکان پەیتا لەجەهەنەمی دەروونیەوە بەپاڵە پەستۆی سروشت بەرێ دەکرێ. زۆر بەسەیری، لەم کاتەدا وادەزانم نالی مەبەستی وێنەکێشانی ژان و ژواری عەمەلیەتە پڕ تاولەرزەکەی ترکانی پزدانی هونەرگەی خۆی بووە لەم دواندنە بلێسەدارەدا کە لەگەڵ «بادی خۆش مرور»ی کردووە:

گاهێ دەبێ بەدەم دەدەمێنی دەمی غرور

چونکە ئەگەر لە کولانەی نەفسی خۆیەوە سەیری بای نەکردبێ و تێکهاوێشتن و چەخماخەی فرتەنەی ناو ئەو نەفسەی بە بایەکە نەبەخشیبێ، بای کەڕ و لاڵ لەخۆوە چ ناکات و چ دەمان نادەمێنێ. دواتریش نازانێ بەرەو شارەزوور بێتەوە و قرچەی هەناوی نالی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرێ، بەچڕە دووکەڵی سووتانی غوربەتەوە لەگەڵ بادەی پڕ فرمێسکی تلانەوە بەدەست سۆز و بێ ئوقرەییدا، بیکا بە دیاریی یادکردنەوەی بریندارو بەسفت وسۆ:

سووتـا ڕەواقی خـانـەیـی صـەبـــــــرم دڵ و دەروون
نـەی مـاوە غـەیـری گۆشـەیـــی زکـرێکـــە یــا صبـوور
هــەم هــەمعـیـنـانـی ئـاهـم و هـەم هـەمڕیـکابـی ئـەشك
ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە هەستە بێ قصوور
وەك ئـاهـەکـەم دەوان بــە هـــەتـا خـاکـی کـۆیـی یـار
وەك ئــەشکـەکـەم ڕەوان بــە هــەتـا ئـاوی پـردە سـوور
بــەو ئـاوە خـۆت بـشـۆ لـــــە کـدووراتـــــی سـەرزەمـین
شادبن بەوەصلی یەکدی کەتۆی «طاهر» ئەو «طهور»

ئیتر بەدەم هەنسکی گریانەوە ڕاسپاردەی دڵی هەڵقرچاوی بۆ هەموو دار و بەرد و

شيو و كانی و شار و دێی وڵات تەسلیم بە با دەكات تا لە كۆتایی شیوەنی هەڵبەست، ئەم چەند دڵۆپە فرمێسكە گەرم و گەورەیە لە جێی مۆر و ئیمزادا دادەنێت:

زارم وەكو هیلال و نەحیفم وەكو خەلال
ئایا دەكەومە زار و بەدڵدا دەكەم خطور
لەم شەرحی دەردی میحنەتە لەم سۆزی غوربەتە
دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوما بكە عبوور
ئایا مەقامی ڕوخصەتە[1] لەم بەینە بێمەوە
یا مەصلەحەت توقفە تا یەومی نەفخی صور

وەك دەزانین، مەصلەحەت و نامەصلەحەت، تا ڕۆژی فوو لە صور كردن، ئەو «توقف»ە دامەنی نالی گرت و بەری نەدا. خۆی و حەسرەت و سۆز و سووتان و غەریبی، هەموویان بە گەرووی عەدەمدا چوونە خوارێ. مەگەر گڕ و گەرمایی لە فرمێسك و هەناسەی من و تۆدا تارماییەكیان بێنێتەوە سەر دنیای ڕوون.

قسەم لەوەدا بوو كە ژماردنی تایبەتی لە بەرهەمی بەردەوامی «عبقریە - بلیمەتی» وەك ناموومكین وایە؛ چونكە جار لە جار خۆ نوێ دەكاتەوە و بەپێی نوێ بوونەوەش تایبەتیەكانی زیاد دەكەن. نەزۆكی و خۆ كوتانەوە و دووبارە كردنەوە لەو جۆرە یەق كردنەوەیەدا، دەبێ كە بەفكری قالب گرتوودا بێت وەیا لە ئاكامی كێشان و هەڵسەنگاندنی ژێربێژانەوە "منطقی" زەنە بكات. گەلێك جار ئەم خۆهێنان و بردنە ژێربێژانە بەدوا واتای كیویدا وا دەكات لە قەصیدەدا «وحدە» نەمێنێ. چونكە جوانكاری لە جیهانی "زانست"دا - ئەو زانستەی بەرگی هونەر لەبەر دەكا- نەفەسی كورتە؛ وەك هەناسەی هەناوێكی سووتاو نییە كە سات لە سات بڵێسەی زمان درێژتر دەكات. سەیرێكی دیوانەكەی نالی بكەیت دەبینی زۆربەی هەڵبەستەكانی «وحدە»ی تێدایە، لەناو ئەو زۆربەیەشدا، بەشێكی بەرچاوی لە سەرەتاوە تا كۆتایی دەوری تاكە یەك فكرە هە ڵدێت. ئەم غەزەل و قەصیدانەی وا لێرەدا سەرەتاكەیان دەنووسم، نموونەی هەڵبەستی «وحدە» دارن لە دیوانی نالی:

---

(١) ئەم بەیتە لە چاپكراوەكەی عەلی موقبیلدا (ئایا مەجالی هاتنە) نووسراوە، لەچاپكراوەكانی چاپی كوردستانی هەولێریشدا هەروەها چاپ كراوە. بەڵام لە نوسخەی تردا بەم شێوەیە كە من نووسیومە.

پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قیچە

ئەی جلوە دەری حوسن

ئەحوەی تەفرەقە نەزەر

تەبعی شەککەر باری مـن

بولبولی طەبعم

جەنانی وەك جینان کردم

ماتەم وەکو زولفەینی سیەه

ئیلتیقای پۆلا و ئاسن

قوربانی تۆزی ڕێگەتم

کە تۆ هاتی لە (نەوم ی دی) نەومیدی نەما باس

لەکن ئەو جەهەرە فەردە

مووی سپی کردم بەشوشتن

ئەی شۆخی بێ نیاز

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم

ئەمانە کە لە یەکەم و سێیەمی دیوانەکەیدا دێتە بەرچاو، دەیان هەڵبەستی تریش دوای ئەمانە، هەموویان خەریکی تاکە فیکرەن. سەر لەبەر موناجات و نەعتەکانی کە لە چەشنی قەصیدەی درێژ دەژمێردرێن ئەوانیش "وحدە"ی تەواو و بێ کەلەبەریان هەیە. «مەستوورە»ش پێویستی بەباسکردن نییە.

دابەشبوونی دیوانی شاعیر (نالی و غەیری نالی) بۆ هەڵبەستی «وحدە» دار و هەڵبەستی بێ «وحدە» دەخلی نییە بەسەر فکرەی (تایبەتی) یەوە، چونکە «وحدە» پێوەندیی بە هەموو قەصیدەوە هەیە لەلایەن دروست بوونیەوە کە لە عەرەبیدا پێی دەڵێن «بناء القصیدە»، بەڵام (تایبەتی) لەناو قەسیدەی بەوەحدە و بێ وەحدەدا، دەتریسکێتەوە و لەوانەیە شاعیری پێ بناسرێتەوە. لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا ئەوەندە بەسە بۆ نرخی زۆر بوونی "وەحدە" لە شیعری شاعیرێکدا کە بەڵگەیە بۆ پڕبوونی مێشك و بڕندەیی سەلیقە و جۆشی دەروون.

یەکێك لە تایبەتییە هەرە بەرچاو و ڕەسەن و ڕەگ داکوتاوەکانی نالی ئەوەیە کەوا وەك ساحیر لە کەوانەی یەك وشەوە چەند تیری واتا دەهاوێژێ؛ هەریەك لەو تیرانەش

ئامانجی سەربەخۆی خۆی هەیە لە هەڵبەستدا. گوم کردنی ئەم دیاردەیە، بەشێکی یەکجار نرخدار لە شاکارەکانی نالی تێ دەبا و ئەدەبەکەشی دادەلەنگێنێ. بەمەشدا کەلەبەرێکی گەورە دەکەوێتە نەخشەی سەر جوملەی ئەدەبی کوردیی بەرزەوە. دەست پاراستن لە کوژاندنەوەی ئەو گەوهەرانە، دەستخاوێنی و ئەمەکدارییە بەرامبەر هەموو ئەدەبی کورد. هەریەکێك لە ئێمە کە دەستی نەڕۆیشت فتیلەی چراکانی نالی بەرزتر بکاتەوە، وەیاخود ئاگرێك بەفتیلە هەڵنەکراوەکانیەوە بنێ، چ گلەیی نایتە سەر؛ بەمەرجی (دەست نەڕۆیشتن و نەتوانین)؛ چونکە دیارە تەکلیفی لە توانابەدەر لەکەس ناکرێت. ئەوەی دەستی بڕوا و دەستەکەی خۆی کۆتاکاتەوە گلەیی کەمتەر خەمی و گوێنەدان و بێ باکی دەهێنێتەوە سەر خۆی. ئەوەی دەستی کوژاندنەوەی ئانقەست درێژ کات، دەبێتە دژ و ناحەزی بێ دەمەتەقەی ئەدەبی کوردی. ئەم ڕاستییانەش کە هەمووی ڕوو لەو کەسانە دەکات وا لە ڕیزی «سلبی» دەوەستن. یەك زەڕڕە لە گوناهی ئەو کەسەش کەم ناکاتەوە کە لەلاوە فتیلەی هەڵکراو بێنێ بۆ هەڵبەست، هەرچەند لە ڕیزی «ایجابی»ش وەستابێ.

لێرەدا یەك دوو نموونەی پێوانەی ئەم ڕایانە دەکەین بە حەکەم:

نالی دەڵێ:

نەی کە صاحیب سیڕڕە سەرتاپا بە «آیە»ی کُن کونە
باطناً «قف قف علی سری» بەزاهیر قەف قەفە

لە پێشەوە با سرنجی خوێنەر بۆ وشەی «أیە»، ڕابکێشم کە لە بەیتەکەدا «ایە» نووسراو نەك «ایە» کە بەکوردی «ئایەت» دەنووسرێت. ئەگەر لە بەیتەکەدا «ئایەتی کن» با، ڕێی ئەو واتایانەی تری دەبەستەوە کە دەڵێم لەیەك کەوانەوە بەرەو ئامانج دەڕۆن. دیارە لەم بەیتەدا کێش ڕێ نادات «ئایەتی کن» بگوترێ؛ چونکە لەنگی دەکات.

تۆ نەختێك زمانی خۆت ڕەهاکە لەو گرێیەی کە نووسین پەیدای دەکا لە خوێندنەوەی گوتەی نووسراودا. خەریکی گوتنەوەی بەیتەکە ببە وەك کە لە زارەوە دەردێت، دەبینی مومکینە وەها بخوێندرێتەوە:

نەی کە صاحیب سیڕڕە سەرتاپا بە ئایای کون کونە

دەزانیت «ئایای» یەکێکە لە گۆرانییە مەشوورەکانی کوردی؛ وەك خاوکەر، خورشیدی و ئەڵلاوەیسی و تێکهەڵکێش. کە وشەی «ئایای» هاتە ناوەوە، ئەوسا دەبێ

ڕستەی دواتر ببێتە «کون کونە» کە کوردیی پەتییە. لە حاڵێکدا کە وشەی «ئایە» بەواتای ئایەتی قورئان بەکاربێت، دەبێ ڕستەی دواتر ببێتە «کن کونە» کە یەکەمیان «کن»ی عەرەبییە لە «کان» وەرگیراوە و مەبەستیش لەوەدا ئایەتی «کن فیکون»ە دووەمیشیان «کون»ی کوردییە کە دەزانین حاڵی بلوێر باس دەکات بەخۆی و کونەکانیەوە.

نالی لە کەوانەی وشەی «ئایەی – ئایای»، دوو تیری واتای هاویشت: یەکێکیان لە قورئانەوە بەر نیشانەی «کن فیکون» کەوت، ئەوی تریشیان لە گۆرانیی کوردییەوە، قەد و باڵای بلوێری پێکا کە سەرتاپای ″کون کونە″.

تارمایی واتایێکی تریش لە بەیتەکەوە بەرەو نیشانەی «کون کون» دەڕوات کە بێین وشەی «ئایەی- ئایای» پتر لەبەریەك هەڵوەشێنین و بڵێین «ئای ئای» کە هاواری دەردەدارە بەدەست ئێشەوە. ″ئای ئای″ بەبەریەوە هەیە مشتوماڵێك بدرێت و هەمزەی دووەمی بسوێت و بگوترێ ″ئایای″ کە هەرواتای تلانەوە بەدەست ئێش و ئازارەوە ڕادەگەیەنێت. لەمەوە دەزانین بەیتەکەی نالی لە کەوانەی تاکە وشەیێکەوە سێ تیری واتای هاوێشتووە:

نەی بە ئایەتی «کن فیکون» کون کون بووە

نەی بە ئاهەنگی «ئایای» کون کون بووە

نەی بە ناڵەی «ئای ئای» کون کون بووە

لەم لێکدانەوەیەدا پەردە لە ڕووی گەوهەرەکانی نالی هەڵدراوەتەوە و بەس؛ لە لاوە واتای بۆ قەرز نەکراوە. هەر جۆرە ئیعتیڕازێکیش لەم شێوە لێکدانەوەیە بگیرێت، سووچی بەیتەکەی نالی و بۆچوونەکەی من نییە؛ سووچی کەم ئاگاداریی ئیعتڕازگرەکەیە لە فەند و فێڵ و تویکڵداری و دەرودووهۆدەیی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی موسڵمان، بەتایبەتی هی فارس و کورد. ئا ئەمەش نموونەیەکی وردتر و سەختتری بەڕێ کردنی دوو تیری واتایە لە تاکە وشەیێکەوە. نالی دەڵێ:

مساوی «وك يك و لول»ن لە هەردوو لاوە زولفەینی

نمونەی عەکسی حەرفی نون و میم و واوە زولفەینی

وشەکانی ″وك يك و لول″ خرانە نیو دوو کەوانەوە: چونکە بەڕێنووسی کۆنم نووسی؛ لەو ڕووەوە کە واتاکان لەم ڕێنووسەوە وەردەگیرێن.

واتایێکی ئەمەیە کە هەردوو زولف، هەریەکە لەلایێکەوە مساوین لەگەڵ یەکتر، وەك یەکن؛ لوولن. لێرە وشەی «مساوی»، زولفەکان بەیەکدی دەگرێت، وشەی «لە هەردوو لاوە»ش بۆ زولفەکان دەگەڕێتەوە؛ چونکە هەر زولفە لە لایێکەوەیە.

واتایێکی تری ئەمەیە کە خۆی واتای بنجییە لە بەیتەکەدا:

هەردوو زولف مساوین بە «وك يك و- لول. وشەی ″وك يك و″ لە هەر لایێکەوەی بخوێنیتەوە هەر خۆی دەردەچێت. هەروەهاش وشەی «لول» ئەویش لە خوارەوە بۆ سەرەوە خوێندنەوەی ناگۆڕێت. لەم واتایەدا گوتەی «لە هەردوولاوە» بۆ زولفەکانیش دەست دەدات بۆ «وك يك و لول»یش دەست دەدات. چونکە زولفەکان لە هەردوولاوەن، «وك يك و لول»یش لەم لا و لەولاوە بخوێنرێتەوە فەرقێك ناکەن. ئەم مساوی بوونەی دوو زولفەکان لەگەڵ «وك يك و لول»، پتر خۆ دەسەپێنێ کە سەرنج بگرین لە مصرەعی دووەمی بەیتەکە. چونکە لەوێدا زولفەکان بە سێ شت تەشبیه کراون کە ئەوانیش لەهەر لایێکەوە بخوێنرێنەوە، فەرق ناکەن. دیارە سێ شتەکە پیتی ″نون، میم، واو″ە، سەیریش لەوەدایە وشەی «نموونە» کە لە بەرایی مصرەعی دووەمدا هاتووە هەر سێ پیتەی تێدان. هاتنیشیان بە دوا یەکتر لە وشەی «نموونە»دا، وەك هی ناو بەیتەکە وایە، نوونەکە لە پێشەوەیە و میمەکە لە ناوەڕاست و واوکەش لە کۆتایی. بەیتێکی زۆر بەناوبانگی تری نالی کە لە وێشدا وشە هەیە دوو واتای لێ بەڕێ کرابێ ئەمەیانە:

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان

بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان

واچاکە لێرەدا بەیتی دوای ئەمەشیان بنووسین؛ چونکە لە نێوان هەردووکیاندا واتابەندی و بەیەکەوە بەسترانێکی ورد هەیە یەکجار لە جوانی و سامانی هەڵبەستەکەی زیاد کردووە. بەیتی دووەمیان ئەمەیە:

لە خەوفی تەلعەتت ڕۆژ هەروەکوو شێت

بەڕوو زەردی هەڵات و کەوتە کێوان

چەند ساڵێك لەمەوبەر لە نەدوەیێکی تەلەفزیۆنیدا من ئەم دوو بەیتەم شی کردووەتەوە؛ ئەوسا دوو هونەری گەورەی هەردووکیانم باس کرد:

یەکێکیان ئەوەیە کە «نالی» نەهاتووە وەك شاعیرانی تر شەو و بەیانی بەیەکەوە کۆبکاتەوە لە هەڵبەستدا؛ چونکە شەو «نقیض»ی هەرەدووری «بەیان» نییە. ئەوەی

«نقیض»ی تەواوە ئێوارە (نوێژی شێوان)ە کە هەموو شەو دەکەوێتە نێوانیانەوە و هەرگیز بەیەکتر ناگەن. لە حالێکدا شەو بەرۆژەوە نووساوە؛ واتە دراوسێی یەکترن. لە نموونەی شاعیرانی تر یەکێکی ئەحمەد شەوقی و یەکێکی وەفاییم هێناوە کە ئەوانیش شەو و ڕۆژیان لە هەڵبەستدا کۆکردووەتەوە: ئەحمەد شەوقی دەڵێ:

ودخلت فی لیلین فرعك و الدجی

ولـثـمت کـالـصبـح المنور فـاك

وەفایی دەڵێ:

بەس عومری من بە بادە   ڕووت بێنە زولفت لادە

دڵ بـــۆیـــە نـــامـــرادە   بەم شـەوە ڕۆژ گـیـراوە

هونەرە گەورەکەی تری نالی لە بەیتەکاندا ئەوەیە کە وا بەهۆی وشەی «دوێنێ» کە لە بەیتی یەکەمدا هاتووە هەر دوو واتای وشەی «هەڵاتن»، ساحیرانە جێگەی بۆ کراوەتەوە لە هەڵبەستدا. واتایێکی وشەی «هەڵاتن»، دیار کەوتنی ڕۆژەکەیە لە ئاسۆی ڕۆژهەڵاتەوە. واتاکەی تریشی بەزین و فیرار کردنی ڕۆژەکەیە لە ئاوابووندا. هەردوو واتای «شروق و فیرارکردن»ی ڕۆژە لە بەیتەکاندا:

دوێنێ نوێژی شێوان کە لە دوگمەی سینەتەوە سفیدەی بەیان دەرکەوت، ڕۆژ بە ڕووزەردی فیراری کرد و وەك شێت کەوتە کێوان.

دوێنێ نوێژی شێوان لە دوگمەی سینەتەوە سفیدەی بەیان دەرکەوت، ڕۆژی ئەم سبەینەیە لە ترسی طەلعەتت بە ڕووزەردی شروقی کرد و وەك شێت کەوتە کێوان. دیارە ئەم ترسەی ڕۆژ لەکاتی شروقدا پاشماوەی ترسی دوێنێ نوێژی شێوانە کە بەیانی باغی سێوان سفیدەی دابوو و ڕۆژی ترساندبوو.

دەبێ ئەمەش بخەینەوە سەر جوانیی بەیتەکانەوە کە ترس دەبێتە هۆی ڕوو زەردی؛ شێتیش دەکەوێتە کێوان. لایەنی جوانی و ئارایشتی تریش هەیە لە بەیتەکەدا کە لێرە بەپێویستی نابینم خوێنەری پێوە خەریك کەم.

چەند ساڵێك بەسەر ئەم شیکردنەوەیەدا ڕۆیشت، تا لە نکاو بیرم بۆ وێنەیێکی نەدۆزرایەوەی ناو بەیتی یەکەم کشی. دۆزینەوەی وەها لە نکاو زۆر جاران بۆ من و بۆ تۆش ڕوودەدات: وا دیارە خەریك بوونی بەردەوام بەشتێکەوە وادەکا هۆشی ون ″عقل باطن″ لەلای خۆیەوە ئەویش پێوەی خەریك بێت و لە دەوری گرێکانی پرسیارەکە

هەڵبێت تا دەیان کاتەوە. ئیتر لە دەرفەتێکدا گرێیەك بە کراوەیی دەداتەوە دەست هۆش؛ وەك ئەوەی کە لە غەیبەوە کارەکە کرابێت. ئەم ڕایەشم لە زانایانی سایکۆلۆژی وەرگرتووە و باوەڕیشم پێی هەیە.

لە مصرەعی دووەمی بەیتەکەدا دەڵێ:

بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان

وشەی «بەیان» واتایێکی ئاشکرا و یەکێکی شرایەوەی هەیە: واتا ئاشکراکە لە هەموو کەسێکەوە دیارە و لە سەرلەبەری بەیتەکە و بەیتی دواتریشدا بنج و ماکی وێنەی ناو هەڵبەستەکەیە، هەر تازەش لە شیکردنەوەی بووینەوە.

واتا شرایەوەکە ئەمەیە: وشەی «بەیان»، دەشێ، ڕێژە جەمعی وشەی «بەی» بێت کە میوەیێکی ناسراوە. کە ئەم واتایە تێ بخوێندرێتەوە، وشەی «بەیان»یش دەبێتەوە ئەو کەوانەیە کە نالی دوو تیری واتای لێوە داوێت بۆ دوو ئامانج. «بەیان» کە بەواتای «فجر» بێت ئامانجی «سفیدە» دەپێکێت لە بەیتەکەدا کە ڕووناکایی فەجرەکەیە، کە ڕێژە جەمعی «بەی»ش بێت ئامانجی باغی سێوان دەپێکێت؛ چونکە بەی بۆ خۆی میوەی باغە و لە وێنەشدا خزمی سێوە؛ مەمکی کچانیش بە سێو و بەی تەشبیه دەکرێت.

ئەم واتایە شرایەوەی «بەیان»- کە ڕێژە جەمعی «بەی» بێت- دەمەتەقەی لەسەر هەڵستا لەو ڕووەوە کە گۆیا لە نالی ناوەشێتەوە ڕستەی وەها لاواز بەکاربێنێت لە شیعردا؛ چونکە هاتنی جەمعی وشە لە سەرەتای ڕستەوە کوردییەکی ڕەوان نییە. دەبێ لە پێشەوە ئەوە بڵێم ناشێ بیر بۆ ئەوە بڕوا کە «بەیان» جەمعی وشەی «بە وەیاخود بەهێ» بێت؛ چونکە ئەوەی نالی گوتوویەتی و من واتام لێ دابەوووە وشەی «بەیان»ە کە ڕێژە جەمعی وشەی «بەی»ە نەك «بە، بەهی». نالی لە چەند شوێنێکی تری دیوانەکەیدا وشەی «بەی» بەکار هێناوە بە واتای بەهێ وەك کە دەڵێ:

کێ دەستی دەگاتە «بەی» و ناری نەگەیشتووت

وەیاخود کە دەڵێ:

سەروی هێناوە لە سێو و «بەی» موتربەی کردووە

لەلایەن هاتنی وشەی وەك «بەیان» لە سەرەتای ڕستەوە وەرام زۆرن، بەڵام پێویست بەدرێژە پێدان نییە، ئەم چەند تێبینییە بەسن:

١- ڕازی بین و نەبین وشەی «بەیان» وا لە سەرەتای بەیتەکەی نالیدا هەیە و بەکەس ڕەش ناکرێتەوە.

٢- لەپاش هەبوونی وشەکە، دەبینین لە بەیتەکەدا وشەی تریش هەن موناسبی واتای ئەو بن وەك «باغ، سێو»، کە ناچارمان دەکا بسەلمێنین هاتنی وشەکەی بەو جۆرە لە سەرەتای بەیتەکەوە ڕێکەوتێکی کوێرانە نەی هێناوە؛ کوردی گوتەنی: تەقڵەی مامە حەمە نییە. «بەیان، باغ، سێو»، لە نیوەی دێڕە شیعرێکیدا کۆبوونەتەوە، بەتایبەتی کە خاوەنی بەیتەکە یەکێکی وەك نالی بێت بەخۆی و هەموو دەسەڵاتی بێ سنووری لە فرە واتاییدا.

٣- هەروەك لە عەرەبیدا زۆر مەشوور بووە کە «يجوز للشاعر ما لايجوز لغيره»، لە کوردی و زمانی تریشدا جەوازی شیعر هەیە بەتایبەتی ئەو جەوازەی کە هیچ دەستووران تێك نەدات.

لێرەشدا هەر ئەوەندە کراوە وشەی «بەی» لە تاکەوە بووە بە جەمع. لە کوردیدا هاتنی ڕێژە جەمع لە سەرەتای ڕستە زۆر باوە چ فعل بێ چ مەفعوول؛ وەك کە بڵێی:

«ئەسمەران خوێنیان شیرینە»

لێرەدا ئەسمەران جێگەی فاعیلی گرتووەتەوە. لەم ڕستەی خوارەوەدا، وشەی سەرەتا ڕێژە جەمعە و مەفعوولیشە، وەك وشەی «بەی- ان»ی ناو شیعرەکەی نالی.

«هەنجیرانیش دەخوا و درۆیانیش دەکا».

وەیاخود ئەم ڕستانە: «مەڕان دەلەوەڕێنێ، داران دەبڕێتەوە، چرایان پێدەکا... هتاد». ئەوەی لێرە بەفەرق حیساب بکرێ لەگەڵ رستەی شیعرەکەی نالی هەر ئەوەیە کە لەم نموونانەدا وشەکان کەوتوونەتە پێش فیعلی مضارعەوە، لە حاڵێکدا «بەیانی دا»، فیعلی ماضی بەکارهێناوە. لەمەشدا ڕەخنە نامێنێ، چونکە دەشێ بگوترێ «کچانی قبووڵ کرد و کوڕانی قبووڵ نەکرد لە مەکتەب.» لەم ڕستەیەدا فاعیل دیار نییە، بەپێچەوانەی بەیتەکەی نالی کە ئەمە بەتەواوی وەك بەیتەکەی «نالی»یە، لە هەردوو ڕستەشدا جەوازێکی یەکجارکەم و بێ هێز بەکار هاتووە کە بریتییە لەوەی فاعیلەکان لە جیاتی پێشەوە، لە دواوەی مەفعوولەکانەوە هاتوون: «مودیری مەکتەب کچانی قبووڵ کرد- سفیدەی باغ بەیانی دا...».

کە خەریك بین بەدوای جەوازەکانی شیعری کوردی، بەسەر زۆر شتی تردا دەکەوین،

گەلێك پتر چاوپۆشی لێکردنی دەوێت، لەمەی بەیتەکەی نالی، کەسیش بەعەیبی دانەناوە. خۆ لە بابەتی فۆلکلۆریدا ئەم جەوازانە هەر بەجاری...

٤- لەمانە بترازێین، دەبێ ئاگاداری شتێکی تر بین: یەکێك لە تایبەتییەکانی یەکجار گرنگی، مەهارەتی نالی لە فرە واتاییدا ئەوەیە کە وا گەلێك جاران لە پۆپی دەسەڵاتی بوێژیی خۆیەوە دێت و لەو دیو وێنەی ئاشکراکەی هەڵبەست سێبەری وێنە و واتایێکی تر وەك سەرابی دیار و مەوهووم دەخاتە پشت پەردەی ئاورینگداری وشە و ڕستە بەرچاوەکانی هەڵبەستەوە، بێ ئەوە خۆی و پارچە شیعرەکە قەرزدار وەیا هاومەبەستی ئەو سەرابە بکات. پاشخوانێکە و لەبەر سفرەی پڕ خواردەمەنی ماوەتەوە: ئاوێکەو لە حەوزی پڕ واتای هەڵبەست سەرەڕێژی کردووە؛ تیشکێکەو لە ئاوێنەیەکی خەیاڵیدا دووبارە بووەتەوە، نەهیچی تێ چووە و نەکەسی ماندوو کردووە و نەچ جێی بەواتا و وێنە بنجییەکەی ناو هەڵبەست تەنگ کردووە؛ لەهەمان کاتیشدا، چەندی بڵێی وەستایانە و شیرین و ڕەنگینە، هەر دەڵێی ئەو نەقش و نیگارەیە کە شتان دەڕازێنێتەوە و لە نرخ و بایەخیان زیاد دەکات و هەست و مەیلی تەماشاکەران دەبزوێنێ، لە حاڵێکدا دەزانین شتەکە بێ نەقش و نیگاریش هەر هەیە و هەر دەبێ. بەنموونەی ڕوونکردنەوەی مەبەست تەماشای ئەم دووبەیتە بکە:

وەرە قوربان بە جان هەردوو برابین
کە تۆ بێ مادەر و من بێ پدەر مام
بەڵا گەردانی باڵات بم ئەگەر چووم
فیدای هیندوویی خاڵت بم ئەگەر مام

واتای بەیتەکان هەرچی دەبێ باببێ بەدۆزینەوەی وێنەی سەرابی و شرایەوە لە بەیتەکاندا، واتاکە، کەم ناکات. نالی هاتووە بێ ئەوەی پێوەی دیاربێ کە خەریکی هەڵنانی واتایێك وەیا ئارایشتێکی، سەرەڕێژ کردووە. وشەکانی «برا، مادەر، پدەر، خاڵ، مام»ی کۆ کردووەتەوە کە ئەگەر لە حیسابانی دەرباوێیت، نالی و شیعرەکە زەرەریان نەکردووە، بەڵام کە هەستت بەدیاردەکە نەکرد، دیمەنێکی ئەدەبیی جوانت دۆڕاندووە. ئەمەش نموونەیەکی تری هەڵنانی واتا و وێنەی سەرابی:

خاو و بێ خاوی دووزولفی خاوم ئەز
چاوە چاوی یەك غەزالە چاوم ئەز

له مصرەعی یەکەمدا «خاو، بێ خاو»، دوو وەسفن بەرامبەر دوو زولفی خاو وەستاون؛ کەچی لەمصرەعی دووەمدا، ژمارە «یەك» هەیە کە دەڵێ «یەك غەزالە». بوونی ژمارە «یەك و دوو» شتێکی بەرچاوە و نەدیتنی وەك شەو کوێری وایە. بەڵام لەو دیو ئەم یەك و دووەوە، لە ناو ئاورینگی وشەکاندا دیمەنێکی تری سەرابی هەیە کە نەدیتنی زەرەر بە بەیتەکە ناگەیەنێ، بەڵام تەماشاکەرەکە لەزەت و خۆشییێکی مەعنەویی گەورەی لە دەست دەچێ. سەرەڕای ئەوە کە مەعلووم دەبێ، کۆڕی مەیدانی نالی نییە: لە ڕستەی «چاوەچاوی یەك غەزالە چاوم» دا، وشەی «چاوەچاو» دوو جاران «چاو»ی تێدا گوتراوەتەوە؛ بەڵام یەك واتای هەیە کە «ترقب»ە کەچی «یەك غەزالە چاو» لە ڕواڵەتدا ژمارە «یەك»ی تێدا گوتراوەتەوە، بەڵام لە مەعنادا دوو چاوان ڕادەگەیەنێ چونکە؛ دەزانین یەك غەزال دوو چاوی هەیە:

چاوەچاو: بە وشە دووە بە واتا یەکە.

یەك غەزالە چاو: بە وشە یەکە بە واتا دووە.

نالی بەم داڕشتنە لە جەرگەی «یەك»ەوە ژمارە «دوو»ی هەڵێنجاوە و لەنگەری ژمارە دووەکەی مصرەعی یەکەمی پێ ڕاست کردووەتەوە. تۆش حەز دەکەی مەهارەتەکە ببینە و مافی خۆی پێ بدە، حەزیش دەکەی ئینکاری بکە و چاوی لێ بچووقێنە تا ئیفلاس بەزەوقی خۆت بکەیت.

ئەم جۆرە مەهارەت و وەستاییيە لەشیعری نالیدا، هێندە زۆرە وەك بەردی بەست وایە، نیشانەییێکیشە لە نیشانەکانی پێشڕەوی و پێشەنگیی ئەدەبەکەی و ناشێ لێی بێ خەبەر بین و تێی نەخوێنینەوە؛ چونکە تێ نەخوێندنەوەی دەبێتە داڕنینی بەرگێك لە بەرگەکانی ئارایشت و سامان، لە بەشێکی شیعرەکانی. ئەوەی ڕاستیش بێ، ئەم لایەنەی دۆزینەوەی واتا و وێنەی «سەرابی ئەگەر تەعبیرەکە دروست بێ» خۆی لە خۆیدا یەکێکە لەو لێکۆڵینەوانەی کە دیراسە لە بارەی نالییەوە داخوازیی دەکات. ڕەنگە هێندەشی بەبەرەوە هەبێ، ببێتە کارێکی سەربەخۆ نەك ئەرکێکی لابەلایی کە لەوانەبێ ببێتە ئەڵقەی زنجیرە وەیا داوی ڕایەڵ.

یەکێکی تر لە نموونەی ئەو وشانە کە وەك کەوان، پتر لە تیرێکی واتایان لێوە هاوێژراوە، وشەی «أنوار»ە لەم بەیتەدا:

سەحرا بە تەجەللی دەکەنە وادی یی ئەیمەن

قامەت شەجەر و مەزهەری «انوار»ی ئیلاهن

وشەی «أنوار- ئەنوار» ڕێژە جەمعە بۆ دوو وشەی عەرەبی: یەکێکیان «نور- واتای ڕووناکی»، ئەوی تریان «نَور- ”نەور”- بەواتای خونچە». سرنج بگرە دەبینی «ئەنوار» لە بەرەوپێشیەوەی «شجر- شەجەر» هەیە، لە دواوەشیەوە، «إلە- ئیلاه» هەیە. لەمەوە ڕاستەوخۆ بێ گرفت و تێفکرین دێتە بە هەست و هۆشمانەوە کە نالی لە «نور- نەور- خونچە»وە تیری واتا بەرەو «شەجەر- درەخت» داوێژێ؛ چونکە درەخت خونچەو پۆقژەی هەیە، لە «نور- ڕووناکی»، شەوە تیرێکی بەرەو «ئیلاه- خوا» وە دەڕوات کە ئەمە شتێکە دووبارەکردنەوەو گوتنەوەی ناوێت هەم لە ڕووی نیسبەتی نێوانی ڕووناکی و خوا، هەم لە ڕووی «إضافە»ی وشەی «نور» بۆ وشەی «إلە- ئیلاه» لە بەیتەکەدا.

«نوری ئیلاه» بە واتای ڕووناکیی خوا، ئەویش سەر لەنوێ دەشێ ببێتەوە تیرێکی واتا و بەرەو «شجر- شەجەر- درەخت»؛ بکشێ. چونکە ئەو ڕووناکاییەی کە مووسا لە «وادی ئەیمەن» دا دیتی لە درەختێکەوە دەدرەوشایەوە مەعلوومیشە ڕووناکایی خوا بوو.

وشەی «شەجەر- درەخت»، ئەویش جارێکیان بۆ قامەتی سەربازەکانی «تاقمی مومتازی شاه» دەچێتەوە؛ جارێکی تریش بۆ «وادی ئەیمن» دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو درەختەی کە نوری خوای لێوە دەدرەوشایەوە لە «جانب الطور الایمەن» بوو. پێشتریش زانیمان درەختەکە نیسبەتی لەگەڵ «نەور- خونچە» و لەگەڵ «نور- ڕووناکی»دا چییە. بەیتەکە گەلێك لێکدانەوە و قووڵبوونەوە و شیکردنەوەی تر هەڵدەگرێت؛ «وەك کە قامەت درەخت بوو و خۆی بەسەحرا نیشان بدات. سەحراکە دەکاتە وادیی ئەیمەن کە جێگەی درەختە». بەڵام لێرەدا ئیشمان بەو زێدە وردەکارییە نییە، تەنها شتێك هەبێ پێویست بەگوتن بکات ئەوەیە کە وشەی «انوار- ئەنوار» ناشێ بەوشەی «ألطاف- ئەلطاف»، بگۆڕێتەوە کە لە هەندێ نوسخەی دەسخەتدا نووسراوە؛ چونکە بەم گۆڕینەوەیە بەیتەکە ڕووت دەبێتەوە و سامانێکی زۆری لەدەست دەچێت. وشەی «ألطاف»یش چ ڕێژە جەمعی «لطف» بێت و چ چاوگی فیعلی «ألطف» بێت- بەواتای چاکە لەگەڵدا کردن وەیا دیاری بۆ نارد- بایی فلسێك لە واتاکانی «أنوار» تێ ناهێنێتەوە.

لەبەر ئەمە دیارە ئەو نوسخانەی کە لە جێگەی «انوار»دا وشەی «ألطاف» یان نووسیوە، سەهوویێکی سادە و سافیلکانەیان کردووە. ئەگەر یەکێك بێت و بڵێ لە وانەیە

نالی وشەی «ألطاف»ی بەکارهێنابێت، بەڵام نوسخە نووسان کردبێتیانە «أنوار»، وەرامی بەم دوو سێ تێبینییە دەدرێتەوە:

یەکەم: بەزۆری وشەی «أنوار» ڕۆیشتووە. بە عادەت ڕیوایەتی کەم شۆرەت کاتێك بەسەر هی مەشووردا تەرجیح دەدرێت کە ئەو لە مەشوورەکە گونجاوتر بێ لەگەڵ مەبەست وەیا داخوازی و پێویست. لێرە ڕیوایەتە کزەکەی «ألطاف» چرایان دەکوژێنێتەوە و مەبەست لاواز دەکات.

دووەم: وشەی «أنوار» لە بەیتەکەدا، وەها دامەزراو و واتا بەخشە، هێندەی بەدیهیە ئاشکرایە خۆی زادەی بەیتەکە و هەناوی نالییە.

سێیەم: ناشێ بیر بۆ ئەوە بڕوات کە وا نالی هەردوو وشەی «أنوار، ألطاف»ی بەکارهێناوە؛ چونکە ئەمە شتێکە نەدەکرێ و نە هیچ بەڵگەیەکیش بەدەست کەسەوە هەیە ئەوە بسەپێنێ کە نالی بەپێچەوانەی عادەت و مەنتیق، کارێکی وەها نالەباری کردووە.

چوارەم: کە گوێ نەدەینە ئەم هۆیانەی تەرجیح و هەر سوور بین لەسەر بایەخدان بەوشەی «الطاف»، دەتوانین زۆرینەی میراتی شاعیرەکانمان بەم شێوە ڕەفتارەمان شەتوپەت بکەین؛ وەك ئەوەی کە بەیتەکەی پێنج خشتەکیی شێخ ڕەزا، بەسەر غەزەلی کوردییەوە بکەینە «لە هیجرانی شەقم برد»، لە جیاتی «لە هیجرانی تەقم کرد» کە مەشووری هەموو جیهانی کوردەوارییە؛ وەیاخود دیڕە شیعری «گۆران» بگۆڕین و بڵێین «نازانم کامتان لامن» لە جیاتی «نازانم کامتان کامن...» و هەزارانی تری وەك ئەمانە.

باسی ئەم بەیتە و وشەکانی، وا داوا دەکات شتێك بڵێم لە بارەی غەزەلەکەوە کە نەختێك دەمەتەقە لەسەر واتا و مەبەستی هەڵستاوە؛ لەو ڕووەوە ئایا «تاقمی مومتاز»، حەرەسی تایبەتی پاشای بابانە یا کۆمەڵە کیژە!

هەرچەند- بەلای منەوە- سەرلەبەری بەیتەکان هاواریانە کە وەصفی پێش خزمەتەکانی پاشا دەکەن، ئەم ڕاستییەش بەولای گومانەوەیە. بەڵام کە هەر هاتین بەڵگە بێنینەوە بۆ سەپاندنی ڕاستییەکە، ڕەوا نییە بەسەر بەیتی یەکەمی غەزەلەکەدا باز دەین؛ چونکە لە مصرەعی دووەمیدا بەدەم مەهارەتەوە، پاتاویات ئەم لایەنە باس کراوە و بەسەریش چووە. نالی دەڵێ:

ئەم تـاقـمـە مـومـتـازە کـە وا خـاسـەیـی شـاهـن

ئاشووبی دڵی مەملەکەت و «قلب»ی سوپاهـن

تۆ سەیری سەراحەت بکە: ئەم «قەلبی سوپاه»ە لە کۆتایی بەیتەکەدا، هێندەی تۆپ و تفەنگ و بۆڕیەی عەسکەری زەق و بەرچاوە کە تاقمە مومتازەکە، نەك هەر تیپێکی عەسکەری تایبەتی شاهن، بەڵکوو لە نێوان لەشکریشدا سەروکاریان لەگەڵ «قلب»ی لەشکرەکەیە، نەك «مەیمەنە و مەیسەرە و جناح»ەکانی کە ئەمانە، زاراوەی یەکجار مەشوورن و لەوانە نین چاو بەسەریاندا تێپەڕێت و نەیان بینێ؛ چونکە کە ئەم دیمەنە زۆر زەق و بەرچاوە لە هەڵبەستدا هەستی پێ نەکرێت، ئومێد یەکجار بێ هێز دەبێ، بەدیتنی شتی مەیلەو شرایەوە و وردپێو کە ئەمە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دەمەتەقە کردن لەسەر هەموو واتایێکی ورد و هیمایی؛ وەیاخود ڕەنگە ببێتە هۆی ئینکار کردنی ئەو تەرزە واتایانە. با دوور نەڕۆین، هەر لێرە لە ئاست ئەم «قلب»ی سوپاهەدا، هەمان ئیحتیمالی نەسەلماندن هەیە؛ چونکە ئەو کەسەی لەبەر درشت بینیی خۆی. لەزەمینەی مەدحی تاقمی مومتازی شاهدا، هەست و هۆشی بۆ ئەوە نەڕوا کە «قەلبی سوپاه» زاراوەیێکی عەسکەری سەردەمی نالی و لەوێش کۆنترە و تائێستاش هەرباوە و بەسەر زمان و خامەی نووسەرانەوەیە، ئێتر بۆ لە من و تۆ بسەلمێنێ و دان بە زانیینەکەی خۆیدا بێنێ، لە حالێکدا نەسەلماندن، ئەو کارە ئاسانەیە کە هیچی تێ ناچێت و چ زیانان بە نەسەلمێنەکە ناگەیەنێ؛ وەك ئەوەی کە ئێستاش خوێندەواری ئەوتۆ هەیە ناسەلمێنێ مرۆڤ چووەتە ناو مانگ و سوورە لەسەر هێندێ کە سمینی «ئاسمان» مومکین نییە چ زەرەرێکیشی نەکردووە.

چەند دێڕێك لەمە بەرەو پێش گوتم تاقمە مومتازەکە «سەر و کاری لەگەڵ قەلبی لەشکرەکەیە»، نەمگوت خۆی قەلبی لەشکرە. لەمەدا ویستم فرەواتایی بەیتەکە کوێر نەکەمەوە؛ چونکە دەشی تاقمە مومتازەکە ئاشووبی دڵی مەملەکەت و ئاشووبی قەلبی سوپاهیش بن. دیارە لەم حاڵەدا مەملەکەتەکە و سوپاهەکە هی بێگانە و دوژمنە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەشێ تاقمەکە، ئاشووبی دڵی مەملەکەت بن، بەو هەموو جوانییە و ڕێکییەی کە لە بەیتەکەدا بۆیان دیارکراوە. لەم حاڵەدا مەملەکەتەکە دەبێتەوە شاری سلێمانی کە لە دڵی دانیشتووەکانی پڕ ئاشووب بووە و بە جوانیی لاوچاکەکانی تاقمی شاه، تاقمەکەش خۆی دەبێتە«قەلبی سوپا»؛ واتە لە لەشکرەکەدا، جێگەی قەلبی گرتووە نەك جەناح، کە ئەمە جێگەی ڕاستەقینەو ڕەوای خۆیەتی؛ چونکە دیارە «شاه»

هەمیشە لە قەلبی لەشکرەکەدا دەبیّ . نالی زۆر ئوستادانە وشەی دڵی بۆ « مەملەکەت » بەکارهێناوە، وشەی « قەلب » یشی ئیزافەی سوپاه کردووە هەرچەند لە واتادا هەردوو ووشەی « دڵ، قــەلب » ، یــەك شتن؛بــەڵام دیــارە لــە زاراوەدا هــەر قــەلب بــۆ سوپــاه بەکارهاتووە. بەم لەبەر یەك ترازاندنەی واتای « دڵ، قەلب » ، هەموو مەبەستەکانی نالی لە مەدحکردنی تاقمە مومتازەکەدا، چ لە لایەن جوانییەوە، چ لە لایەن جەنگاوەرییەوە بیّ، کەوتوونەتە سەر خوانی هەڵبەست. هەر دەیەویّ من و تۆ لێی ورد بینەوە و مەهارەتەکە ببینین.بەیتەکە لە فرە واتاییدا، جگە لەوەی من تازە باسم کرد، :گەلێك مەیدانی تریشی بریوە کە پێویست نییە لێرەدا بیان کوتنیەوە؛ چونکە مەبەستمان هەر ئەوە بوو بزانین غەزەلەکە چ تاقمێکی مەدح کردووە. بەڵام پێویست دەبینم لایەنێکی ڕێزمانی سەر بە واتاکانەوە، لێرەدا ڕوون کەمەوە ؛چونکە ئەویش لەوانەیە وەك وشەی « بەیان » بدرێتە بەر دەستورێکی ڕێزمانی وەهاوە کە ڕێگەی فرەواتاییەکە و زێدە جوانیی بەیتەکە کوێر کاتەوە.

دەشیّ یەکێك بێت و بڵیّ ڕستەی « ئاشووبی دڵی مەملەکەت وقەلبی سوپاهن » ،هەر ئەوە هەڵدەگریّ کە تاقمە مومتازەکە ئاشووبی « دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاه » بن ؛ واتا وشەی « ئاشووب » ئیزافە بکریّ بۆ « دڵ و قەلب » ؛ چونکە واوی عەطف کە لە بەینیان دایە هەردوکیان دەخاتە بەر یەك حوکم، ئەویش ئیزافەی ئاشووبە بۆ هەردووکیان. بەمەشدا بەیتەکە هەر ئەوە ڕادەگەیەنیّ کە مەملەکەت و سوپاهەکە هی دوشمن بن.

ئەم بۆچوونە هەندێکی زانستی ڕێزمانی پێکاوە، بەشێکی زۆریشی لە دەست داوە. قەلبی سوپاه کە بە ڕواڵەت عەطف کراوەتە سەر « دڵی مەملەکەت » ، بەهۆی وای عەطفەوە، هەڵ دەگریّ عەطف کرابێتە سەر« أشوب » ی « دڵی مەملەکەت » کە خەبەری نیوە بەیتی یەکەمە. واتە عەتف کرابێتەسەر خەبەر کە دەیکاتەوە بە خەبەر، نەك « مضاف الیە » کە دەزانین « دڵی مەملەکەت » بە دوا ئاشووبدا دەبێتە « مضاف الیە » . ئەم تەرزە ئیزافەیەبۆ مضافی دوور نەك « مضاف الیە » ی نێزیك، سەرەتایێکی ڕێزمانە بە تایبەتی عەرەبی کە نالی تێیدا سوار چاك بوو. بە م پێیە بەیتەکە هەڵدەگریّ لایەنەکانی « معطوف علیە و مضاف الیە » وەك ئەمەی لیّ بەسەر بیّ:

ئەم تاقمە مومتازە ئاشووبی دڵی مەملەکەتن

ئـەم تـاقـمـە مـومـتـازە قـەلـبـــــی سوپـاهـن

لەمەدا قەلبی سوپاه بوو بە خەبەری «تاقمی مومتاز»؛ هەر وەك «ئاشووبی دڵی مەملەكەت» خەبەرە. بەم جۆرە دەشێ تاقمە مومتازەكە ئاشووبی دڵی سلێمانی بن و لە هەمان كاتدا قەلبی سوپاهی شاهیش بن.

بە تەئویلێكی تریش، «قەلبی سوپاه» دەبێتەوە خەبەری مصرەعی یەكەمی بەیتەكە، بەوەدا كە بڵێین ڕستەی «قەلبی سوپاهن» ڕستەیێكی تازە دەست پێ كراوە كە لە زاراوەی عەرەبیدا پێی دەڵێن«جملە مستأفە». لەم حاڵەتەدا واوی عەطف هەر ئەوەندە دەكات كە ڕستەكە دێنێتە ناو ئاخاوتنەوە، بێ ئەوە بە وشەی پێشووتری ببەستێتەوە لە هیچ ڕوویێكی ڕێزمانەوە. بەو پێیە ڕستەكە نابێتە « مضاف الیە» بۆ وشەی «آشوب»، وەك كە ڕستەی « دڵی مەملەكەتن» بووەتە «مضاف الیە».

ئەم لەبەر یەك هەڵوەشاندنە، ڕێزمانییەی بەیتەكە- كە لێرەدا بۆ مەبەستی ڕوونكردنەوە دێتە ناو حیسابی واتای لێكدانەوەوە- شتێكە لە لاوە خۆی بەملی بەیتەكەدا دەدات وە لە بنەڕەتدا شكیردنەوەی ڕێزمانی هەبێ یان نە بێ وە یاخود ڕێزمان دانرابێ وە یا دانەنرابێ، واتاكان لە هەڵبەستەكەدا هەن و زیهنیش بۆیان دەچێت و تێیان دەگات. ئەو هەڵبەستانەی پێش دانانی ڕێزمانان دەهۆنرانەوە، چ كەموكورتییەكیان لێ پەیدا نەبوو. خەڵقیش لە هەموو واتاكانیان دەگەیشتن و چونكە دەستورەكانی بنجی ڕێزمان لە هەڵبەستەكاندا هەبوون بێ ئەوەی جاریێ زانای زمان و ڕێزمان هەڵی هێنجابن و زاراوەی «فعل و مضاف الیە و جملە مستأنفە»ی بۆ بەكار هێنابن؛ بەڵام دەبێ ئەوەندە تێبینییە ڕەچاو بكرێ كە زۆر بوونی دەستوور و پێوە خەریك بوونیان، دەنگوڕەنگێكی دێنێتە ناو گوتەوە چ لە پەخشاندا بێ و چ لە هەڵبەستدا. ئەم دیاردەش لە هەموو مەیدانەكانی چالاكیی مرۆڤدا دەدیترێت، نەك هەر لە گوتە و نووسین؛ بە نموونە، دەڵێم مەلەكردن لە سەرەتای پەیدا بوونی مرۆڤەوە، چالاكییێكی بێ دەستوور بوو. ئەو كەسەش بە مەلەوانی چاك لە قەڵەم دەدرا كە خێرا پەڕیبایەوە و درەنگ ماندوو بووبا. بەڵام دوای پێشكەوتنی مرۆڤ لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا، بەرەو ڕێكخستن و یاسا دانانەوە، مەلەكردنیش دەستورو یاساو مەرج و ڕەواو ناڕەوای بۆ دانرا و ڕەهایی جارانی نەما ئیتر مەلەوان ئەگەر بەقەدەر ماسییش خێراو بەردەوام بێ، لە هاڤركێی ڕەسمیدا قبووڵ ناكرێ كە بێت و گوێ نەداتە یاسا و دەستوورە سەلمێنراوەكانی هاڤركێ.

ئێمە كە بەناچاری قسەمان گەیشتە دەستوور و یاسا لە كاری ئەدەب و هونەردا،

دەبێ لەوەش ئاگادار بین کە هەڵبەست دووجاران دەستووری تێدا ڕەچاو دەکرێت: جارێکیان دەستوورەکانی ڕێزمان کە لەمەدا هاوبەشی پەخشانە؛ جارێکیشیان دەستوورەکانی «عروض» کەتایبەتی شیعرە. سەرەڕای جووتە بەندی «ڕێزمان و عروض» کە لە ڕەهایی شیعر کەم دەکەنەوە، پێویستیی مۆسیقاش، جارێکی تر شیعر لە پەخشان جودا دەکاتەوە و بەندێکی سێیەمی لێ زیاد دەکات، هەرچەند گەلێك نووسینی پەخشانیش هەیە هێند زرینگەدارە لە بەشێکی زۆری هەڵبەستی بەرزتر دەکاتەوە؛ بەڵام ئەمە سنووران لەنێوان پەخشان و هەڵبەستدا نابەزێنی و تایبەتییەکانیشیان تێکەڵ بە یەکتر ناکات. تەنانەت ئەو ڕاستییەش ناشارێتەوە کە پێکهێنانی مۆسیقاو زرینگە لە پەخشاندا دەرفەتێکی فراوانتری هە یە تا هەڵبەست؛ لەو ڕووەوە کە پەخشان جووتە بەرهەڵستی «کێش و قافیە»، نەفەسی نابڕن و مەودای لێ کورت ناکەنەوە. تەنها شتێك لێرەدا کە یارمەتی هەڵبەست دەدات ئەوەیە، کێش و قافیە زرینگەیێکی تایبەتی خۆیان هەیە؛ دەی خەنە ناو هەڵبەست و هەندێکی بۆ تێ دێننەوە لە ئەرکە قورسەکەی دروستکردنی مۆسیقا لەو مەودایەی کە کێش و قافیەکە تەسکیان کردووەتەوە، ڕەنگە ئەمەش بابەتێك بێت لەوەی پێی دەڵێن «وحده الاضداد».

نالی ناوناوە لەو هونەرەی بەڕێکردنی دوو سێ تیری مەعنا لە کەوانەی یەك وشەوە، تێ هەڵدەکشێ بەرەو بەرزایی دەسەڵات و مەهارەتی لە ڕادەبەدەر. لەو تەرزە جێگایانەدا مرۆڤی، شیعر دۆست ڕاستەوخۆ دەکەوێتە کەڵکەڵەی بەیەکدی گرتنی نموونەکانی نالی لەگەڵ شیعری شاعیرەکانی هەموو ڕۆژهەڵاتی موسڵمان، نەك تەنها هی کورد.

یەکێك لەو نموونە هەرە بەرزانە کە خۆی لە ڕێزی چەند بەیتێکی تری یەکجار بەرزدا دێت، ئەم بەیتەیە:

حەڵاڵی بێ نیکاحی حوری «عینم»

بە جووتە نازیری شەرع و فەتاوا

ئەم بەیتە دەبێ بە ڕێنووسی سەردەمی نالی بنووسرێتەوە، تاکو هەموو واتاکانی بێتە بەر چاو:

حلالی بی نکاحی حور عینم

بە جوتە ناظری شرع و فتاوی

جارێ با لە پێشەوە ئەوە بڵێم، سەر لەبەری بەیتەکان هەر لە یەکەمەوە تا کۆتایی، تائێستا بە نەزانراوی و شراوەیی ماونەتەوە:

ئەوەندەی دیبێتم و بیستبێتم یەکێك مەعنای لێ دابنەوە خۆی لە شوێنە سەختەکان نەداوە و بە پێ دزیلکەی خۆ دەربازکردن لێیان دوورکەوتووەتەوە؛ وەیا بە فەندی گرێ شاردنەوە تەگەرەکانی خستوونەتە تاریکاییەوە. واش هەیە تێکڕاییەکی مەعناکەی گوتووە، بێ ئەوە بە وردی واتاکان بەسەر وشە و ڕستەکاندا ببڕێت. کەس نەهات بە ڕاشکاوی پێمان بڵێ، ئەم بەیتە بەڕاست و ڕەوانی و بێ قۆرت و گرفت چیی مەبەستە:

صداق و روونمایی وەصلی شاهید

لەگەڵ شایی کەران بێ دەنگ و داوا

تەنانەت کەسم نەدیت قۆڵ و باسك لە ساغکردنەوەی داڕشتنی دوو مصرەعەکە هەڵماڵێ و بڵێ ئایا « صداق و روونما» یە، یاخود «صداقی روونما»یە، یاخود «صداق و رونمایی وصل»، وەیا«صداقی روونما و وەصل»ە، وە یا شتێکی ترە. ئەگەر هەرکامێك لەمانە وەیا هی تر بێ، واتاکەی چییە؟ ″شایی کەر″ کێن؟ کە نالی وێنەی یار لە دڵدا دابنێ و پەردەی بووکێنی لە چاوی خۆی دروست بکات، ئەم ″شایی کەران″ە چییان بەسەر ئەم مامڵەتە ″بێ دەنگ و داوا″یەدا هەیە؟ چۆن دەشێ شایی کەری عادەتی لە مامڵەتی نێوانی حەبیبە و چاو و دڵی نالی بەشدار بن؟ کە بەشداریش بوون، بۆچی بێ دەنگ و داوابن؟ دەبینی ئەم تەرزە واتا لێکدانەوەیە نە لەگەڵ بەیتەکەدا ڕێك دەکەوێ و نە لەگەڵ واقیعی ژیان دەگونجێ، نە بە هیچ جۆرێك لە نالی دەوەشێتەوە. خۆ خافڵاندن بەم شێوە واتایانە لە شیعری نالی نامان گەیەنێتە هیچ شتێك و بای زڕە قەناعەتیش ناکات. من دیتوومە ئەم بەیتە بەم شێوەیە نووسراوە:

صداق و روونما و وصلی شاهد

لەگەڵ شایی کەران بێ دەنك و داوا

لەمەدا «دەنگ و داو»، دەبنە کەرەستەی ڕاوکردن؛واتە دانە و داو.

ڕەنگە وا بزانرێت هاتنی بزوێنی«ا» لە کۆتایی وشەی «داو»دا شتێکە پێچەوانەی دەستووراتی زمانی کوردی. بەلام ڕەواندنەوەی ئەم گرێیە زۆر ئاسانە؛ ئاسانییەکەشی لە ڕێی هێنانەوەی نموونەی تری وەك ئەم لە شیعری کوردی پەیدا دەبێ. شاعیرێکی کورد (وابزانم زیوەر(؟)) دەڵێ:

عەرەق نیە لە عالەما کە لابەرێ لە دڵ غەما

ئەم دێڕە شیعرە ڕاست و دروستەش وەك هینەکەی نالی، هاتووە لە کۆتایی وشەی «غەم» بزوێنێکی «ا»ی داناوە. بەیتەکە لە بنەڕەتدا دەبوو بەم شێوەیە بێت:

عەرەق نیە لە عالەما کە لابەرێ غەم لە دڵا

شاعیر لەبەر قافیەی شیعر، وشەی «غەم»ی گوێزاوەتەوە جێی «دڵ»و بزوێنەکەی دڵیشی پێ داوە کە کورت کرایەوەی «دڵدا»یە.

مەلای گەورە لە مەدحی «هۆزی میراودەلی» ئەمەی گوتووە:

شـــەقێـکیشی گـــەیـــاندە ئینـگرێزی

بە بازێ چوونە بەغداوە لە دەربەند

بە پێی دەستووری ئاخاوتن دەبوو بڵێ«چوونە بەغدا لە دەربەندەوە»، ئەمیشیان کێش و قافیەی شیعر، جێ گۆڕکێی بە یەکێك لە ئامرازەکانی کۆتایی وشەیێکی کردووە بۆ کۆتایی یەکێکی تر.

پێش مەلای گەورە و زیوەر، «نالی» ئەم فەندەی بەکار هێناوە، لەو بەیتەدا کە لێرە باسی دەکەین؛ چونکە ئەمیشیان جێ گۆڕکێی بە بزوێنی «ا» کردووە لە وشەیێکیەوە بۆ وشەیێکی تری، بە تەواوی وەك بەیتەکەی «زیوەر». دیارە بەیتەکە وەها بووە؛ بەڵام کێش و قافیە گۆڕیویەتی:

لەگەڵ شایی کەرانا بی دەنك و داو

ئەم بزوێنەی «شایی کەرانا»ش وەك هینەکەی بەیتی زیوەر کورت کرایەوەی « شایی کەراندا »یە کە زۆر باوە لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی. نالی لە زۆر جێگەدا بە لەهجەی خەلقەکە ڕەفتاری کردووە لە شیعردا وەك کە دەڵێ:

پـەچـەیـی پـەرچـەمـی و پـرچی سـیـا

هەر دەڵێی مانگە شەوە و کوڵمی تـیـا

ئەم «تیا»یە، کورت کرایەوەی «تێدا»یە، بە پێی دەستووری تێبردنی دەنگی«د» لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی.

دەزانین لــە سەردەمــی نــالــی«دەنگ»و«دەنك» هــەردوویــان وەك یــەك دەنــووسران «دنك». لەبەر ئەمە هەڵدەگرێ ئەو کەسەی کە من دەسنووسیم دیوە ئیحتیمالە مەیلەو

ونەکەی شکڵی «دنك»ی پەسند کردبێت و ئەوی بەسەر ئیحتیماله پەرەسەندووەکەی «دەنگ»دا، تەرجیح کردبێت. بەهەمە حاڵ ئەم ڕواڵەتەی «دەنگ و داو» وا لەبەر چاوانە؛ جا ئەگەر لە بەیتەکەدا خۆی سەپاند کوا واتاکەی؟ کێ دەڵێ کە «دەنگ و داو» خرایە بەر شیکردنەوە، گوتەی «شایی کەران» (شایی کران بە ڕێنووسی سەردەمی نالی) ئەویش ڕواڵەتێکی تری نابێ کە «شایی گران»ە؟ کە هاتین نیوە بەیتەکەمان کردە «لەگەڵ شایی گران بێ دەنك و داوا»، واتاکە چی لێ دێ؟ شایی گر ئایا هەر ئەوانەن کە شایی دەکەن و دەستی یەکتر دەگرن؛ یاخود وشەی «شایی» واتاییێکی تری هەیە کە دەی کاتە شتێك لەوانەی بە دەنك و داو یا بێ دەنك و داو دەگیرێن. دەزانین واتاییێك لە واتاکانی وشەی «شایی» جۆرێك پارەیە لە کۆندا باوی هەبوو وەك: مەتالیك، پەنابات، پوول...هتاد. کە ئەم واتایە وەرگیرێ، دیارە وشەی «شایی» لە «شاهی» یەوە گۆڕاوە؛ هەروەك وشەی «شایی» بەواتای هەڵپەرکێ لە «شادی»یەوە هاتووە. جا ئەگەر «شایی گر»بێتە ناو هەڵبەستەوە، دەشێ مەبەست ئەوانە بن کە پارە وەردەگرن لە شایی و کەیف و هەڵپەڕکێدا؛ وەك زوڕنا ئەنگێو و دەهۆڵ لێدەر و شاباشکەر. شایی گرتنەکەش دەنك و داوی تێدا بەکار نایەت.

دەبینی چەند زەحمەتە بڕیارێك بدەیت لەبارەی واتای سەرلەبەری بەیتەکە؛ لە حاڵێکدا پێت نەکرێ بڕیار بدەیت بۆ واتای تاکە وشەیێکی ناو هەڵبەستەکە، کە بڕیاریشت دا واتای وشەکە چییە، ئەوساش بۆت نەکرێ بزانیت جۆری گونجانی لەگەڵ وشەکانی تردا چۆن دەبێ.

بەکارهێنانی وشەی واتا مەیلەو بزر، کارێکە نالی زۆر جارانی کردووە؛ وەك کە لە بەیتێکدا وشەی «باخە» ی بەکارهێناوە کەم کەسیش نەبێ نازانێ بە واتای «کیسەڵ»ە. من خۆم ئەم واتایەم لە مامۆستا هێمن وەرگرت، ئەویش لە فەرهەنگێکی فارسیدا دیتبووی. بەیتەکەش ئەمەیە:

لەم دەنی فراتە کە دەکا پەشە بە عەنقا

نەك لەم خمی نیلە کە دەکا باخە بە تیمساح

لە نوسخەکانی دیوانی نالی لە جیاتی «باخە» لە هەموویاندا، «باغە» نووسراوە کە چ گونجانێکی لێ دیار نادات لەگەڵ رواڵەتی تێکرای بەیتەکە. وشەی «فراتە»ش لە دیوانەکاندا «قەرابە» نووسراوە کە دەزانین ڕواڵەتی «فرات» لەگەڵ «نیل»دا ڕێك دێت.

بەهەمە حاڵ ئەم وردەکارییانە تا ئێستا کەس نەیکردووە؛ منیش تەنها سرنجی نالی دۆستانیان بۆ رادەکێشم. ئەوەندەش بە دەنگ دێم کە بڵێم براینە بەداخەوە من جارێ هەر ئەو رواڵەت و دیمەنانەم هاتوونەتە بەر چاو کە ڕەنگە هی تریش هەبن لە بەیتەکەدا. نەشمتوانیوە بەمل مەعنای راست و دروستیاندا دابڕم وەیا تەرجیحی رواڵەتێك بەسەریەکێکی تردا بدەم. بەڵام هەرچۆنێك بێت هاتنی« دەنك و داوا» ئەگەر تەنها وەك سێبەرێکی دوو وشەی«دەنگ و داوا»ش بێ لە ناو هەڵبەستدا دەبێ، تێبخوێندرێتەوە و لە کەس قبووڵ ناکرێ بڵێ کاکەینێ ئەمن ئەم «دەنك و داوی»ەم دیتبوو بەڵام بایەخم پێ نەدان بە هۆی ئەوە کە لە بەیتەکە بێگانەن؛ چونکە دیارە پاش ئەم هەموو دەنگدانەوەی فرەواتاییی شیعری نالی، هەر کەسێك «دەنك وداوی» وەها لە هەڵبەستێکیدا ببینێت، خێرا لێی دەچرپێنێ، بەڵکە خۆشی پێ هەڵدەداتەوە.

با بێینەوە سەروکاری «حەڵاڵی بێ نیکاحی حور.....»

من ڕاستی بەیتەکە وەها دەزانم، وەك لە پێشەوە نووسیم:

حەلالی بێ نکاحی حور «عینم»

بەجووتە نازیری شرع و فەتاوا

دەسنووسم دیتووە مصرەعی دووەمی وەها نووسیووە:

بە جووتەی ناظری شرع و فتاوی

بەهەمە حاڵ، هەرکامێك لەم شێوە نووسینانە راست بن، فەرقێکی بنجی بەواتای بەیتەکە ناکا؛ هەرچەند ئەوەی من پەسندم کردووە، رێکتر دێت لەوانی تر لەگەڵ یەکێك لەو واتایانەی بۆی چووم کە ئەمەیانە:

حەڵاڵی بێ نیکاحی حور، عەینم

لێرە بەپێشەوە هەرجارە وشەی «عینم»م دەخستە ناو کەوانەوە؛ بۆ ئەوە رێم هەبێ دواتر کە دەکەومە سەر شیکردنەوەی بەیتەکە، بەپێی داخوازیی واتا تەلفظەکەی بهێنمە سەر ڕێنووسی کوردیی نوێ. لێرەدا وشەی «عەینم» کە یەکێکە لە خوێندنەوەی «عینم»ی سەردەمی نالی، واتای بەیتەکە بەم جۆرە بەدەستەوە دەدات:

حەڵاڵی بێت نیکاحی حور، چاوم

بە جووتە نازیری شەرع و فەتاوا

دەزانین نیکاحی حور لە بەهەشتدا حەڵاڵە، ئەم حەڵاڵییەش مەعلووم کراوە هەم لە

شەرعدا و هەم لە «فەتاوا – فتاوی»دا. دەشێ «فتاوی»، ڕێژە جەمعی وشەی «فتوی» بێ کە واتای فەتوادان بەگشتی دەگرێتەوە، مومکینیشە مەبەست کتێبی «فتاوی»ی «ابن حجر» بێت کە یەکێکە لە کتێبە عومدەکانی ئیسلام.

«نکاح» بەواتای مارەکردنە؛ بەڵام لێرەدا کە نیکاحەکە لە نێوان حۆری و چاودا بێت، دیارە هەر دیتن مەبەستە: دیتنی ئافرەت لە ئێسلامدا حەرامە، وەك دەزانین، بەڵام لە هەمان ڕێی «شەرع و فەتاوا»وە دیتنی حۆری حەڵاڵە کەواتە چ بێ شەرعی و ناجایەزی ڕوو نادات کە نالی تەماشای «حەبیبەی ماڵیاوا» بکات چونکە ئەویش حۆرییە.

ئەم حەڵاڵە بوونە لە بەیتەکەدا بەهۆی داڕشتنی ڕستەکانیەوە دەبێ، نەك من و تۆ یاریدەی بدەین بۆ نەهێشتنی ناتەواوی و کەموکەسریی: نالی کە دەڵێ:

بە جووتە نازیری شەرع و فتاوا

بەمەدا راستەوخۆ گوتوویەتی چاوم- کە دوو چاون- دیتنی حوریان لێ حەڵاڵ بێت، کە دیارە مەبەست دیتنی حەبیبەیە، حەڵاڵ بوونەکەش زۆر بەئاسایی و ئاشکرایی لە عیبارەتی بەیتەکە هەڵدەستێ کە دەڵێ: «بەجووتە نازیری شەرع و فەتاوا»، لێرەدا ئەم مصرەعە سەرلەبەری دەبێتە وەصف وەیا حاڵ بۆ وشەی «عەینم- عینم» کە لەکۆتایی مصرەعی یەکەمەوە هاتووە؛ واتە: نیکاحی حور لە چاوەکانم حەڵاڵ بێ کە هەردوویان بەجووتە تەماشای شەرع و فەتاوا دەکەن. وشەی «ناظر»؛ بەواتای تەماشا کەر دێت. لەم تەماشا کردنەی شەرع و فەتاوادا چاوەکانم حەڵاڵ بوونی نیکاحی حوریان پەیدا دەبێت.

ئەم واتایە لەگەڵ ئەوەیدا ڕێك دێت کە مەبەست تەنها دیتنی حەبیبە بێت؛ بەڵام کە هەر بێین و بەوشە و واتای نیکاحەوە بلکێین ئەوسا شیکردنەوەیێکی تر لەگەڵ بەیتەکەدا دەکرێ.

وشەی «نازیر- ناظر»، هاوواتای وشەی «شاهد- شایەد»ە. دەزانین نیکاحی مێیینە لە نێرینە دوو شایەدی دەوێ. ئەم دووشایەدە لە بەیتەکەی نالیدا بۆحەڵاڵ کردنی مارەبڕینی حۆریەکە لە گوتەی «جووتە ناظری شەرع و فەتاوا» بەدەست دەکەون. ئەوسا شەرع و فەتاوا خۆیان دەبن بە شایەد لە بەستنی نیکاحەکەدا؛ چونکە هەردووکیان «جووتەناظر- جووتە شاهد»ن.

واتای دووەمی بەیتەکە ئەمەیە کە لەم شکڵ نووسینەی خوارەوەدا دەدیترێ:

حەڵاڵی بێ نیکاحی حوری عینم

بە جووتە نازیری شەرع و فەتاوا

لەقورئاندا «حورٌعین» هاتووە.

وشەی «ناظر» بەو کەسەش دەڵێن کە حوکم و فەتوا دەردەکات. واتاکەش لەوەوە دێت کە دەگوترێ، «نظر بين الناس»، نالی بۆ خۆی ئەم وشەیەی بەو مانایە لە بەیتێکی تریدا بەکارهێناوە:

ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن

هەم ناظمی عقودن و هەم ناظری أمور

نالی دەڵێ: حەڵاڵ بوونی «حور عین» لە من، بێ ئەوە نیکاح لە بەیندا بێت، بەبڕیار و حوکمی جووتە «ناظر- حاکم»ی شەرع و فەتاوا هاتووە؛ چونکە هەردوو «ناظر» کە یەکیان شەرعە و ئەوی تریان کتێبی فەتاوایە، دەڵێن حۆری بێ نیکاح و مارەکردن بۆ پیاو حەڵاڵن.

جگە لەم واتایانە یەکێکی تریش هەیە مامۆستا مەلا شێخ کەریمی بیارەیی و کاك فاتیحی کوڕی بۆی چوون کە وشەی «حور» بەواتای «ڕەشایی و سپیایی» چاو بێت، وەك لە فەرهەنگدا دەڵێ «حور» زێدە ڕەشی ڕەشکێنە و زێدە سپیەتی سپێینەی چاوە. لەم حاڵەدا بۆ وەزنی شیعر دەبێ وشەکەی «حَوْر- حەور» بخوێنرێتەوە، واتای بەیتەکەش ئەمە دەبێ:

حەبیبەی ماڵیاوا نیکاحی «حَوَر»ی چاومی لێ حەڵاڵ بێت.

لەم واتایانە هەر کامێکی پەسند کەیت ڕێ لەوانی تر ناگرێ، هیچ یەکێکیشیان بەنەسەلماندنی سادە ناسڕێنەوە؛ چونکە هونەری ڕەسەنی تێدا بەکار هاتووە کە وا دەمێکە لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی موسڵماندا ڕەگی داکوتاوە؛ واتا لێدانەوەش، چ ئەم بەیتانە بێت، چ هی بەیتی تری نالی، وە یا شاعیرێکی تر بێت، هەر بەوەندە نابێ کە لە تێکڕای دەنگ و صەدای هەڵبەست واتا و وێنەیێکی گشتی وەرگرین و بڵێین ئەمەتە مەبەستی شاعیر، وەك کە کابرای شارەزووری لە کتێبخانەی مەلایێکدا گوتی: ئەم کتێبانە گشتیان دەڵێن چاك بکە و خراپ مەکە. بەڵێ، ڕەنگە کابرا ڕاستی کردبێ، بەڵام بەم ڕاستییە سادەیەی بێ ئامانج و سنوور نابی بە «شافعی».

پێویستی سەرشانی شیکەرەوەی بەیتی داخراو و سەرپۆشکراو و مەتەڵاوی ئەوەیە،

هەر وێنە و واتایێکی کە ئیدیعای هەبوونیان دەکات لە هەڵبەستەکەدا بیان باتەوە بۆ ئەو وشەیە و ڕستەیەی کە لێیەوە ڕەنگ دەدەنەوە. نەختێك بەو چەند ڕووپەڕەی دواییەدا بگەڕێوە، دەبینی گوتەی «حەڵاڵی بێت نیکاح- حەڵاڵی بێ نیکاح»، هەرجارە ڕوو لە ئامانجێك دەکات و دەی پێکێت. ئەگەر لە بەیتەکەدا وەیا لە شوێنێکی تری هەڵبەستەکەدا ئامانج و ڕێوجێ بۆ یەکێك لە شێوە خوێندنەوەکان نەدۆزرێتەوە، دیارە ئەو شێوەیان دەپووچێتەوە. بەڵام دیسان دەبێ پەلە نەکەین لە پووچاندنەوەی ئەو شێوەیان؛ چونکە لەوانەیە ئامانج و ڕێوجێشی هەبێ لە شیعرەکەدا و ئێمە چاومان نەی بینیبێت. وەك ئۆینی دامە و شەترنج کە لەسەر تەختەی یارییەکە هەیە و شارەزا نەبێ تێی ناگات، تەنانەت ئەگەر هیچ ئامانجێکیش نەدۆزرایەوە وەیا نەبوو کە وا تیرێکی واتای تێ بگیرێت، دەبێ نرخێك هەر بدرێ بەهێنانی شێوەیێك لە لاوە بۆ ناو هەڵبەست، هەرچەند شێوەکەش خۆی بەواتایێکەوە نەبەستێتەوە وەیا بەسەر بنگەیێکەوە نەوەستێتەوە و وەك دووکەڵیش ڕەهەوا کەوێت؛ چونکە هەموو وێنەیێك لە هەڵبەستدا دەبێتە هۆی تێروپڕی و سامانی داڕشتنەکەی؛ بەمەرجێك هەناسەسواری و نالەباری و عەیبی ئەوتۆیی پەیدا نەکات. شاعیر لە گەرمەی هەڵڕژانی سۆز و عاتیفەیدا، لایەنی ئارایشت و جوانکاری و هونەر، فەرامۆش ناکات و هەمیشە خەریکە بەپێی دەسەڵات و لوان، دراوسێیەتیی نێوان شێوە و ناوەڕۆك بکا بەپەیوەندییێکی سوودبەخش. دیارە لەم مەیدانەشدا هەتاکو شێوە پڕ ڕەنگ و وێنە و نەقش و نیگار بێ، پتر لێی دەوەشێتەوە ببێت بەزەرفی واتای ورد و ناسك و شەنگ. نالی خۆی لە بەیتێکی زۆر بەسۆزدا ئەمەی گوتووە:

لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ

بێ خەتا کەس نیە ڕازیی کە لە ئەولادی درێ

مەعنا لێدانەوەی خراپی شیعریش لە سێ ڕێبازی ڕاستە شەقامەوە دێت، جگە لە لاڕێ و کوێرەڕێی ئەوتۆ لێرەدا جێی باس کردنیان نابێتەوە، یەکێك لەو ڕێبازانە ئەوەبوو کە لێی دەدوام وا ئێستاش دێتەوە پێشمان:

ڕێبازی یەکەم: مەعنا لێدانەوەی هەڵە و چەوت و کەموکەسر.

ڕێبازی دووەم: لە لاوە خواستنەوەی واتا بۆ ناو هەڵبەست.

ڕێبازی سێیەم: کەم کردنەوەی مەعنا و سڕینەوەی جوانی و ئارایشت، کە ئەمەیان یەکجار لە هی دووەم ناپەسندترە.

ئەم ڕێبازەی سێیەمە کە پووچاندنەوەی نرخی هەڵبەست دەگرێتە بەر، ئەگەر لە ئەنجامی نەزانینی سادەوە بێت، عوزری نەزانین شەفاعەتی بۆ دەکات، زیانیشی زۆر کەمترە لەوەی بەئانقەست وەیا بۆ هەر مەبەستێکی تری زاتی بێت، پێڕەویی بکرێت؛ چونکە مرۆڤی نەزانی سادە، ڕێگای تێگەیشتن و فێر بوون لەڕووی خۆی و حەقیقەت داناخات؛ بەخۆڕاییش بەردەوام نابێ لەسەر کزکردنەوە و کوژاندنەوەی تروسکەکانی واتا و ئاڕایشتی هەڵبەست، بەپێچەوانەی مرۆڤەکەی تر کە بڕیاری داوە، چ ڕاستییان نەسەلمێنێ مەگەر ئەو ڕاستییەی دڵخوازی خۆی و مەبەستە زاتییەکەی بێت.

لەبەر تیشکی ئەم بەدیهییە ڕووناکەدا ڕێمان هەیە بڵێین، پێویستی هەرە سەرەتایی بەسەر شانی شیکەرەوەی شیعری شاعیرێکی ورد و مووقڵاش و قووڵی وەك "نالی" یەوە ئەوەیە، چاو ودڵ و هەست و نەستی خۆی بکاتەوە بۆ بوونی ئیحتیمالی واتایێك وەیا وێنەیێك لە شیعرەکاندا کە خۆی بۆی نەچووە. هەمیشەش لەم و لەو بپرسێ بەڵکوو، کوردی گوتەنی خوا و ڕاستان، مانایێکی شرایەوە ببیسێ لەوانەی بەپرسین نەبێ نەگاتە دەسەڵاتی مەحدوودی خۆی.

بەولای ئەم پێویستییە سەرەتاییەوە پێویستی تری سەخت و زەحمەت زۆرن بۆ گەیشتن بەتوانای پلە بەرزەکەی دیراسەی شیعری نالی وەیا هەر یەکێك لەو شاعیرە ناودارانەی ئیسلام کە ناویان لە مەیدانی وردەکاری و فرەواتایی و تویێکڵداری و صەدتۆژاڵیدا دەرکردووە. بەعادەت هەموو شیعرێك و هەموو هونەرێك و هەموو بەرهەمێکی جوان و ورد، جۆرە داپۆشراوییێکی تێدایە کە جودای دەکاتەوە لە گوتەی بازاڕی و بەرهەمی ساکار لە ڕووی ئاسانی و زەحمەتی تێگەیشتنەوە کە ئەمەش دیاردەیێکە نابێ چاوو مێشکمان لێی بڕەوێنەوە و ببنە دوشمنی؛ بەپێچەوانە دەبێ لێی ڕازی بین و کەیفمان پێی بێت؛ چونکە لە هەر زەحمەتێکی فیکری و هونەریدا جۆرە سەرەوژوور چوون و پێشکەوتنێك هەیە کە جێی شانازی پێوە کردنە؛ نەك لێ زوێر بوون. تاوانبار کردنی بەرهەمی پێشکەوتوو خۆی لە خۆیدا تاوانێکی گەورەیە. کە بێین ئەم دەستوورانە و مەبدەئانە بەسەر شیعرەکانی نالیدا بگرین، دەبینین بەشێکی زۆری شیعرەکان بەمەیدان و دانگ پێش تێگەیشتنی ساکار کەوتوونەتەوە. بە نموونەی ڕوون کردنەوە دەڵێم: بۆ تێگەیشتنی تەواوی واتای سەرلەبەری بەیتەکانی نەعتی «ئەی ساکنی ریازی مەدینەی مونەووەرە»، دەبێ چەندین مەیدانی زانست و شارەزایی ئەو سەردەمە بڕابێت کە نەعتەکەی تێدا هۆنراوەتەوە:

١- شارەزایی بەسەر جوملەیێکی ئەدەبی کۆنی ئیسلام.

٢- شارەزایی بەزۆربەی زانستەکانی ئیسلام.

٣- شارەزایی بە «منطق» -ژیر بێژی».

٤- شارەزایی بەمەشرەب و شێواز و تایبەتییەکانی بوێژیی نالی.

٥- شارەزایی بە لەبەریەك هەڵوەشاندنی گوتە و واتای داخراو.

سەرەڕای ئەمانە و شتی تریش، دەبێ سەلیقەیێکی ڕاست و زەکایێکی زکماکیش یار و یاوەر بێت ئەگەرنا هەموو پەلەفڕە و دەست و پێ لێکدانی جیهان، بایی یەك تۆسقاڵ سوودی نابێ بۆ تێگەیشتنی ئەم دوو بەیتە:

شوبهەی نیە کە شەمس و قەمەر سێبەری ئەون
نیسبەت بە هەردوو وەجهـ وەکوو نور و سێبەرە
بورهانە صورەتی بەشەری چونکە نورە نور
بێ ظیللە ماسیوای بە دو نیسبەت موعەببەرە

دەبێ لێرەدا قسەی درێژ کورت کەینەوە، بۆ ئەوە جڵەوی خامە بادەینەوە سەر لایەنی «خۆلادان» لە ڕەوشتە ناجایەزەکەی و ڕووتاندنەوەی هەڵبەست لە واتا و ئارایشت.

نالی کە ئاگاداری خۆیەتی چی کردووە لە جیهانی پڕ ئەفسوونی واتادا، چەندین جار پەردەی مێشك و گوێی ئەدیبانی لەراندووەتەوە بە گوتەی صەریحی پڕ بەدەم و پڕ هاوار بۆ ئەوەی ورد بنەوە لە واتای شیعرەکانی و دەستیان بگاتە گەوهەرە قەپێلك داخراوەکانی ژێر دەریای هەڵبەستی. لەم هاوارانەی "نالی"دا هەرچی عوزری خۆنەزان کردن و بێ باکی و سەر ڕۆیی و تەسك پێوی بە دەست کەسەوە نەماوە، لە ئاست شیعرەکانی، چونکە عەرەب گوتەنی: «أعذر من أنذر». وەیا کورد گوتەنی: «ئەوەی کەس بێ ئەلفێکی بەسە». سەیری چەند بە پەرۆشەوە لە بن گوێی ئەدیب و شیعر دۆستی کورددا دەچریکێنێت:

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە ئەمما
غەوواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە
پڕ دانەیە ئەمما نە وەکو دانەیی چەڵتووك
بەحرم وتووە نەك وەکو گۆلی مەرەزانە

تەنانەت لە وشەی «بەحری غەزەل» دا، دانە گەوهەرێکی واتای داناوە کە ئەگەر بۆی

قووڵ نەبینەوە، دەستمانی ناگاتێ. ئەم بەحرە کە لە تەك گۆلی مەرەزەدا دابنرێت، دەبێتە دەریا لە ڕووی قووڵیی خۆی و تەنکیی گۆلە مەرەزەوە، کە ئیزافە وەلای «غزل»یش بکرێت، دەبێتە «بەحری عروض». سەیریش لەوەدایە کە بەیتەکان بەدوا بەیتێکی تردا دێن، ئەویش لە لای خۆیەوە هێزێکی زیادیان پێ دەدا. پێشتر نالی گوتوویەتی:

لەو شێخە بەکەم مەگرە کە شێخە نە مریدە

ئـەم ریـشە بە سـەردار و رەئـیسـێکی بـزانە

وشەی «بزانە» لە کۆتایی بەیتەکەدا، بەڕواڵەت واتای« إعلم» ی عەرەبی دەبەخشێ؛ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم واتایە فرێی بەسەر ناوەڕۆك و مەبەستی بەیتەکەوە نییە؛ چونکە "نالی" دەیەوێ هەجوی شێخەکە بکات، نەك پێیدا هەڵبڵێ. وشەی «بزان» جەمعی وشەی «بُز» ی فارسییە؛ بەواتای «بزن». بەو پێیە بەیتەکە دەبێتە : «ئەم ڕیشە بە سەردار و ڕەئیسێکی بزانانە». کە دەزانین بزنیش ڕیشی درێژە. کەواتە نالی حەقیەتی گورج پێمان بڵێ «بەحری غەزەلم... هتد». چونکە تازە بە تازە وشەی «بزان»ی کردووەتە گەوهەر و خستووتیە بەحری غەزەلەوە. ئێمە کە چاومان ئەم وردەکارییە نەبینێ، خەتای چاومانە و لەبەر بێ باکی وەیا درشت بینیی خۆمانە. لەوەشدا چ حەقێکمان بەدەستەوە نەماوە؛ چونکە نالی ڕێی هەموو گلەیێکی لێ بڕیوینەوە. پێم بڵێ دەبێ هەڵوێستمان لە ئاست ئەم بەیتەدا چی بێ؟

نالی بەداوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر

بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە صەد داوی نایەوە

ئێمە کە بزانین داوی بۆ ناوینەتەوە، چۆن ڕەوایە سووك بەسەر شیعرەکانیدا تێپەڕین؟ ئـەم سووك تـێپـەڕینـەمـان یـەکسەر پـابـەنـدی داوەکـانمان دەکـات و چ عـوزرێکیشمـان بەدەستەوە نابێ؛ چونکە وەك گوتم، « لقد أعذر من أنذر». بێگومان دەبێ هەر ئەم بەیتە خۆی داوی وەهای تێدابێ کە ئەگەر ورد نەڕۆین پێیەوە بین. من یەك دوو داوم لێ هـەڵـگرتـۆتـەوە. هـونـەرەکـەش بـۆ نـالـی دەگـەڕێتـەوە، چـونکـە خـەبـەرداری کردمەوە لە داوەکان. یەکێك لەوان ئەمەیە کە شیعرەکە بەشێوەیێکی تر بخوێندرێتەوە؛ چونکە لە ڕێنووسی کوردیی کۆندا هەردوو خوێندنەوە جایەزە:

نـالی بەداوە شیعری دەقیقی خـەیاڵی شـەعری

بـەمـەدا خـەیاڵی داوەمووە باریکەکانی یار بووەتـەوە داوە شیعری غەزەلـەکە. وەصفی

«دقیق»یش دەشێ بۆ ″شیعرەك″ە و بۆ ″شەعرەك″ە بگەڕێتەوە و هەردووكیان ببنە ئەو داوە كە بۆ شاعیرانی ناوەتەوە.

«خەیاڵی شەعر»یش هەڵدەگرێ «اضافەی بیانی» بێت؛ نەك «اضافەی حقیقی». ئەوساش واتاكەی ئەمە دەبێ :« ئەو خەیاڵەی وەك شەعر باریكە». ئەمەیان داوێك.

داوی دووەم لە كۆتایی بەیتەكەدایە كە دەڵێ:« صەد داو»، لە نووسیندا دوو پیتی«د» دەنووسرێ؛ بەڵام لە گوتنەوەدا یەك «د»ی گوشراو دەدركێنرێت. نەختێك زمان رەهاكە لە گوشینی «د» ەكە وشەكان دەبنە «صەداو – صەد ئاو»– مصرەعەكەش ئەمەی لێ دێتەوە« بۆ ئەو كەسەی كە شاعیرە صەد ئاوی نایەوە»– چاوێك بەغەزەلەكەدا بگێڕەوە، دەبینی دەیان وشەی وەهای تێدایە كە هەمووی واتای «ئاو» ڕادەگەیەنن؛ چ بەحەقیقەت بێ؛ چ بە مەجاز، وەیا تەئویل؛ وەك: وشەكانی «تەڕی– بەهار – پشكۆ كوژانەوە – گوڵ گەشانەوە – خەڵووز كوژانەوە – گوڵ زار(گوڵزار) – دەم و پێكەنین – غونچە گەشانەوە – ڕەگی شەجەر– فیض – نار مردن – خاك ژیانەوە – هەنجیر – شیر – صاف – طی فلی عینەب – رشانەوە – سونبول – شمشادی تازە – خضرا – برد العجوز – تەڕایی عیشق – بەفر– سارد و گەرمی خەجاڵەت– توانەوە– چاوە– زانەوە – رەوان– زەمزەم– فرات–نیل...» لەبەر تیشكی فنوونی شیعردا هەموو ئەو وشانە دژی ئاو و تەڕایین وەك «پشكۆ، مەجمەر، خەڵووز، وشكی، عاصی، نار، خاك...» لە ڕێی «مفهوم المخالفە» وە، ئەوانیش واتای ئاو و تەڕایی دەبەخشن، وەیان تارماییيان دەخەنە ناو بەیتەكانەوە. نالی زۆر ڕاستی كردووە كە دەڵێ بەداوە شەعری خەیاڵی شیعر، صەد «ئاوی» نایەوە؛ چونكە سەرلەبەری بەیتەكانی بە «ئاو» ئاوسن. من و تۆش لەسەر وردبینی و خوردكردنەوە و بۆچوونی شاعیرانە پەكمان كەوتووە بۆ دیتنی ئەم هەموو ئاو و تەڕاییيەی كە خەریكە دامەنی خەیاڵی شیكەرەوە تەڕ دەكاتەوە.

لەم نووسینە بەرتەسكەی كە بەئەسڵ بۆ گوتار دەستی پێ كراوە و لە ژێر ئەو ناونیشانەدا كە سایەی بەسەردا هێناوە، چی تر مەودای بەدوا كەوتنی تایبەتیەكانی شیعری نالی پەیدا نابێت؛ چونكە هەوڵ دانی گرتنەبەری هەموو ئەو تایبەتیانە وا داخوازی دەكات لە پێشەوە ناونیشانەكە بگۆڕێت و لە جیاتی «چەپك»، وشەی «گوڵزار» خۆی ببێتە ناونیشان، نووسینەكەش لە گوتارەوە بكرێ بە دیراسەی دوور و قووڵ و پشوودرێژی چەند ساڵە. كورد گوتەنی: ئەم درەنگە بەم زووە ڕاناگات. لەبەر ئەمە لێرەوە بەناچاری، جڵەوی خامە بادەدەمەوە سەر لاباسێك كە لە یەكەم ئاڵقەی

ئەم ڕیزە گوتارەدا کردوومەتە بەڵێن و تا ئێستاش وەك قەرز هەر بەسەر شانمەوەیە؛ ئەویش لاباسی «ناوەڕۆك»ە لە شیعری نالیدا.

لە تێکڕای ئەم نووسینەدا ، بە پێشەکی و ڕیزە گوتارەکانیەوە، تا ڕادەیێك زمانی خامە گفتوگۆیەکی لەبارەی ناوەڕۆکەوە کردووە؛ هەرچەند ناوەڕۆکەکەش مەبەستی بنجی گفتوگۆیەکە نەبووبێ؛ وەیاخود بەشێکی کەم لە ناوەرۆکی هەموو شیعرەکانی نالی باس کرابێت. چونکە شتێکی ئاشکرایە واتای هەر بەیتێك و غەزەلێك و قەصیدەیێك و هەندێکی تێکڕای ناوەرۆك بەبەر خۆی دەدات؛ جا بەناوی ناوەرۆکەوە بێت، یاخود لە زیمنی مەبەستێکی تردا بێت، وەیا هەر بەجارێ چ ناونیشانی نەبێت.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەگەر لە باسی ئەدەبی وەیا مرۆڤایەتی بەگشتی، خۆمان نەکەین بەو قەسابەی کوشتە پەل پەل دەکا و هەموو ئەندامەکانی لەیەکتر جودا دەکاتەوە، هیچ ڕێگەیێکی ڕاست و ڕەوا نییە لێمان بسەلمێنێ کاری ئەدەبی لەبەریەك هەڵوەشێنین و سەر و دەست و پێ و کەوڵ و هەناوی لەیەکتر جودا کەینەوە و بەخۆشمان بڵێین خەریکی کرداری خالقانەین؛ چونکە بەرهەمی ئەدەبی هەمووی بەیەکەوە دەزێ و پێش زانیشی بەیەکەوە لە هەناوی خاوەنەکەی ڕسکاوە و فراژوو بووە. وا دەبێ ناوەناوە بە ناچاری باسی لایەنێکی یەك لەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەکەین، بەناوی شیکردنەوەی ئەو لایەنە کە خۆی بەتەنها مەبەستە لەروون کردنەوەدا، ئیتر لە تێکڕای بەرهەمەکە دادەبڕێت و بەسەربەخۆیی باسی دەکرێت. لە حاڵێکدا دەزانین هەموو لایەنەکان بەیەکەوە هاتوون و تێکڕایان بەشدارن لە هەڵنانی لەش و واتا و شێوە و شێوازی کارەکە. هەر تاکێکیش لەو لایەنانە مەیلەو تێکەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا؛ وەیا بەداوی پێوەندی، بەوانی ترەوە بەستراوەتەوە کە ئەمە ڕێ نادات لەیەکتر جودا بکرێنەوە بێ ئەوەی تێکەڵییەکە پەکی بخرێ وەیا داوەکانی پێوەندی بپچڕێن. ئەم ناچارییەی پەل پەل کردن دەبێ لە سنووری مەعقوولدا بوەستێ. مەعقوولیەتیش لەوەوە دێت، زەرەری بێ پڕبوونەوە بەبەرهەمە پەل پەل کراوەکە نەگات، زەرەرەکەش بەزۆری بریتییە لەمانە:

١- نەهێڵانی تێکەڵییەکە و هەڵبڕینی داوەکانی پێوەندی بەو جۆرەی کە لە نرخ و بایەخی هەموو لایەکیان کەم دەکاتەوە؛ چونکە دیارە تێ نەخوێندنەوەی ئەو شتانەی کە هاوبەشن لە پێکهێنانی نرخێکدا، دەبێتە شاردنەوەی نرخی هاوبەشییەکە، کە خۆی بەشێکە لە نرخەکە.

٢- بێ ئاگایی لەوەی کە پەل پەل کردنی بەرهەم بەناچاریی دەکرێت و ڕەوا دەدیترێت.

چونکە بێ ئاگایی لەم ڕاستییە یەکسەر دەبێتە هۆی بێ پەروایی لە ئاست هارمۆنی و هاوبەشی و تێکبەسترانی ناوەرۆکی سەرلەبەری بەرهەمەکە. چ فەرقێکیش نییە لەبەینی ئەوەی بەبێ پەروایی نرخی بەرهەم پێشێل بکات وە یاخود بەتێنەگەیشتنی سادە؛ چونکە بەعادەت نەزانینەکە خۆی بنکەی بێ پەروایییەکەیە.

٣- دووبارە نەخستنەوە سەریەکی پەل پەل کراوەکان بۆ پێکهێنانەوەی سەرلەنوێی بەرهەمەکە. تۆ کە هاتی بەرخێکت کوشتەوە و ئەندامەکانیت لەیەکتر جوداکردنەوە و هەریەك لەوانت بەجۆری سەربەخۆ وەصف کرد، تێکڕای وەصفەکەت نابێتە وەصفی بەرخەکە؛ چونکە بەرخ سەر و دەست و دونگ و کەوڵ و قاچەکانی و...بەیەکەوەن، سەرەڕای بەیەکەوە بوونیان یەکتریش تەواو دەکەن. ئەمەش حاڵەتێکە هەموو شتێکی زیندوو تێیدا بەشدارە؛ نەك هەر زیندوو هەموو شتێ زۆر لایەن و موتەکامیلیش، وەك زیندوو وایە کە لێکدابڕینی کەرتە پێکهێنەرەکانی تەکامولەکەی دەکوژێ. بەو پێیە دەبێ دوای هەڵوەشاندنی ناچاریی بەرهەم، سەرلەنوێ بەیەکتردا بدوورێتەوە و بە دروستی و تەواوی و سەرلەبەری، تەماشای بکرێتەوە. لەمن بە پێشەوە، نووسەر هەبووە ئەم ڕایەی دەربڕیوە؛ تەنانەت دابەشکردنەکە ناو دەنێ «دابەش کردنی میتافیزیکی». لێرەدا من قسەی غەیری خۆم دووبارە دەکەمەوە کە باوەڕم پێی هەیە.

لەم کاری دابەشکردن و پەل پەل کردنی بەرهەمی ئەدەبی بۆ مەبەستی شیکردنەوە و تێگەیاندن، ئەوەی لە هەمووان قاچ خلیسکێنترە، عەمەلیەتی لێك ترازاندنی ناوەڕۆك و شێوازە. چونکە لەمەدا دوو کۆڵەکەی سەربەخۆ لەژێر هەیکەلی بەرهەم دەردەکێشرێت. لە حاڵێکدا هەڵبڕینەوەی بەشەکانی ناوەڕۆك، دەبێتە کەرتکردنی یەك کۆڵەکە هەرچەند گرنگ بێ وەیا گرنگتریش بێ، لە کۆڵەکەکەی تر کە شێوازە. بەڕاستی لەیەکتر جوداکردنەوەی ئەم دوو بەشە پێکهێنەرەی بەرهەمی ئەدەبی، کەمتر نییە لە ئیعدامی بەرهەمەکە؛ چونکە ناوەڕۆك و شێواز وەك «جەواڵ و گەنم» وە یاخود «کیسەی کاغەز و بامیە» نییە هەریەکە بەجوداوازی لە لایەکەوە هاتبن و ناوەڕۆکەکە لە جەواڵ و کیسەی شێواز کرابێت و دواتر لێی دەربهێنرێتەوە؛ چ زەرەریش بەهیچ لایەنێك نەگەیشتبێ. پێوەندیی شێواز بە ناوەڕۆکەوە، پتر و بەهێزترە لە جۆش پێ خواردنی دوو پارچە مەعدەن. چونکە دەشێ دوای جۆشخواردن سەر لەنوێ لە جەمسەری نێوانیانەوە لە یەکتر جودا بکرێنەوە کەچی شێواز و ناوەڕۆك لە جەمسەرەوە بەیەکتر

نەگەیشتوون، بەڵکو وەکوو لەشی مرۆڤ و پێستەکەی بەیەکەوە نمایان کردووە و هەموو لەشەکە و هەموو پێستەکە، دەوراندەور و سەرلەبەر، جۆش خواردووی یەکترن. نەخێر پێستەکە درێژەکێشانی لەشەکەیە؛ بەڵام بەلای دەرەوە نەك بەلای ژوورەوە.

لە زۆر نووسیناندا دەخوێنیتەوە، نووسەر باسی شێواز و ناوەرۆك دەکات، وەك ئەوەی باسی مریشك و پەڕەکانی وەیا مرۆڤ و تووکی لەشی بکات. زۆر جارانیش لەبەر ڕق هەڵگرتن لە رواڵەتی تەعبیری کۆن، ناحەزانە باسی شێواز (روخسار) دەکات هەر دەڵێی میکرۆبی سیلی لە لەشێکی ساغدا دۆزیوەتەوە. بەڕاستی ئەم تەرزە بۆچوونە کارێکی دوور لە واقیعیەتە و پێوەندیی بە ئەدەب و ڕۆشنبیرییەوە نییە. چەند سەیرە یەکێك حەز لە خانوو بکات، بەڵام ڕق لە دەرگە و پەنجەرە و کەفماڵی دیوارەکانی هەڵگرێت. هەر ئەم بۆچوونە هەڵەیە وای کردووە تەعبیری «وشەسازی»، بەسەر زاری هەندێ کەسدا بێت لە کاتی باس کردنی ئەدەبی لێرە بەپێشەوە.

من لە نووسینمدا وا بووە بەجۆری سەربەخۆ لە شێواز (روخسار) دواوم، بەڵام لەبەر خاتری ئامانجێکی تایبەتی بووە، نەك لەبەر بڕواکردنم بە ڕەوا بوونی لێك ترازاندنی شێواز و ناوەرۆك.

من لەم نووسینەمدا، وەرامی هەندێ بیروڕای چەوتم داوەتەوە کە دەیەوێ یەك جۆرە ناوەرۆکی خۆی حەزی لێ دەکات بسەپێنێ بەسەر هەموو جیهاندا. لە ئاست ئەم تەرزە تەسك دیتنەدا گوتوومە ناوەرۆك هەرچی دەبێ بابێ، بایی فلسێك نرخی نابێ، ئەگەر شێوازەکەی بێ هونەر و جوانی بێت. من چی بکەم لە وەعز و پەندی فەیلەسووفانە کە بەقسەی شەتوپەت دەربڕابێ؛ وەیا گوناهی من و تۆ چی بێ لەوەدا جنێوەکانی شێخ ڕەزا هەند تەڕ و بڕن ئاویان لێ دەتکێ! بەرهەم و ناوەرۆك و شێواز هەموویان تەواوکەری یەك شتن، وەیاخود بە هەموویان دەبنە شتێك. هەڵبەت نابێ لە بیرمان بچێ ئەمانە لە ئاسمانەوە نەباریون، زەنەی دەروونی مرۆڤن و تێکڕایان باسی ئەو دەروونە دەگێڕنەوە و وێنەی دەکێشن هەر لەو دەمەدا مرۆڤەکە لەڕێی وشەوە دەیەوێ وێنەی واتا وەیا مەبەستێك بکێشێت. بەرهەمی ئەدەبی وەیا هونەری کە بەچکەی هەست و هۆشن، پتر لەوەی ڕەنگدانەوەی ئالیی دەرەوەی نەفس بن لەو نەفس و هەست و هۆشەدا، قیاسیان لە بەرهەمی مادی، تەنانەت زانستی ڕووتیش، ناکرێ کە بریتییە لە ڕیز کردنی مادەی ڕووت بەسەر یەکەوە؛ وەیا تەعبیر دانێکی سارد و سڕ بێ لەوانەی بەڕاست دەزانرێن لە سروشتدا.

بەرهەمی مادی (وەك فابریقە، خانوو، جل و بەرگ، کەپر. پێڵاو...) وەیا زانیاری (وەك دەستووراتی هەندەسە، ئاسمان، ریازیات بەتێکڕایی، ڕاستییەکانی فیزیا و کیمیا...) تێکەڵ بە نەفس و ویژدانی دروست کەرەکەی وەیا دۆزەرەوەکەی نابێت. لەو نەفس و ویژدانەشەوە هەڵناکوڵێن؛ چونکە بوونی سەربەخۆیان هەیە و بەپێی یاسا و دەستووری ناو کتێبان وەیا تاقیکردنەوان، مرۆڤ لێیان شارەزا دەبێ.

بەرهەمی ئەدەبی و هونەری ئەو بوونە سەربەخۆیەی نییە، بەپێی یاسا و دەستووری قەراردادەش پەیدا نابێ، لە دەرەوەی نەفس و ویژدانی خاوەنەکەشی قوت نابێتەوە. بەڵێ ڕاستە کە بوونی مادی نەبوو، بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییش نابێ. بەر لەوان ئەدەب و هونەریش نابن، بەر لەوان مرۆڤیش نابێ. بەڵام ئەم پەککەوتنە لەسەر مادە بۆ پەیدا بوونی ئەدەب و هونەر نابێتە بەشێکی ئەدەب و هونەرەکە؛ هەروەك چەمەنتۆ و شێلمان دەبنە بەشێکی خانوو وەیا دەستووری ئەرخەمیدس دیاردەیێەکی سروشتییە و کاری خۆی دەکات؛ هەرچەند ئەرخەمیدسیش نەبا وەیا نەیدۆزیبایەوە.

بەرهەمی ئەدەبی و هونەری تێکەڵبوون و تەفاعولی نەفسیی خاوەنەکەیەتی لەگەڵ بوونەوەر «موجود»دا وەیاخود لەگەڵ ئەو وێنە و واتایانەی کە پێشتر لە تەفاعولی ئەوتۆیی پەیدا بوون. زۆر جارانیش ژوورخانی فکری، ئەوەندە تەجریدی دەبێتە بنگەی ئەدەب و هونەر، چ پێوەندیی راستەوخۆی بە مادەوە نامێنێ، وەك ئەوەی کە وڕێنەی بێ سەروپێیی ناو ئەفسانان بکرێ بەبناغەی هەڵبەست وەیا چیرۆك. ئەم وڕێنانە، هەرچەند لە بنەڕەتدا، ڕەنگدانەوەی بوونەوەرن لە مێشکی کول و لێڵی گەلی دواکەوتوودا، بەڵام دوای پەیدا بوونیان کاری سەربەخۆ دەکەن. بەشی زۆری ئەو کارکردنەش بە پێچەوانەی حوکمی سەرهەڵدانیان لە مادەوە، دژی مادە و دەستوورەکانی دەوەستن تا ڕادەی پەکخستن و بێ بایەخ کردنی؛ وەك ئەوەی کە سوود وەرگرتن لە جانەوەرێك دەبێتە هۆی تەقدیس کردنی ئەو جانەوەرە، کە ئیتر سوودی لێ وەرناگیرێ؛ سوودەکە بوو بەهۆی تەقدیس، تەقدیسەکەش سوودەکەی کوشت.

کورتەی قسەی درێژ ئەوەیە، ئەدەب و هونەر وەك زۆرینەی دیاردەکانی کۆمەڵایەتی و ئایین و باوەڕ و نەریت... هتد، بەرهەمی زاتین لە ئاکامی تێکەڵبوونی زات لەگەڵ مادەدا پەیدا دەبن. باشتر ئەوەیە بڵێم تێکەڵبوونی زات لەگەڵ تێکڕای دەوروبەر بەباری مادی و مەعنەوییەوە، بەهەموو چاك و خراپییەوە. لەوانەی دێنە بەر هەست و هۆشی مرۆڤەوە، نەك تەنها «مادە» کە بەشی تەفسیری راستەوخۆی ئەدەب و هونەر ناکات.

بێگومان یەکێك لە عامیلەکانی دەوروبەر، ڕابەر و فێرکەر و مامۆستاو دەرسدەرە کەوا پتر لە مادەی کەڕ و لاڵ وەیا نەریتی قاڵب بەستووی بێ گیان وەیا بەرژەوەند و سوودی دەورە دراو بەچەندین دیواری مەنع کردن و بەعەیب زانین، دەبنە سەرچاوەی کارتێکردن. چونکە ڕابەر و مامۆستا کە خۆیان بەقەدەر هەر مادەیێکی ئەم جیهانە، مادەن، زمان و مێشکیشیان هەیە بەکاری دێنن بۆ ئیقناع کردنی وەیا ترساندن وەیا بەهەڵە بردن وەیا ڕێی ڕاست نیشاندان (کە ڕابەرەکە بەڕاستی دەزانێ، لەوانەشە چەوتترین ڕێگابێت) وەیا بەکوشتدان...وەیا...وەیا.

لەبەر تیشکی ئەم لێکدانەوانە و تێبینییانەدا، من ڕێگە بەخۆم دەدەم باسی «ناوەرۆك» بکەم لەشیعری نالی کە بە ناچاری دەبێتە باس کردنێکی دابەشکەرانە و لەبەر یەك ترازێنانە، لە حاڵێکدا ئەو بەشانەی بەیەکەوە بەستراونەوە زۆر جارانیش لەیەك بەیتدا تێك ئالاون؛ ئیتر تێکئالانی دۆستانە بێ، وەیا چەشنێکی تر بێ، وەك ئەوەی لەم بەیتەدا دیار دەکەوێ:

مرادم زیللەت و پاڕانەوەی حاڵە نەوەك نەعتە
بەچەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت ثەنا خوانە

لێرەدا ناوەرۆکێکی خۆبەکوردزانین کەوتووەتە بەر دەستوپێی ناوەرۆکی ئایینی. بەڵام دەبێ لەبیر نەکەین هەردوو ناوەرۆك لە بەیتەکەدا بەیەکەوە جۆش خواردوون و بە زۆرە ملێی وەك ئەم باس کردنە نەبێ، لەیەکتر جودا ناکرێنەوە. چونکە جودا کردنەوەیان هەم شیرازەی هەڵبەست هەڵدەوەشێنێ و هەم نەفس و ویژدانی نالیش دەکا بەچەند دەرگە و دەربوونە کە لە ڕاستیدا یەك نەفس و یەك ویژدانە، هەردوو ناوەرۆك و سەرلەبەری بەیتەکە و قەصیدەکە و شێوازەکە و فنوونی شاعیریەتەکەی لێ هەڵکولێوە. وەك ئاوی سەرچاوە، چ پێککەوتنەوەیێك و نەگونجانێکیشی هەست پێ نەکردووە لە بەیەکەوە هاتنی دوو ناوەرۆکەکەدا؛ کەوا ڕەنگە کوردیکی دڵگەرمی ئەم سەردەمە لە کز بوونەوەی واتای کوردایەتی بەرانبەر ئایین، لە هەڵبەستەکەدا هەستی ناڕەحەتی بکا. چونکە چەندین هەڵبەست و نەشیدی ئەوتۆ دەبیەت، هەموویان دژی ئەو قەناعەتەی ناو بەیتەکەی نالین:

ئەرێ ئەی کوردستان کوردستانی جوان
گەورەمی ژینمی خوامی بێگومان

ڕەنگە کوردێکی چینپەروەر، لە کزبوونەوەی تێکڕای کورد بەرانبەر ئایین ناراحەت نەبێ؛ بەڵام ئەگەر خەلە و خەرمان و فەلاح و کرێکاری کورد کز بوویایەوە ناڕازیی بوویایە وە بەگژ نالیدا چووبایە. بێگومان کوردێکی دینپەروەریش بایی ئەرز و ئاسمان لەم بەیتەی «کوردستانی جوان» وەتەنگ دێت و بەکوفری بێ دەمەتەقەی دەزانێ. مرۆڤی وەهاش هەیە لە هیچ کامێکیان وەتەنگ نایەت. هی واش هەیە نەك هەر وەتەنگ نایەت؛ بەڵکوو لە هیچ ناگا تا وەتەنگ بێت وەیا ڕای لێ بێت.

ئەم هەڵوەستە لەیەك نەچووانە، بەرانبەر تاکە بەیتێك ئاکامی تێکەڵبوون و تەفاعولی نەفس و ویژدانی مرۆڤە لەگەڵ دەوروبەر و بوونەوەردا. بابەت یەکێکە؛ بەڵام هەڵوەست زۆرە و گەلێکیش لەیەکتر جودان. جوداوازییەکەش لە دەربەست نەبوونەوە دەست پێ دەکا تا دەگاتە سنووری لەدژ وەستان و جەنگین؛ بگرە کوشتنیش.

ئەم مەودایە بەرفراوانەی جوداوازیی هەڵوەست لە ئاست بیروباوەڕی ناو بەیتێکی هەڵبەستەکەی نالی، بەتاکە هۆی «مادی» بەرهەست وەیا بەرژەوەند، تەفسیر ناکرێ. لەوانەیە دەوڵەمەندێك بەیتەکەی پێ خۆش بێ، یەکێکی تر پێی هار بێ، وەیاخود بابایێکی هەژار تێی نەگات و هەژارێکی تر جەزبەی بۆ بگرێت، وەیاخود هەژارێك و دەوڵەمەندێك بەیەکەوە لەسەر بەیتەکە بکەنەوە و هەژار و دەوڵەمەندێکی تریش، بەیەکەوە هێرش ببەنە سەر بەیتەکە و ئەو کەسانەی کە لەسەریشی دەکەنەوە.

پەیدا کردنی تەفسیری یەکسەر و کتوپڕی مادی بۆ جوداوازی لە نێوان ئەو هەڵوەستانەی کە دەبوو بەهۆی یەکبوونی بەرژەوەندی خاوەنەکانیان، وەك یەك وابن، بەتەواوی وەك ئەوەیە، تەفسیری یەکسەر و کتوپڕ پەیدا بکرێت بۆ لە یەکچوونی ئەو هەڵوەستانەی کە دەبوو بەهۆی جودابوونی بەرژەوەندی خاوەنەکانیان ئەوانیش جوداواز بن. هەردوو تەفسیر بەزۆرەملێ و پەککخستن و تۆبزی نەبێ، ناچێتە مێشکی مرۆڤی ژیر، چ مەنتیق و عیلمانیەتیش بەخۆیەوە ناگرێ. ئەو هەموو شتە لە یەکنەچووانە جێگەی بۆ نادۆزرێتەوە لە هۆش و گۆش و زانست و مەنتیقدا ئەگەر نەدرێتە بەر تەفسیری مادیی فراوانی واقیع، بەهەموو لایەنێکی مادی و نامادییەوە (فکری مادی بۆخۆی بڕوای هەیە بەوە کە مادە سەرچاوەی هەموو ئەو شتانەیە پێیان دەڵێن مەعنەوی و من وشەی نا مادیم بۆ بەکارهێنا).

جگە لە زۆر لایەنی ئەو کاریگەرانەی تاو دێنن بۆ ناو دڵی مرۆڤ، هەر مرۆڤەکە خۆی لێی دەوەشێتەوە بەپێی گۆڕانی باری زیهنی و نەفسیی خۆی وەیا بەپێی داخوازیی

هەڵوەستێکی کاتی وەیا زەوق و شەوقێکی ڕێکەوت وەیا بۆ تەماع وەیا لەبەر خاتر و خۆتر وەیا... وەیا... هەرجارە واتایێك و ناوەرۆكێك بەكار بێنێت كە خزمایەتی نەبێ لەگەڵ واتا و ناوەرۆكی هەڵبەستێكی تری.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم دیاردەیەی ناوەرۆك زۆر بوون و جوداوازی نێوانیان، هەتا بڵێی شتێكی وەك چاوەڕوانكراو بووە لە سەردەمی كۆندا؛ چونكە ئەوسا شاعیرێكی وەك نالی وەیا شێخ ڕەزا ئەندامی، ڕێكخراوێك نەبووە كە فەرمایشتی دەسەڵاتی لەخۆی بەپشتەوەتر بكاتە ناوەرۆكی هەڵبەست و سەرلەبەری شیعری ٥ ساڵ و ٦ ساڵی؛ وەك مۆدێلی ئوتومبێلی «ڕۆزرایز»، یەكسان و نەگۆڕاو بێت.

یەك ئاهەنگیی واتا و ناوەرۆك لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی مرۆڤی سەر بەباوەڕی سیاسی- كەوا شتێكی چاوەڕوانكراو و بەرچاوە لە ژیانی ڕۆژانەدا- شتێكی نامومكینە لە شیعری نالی و غەیری نالیدا كە چ تەبلیغاتی ڕەسمی و سیاسی نەهاتووە، ڕاوێژی هەڵبەستەكانی بۆ ڕەنگڕێژ كات و قاڵبی فكر و ناوەرۆكەكانی بهاوێتە بەر ڕیشە و خامەوە.

نالی لەو پەراوێزەدا كە ژیاوە و بیری كردووە هەڵبەستی گوتووە، بە دڵخوازی خۆی ناوەرۆكی هەڵبژاردووە و فۆرمی بۆ داناوە. هەر وەك گەشتوگەڕانەكەی بە شام و توركیا و حیجازدا لە ئاكامی بە یەككەوتنەوەی تەكانەكانی پەلەفڕەی ژیانی خۆی لەگەڵ واقیعدا، بەبێ دەرچوونی ئەمری ئیداری ڕووی داوە؛ هەروەهاش ناواخنی شیعرەكانی لە تەندووری دەروونیەوە، زمانەی كێشاوە؛ نە سوڵطانی توركیا و نە پاشای بابان و نە دەرەبەگی هەولێر و نە توجاری شام و نە هەژار و ناوەنجی و نەهیچ شتێكی وەها مادی و بەردەست، پێیان كردووە.

هەموو ئەو قسەوقسەڵۆكە بێ سەروپێیانەش كە دەڵێ نالی و ئەمسالی نالی خزمەتی دەرەبەگی كردووە وەیا فكری دەرەبەگی كوتاوەتەوە لە تاكە سەرچاوەی كەم زانینەوە هەڵدەقوڵن بەیارمەتیی گرویفی ڕق هەڵگرتن لە ڕابردوو كە لەسەر هیچ بنجێكی زانست وەیا ئینساف وەیا هی خێرخواهی وەیا مرۆڤدۆستییەوە هەڵنەستاوە. بەپێچەوانە چەندی بڵێی كاری سەلبی دەكاتە سەر دڵ و مێشك و عاتیفەی چینی نەوباوی خوێندەواران كە لە هیچە و بەخۆڕایی دەیان كا بەدوشمنی نرخدارترین میراتی كوردەواری.

لێرەدا بەموناسەبەی جێگە، ناوی کتێبێکی زۆر مەشهووری زۆر مێشك غەلەتێنم بەبیر دێتەوە کە لە ساڵانی ١٩٦٠ دەرچوو، بەناونیشانی «وعاظ السلاطين»، هێرشی سەختی دەبردە سەر زانا و ئەدیبەکانی سەردەمی کۆن؛ گۆیا بلوێرژەنی خەلیفە و مەلیکان بوون. لە حاڵێکدا تاك تاکەی ئەو زانا و ئەدیبانە نەبێ، خەلیفە و سولطانیان تێ نەخوێندووەتەوە. کەچی لەدەمی بڵاو کردنەوەی کتێبەکەدا زۆربەی ئەدیبەکانی عیراق بلوێرژەنی عەبدولکەریم قاسم بوون. سەیریش لەوەدا بوو، بەڕادەی تێهەڵکشانی ئەدیبەکان لە داوای شۆڕشگێڕیدا تێ هەڵدەکشان بەرەو «قاسم پەرستی»، کەسیش خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەڕۆیشت، دیمەنەکە بە دیمەنی ناو کتێبەکەی «وعاظ...» بگرێ و بەخۆیدا بشکێتەوە.

بەڕاستی کە مرۆڤ ئاگای لە نەفسی خۆی بڕا، وڕێنەی عەنتیکە دەکات و کۆڵێکیش کەیفی بەخۆی و وڕێنەکانی دێت. هەر لە کولانەی نەفسە بە سەهوو چووەکەی خۆشیەوە، سەیری دونیا دەکات، بەڵام سەیرێکی سەرەوبن و وەرگەڕاو و سەرمەقولاتە لێداو. کەسێك کە سەری سووڕا وادەزانێ دونیا و خەلق دەسووڕێن.

نالی هەروەك خزمەتکاری تاکە کەس نەبووە؛ خزمەتکاری چ بەرە و تاقمێکیش نەبووە. فکر و بیروڕای هیچ چینێکی دیاریکراویشی نەکوتاوەتەوە. کە سەیری دیوانەکەی بکەین، بێ لایەنگیری و رق لێ هەڵگرتن دەبینین. ئەم مرۆڤە هەڵبەستی بۆ دڵی خۆی هۆنیوەتەوە، شیعرەکانیشی هەر بایی تێپەڕینی واقیع و کۆمەڵایەتی، بەنەفسی خۆیدا تەرجەمەی واقیع و کۆمەڵایەتی دەکەن. لەلایەن خۆدانەپاڵ چینی هەژار و بێ دەسەڵاتەوەش، هەر ئەوەندە دەگوترێ کە نالی وەك مرۆڤێکی موسڵمانی ئەو سەردەمە، لە ڕێی راستە باوەڕی ئایینەوە بەزەیی بە هەژاردا هاتووە، وەیا دژی ستەم بووە. چ فکرەیێکی روونی فەلسەفی «هەژار دۆست»، وەیا دژوەستانێکی ئاشکرا لە «ستەمکار»، لەو هەڵبەستانەوە بەرەو پیرمانەوە نایەن. رەوا نابینم من وەیا یەکێکی تر لە ریێی تەئویلێکی داتاشراوەوە «هەڵوەست» بۆ نالی دروست کات و بەلای چینێکیدا بشکێنێتەوە، چونکە ئەو خۆی بە چ لایێکدا نەشکاندووەتەوە، مەگەر ئەو لایەنەی کە موسوڵمانەتی رووت حەزی لێ دەکات.

بەهەمە حاڵ، کە ئێمە بێین لەبەر تیشکی لێکدانەوەی ئەو کەسانە کە نالی بە خزمەتکاری دەرەبەگ و کۆنەپەرست دادەنێن؛ شیعرەکانی هەڵسەنگێنین، چارمان نامێنێ لەوەدا نالی بخەینە ریزی هەژاردۆست و ستەم نەویست و دادخوازان؛

بەپێچەوانەی ئەو لێکدانەوەیە؛ چونکە زۆر ئاشکرایە قسەی موسڵمانانە و خواپەرستانە، ڕاستەوخۆ یەخەگیریی دەسەڵاتدار و خاوەن مڵك و پارە دەبێ و لە مەعنادا تاوانباریان دەکات؛ بە نموونە قەصیدەی:

«بەرگی دونیا هێندە کورت و کۆنەو و بازاڕییە»

حەیای شتێك دەبات کە بنگەی شانازی و خۆ پێ هەڵدانەوەی خاوەن دەسەڵات و پارەیە. هەموو داخوازییەکانی تەرکی دانیشتنی ناو شار و ڕوو لە دەشت و دەر کردنیش کە لەو قەصیدەیەدا هەیە گاڵتە کردنە بەکۆشك و تەلار و دامودەزگای دەوڵەمەندەکانی شاری:

گەنجی ڕاحەت تاجی عیززەت خارجی مەعموورییە
کوندەبۆ هەر بانگەبانگ و هودهودیش هاوارییە
پۆس بەکۆڵی عامیریی فەرمووی کە وا بۆ پوختە بوون
جووتی سەر کێوان گەلێ چاتر لە تاقی شارییە

ئەم ڕووبەڕوو بوونەی نالی دژی ژیانە نەرمونۆڵەکەی دەوڵەمەندی شاری، هەرگیز لە کەس ناسەلمێنێ بڵێ گوتەی وەها هەژاران دەبەنگ دەکا و هەستی شۆڕشگێڕانەیان دەکوژێ، بەهۆی قەناعەت هێنانیان بەکەم بایەخیی کۆشك و تەلار و ژیانی ئاسوودە؛ چونکە هەژاری بەستەزمان ئەو شعرانەیان نایەتە بەر چاو تاکوو ئەگەر مۆرفینی تێدا بێت، پێی گێژ ببن. کە بۆشیان بخوێننەوە، تێی ناگەن. ئەو کەسەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێ شیعری نالی بخوێنێتەوە لە سەدەی نۆزدەمدا، خوێندەواری ناو شارە، کە هیچی ئەو هەژارە نییە پێی بگوترێ پرۆلیتاریا.

دەزانم لێرەدا من خەریکی کارێکی بێ سەرو پێم، لەو ڕووەوە کە ئەم تەرزە دەمەتەقەیە، بەهیچ کلۆجێك ڕوو لە شیعری نالی ناکات، ئەگەر بەزۆرەملێ ڕووی تێ نەکەین. بەڵام سووچی من چییە، خوێندەواری کوردی ئەم سەردەمە، دێت سواری سەرو پۆتەراکی شاعیری وەك نالی دەبێت و مۆرفێن و جندۆکە و دەرەبەگایەتی لە شیعرەکانی هەڵدێنجێ و گەنجی شلك و تازەشی پێ سەرلێشێواو دەکات. دەبێ بزانین فکرێکی هەڵە کە چووە مێشکی خوێندەواری گەنجەوە، وەها نەقش بەستوو دەبێ یەکجار بەزەحمەت لێی دەسڕێتەوە، یاخود هەر ناسڕێتەوە. کەواتە پێویستە لەتەك فکرێکی هەڵە، یەکێکی تر هەبێ تای بکاتەوە و ئیحتیمالی ڕاستکردنەوەی سەهووی ناو

هەڵەکە، لە مێشکی گەنجدا بەردەست بکات، بەر لەوەی سەهووەکە بەتەواوی جگیر بێت.
ئەم مەبەستەش لە بەیندا نەبێت، پێوستە ڕاستی بگوترێت و پەردەی لەسەر هەڵدرێتەوە؛ هەر نەبێ بۆ ئەوە لە بەرانبەر بیروڕای هەڵەدا هی ڕاستیش نموودێکی هەبێ. لەمانەش هەموو واز بێنین و لەگەڵ نەفسی خۆماندا هەڵوەستی شەرم و حەیا بکەین، دەبێ دەستی ستەم و ناڕەوایی مرۆڤی بێ ڕەحمی ئەم سەردەمە لە مردووە بەشەڕەفەکانمان کۆتا کەین، لە حاڵێکدا هەمان دەست پەیکەری تەقدیس بۆ زیندووی دڕندەی کوشندەی دەوالپێی خۆسەپێنی میللەت تۆقێنی میللەت فرۆشیش بەرپا دەکات و دێتە ناو چاویشتەوە و دەمکوتیشت دەکات. کە دەوری دڕندە دەوالپێیەکەش بەسەر چوو، هەمان دەست ـــ کە پەیکەری بۆ دروست دەکرد ـــ چەپڵەڕێزان دادەنێتەوە بۆ یەکێکی تر؛ بەڵام بەدرێژایی کات هەر لەبیریەتی دژی مردووە بێ تاوانەکانمان بێت و بە گوناهباریان لە قەڵەم بدات. بە دەنگ هاتنی ئەم نووسینە لەم هەڵکەوتە سەرەوبنە «فرض الکفایە»یێکە وەك نوێژی سەر مردوو کە ئەگەر کەس نەی کات هەموو کەسی زیندوو تاوانبار دەبێت.

پاش ئەمە کە بەچاکی لێمان ڕوون بێتەوە نالی و ئەمساڵی نالی، خزمەتکاری دەرەبەگ و ستەم و ئەفسانە نەبوون، بەڵکوو خزمەتکاری دەروون و ویژدانی خۆیان بوون، دەتوانین چەند شادەماری «ناوەڕۆك»، لە ڕشتەی دیوانەکانیان هەڵاوارین و بیانکەین بەشەقڵ و دروشمی هەر یەکێك لەو شاعیرانە. لێرەدا ڕێگەمان نییە بەراوردێکی ئەو دیوانانە بکەین بۆ پەیداکردنی کێشانەو پێوانەیێك کەشەقڵ و دروشمی یەکێکیان لەوانی تر جودا دەکاتەوە، چونکە لێکۆڵینەوەی ئەم نووسینە مەیدانی وەها فرەوانی نەگرتووەتە بەر خۆی. قسەکەش بۆیە بوو تاکوو شتێکی گرنگی تێدا بەیان کەم. کە بڵێم:

لەو دیوانانەدا چەند شادەمارێکی ناوەڕۆك بەدی دەکرێ. پێدەچێ گوتبێتم، شیعری ناو ئەو دیوانانە وەها لەیەکتر دەچن خاوەنیان نەناسرێتەوە لەو ڕووەوە کە دەزانین ناوەڕۆکەکانی بابەتی شیعر لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانێکی بنجی بەسەردا نەدەهات. زۆربەیان یاخود هەموویان چەند مەیدانێکیان دەکوتاوە کە ئەمە بەزاهیر وا دەکا بەرهەمەکان لە یەکتر بچن و بۆ هەمووان دەست بدات.

ئەم تێبینییە بەڕواڵەت ڕاستە، بنجی مادیی ڕاست و دروستیشی هەیە؛ چونکە دیارە خەریکبوونی چەند کەس بەیەك بابەتەوە، وا دەکا ئاکامی خەریکبوونەکەیان لە یەکتر

نزیك بێ. تەنانەت زۆر جاران وا بووە تاكە غەزەلێك بەناوی دوو شاعیر بڵاوبووەتەوە. كە ئەمە ڕووی نەدەدا ئەگەر ناوەڕۆكی ئەدەبەكەیان لە یەكتر جودا بایە؛ وەك ئەوەی كە مومكین نییە، شیعرێكی «ناظم حیكمەت» بدرێتە «سلیمان نظیف».

بەڵێ دەزانم، قسەكەم ئەم ئاكامانەی بەبەرەوە هەیە، وەك دیتت لە واقیعیشدا رووی داوە. بەڵام چەند هۆیەك هەیە نەهێڵێ تێكەڵاو بوونی شیعری شاعیران ببێتە خەتەری بێ سەروشوێنی و نەناسرانەوەیان. وا لێرەدا بەو پەڕی كورتبێژییەوە لێیان دەبمەوە:

یەك لەو هۆیانەی پاراستنی شیعری شاعیر ئەوەیە كە زوربەی شیعرەكان لەكاتی دانانیانەوە بەناوی خاوەنەكەیەوە توومار كراوە و لە نێوان خەڵقدا بۆ ئەو ساغ بووتەوە كە ئەمە شتێكە وەك قەڵغان وایە بۆ پاراستنی میلكیەتی شیعرەكە. هۆیێكی تر ئەوەیە بەعادەت نازناوێك لە كۆتایی شیعردا، وەك تاپۆی خانوو، شێوەكە بۆ دانـەرەكـەی دەپـارێزێ. هـەنـدێك جار وادەبـێ نـازنـاوەكە بـەیـەكێكی تـری وەك خـۆی دەگۆڕدرێتەوە كە كێشی شیعرەكە تێك نادات و گرفت پەیدا ناكات؛ نالی، سالم، كوردی، حاجی، راجی، صافی و گەلێك نازناوی تر هەموویان یەك كێشن و دێنە جێگەی یەكتر. بەڵام بایەخی ئەم ئیحتیمالە لە زۆر ڕێگەوە كەم دەبێتەوە. یەكێكیان ئەوە بوو كە گوتم شیعرەكان لە دەمی بەوەلەد بوونیانەوە، خاوەنەكەیان ناسراوە؛ دووەمیان ئەوەیە كە دەشێ لە ناو هەڵبەستەكەدا نیشانەیێك هەبێ خاوەنەكەی بەدەستەوە بدات؛ وەك كە «قادر» مەدحكراوی ناو شیعر بێ، شیعرەكە بۆ «كوردی» ساغ دەكاتەوە؛ وەیا «حەبیبە»، نالی پێ دەناسرێتەوە. سەرەڕای ناو، وا دەبێ ڕووداوی ناو هەڵبەست پەنجە بۆ ئەو شاعیرە درێژ دەكا كە ڕووداوەكە پێوەندیی بەوەوە هەیە.

هۆی سێیەم، ئەوەیە كە زۆر جاران لەهجەی شیعرەكە پەراوێزی سەر شێوان تەسك دەكاتەوە؛ وەك هاتنی «ئە» لە پێش فیعلی مضارعەوە كە تایبەتی سلێمانی و شوێنی لەو نزیكەوەیە؛ وەیا وشەی «دەگەڵ» هی موكریانە؛ بەنموونە دەڵێم ئەم مصرەعەی خوارەوە:

بە قوربان هەورەمانێ چۆن ببینم

هی ناوچەی سلێمانی نییە، چونكە خەلقەكەی ناڵێن «هەورەمانێ». هەرچەند مەفعوولیش بێت (مصرەعەكە هی حاجی مەلا عەبدوڵڵای كۆیەیە).

هۆی چوارەمی ناسینەوەی شاعیر ئەو خاسیەت و تایبەتی و دەم و ڕاوێژەیە لێی

دەبێ بەشەقڵ؛ کە وا گەلێك جاران غەڵەتی پەرەسەندوو، ڕاست دەکاتەوە. هەڵبەستێك کە لە شاعیرێك نەوەشایەوە، زەحمەت بۆی ببێ بە ماڵ؛ هەرچەند نازناوی ئەویشی پێوە بێت و لە نووسینانیشدا بەو جۆرە ڕۆیشتبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا وا دەبێ شیعرێك لە دوو شاعیری هاوڕێکار ″مستوی″ بوەشێتەوە و بۆ هەردووکانیش حیساب کرابێت، وەك قەصیدەکەی «ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان» کە شۆرەتی بۆ کوردی بەستووە؛ بەڵام لە چەند بەیازی موعتەبەردا بۆ «نالی» حیساب کراوە. لەمانەش بترازێ هۆی دیار خستنی خاوەنی شیعر لە گەلێك باری ترەوە پەیدا دەبێ کە ئێرە بۆی دەست نادات خۆی پێوە خەریك کات.

بە هەمەحاڵ، ئەم باسەی چەند شادەماری ناوەڕۆك لە شیعری بوێژانی کوردی صەدەی نۆزدەمدا کە بەسەر لێکۆڵینەوەی شیعری نالی دابڕێن، دەتوانین لە ڕێبازێکی ئاشکرا و هەموارەوە گەشتی سرنج گرتن و تۆژینەوەی تێدا ببەینە سەر مەتڵەب، چونکە مەتانەتی هەڵبەستی نالی وەك شوێن پێی گران مێردان، لە هەموو مەبەستێك و ناوەڕۆکێکی هەڵبەستدا، توورەی بەستووە، هەر دەڵێی بەر پەنجەش دەکەوێت نەك تەنها چاو. ئەو چەند شادەمارانەی من لێرەدا پەنجەیان بۆ ڕادەکێشم، بەڕاستی لێکۆڵینەوە، ڕوونکردنەوە و شەرحدانی سەربەخۆی دەوێ، بۆ ئەوەی بە چاکی ساغ بێتەوە. ئایا بۆچی «نالی» بەزۆری خەریکی ئەم تەرزە واتا و مەبەستانە بووە؟ ئایا ڕێی تێدەچوو «نالی»، لەو بارەی تێیدا بوو، بەواتا و مەبەستی ترەوە خەریك بێت؟ ڕۆژگاری ئەو چ مەبەستی تری دەخستە بەر دەست و هۆش و خەریکبوونی یەکێکی وەك نالییەوە؟

لە بەرگی دووەمی «حاجی قادری کۆیی»دا بەپێی لوان و دەسەڵات لایەنی پەیدا بوونی شیعری کوردی لە سەردەمی حوکمی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان، بەدوا شۆڕشی فەرەنسەدا ڕوون کراوەتەوە کە دەزانین نالی و سالم و کوردی سێ سوارەی ئەم مەیدانەی هەڵبەستی کوردی بوون لە مەڵبەندی سلێمانیدا. بەدوای ئەوانداو شانبەشانی وانیش حاجی قادر و باپیرم و چەند شاعیری تری کۆیی لە مەڵبەندی نێوان دوو زابدا کەوتنە سەر هەمان ڕێبازی ئەدەبەوە، لەو لێکۆڵینەوەیەدا، مەتەڵی پەیدا بوونی شیعری کوردی، پەردەی مەتەڵایەتی لەسەر هەڵگیراوە. دیارە لێرەدا کە باسی ناوەڕۆکی شیعری نالی بکەین و ئەم لاباسەی هۆی کوردی بوونی شیعرەکانی بخەینە بەر لێکدانەوە، دەبێ هەمان بۆچوونەکەی ناو بەرگی دووەمی «حاجی قادری کۆیی» دووبارە بکەینەوە؛ چونکە، تا ئەمن بیرم بۆ دۆزینەوەی هۆی ئەم دیاردەیەی دەست کردن

بەشیعری کوردی چوو بێ، هەر ئەو هۆیانەمان دێنە پێشەوە کە لەو کتێبەدا لێیان کۆڵراوەتەوە. کەواتە کوتانەوەی ئەو باسە بەلاوە دەنێم و خوێنەر دەگێڕمەوە بۆ لای نووسینی ناوکتێبەکە؛ چونکە چی لەوان نوێترم بەچەنگ نەکەوتووە لێرەدا بیکەم بەتەواوکەری ناتەواویی ئەوێ.

کوردیی بوونی نالی، لەلایەن زانینی هۆی پەیدابوون و زەرفی پەیدابوونیەوە، گەلێك ڕوونتر و ئاشکراترە لە هۆی خەریکبوونی نالی بەو شادەمارانەی کە گوتم ڕشتەی «ناوەڕۆك»ی شیعری پێك دێنن. ئێمە نازانین، بەوردی و بە ڕوونی، بۆچی نالی پتر لە شاعیرەکانی سەردەمی خۆی عاشق بووە، پتر پەندیار بووە، پتر لە پاشاکانی بابان نزیك بووە، پتر مەلا بووە، پتر دژی صۆفی بووە، پتریش ئامادە بووە بۆ ئاوارە بوون کە ئەمانە هەموو دیاردەی ئەوتۆن لە شیعرەکانی دەنگیان داوەتەوە و کاریان کردووەتە سەر ژیانی. بەڵێ دەتوانین ڕووکەشێکی ئەم دیاردانە باس لێ بکەین و بە فەندی ڕستەسازی و مەهارەتی شت تێکبەستن، بایی ئیقناع کردنی خوێنەرێکی بەپەلەش بیان خەینە ناو نووسینمانەوە؛ بەڵام چ فایدە کە نووسەر خۆی بەو شتانە ئیقناع نەبێت و باوەڕی تەواویان پێ نەکات. حەیفە من یا یەکێکی تر لەسەر سەکۆی نمایشت و خۆ هەڵدانەوە، پەڕی ساختەی ڕەنگاوڕەنگی هۆی هەڵبەستراو بەخۆمانەوە بنێین و وەك تاووس چەتری فیزوناز لە بەرانبەر فکرە سافیلکەکەی تەماشاکەران لێ بدەین.

بەڕاستی مومکین نییە لە دیراسەی بەپەلەدا هەموو شادەماری ناوەڕۆکەکانی شیعری نالی بدەینەوە؛ بەهۆی پەیدابوون، وەیا بیگێڕینەوە بۆ سەرچاوەی لێ هۆڵقوڵینەوە نییە ئەم کارەش کەمبایەخ بێ، وەیا ئەنجامدانی لەو دیو سنووری دەسەڵاتی مرۆڤەوە بێ. لایەنی بایەخدار بوونی لەوەوە دێت کە بەڕادەی گرنگ بوونی دیراسەی شیعری شاعیر، دۆزینەوەی ئەو کاریگەرە و ئەو زەرفەی شیعرەکەی لێ پەیدا بووە، ئەویش گرنگە؛ چونکە بەم دۆزینەوەیە پێوەندیی شاعیر بەواقیعەوە دەزانرێت و واتا و هێمای شیعرەکانی بەچاکی ئاشکرا دەبێت، کە ئەمە شتێکە گوتراوە و لە هەندێ شوێنی ئەم نووسینەش باسی کراوە.

لایەنی ئیمکان هەبوونی دۆزینەوەی هۆی پەیدابوون و زەرفی لێ هەڵقوڵینی شیعرەکانیش، بەوەدا مەعلووم دەکرێت کە خەریکبوونی بەردەوام و هەناسە درێژ، دەتوانی ئەو ڕووداوانەی صەدەی بیستەم کە پێوەندیی دوور وەیا نێزیکیان بەنالییەوە هەیە لە سەرچاوەی نووسراو و دەماودەمەوە وەرگرێتەوە و لەگەڵ بەسەربردنە

عادەتییەکەی نالییان بەراورد بکات و تینوتاوی هەردووکیان بخاتە بەرانبەر ئاوێنەی هەڵبەستەکانیەوە و لێیان هەڵێنجێ. لە هەمان کاتیشدا حیسابی تەواو بۆ زات و قابلیەتی نالی بکا کە چۆن تەفاعول لەگەڵ ئەو ڕووداوانە دەکات. سەرەڕای ئەمانە، هەموو ئەو ڕاستییانەش تێ بخوێنێتەوە کە لە نالییەوە پێمان گەیشتووە و ڕاگەیاندنی تایبەتییان هەیە؛ وەك ئەوەی کە هێندە شەرم بەخۆ بوو، نەیویست بێ نەبز گرتنی وەزعی سلێمانی و دڵنیا بوون لە پاراستنی ئابڕوو، ڕووی تێ کاتەوە. ئیتر ئەوە بوو کاغەزی بۆ سالم نووسی و لێی داوا کرد کە لەم ڕووەوە خەبەرداری بکاتەوە.

بەڵێ ئەم کارە مومکینە، بەڵام نەك لەم نووسینەدا کە دەستەملانی دیوانی نالی و چەند بنگەیێکی لێکدانەوە بووە لە ناو چوار دیواری ژوورێکی کۆڕی زانیاری کورددا. هەر جارەش کە ئالقەیێکی لێرە بەپێشەوە نەختێك درێژەی کێشابێت، خێرابەخێرا ترسی وەتەنگهاتنی کۆڤارەکەی کۆڕ لە درێژە کێشانی گوتار نەفەسی بڕیبێت. ئەم جارەشیان ڕەچاو کردنی یەك قەوارەیی لە نێوان سەرلەبەری ئالقەکان وا بکا نەتوانم مەیدانێکی وەها فراوان بگرمە بەر نووسین کە لە دیراسەی دوور و درێژی سەربەخۆ بوەشێتەوە و نهێنیی نادیار ئاشکرا بکات. کەواتە هەرچەند دەزانم تۆژینەوەی سەرلەبەر و بێ کەموکەسر، هەم بایەخداریشە و هەم مومکینیشە، بەناچاریی وازی لێ دێنم و دەلکێم بەباسی ئەو شادەمارانەی ناوەڕۆك کە نەخشە و ڕشتەی زۆربەی هەڵبەستەکانی پێك دێنن وەك کە تا ئێستا لەبەر تیشکی ئەواندا هاتوچۆم بە فکر و خامەی خۆم کردووە.

ئەوەی بۆ هەموو نیگایێکی ڕوون دەردەکەوێت لە هەڵبەستەکانی نالی، زێدە بەرچاو بوونی دوو شادەماری یەکجار بنجی و ڕەگداکوتاوی عیشق و ئایینە، کەوا بێگومان لە بەرایی هەموو بەشەکانی تری ناوەڕۆکی دیوانەکەیەوە دێن. بەڕاستی «عیشق و ئایین» ـــ کە خۆیان دوو شادەماری گەورەن ـــ لەهەمان کاتدا سەرچاوەشن بۆ وردە دەماری تر کە ئەوانیش بەشدار دەبنەوە لە تێکڕای ناوەڕۆکی هەڵبەستەکان.

شادەماری عیشق لە شیعری «نالی»دا بەپێی گوتەی دەماودەم ـــ کە بەشێکی بەرچاوی شیعرەکانیش پشتگیری لێ دەکەن ـــ لە سەردەمی خوێندنی فەقێیانەیەوە، تێکەڵ بەهەڵبەستی نالی بووە. ڕەنگە هەر خۆیشی پاڵپێوەنەرێکی گەورە بووبێت بۆ بەردەوامبوونی لەسەر ڕاڕەوی شاعیری؛ چونکە وەك دەزانین گەلێ شاعیری خاوەن هونەرو خاسیەتی شاعیریەت، وازیان لە شیعر هێناوە لەبەر نەبوونی ئاگری عیشق لە دڵیاندا، بەتایبەتی کە شاعیرەکانی وەك نالی خەریکی خوێندنی مەلایانە و قورئان و

حەدیس بوو بن. دیارە لە باری وەهادا «مەلا»، خەریکی شیعران نابێت، ئەگەر سۆزێك لە هەناوی خۆیدا شك نەبات.

یەکێکی وەك حاجی قادر، سۆزی کوردایەتی لێی بوو بەو جێگرەی عیشق کە تا کۆتایی ژیانی شیعری کوردپەرستانەی پێ هۆنییەوە. دەشزانین چ مزگەوت و مەدرەسە و دەرسدانی فەقێیان نەدەبوون بەلەمپەر لە پێش گوزەری شاعیریەتەکەی. شێخ رەزا کە شاعیرێکی بەردەوام بوو لەسەر شیعر، بێ ئەوە عیشق ئاگری لە دڵی بەردابێت. دەرس و مزگەوتی نەبوو لە شیعر مەنع کات، وەیاخود راوێژی بەرەو هەڵبەستی ئایینی ببات. کە مزگەوتی نەبوو، مەبەستی تری هەبوون شیعریان پێوە هەڵبەستێ.

بە هەمەحاڵ، وا پێدەچێ عیشق نەخشەکێشێکی دەست ڕۆیشتوو بووبێت لە ژیانی نالی. نەخشەکێشانەکەشی هەر لەوەندە نەوەستاوە کە شیعری عاشقانەی پێ هەڵبەستووە تا سەردەمی مەرگی. من وا دەزانم «عیشق و نامرادی»، ئەو فرتەنەیە بووە کە نەی هێشت نالی، بەسەر شتێکەوە بوەستێتەوە وەیا بەشوێنێکەوە بگیرسێتەوە کە ماڵ و حاڵێکی تێدا بەیەکەوە بنێت وەیا گوزەرانێك تەئمین کات. هەرچەند نازانین ئایا غەیری عیشق چ کاریگەرێکی تایبەتی هەبووە وا بکات نالی زێدە لە خەلقی ولاتی خۆی ئەو ئاوارە و ئۆقرە نەگرتووە بێت. بەڵام دیارە ئەگەر شتێکی وا هەبووبێت لەو ساڵانەی بەر لە ئاوارە بوونیدا هەر بایی ئەوە تەفسیر بەدەستەوە دەدات کە بێ ئۆقرە و بێ ماڵ و حاڵ مایەوە تا کۆتایی ژیانی!

بەێجگە لە عیشق شتێکی تر بەبیردا نایەت لە بابان رووی دابێت و لەگەڵ «نالی» گوێزابێتیەوە بۆ وڵاتان و هەندەران کە لەو دوورەشەوە نەهێڵێ رەگ بەزەوییەوە داکوتێت. لەم تاریکستانەی روانگەمانەوە هەر ئەوەمان پێ دەکرێ حیساب بۆ ئەو ترووسکانەی رووداوی کاریگەر بکەین کە لە مەشقەڵی هەڵبەستەکانیەوە پرشنگ داوێژن. بەداخەوە لەوەندە گوتەی دەماودەم کە پێمان گەیشتووە، هیچی ئەوتۆ لە بنی بێژنگی تەحقیقدا نامێنێتەوە دوو راستییان ساغ کاتەوە وەیا چەند درۆیەکان سپی کاتەوە: زۆر جاران گوتە دەماودەمەکە، خۆی لە تەحقیقدا درۆی لێ سپی دەبێتەوە و دەپووچێتەوە؛ وەك ئەو خەبەرەی کە دەڵێ نالی لە قەرەداغ، «حەبیبەی ماڵی ئاوا»ی خۆش ویست کەچی لە هەموو قەرەداغدا «ماڵی ئاوا - ماڵیاوا» و ماڵ کاولێکیش پەیدا نییە.

دەبینیت چەند دەست بەتاڵین لە بەسەرهاتی نالی!

هەرچەند پێمان ناکرێ بڕیار بدەین لە چ تەمەنێکدا نالی، دووچاری عیشقی ئاگرینی «حەبیبە» بووە، بەڵام وا دێتە عەقڵەوە ئەم عیشقەی لە ساڵانی خوێندنی دەرەوەی سلێمانی دووچار بووبێت کە سەرەتاکانی تەمەنی جحێڵی و هەنگامەی دەرس و خوێندنی گونداو گوندی دەگرنەوە. دیارە نالی ئومێدێکی گەورەی بە «حەبیبە»وە هەر ماوە، لەگەڵ بەرهەڵست کردنی باوکی حەبیبەش، لەوەی بەیەکتر ببڕێن. ئەم ڕاستییەش لەوەوە بە ئیسپات دەگات کە نالی خۆی دانی پێدا هێناوە لە قەصیدەکەی «ماتەم وەکو زولفەینی سیەهـ...»دا:

بەس گریە بکە بۆ پدەر و بابی حیجابت
بێ بابی یی تۆ موریثە بۆ وەصل و مولاقات
بێ بابی یی تۆ بۆ من و تۆ بابی فتوحە
بێ بابی یی تۆ خواستەیی من بوو بە ئاوات
بێ بابی مرادی من و تۆ بوو بە تەمەننا
بێ بابی دوعایی من و تۆ بوو بە موناجات
ئەو بابە کە فەتح و زەفەری قەلعەیە قەمعی
با قەلعی بکا زەلزەیی هادیمی لەذذات

دیارە حەبیبەش وەك نالی، دوچاری عیشقەکە بووە؛ تەنانەت لە ڕاز و نیازی عاشقانەدا، بەزاریشیدا هاتووە کە خوا ئەو بابە بباتەوە و بەیەکتریان شاد کات. بەڵام بێگومان دوای مردنی باوکەکەش بەرهەڵستی ئەوتۆ هەبووە نەهێڵی بەیەکتر بگەن کە ئێرە جێی لێکۆڵینەوەی دەرخستن وەیا تەرجیحی هۆی ئەو بەیەکتر نەگەیشتنە نییە. ئەوەی مەبەستمە لێرەدا، دۆزینەوەی لایەنی زووتر دامەزران و چەسپانی عیشق و ئایینە لە ویژدانی نالیدا. ئایا کامیان بەر لەوی تر چنگاڵی خۆی ڕۆ چواندووە؟

ئەم چەند دێڕەی لێرە بەپێشەوە لایەنی زووتر ڕسکانی عیشق تەرجیح دەکات، لەو تەرجیحەشدا ،شتێکی چاوەڕوانکراو و عادەتی بەبەر خۆیەوە گرتووە؛ چونکە دیارە عیشق بەچکەی گەنجایەتییە و ئایینیش هی کامڵی. لێکدانەوەکەشم بۆیە بوو، نووسینەکە تەسلیم بەتاکە بنگەی چاوەڕوانکردن و حوکمی عادەت نەکەم، زۆر جاران وا دەبێ بەپێچەوانەوە کاردەکەن.

بەڕاستی عیشق کە قووڵترین و کۆنترین هەستە، گەورەو کاریگەرەکانی گیان و

هەناوی نالییە. شوێن پەنجەی لە هەموو ئاکار و ڕەفتار و گوتاری نالیدا، بەرچاو و بەرهەستە. تەنانەت بەشی زۆری هەنیسکی عاتیفەی دینیشی لە قوڵب و جۆشی کۆنە عیشقە زامدارەکەیەوە گڕ دەبەستن. ئەو دیاردانەوەی عیشقی نالی لە هەڵبەستەکانی سەر بەئایینیدا ناوناوە وەها غەلەبە دەستێنێ، هەر دەڵێی لەو شوێنانەدا عیشق بەهانەی ئایینی کردووە بەتەقینەوەی خۆی:

توتی یی تۆ لە حیرصی دڵ   بەندی طەمەع دەخاتە مل
بولبولی من لە عێشقی گوڵ   تەغنیە وو طەرەب دەکا

لێرەدا هەرچەند ئەم هەڵبەستە لە زیمنی قەصیدەکەی «ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر»دا، خەریکی شکاندنەوەی دونیا خوازانە، بەڵام بەجۆرێك بووەتە پێشانگەی عیشق، بەحاڵ تارمایی ئایین لەو دیو پەردەی عیشقەوە خۆ دەنوێنێ-

-واتای بەیتەکە، یەکجار نازدارە، بایی ئەوەندەی تێی دەگەم پێوەی خەریك دەبم.

قەصیدەکە لە سەرەتاوە ئەو کەسانە عەیبدار دەکات کە لە تەك قودرەتی خوادا بایەخ بەکاریگەربوونی «اسباب» یش دەدەن. نالی ڕووی قسەی لە "ئەحوەلی تەفرەقە نەظەر - خێڵی چاو شەشو بێش»ە. پێی دەڵێ تووتییەکەت بەندی تەمەعی لە مل خۆی کردووە لەبەر خاتری دڵە دنیا خوازەکەت. تووتی، مەلێکە قسان دەکا، کەواتە مەبەست لەو تووتییە زمانە. بەند کە کەوتە مل، دەبێتە هۆی خنکان. بۆیە ئەو تووتییە بەپەتی تەماع خنکاوە و قسەی حەق ناکات کە بڵێ هەر خودا کاریگەرە، نەوەك ئەم بڕوایە دنیای لەکیس بدات. مەلی تووتی، بەدەوری ملیەوە خەت و خاڵ هەیە وەك ئاڵقە تێی ئالاوە و جێی خۆیەتی بەبەند تەشبیه بکرێ (لە هەندێ نوسخەدا «طەوقی طەمەع» نووسراوە کە زیاتریش لەگەڵ واتای بەیتەکەدا دەگونجێت). ئەمە حاڵی کابرای «ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر»ەکەیە. بابزانین نالی چۆنە: نالی دەڵێ، بولبولی من کە عاشقی گوڵە، زمانی کراوەتەوە و شادی دەکات و گۆرانی دەڵێت. دیارە مەبەست لەو بولبولە، دڵی خۆیەتی. عیشقەکەش عیشقی خودایە کە وا خواپەرست و «عارفی وەحدەت ئاشنا»، خەریکی ستایش و عیبادەتی ئەون، وەك بولبول کە چەهچەهە بۆ گوڵ دەکات. بولبولەکەی عیشقی نالی لە چەهچەهە کردندا زمانی کراوەتەوە؛ چونکە وەك تووتییەکە بەندی تەمەع لەملی نەئالاوە.

نالی لە سەرچاوەی عیشق ، ناوناوە، گەوهەری پەندی دەرهێناوە، وەك کە لەم بەیتەدا دەڵێ:

گوڵ بەدەم بادی سەباوە پێکەنی بولبول فڕی
یەعنی عاشق لازمە دوور بێ لەیاری بێ وەفا

وەیاخود لەم بەیتەیدا:

تا پێ نەکەنی گوڵ بەدەمی بادی سەباوە
نەمزانی شەوێ بولبولی بێچارە حەقی بوو

هەر لە سەرچاوەی عیشقەوە، ئەم دیمەنە تەندروستییەشی هەڵێنجاوە:

دەستم کە لە صەد جێگە بەصەد وەعدە شکاوە
جەبری نیە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ

لە هەندێ ئاڵقەی لێرە بەپێشەوەی ئەم نووسینەدا، لایەنی دەرکەوتنی کۆمەڵایەتی لە هەڵبەستەکانی نالی ڕوون کراوەتەوە کە ئەویش دەبێ لێرەدا تێ بخوێندرێتەوە؛ هەرچەند لزووم بە دووبارە کردنەوەشی نەبێ.

کورتەی قسە لەبارەی عیشقی نالی، ئەوەیە کە ئەم عیشقە بەهەموو سەروبەرێکی ئەدەبی نالیدا بڵاوبووەتەوە؛ وەك ڕشتەی دەماران کە بە بەدەندا بڵاودەبێتەوە.

بەدوا عیشقدا ئایین، ڕووپێوێکی بەرینی لە ناوەڕۆکی شیعری نالیدا گرتووە؛ بەگەلێك شێوەش جلوەی کردووە. ئەم هەڵبەستانە سەرلەبەریان بەئایینەوە خەریکن، بەشێکی زۆریشیان لە هەڵبەستە هەرە درێژەکانی نالی دەژمێررێن:

١- ئەی جلوە دەری حوسن
٢- ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر
٣- مووی سپی کردم بە شوشتن
٤- حەلقەدەر گۆشی کەفی ڕەنگینی تۆیە
٥- ئەی ساکینی ریاضی مەدینەی منەووەرە
٦- ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا
٧- شتر بانا
٨- لە جوملەی موعجیز ئەندەر موعجیز
٩- لە چاوی روودبارم
١٠- ساقی وەرە مەیخانە

١١- نەفەس بگرە

١٢- ئەی تازە جەوان

١٣- وەی کە رووزەردی مەدینەو...

جگە لەم قەصیدانە، لە زۆر جێگەی هەڵبەستی عادەتیی پەند وەیا عیشقیشدا، نالی، سەری لە ئایین خوار کردووەتەوە و خەیاڵەکەی بەدەوری چرای ئەودا وەك پەروانە خول خواردوو کردەوە:

دونیا بەفیدای قەددی بکەو دامەنی بگرە
طـوبی لـمـن اختـار علـی الـمـال مـاًلا

جۆشش و تاوە لە نێو دیدەیی گریانمدا
چ **تەنوورێکە** لە تەندوورەیی **تووفانمدا**
تۆ کە حوری وەرە نێو **جەننەتی** دیدەم چ دەکەی
لەم دڵەی پڕ شەرەر و سینەیی سووزانمدا

هود هودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی کەدامەن گیری شاهی ئاصەفی ثانی دەکا
ئەو کەسە تەحدیثی نیعمەت بێ مراد و مەطلەبی
میسلی نالی امتثالی ئەمری یەزدانی دەکا

بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن نوری عەلا نور
ڕەخشانە لە **میشکاتی** قەدەحدا وەکو **مصباح**

بنیانی کیبر و سەرکەشییە تاقی کیسرەویی
دانانی زوڵم و ڕوو ڕەشییە تەختی ئابنووس

سەرلەبەری بەیتەکانی : «لە کن ئەم جەوهەرە فەردە»، زادەی ئایینن.

بۆ تۆ کە بیکر و تازە وەکوو **حوری جەننەتی**
قەیدی چیە عەجووزەیی دونیا بدەم **طەلاق**

بێ **سوننەتی** تەقبیلی دەمت عاطیلە **ڕۆژووم**

بێ حەضرەتی **میحرابی** برۆت باطیلە **نوێژم**

ئەمانە نموونەی بەیتی دین ئامێزن لە سێیەکێکی پێشەوەی دیوانەکەی وەرگیراون. کە بێین بەدوا هەموو شوێن پەنجەیێکی دنیدا بگەڕێین لە هەڵبەستەکانیدا، خەرمانێکی مناسبیان لێ دەدۆزینەوە، ئەم شەقڵەی دینی پێوە بێت. دیارە ئەو شیعرانەی ئارایشتی خۆیان لە زاراوە و مەوزووعاتی خوێندنی مزگەوت وەرگرتووە ئەوانیش دەخرێنەوە سەر خەرمانی شیعری سەربەئایین. گەلێك پەند و قسەی نەستەقیشی ڕاستەوخۆ لە ئەدەبیاتی دینەوە هەڵکولیون.

خالی نیە نالی دڵەکەت ساتێ لە هیجران

تا تاری وجودت نەپسێنێ «ملك الموت»

ئەم «ملك الموت»ە، بەزمان با هەڵدان دەکرێتە «ملی کەلمووت، بەواتای ملی وەك مووت. ئەو ملەت کە وەك موو وایە»، هەر خۆی «ملك الموت»، دەشێ «مَلِك الموت وەیا مَلَك الموت»بێت. لە «مَلِك الموت»دوە تێکەڵکێشەکەی «ملی کەلمووت» دەردەچێت.

هەر لە سەرچاوەی دینەوە نالی پەندیشی هەڵێنجاوە:

سەهم و نەصیبی ئەصلییە بەختی گیاه و گڵ نییە

تووتنە خەرجی سووتنە مۆدنە ماچی لەب دەکا

لەومی زەمان دەکەی کە بۆچ خواریی و ڕاستی دەوێ

غافڵە دەستی ڕاستی خۆت خزمەتی دەستی چەپ دەکا

وەیاخود کە دەڵێ:

گەر ئاب و تابی جەننەتی و دۆزەخیت دەوێ

بنوارە ناوچەوانی بەشووش و برۆی عەبووس

وەیا:

نالی ئاسوودە نیە توولە نەمامی عومرت

بەنەفەس دێت و دەچێ ئەصلی لەسەر بایێکە

ڕێکەوتێکی سەیر لەوەدایە کە نالی لە بەیتێکی ئایینی و یەکێکی تری سەر بەئایینیدا

دەسکارییەکی یەکجار شاعیرانە و دەسەڵاتدارانەی دوو وشەی بەیتەکانی کردووە. دەشێ بۆی حیساب بکرێ بەنیشانەی پێشەوایی لە مەیدانی زمان و هونەردا. بەیتە ئاییینیەکە ئەمەیە:

زەڕڕە لە چاوی بۆتەیی صەڕڕافی کەففەدا

مەخفی نیە دیارە وەکوو ڕۆژی **نیمەڕە**

وشەی «نیمەڕ» کورتە و گۆڕاوی وشەی «نیوەڕۆ»یە کە ئەویش کورتە وشەی «نیوەڕۆژ»ە. بەیتە سەر بەئاییینەکەش ئەمەیە:

مەمخەرە هاویەیی هەولی فیراق

دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی **قیا**

وشەی «قیا» کورتەی وشەی «قیام وەیا قیامەت»ە. ئەم مامڵەتە لەگەڵ وشەدا بەرهەمی دەست ڕۆیشتنی لە ڕادەبەدەر و خۆ بەئوستاد زانینە. حاجی قادریش لەم نیوە بەیتەدا، مامڵەتێکی وەهای کردووە:

تەعامی گەورەیی بێ چەك نەکەن **نەك**

لە کتێبی «ابن الرومی: حیاتە من شعرە»ی عەباس مەحموود عەقاددا دەبینی «ابن الرومی»ش بەهۆی لەخۆ ڕازی بوونەوە دەستووریکی ڕێزمانی عەرەبی مل کەچ کردووە بۆ ئیجتیهادی خۆی لەوەدا کە دەڵێ:

دعونی و **إبا** ابا علی

«إبا» دەچێتە سەر ڕاناوی لکاو (ضمیر متصل)، نەك ناو. وەك لێرەدا شاعیر بەئارەزووی خۆی بەکاری هێناوە. نموونەی تریش لەم بابەتە، لە شیعری شاعیری دەسەڵاتداردا هەیە، چەند دانەیێکیان لە کتێبەکەی «مع المتنبی»ی دانانی «طه حسین» دەخوێنیتەوە.

باسی ئایین لە ناوەڕۆکی شیعری "نالی"دا درێژەی زۆرە کە دیارە لێرەدا جێی نابێتەوە؛ ئەوەندە بەسە بڵێم چی لێرە بەپێشەوە (لە بەشەکانی پێشووتردا) دەربارەی مەیلی نالی بۆ تصوف و مەزهەبی «جبر» گوتراوە، دێتەوە ناو حیسابی ئێرەکانەوە. هەرچەند لزووم بە دووبارە کردنەوەشی نەبێ.

بەدوا عیشق و ئاییندا، دەماری تری ناوەڕۆك لە پەند و قسەی نەستەق و دروشمی

کۆمەڵایەتی و خۆ هەڵدانەوە و خۆشکاندنەوەو صۆفیانە و ڕەندی و شیعری بە ڕواڵەت کوڕ دۆست، ئەمانە هەموویان بەشدار دەبن لە پێکهێنانی تابلۆی سەر جوملەی ناوەڕۆك لە شیعری نالیدا کە ئەگەر تاك تاکەیان بەدرێژی باس بکەین، بە درەنگەوە لێیان دەبینەوە؛ تەنانەت نموونە هێنانەوەیان ڕووپێوێکی فرەوان دەگرێ لە قەوارەی ئەم نووسینەدا. ناوناوە بە پێی پێویستیی ڕوونکردنەوە، ئەو نموونانە شی کراونەتەوە. هی تریش وەك ئەوان لە دیوانی نالیدا دەدیترێن و هەموو کەسێك تێیان دەگات کە ئیتر پیویست بەوە نەماوە چی تر پێیانەوە خەریك بم.

وێڕای ئەم شادەمارو وردە دەمارانەی ناوەڕۆك-کە باسم کردن- یەکێکی تر هەیە دەشێ ئەویش بە شادەمار حیساب بکرێت. لە گەلێك جێگە و موناسەبەدا، هەستێکی زۆر بەهێزی «خۆ بە کوردزانین» لە شیعری نالی گەرمایی دەداتەوە کە ئەگەر بخرێتە سەر کوردی بوونی زمانی شیعرەکانی، ئەم هەستەش دەبێتەوە یەکێك لەکەرتە بنجییەکانی «ناوەڕۆك» نەك «ڕوخسار، شێواز، ڕواڵەت»ی شیعری نالی بەتایبەتی کە بێین تێبینیی داخوازییە ئەدەبییە- سیاسییە- کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە بکەین کە نالی؛ شیعری تێدا هەڵبەستوون، بەدرێژایی عومری دوور کەوتنەوەی لە سلێمانی.

زمان بەعادەت دەخلی بەسەر ڕواڵەتەوە هەیە؛ بەڵام بەنیسبەت بوێژی کوردی ١٠٠-١٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا، بەتایبەتی کە لە دەرەوەی کوردستانی بەسەر بردبێ و نانێکی لەو زمانە کوردییە وەرنەگرتبێ، دیارە زمانەکە دەبێتە مەبەست و ناوەڕۆك و هەست، نەك قەپێلك و دەفر. لە گەلێك شوێنی دیوانەکەیدا خۆ بەکورد زانین، دیمەنێکی بەرچاوی ناو هەڵبەستە. من لێرەدا مەودای دەلالەت لێ وەرگرتنیانم بەدەستەوە نییە؛ بۆیە دەیاندەمەوە بە پەرۆش و پێوە خەریکبوونی خوێنەران. بەڵام تاکە مصرەعی کۆتایی محاوەرەکەی نێوان «خاکی و نالی» تاموبۆنێکی بەهێزی کوردایەتیی لێ وەردەگیرێ کەوا دەشێ حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێت. چ دوورەیش نابینم مەحاوەرەکە لەو سەردەمانەدا بووبێت کە قەصیدەی «تاقمی مومتازی شاه و تا فەلەك دەوری نەدا»ی تێدا هۆنرابێتەوە. وەك بزانم «خاکی»، هەر لە دەوروبەری سلێمانی "نالی"ی دیوە کە ئەمە پتر جێ و کاتی محاوەرەکە نیشان دەدات، لەوەی دیتنیان لەدەرەوەی کوردستانی عیراقیشدا بووبا:

موحەققەق مەشرەبی "نالی" لەشیعرا هەر وەکو «خاکی»
خەیاڵی کوردییە بەیتی سەراپا زولفی دووتایە

گومان نییە لەوەدا مصرەعی دووەمی بەیتەکان هی نالین؛ هەم لەبەر تریسکانەوەی ئاکاری دارِشتنی «نالی»یانەیان و هەم لەبەر هاتنی ناوی «حەبیبە» لە مصرەعی دووەمی ئەم بەیتەدا:

لەدونیا جەننەتی باقی تەلاری شاهییە ساقی

«حەبیبە» طورڕەیی طەوقی ملی شیرین و عەزرایە

دیارە ″خاکی″ش لە ڕووی ئەدەبەوە ناوی ″نالی″ پێش هی خۆی خستووە لەو مصرەعی کە بووە بەنیوە بەیتی کۆتایی قەصیدەکە و ناوی هەردووکیانی تێدایە.

چەند بەناکامی و نیوەچڵی دەست لەم گوڵچنینەی گوڵزاری نالی هەڵدەگرم؛ (گەلێ قسەم لە دڵا بوو، حیکایەتم مابوو) بەڵام سەد حەیف و مخابن! مەودای حیکایەت خوانی بەپایان گەیشت و تەڵەسماتی گەلێك قەڵای داخراو نەشکێنرا. گەوهەر و نهێنییەکی تێیاندا هەبێ بۆ قارەمانێکی تری تەڵەسم شکێن بەجێ هێڵرا. منیش هەر ئەوەم بۆ مایەوە، لە پانایی گەشتی ناو باغەکەی نالی، پڕ بەدڵ بڵێم:

دەسکێك گوڵ، دەسکێك نێرگز

مەرگی کورد و کوردستان نەبینم هەرگیز

**